وەرزنامەی

# ئێرانناسی

ژمارە (٦) ساڵی دووەم، کانوونی دووەمی ٢٠٢٣

CFS
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەریدەکات


- دەروازەیەك بۆ شیکردنەوەی پرسی حیجاب لە ئێران؛ لە ڕوانگەی ئایینی و سیاسییەوە
- ئێران؛ ڕێپێوانێکی مێژوویی لە شۆڕشێکەوە بۆ شۆڕشێکی دیکە
- کاریگەرییەکانی مەنسوور حیکمەت لە نێوان دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و شکستی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیدا
- ئایا دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران دەگۆڕێت؟
- بە کەمینەکردنی ئەوی دیکە: ستراتیژە توێنەرەکانی دەوڵەتی ثیۆ-ئیتنۆکراتی ئێران
- حیجاب لە ئاوێنەی توێژینەوە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکاندا
- گفتوگۆیەك لەگەڵ کۆمەڵناسی ئێرانی مەقسود فیراستەتخا
- ڕاپۆرتی ڕاپرسی سەبارەت بە «تێڕوانینی ئێرانییەکان بۆ ئایین»
- شۆڕشی کولتووریی (انقلاب فرهنگی)




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# وەرزنامەی
# ئێڕاناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات


ژمارە (٦) ساڵی دووەم، کانوونی دووەمی ٢٠٢٣

**خاوەنی ئیمتیاز:** سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

**سەرنووسەر:** بارام مەجیدخان

**بەڕێوەبەری نووسین:**
هەورامان فەریق کەریم

**بۆردی ڕاوێژکاران:**

د. یوسف گۆران — د. ئومێد رفیق فتاح

د. عابد خالد رسول — د. هەردی مەهدی میکە

**دیزاین:** شێرکۆ خانزادی

**هەڵەبڕ:** هاشم خدر



**شوێن:**
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

**ناونیشانی ئەلیکترۆنی:**
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org



وێنەی سەربەرگ: بهادر هادی زادە



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# وەرزنامەی
# ئێراناسی

وەرزنامەی ئێراناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێراناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەترێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پرۆسەی سیاسەترێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەڕۆک
## محتوا


سەروتار ■ ئێران و ساڵێکی نوێی جیاواز......٦-٧

سرمقاله ایران و سال نوی متفاوت

| بارام مەجیدخان

توێژینەوە ■ دەروازەیەک بۆ شیکردنەوەی پرسی حیجاب لە ئێران......١٠-٢٧

پژوهش درآمدی بر تحلیل مسئلەی حجاب در ایران از منظر دینی و سیاسی

| تەحسین وسو عەبدوڵڵا

■ ئێران؛ ڕێپێوانێکی مێژوویی لە شۆڕشێکەوە بۆ شۆڕشێکی دیکە......٢٨-٣٩

ایران؛ راهپیمایی تاریخی از انقلابی به انقلاب دیگر

| بارام مەجیدخان

■ کاریگەرییەکانی مەنسوور حیکمەت؛ لە نێوان دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و شکستی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیدا......٤٠-٥٩

تأثیرات منصور حکمت؛ از تأسیس حزب کمونیست ایران تا شکست کومله

| ژیلوان لەتیف یارئەحمەد

■ ئایا دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران دەگۆڕێت؟......٦٠-٦٧

آیا قدرت سیاسی در ایران تغییر خواهد کرد؟

| بەختیار ئەحمەد ساڵح

وەرگێران ■ بە کەمینەکردنی ئەوی دیکە: ستراتیژە توێنەرەکانی دەوڵەتی ئیتنۆکراتی ئێران......٧٠-١٠٥

ترجمه اقلیتی کردن دیگری: سیاست های یکسان سازدولت اتنو- تئوکراتیک ایرانی

| د. ئەحمەد محەمەدپوور، د. کەمال سولەیمانی | وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: گەلاوێژ سۆفی

■ حیجاب لە ئاوێنەی توێژینەوە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکاندا......١٠٦-١٣٥

حجاب در آینەی پژوهش های اجتماعی و فرهنگی

| وەرگێڕان: کەیوان قادری

■ کەلێنی نێوان حکومەت و گەل لە کۆمەڵگەی ئێران؛ ڕیشەکانی و داهاتووەکەی......١٣٦-١٥١

شکاف دولت-ملت در جامعەی ایران؛ ریشەها و آیندەای آن

| وەرگێڕان: جەواد حەیدەری

■ ڕاپۆرتی ڕاپرسی سەبارەت بە «تێڕوانینی ئێرانییەکان بۆ ئایین»......١٥٢-١٧٣

گزارش نظرسنجی دربارەی دیدگاە ایرانیان بە دین

| وەرگێڕان: کەیوان قادری

کەسایەتی ■ ئایەتوڵڵا مەحمود هاشمی شاهرودی؛ عێراقییەکی ئێرانی لە خەونی ڕێبەریدا......١٧٦-١٨١

شخصیتها آیت الله محمود هاشمی شاهرودی: عراقی ای ایرانی دررؤیای رهبری

| ئەژی ئازاد ئەبوبەکر

کتێبناسی ■ یاخیبووانی ئامانجخواز؛ بێئاکامیی چەپ لە ئێران......١٨٤-١٨٧

کتاب شناسی شورشیان آرمانخواه؛ ناکامی چپ در ایران

| ئامادەکردن: ئێراننناسی

چەمکناسی ■ شۆڕشی کولتووریی......١٩٠-١٩٥

مفهوم شناسی انقلاب فرهنگی

| هەورامان فەریق



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەروتار

# ئێران و ساڵێکی نوێی جیاواز



**بارام مەجیدخان**

ساڵی ٢٠٢٢ بە وتەی بەرپرسانی ئێران قورسترین ساڵی مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. هیچ کات، کیان و بوونی ئەو کۆمارە و شۆڕشەکەی وەک ئێستا نەکەوتووەتە بەر هەڕەشەی بەرەو هەڵدێر چوون. ئێران لە سەرەتادا بێ کاردانەوە بوو بەرامبەر سەرهەڵدانی جەماوەری نارازی، بەڵام پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە سەد ڕۆژ لە بەردەوامی نارەزایەتییەکان، ئەو کاردانەوانەی ئێران بەرامبەر بە دەستگیرکراوان چوارچێوەی مەترسییەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. سەرەڕای باری ئابووری خراپ و دارمانی نرخی دراوی ئەو وڵاتە، ئاسۆیەک بۆ چارەسەرێکی بنەڕەتی کێشەکانی خەڵک لە ئارادا نییە. تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی خەڵک و پێکدادانی بەها کۆمەڵایەتییەکانی خەڵک و حکومەت لە ژێر دروشمی "ژن-ژیان-ئازادی" وەک هەوێنی نارەزاییەتەکان، توانییان بەردەوامی بە خۆپیشاندانەکان بدەن.

ڕۆیتەرز لەمەڕ هەلومەرجی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٣ نوسیویەتی: "کۆماری ئیسلامیی ئێران بە وتەی شرۆڤەکارانی سیاسی توشی شتێک دەبێت کە پێی دەڵێن: "پرۆسەی شۆڕشگێرانە" وای دەخوێنمەوە، کە زیاتر مەبەستی ئاگر خۆشکردنە بۆ ساڵی نوێ و خوازیاری پەرەسەندنی زیاتری نارەزاییەکانی خەڵک بێت. پرۆسەی شۆڕشگێرانە وشەیەکی ئاڵۆز و پڕ پێچ و پەنایە کە بە بێ شیکردنەوەی بابەتەکە بەکاری هێناوە. بەڵام ئەوەی کە بەرێوەیە ئەوەیە کە هێشتا دەنگی نارازی خەڵک بەردەوامی هەیە. بەشێکی خەڵکی ئێران لە گەڵ جێبەجێکردنی سزای قورسی لە سێدارەدان و زیندانی کردنی درێژ خایەن هێشتا لە گۆشە و کەنارەکانی ئێران خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان بە شێوازی جیاواز بەردەوامییان هەیە. کارلێکی نێودەوڵەتیش وەک فاکتەری دەرەکی، کە دەسەڵاتدارانی ئێران بە دەستی دەرەکی ناوی دەبەن، کاریگەری بە سەر کێشە ناوخۆییەکانی ئێرانەوە بە ڕونی دیارە. کێشە ناوخۆییەکان لە ڕەهەندی جیاوازەوە دەکرێت شرۆڤە بکرێن و سیما و ڕووخساری ئێرانی ٢٠٢٣ مان زێدەتر بۆ بەدیار بخات، کە بریتین لە:

• سیاسەتی یەکێتی ئەورووپا بەرامبەر بە ئێران لە سەر دو ئاست باش نییە. ئاستی یەکەم: فرۆشتنی درۆنی شەڕکەر بە ڕووسیا لە لایەن ئێرانەوە لە شەڕی ئۆکرانیا. ئەمە یارییەکی مەترسیداری ئێرانە لە ئەورووپا. ڕووسەکان کە یەکێک لە گەورەترین زلهێزەکانی جیهانە، ناچێتە عەقڵەوە پێویستی بە چەکی ئێران هەبێت. بەڵکو ئامانجی شاراوەی ڕووسیا پەلکێشکردنی ئێرانە بۆ جەنگی ئۆکرانیا و دژایەتی یەکێتی ئەورووپا. ئەمەش پەیوەندی ئێران و یەکێتی ئەورووپای بەرەو لێڵی و تاریکی دەبات. ئاستی دووەم دۆسیەی ئەتۆمی ئێرانە کە یەکێتی ئەورووپا خوازیارە ڕۆڵی هەبێت. هەرچەندە ڕۆڵی یەکێتی ئەورووپا هاوشانە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا لەو دۆسیەیەدا. خۆپیشاندانەکانی ئێران هەر زۆ کاردانەوەی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپای وەک نەریتێکی پارێزگارانە بە دوای خۆیدا هێنا. بە تایبەت فەرەنسا و ئەڵمانیا هاوسۆزن لەگەڵ خۆپیشاندەران. ئەمەش مایەی نیگەرانی ئێرانە. ئاسۆی پەیوەندی ئێران و یەکێتی ئەورووپا

پەیوەستە بە ڕادەی پابەندییەکانی ئێران بە مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە یاسا نێودەوڵەتییەکان. پێناچێت ئێران شلگیر بێت لە باشترکردنی ئەو پەیوەندییانە لە کاتی ئێستادا. لەبەرئەوەی ئاراستیەک لە ناو حوکمڕانی ئێران پێیان وایە ئەورووپا بۆ ئێمە گرنگ نییە!

• دۆسیەی ئەتۆمی ئێران لە ژێر بەستەڵکی وڵاتانی ١+٥ هەروا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە. ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی هێشتا گومانی قورسی هەیە لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران. ڕاپۆرتەکانی ئاژانس بۆ ئێران دڵخۆشکەر نین. دڵ ساردی ئێران لە سیاسەتە ناوچەییەکانی ئەو وڵاتە گۆشەگیری زیاتری ئێرانی لە کێشە نێودەوڵەتییەکان بە دوادا دێت. پیتاندنی یۆرانیۆمی ٦٠٪ لە لایەن ئێرانەوە هەمیشە وەک کارتی گوشار بە کارهاتووە. بەڵام کاردانەوەی ئەمریکا بەو کردارەی ئێران ئەوە بوو کە" پیتاندنی یۆرانیۆمی ٦٠٪ هیچ خزمەتێک بە دۆسیەی ئەتۆمی ناکات و ئەمریکا ئامادە نییە هیچ ئیمتیازێکی نوێ بدات بە ئێران" ئەمە هەڵوێستی سەرۆکی ئەمریکایە. ساڵی ٢٠٢٣ پێدەچێت ساڵێکی یەکلاکەرەوە بێت بەرامبەر دۆسیەی ئەتۆمی. بە تایبەت کە ئێستا هەلومەرجی ڕووسیا لە سیستەمی جیهانی باش نییە و ڕووسیا تاکە پشتیوانی ئێرانە لەو دۆسیەیەدا، ئەویش بە وەرگرتنی ئیمتیاز لە ئێران.

• سەرکەوتنی بنیامین نەتنیاهو حیزبی لیکود، بە هاوکاری هێزە ڕاستڕەوەکانی ئیسرائیل و چوونە سەر ڕێچکەی پێکهێنانی پەرگیرترین حکومەتی مێژووی ئیسرائیل زەنگێکی مەترسییە بۆ سەر ئێران. بەشێک لە پسپۆڕانی ئەو وڵاتە، وەک زەیدئابادی کە خۆی شارەزای ئیسرائیلە، ئەو مەترسییە ناشارێتەوە و زەنگی ئاگادارکردنەوەی بۆ حکومەتی ئێران لێداوە. گوشارە ناوچەییەکان و هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئێران لە ناوچەکە و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆش ئەگەر بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت لە ئارادایە. ئێران پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو باش نییە. لە دو بەرەوە کەنداو دژی هەژموونی ئێران و چالاکییە ئەتۆمییەکانیەتی. لە بەرەی ڕێککەوتن لەگەڵ چین و بەرەی ئیسرائیل- ئەمریکا.

• چین هاوبەشێکی ئابووری و سیاسی گرنگە بۆ ئێران. دوا سەردانی سەرۆکی چین بۆ ناوچەی کەنداو ئێرانی ڕووبەڕووی شۆکێکی گەورە کردەوە. پشتیوانی چین لە داوای وڵاتانی کەنداو لە دژی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران و بابەتی دورگەکانی جێی ناکۆکی ئێران و کەنداو وەزارەتی دەروەی ئێران کاردانەویەکی توندی هەبوو بەبێ ناوهێنانی چین. ئەمەش ناڕەزایەتی ئیلیتی سیاسی ئێرانی بە دوای خۆیدا هێنا.

• کێشە ناوخۆییەکانی ئێران لە ژێر کاریگەری سێ گوتاری گرنگ تا ئێستا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە. دیسکۆرسی ئازادییە مەدەنییەکان و بابەتی باڵاپۆشی بە چارەسەر نەکراوی ماونەتەوە. پێ ناچێت حکومەت ئیرادەیەکی بۆ چارەسەری ئەم بابەتە هەبێت. لۆجیکێکی باڵادەست پێیوایە هەر چەشنە پاشەکشەیەک لەم بابەتە دەرگا واڵا بۆ خواستی زیاتر و لە بەریەک هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ئەخلاقی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات. ئەم گوتارە لە تاران و شارە گەورەکانی ئێران زۆر بەهێزە. گوتاری ئیتنیکی، بە تایبەت گەلی کوردی ڕۆژهەڵات وەک بزوێنەری ئەم گوتارە هاوسۆزە لەگەڵ ئیتنیکی و مەزهەبییەکانی سیستان و بەلوچستان. گوتاری ئایدۆلۆجی کە خۆی لە بیروڕای سیاسی نوخبە و سیاسییەکانی ناخۆ و دەرەوەی وڵات کە پێداگرن لەسەر مافی دیموکراتی و ئازادییە سیاسییەکان. دورنمای ئێران لە ساڵی نوێدا چ لە ڕووی کێشە ناوخۆییەکانی کە ئاسۆیەک بۆ چارەسەریان نییە و هەم کێشە نێودەوڵتییەکانی کە لە بازنەیەکی داخراودا ماونەتەوە. ئێرانناسی لەم وەرزەی خۆیدا چاوی خستووەتە سەر بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران و بە چەندین لێکۆڵینەوەی ورد هەوڵی ناساندنی ئەو کێشانە دەدات.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# وەرزنامەی
# ئێرانناسی

# توێژینەوەکان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# دەروازەیەك بۆ شیكردنەوەی پرسی حیجاب لە ئێران

## لە ڕوانگەی ئایینی و سیاسییەوە



توێژەر: تەحسین وسو عەبدوڵڵا | ماستەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان



**بەرایی**

مشتومڕ و گفتوگۆ دەربارەی پرسی حیجاب لە ئێران ناکرێت وەک پرسێکی نوێ و تازە لێی بڕوانرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەر لە شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ساڵی ١٩٧٩ ئەم پرسە جێگەی تێڕامان و گفتوگۆ ئامێزبووە، بە دیاریکراویش لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەتایبەت دوای دروستبوونی دەوڵەتی پەهلەوییەکان، بووە بابەتێکی گرنگی ڕۆژەڤی نێو کۆمەڵگەی ئێرانی، بە جۆرێک ڕوانگەکانی دابەشی دوو بەرەی پێچەوانەوە و دژ بەیەک کردبوو، بەرەیەک بە تەواوی دژی پۆشین و لەبەرکردنی حیجاب بوون، ئەم بەرەیە خۆی لە دەسەڵاتی سیاسی و بەشێکی بەرفروان لە چینی ڕۆشنبیرانی کاریگەر بە کولتوور و ستایلی ژیانی ڕۆژئاوادا دەبینیەوە، ئاڕاستەکەی تر بریتیبوو لە نوخبەیەکی بارگاوی کراو بە کولتووری ئایینی کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێت حیجاب وەک ڕەمزێک بمێنێتەوە، ئەگەرچی ئەم بەرەیە بە بەراورد لەگەڵ بەرەی یەکەم زۆر لاواز و بێ کاریگەر بوون تاوەکو ڕووخانی ڕژێمی شا لە ساڵی ١٩٧٩و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران. ئەم پرسە لە دوای ساڵی ١٩٧٩ گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە لە دەرئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارەوە، کە گرنگترینیان سیاسەتی حکومەت و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییەکانی دوای شۆڕشی ئیسلامیی بووە. حیجاب بەدەر لە ڕەهەندە ئایینیەکەی بۆتە سیمبۆلێکی گرنگی سیستەمی سیاسی دوای شۆڕش، بە جۆرێک بە یاسا ئەم پرسە خراوەتە نێو سیاسەت، کە لە ڕاستیدا فەزای ئایینی و عەقیدەی خۆی تێپەڕاندووە. لە ئێستادا ئەم پرسە بۆتە جێگەی مشتومڕی زۆر لە ئێران، کە ڕەنگە مەسەلەی حیجاب وەرچەرخانی گەورە بەدوای خۆیدا بێنێت و تێپەڕێت بۆ پرسەکانی تر. بە واتایەکی تر دوور نییە پرسی پۆشینی حیجاب هۆکارێکی سەرەکی بێت لە هەڵتەکاندنی ئەو سیستەمە ئایینییەی پەردە پۆشکراوە بە مەزهەب بەتایبەت لە دوای ئەو گۆڕانکارییانەی لە زیهنیەتی خەڵک هاتۆتە کایەوە لەم چەند ساڵی دوایدا.

پرسی حیجابی ناچاری، چ بە زۆر لەبەرنەکردنی بێت کە لە قۆناغی پێش شۆڕشی ئیسلامیی پەیڕەو کراو، یان بە زۆر لەبەرکردن بێت، کە لەدوای شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی ١٩٧٩ وەک پرەنسیپێکی سەرەکی و سیمبوڵی سیستەمی سیاسی شۆڕشی ئیسلامیی هەژمارکراوە، بە جۆرێک کە زۆرترین فۆکەسی دەسەڵاتی لەسەر بووە و بۆتە سیمبولی ناسینەوەی سیستەمی سیاسی وڵات.

دیدگای سەرەکی بە بەرگری لە سیاسەتی دەوڵەت دەکات بۆ پۆشینی حیجاب لە ڕوانگەی ڕەهەندێکی ئایینی پابەندکەر سەیری پرسەکە دەکەن لە ڕووی "فەرمانکردن بە چاکە و قەدەغەکردن یان دوور کەوتنەوە لە خراپە"، بۆیە لە دوای شۆڕشی ئیسلامییش ئەم پرسە بەپێی یاسا کراوەتە ئیجباری. بەڵام ئاڕاستەیەکی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

تر بەدی دەکرێت کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پرسی پۆشینی حیجاب لەبەرئەوەی بابەتێکی کەسییە و پێویست ناکات دەوڵەت یان دەسەڵاتی سیاسی دەستوەردان بکات و خەڵک ناچار بکات بە پۆشینی حیجابی زۆرملێ، بۆیە بە توندی ڕەخنەی لە ڕێوشوێنەکانی حکومەت دەگرێت دەربارەی پرسەکە، پێیوایە ناکرێت دەسەڵاتی سیاسی بەو جۆرە توند بێت، چونکە بە شێوەیەکی گشتی ئەم پرسە زیانێکی زۆری داوە لە پێگەی کولتووری و ئایینی کۆمەڵگەی ئێران.

خاڵی سەرنجڕاکێشی لێکۆڵینەوە لەبارەی پرسی حیجاب خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە چیتر تەنها بابەتێکی عەقیدەیی نییە، بەڵکو بۆتە تەوەرێکی سەرەکی لە ململانێی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ئەم وڵاتەدا، لێرەوە گەڕانەوەی مشتومڕ لەسەر حیجاب لە چوارچێوەیەکی گرژ و ئاڵۆزیدایە چ لە پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا بێت یاخود ناوخۆدا بێت، بەڵام لە ئێستادا هۆشیاری و ئاگایی خەڵک بە گشتی دەربارەی پرسەکە نیشانەیەکی بەرچاوە لە پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ئاستی جەماوەریدا، کە جێگەی سەرنج و شایەنی بەدواداچوون و توێژینەوەی زانستی وردە.

هەرچەندە مشتومڕی حیجاب لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 150 ساڵی ڕابردوو کە بەشێك بوو لە سیمبوڵ و دەربڕینی ناسنامەی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان، ڕەوتە سیاسییەکان و پەرەسەندنی دیدگا کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام گەڕانەوە بۆ ئەم مشتومڕە لەم ئاڵۆزییەدا کە قۆناغێکی چارەنووسسازە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ئاماژەیە بۆ پێشکەوتنی بەرچاو لە پێکهاتەی سروشتی ئایینی ئیسلامی و تێڕوانینی گشتی بۆ پرسی ئایین.

## حیجاب لە ئێران؛ بابەتی مشتومڕی سەدە و نیوێک

نووسەر و مێژوونووسی ئێران ڕەسول جەعفەریان لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە بە ناونیشانی ”پەیامەکانی حیجاب“ە، ئامانجی سەرەکی خستنەڕووی پەیامی عەقیدەیی و بەشداری کۆمەڵایەتییە بۆ بەرگریکردن لە حیجاب. ناوبراو ئەو مشتومڕە سەبارەت بە حیجاب لە ئێراندا دەخاتە ڕوو، کە چۆن بووەتە بابەتێک لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فیقهییەوە. ئەو بیرۆکانەی لە میانەی پەرتووکەکەدا پێشکەشکراون ئاماژە بەوە دەکەن کە پرسی حیجاب لە چوارچێوەی مشتومڕی بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان هاتۆتە ئاراوە، کە وڵاتانی ئەوروپا شاهیدی بوون و ڕوویان لە جیهانی ئیسلامی کردووە. سەبارەت بە ئێران، ئەم بابەتە بۆ چوار دەیەی بەر لە شۆڕشی دەستووری (١٩٠٥) دەگەڕێتەوە، پاشان لە سەردەمی ڕەزاشای پەهلەویدا فراوانتر بووە و ڕەهەندێکی سیاسی

ڕوونتری وەرگرتووە[١].

ڕەزاشای پەهلەوی پێیوابوو کە ئەو حیجابەی کە لە زمانی فارسیدا پێیدەوترێت "چادۆر"، هۆکاری دواکەوتوویی ژنانی ئێرانە، زۆرێک لە مێژوونووسان بیرۆکەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە کاریگەری کەمال ئەتاتورک بووە دوای ئەوەی شا لە ساڵی ١٩٣٤ سەردانی تورکیای کردووە و سەرسام بووە بەو جۆرە کرانەوەیەی کۆمەڵگەی تورکی لەسەر دەستی ئەتاتورک دەستی پێکردبوو لە ژێر کاریگەری کولتووری ڕۆژئاوایی. لە بیرەوەرییەکانیدا "سەدری ئەشرەف"دا دەڵێت: "ڕەزا شا دوای سەفەرکردنی بۆ تورکیا قسەی زۆری کرد و هانی ژنانی دا کە حیجاب فڕێ بدەن، لە پێناو کرانەوەی کۆمەڵگەی ئێرانی شانبەشانی دەوڵەتانی پێشکەوتوو لەڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە، وەک ئاماژەدان بە پێشکەوتنە خێراکانی تورکیا"، کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانرا بوو کرانەوەیەکی بەرفراوان لە ستایلی ژیانی گشتیدا بهێنرێتە ئاراوە. ئەگەرچی ئاماژەی زۆر هەن کە پێشتر هەڵوێستێکی دوژمنکارانە بەرامبەر بەو پرسە بوونی هەبووە، بەڵام ڕەزا پەهلەوی ئەو ڕێکەوتەی کردە ڕۆژێک کە ناوی لێنا "ڕۆژی ئازادی ژنان لە ئێران[٢]".

سەرەڕایی ئەوەی بەر لە هاتنی ڕەزا شای پەهلەوی، لە ئێران ژمارەیەک ژن هەبوون کە حیجابیان لابرد بوو، کە بەشێکیان شاعیر و ڕۆژنامەنووس بوون، وەک دەوڵەت ئابادی هاوڕێی ڕەزا شا کە لە بنەماڵەیەکەوە هاتبوو کە پشتیوانی شۆڕشی دەستووریان دەکرد، لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی خوێندنی تەواو کردبوو، بەبێ حیجاب دەچووە دەرەوە بۆ شەقامەکان و ئەوەی ڕاگەیاندبوو؛ "هەر ژنێک کە بە حیجابەوە سەردانی گۆڕەکەی بکات ئەوا لێیان خۆش نابن". ئەمەش نموونەیەکی بەرچاوە لە ڕوانگەی ویستی کرانەوەی کۆمەڵگەی ئێرانی[٣].

هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا لە بواری فیقهی و فیکریدا شاهیدی شەپۆلێک کتێب و نامە بوو کە لە مەدرەسەی قوم و نەجەفدا باسیان لە

**خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩ لە دیدارێکدا لەگەڵ قوتابیانی قوم وتی: "ژنانی موسڵمان دەبێ بە پەردەی ئیسلامییەوە بچنە دەرەوە، ژنان لە دۆخی پێشوودا هێشتا لە فەرمانگەکان کاردەکەن و دەبێ ستایلی خۆیان بگۆڕن. هەروەها ئاگادارکراومەتەوە کە ژنان لە دامەزراوەکان حیجاب ناپۆشن، ئەمەش پێچەوانەی یاسایە.**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بابەتی حیجاب کردووە و یەکێکە لە پرسە هەرە ئاڵۆزەکان بووە بەهۆی فرە ڕەهەندەکانییەوە: کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕوانگەی شەریعەت، دابو نەریت و دیدگا نوێیەکانی (ڕۆژئاوایی)، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی حیجاب لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەوە ببەڕیتەوە بۆ دیاردەیەکی سیاسی.

**پرسی نەبەستنی حیجاب لە چەند دەروازەیەکەوە هاتە ناو ئێرانەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:**

**یەکەم:** کرانەوە و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکانی ڕۆژئاوایە لە ڕێگەی کردنەوەی قوتابخانەکانی ڕۆژئاوا بۆ کچان لە ئێران.

**دووەم:** دەروازەی جیهانی عەرەبییە، بە تایبەت گەڵاڵە میسرییەکان، کە لە ئێراندا بە خێرایی بڵاودەبوونەوە.

**سێیەم:** دەروازەی تورکیا، بەتایبەت دوای سەردانەکەی ڕەزاشا بۆ تورکیا لە ساڵی ١٩٣٢ لە ڕێگەی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی کۆمەڵگەی تورکی و کاریگەرییەکانی لەسەر ئێران.

**چوارەم:** ئەو بیرۆکە نوێیانەی کە لە ڕێگەی هیندستانەوە دەگەیشتنە ئێران[٤].

## شۆڕش و حیجاب

لەگەڵ پەرەسەندنی شۆڕش و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی پەهلەوییەکان، حیجاب سیمبوڵی نارەزایەتی بوو، ژنانیش دەستیان کرد بە پۆشینی حیجاب وەک هێمای شۆڕش لە دژی دەسەڵاتی شا[٥]. بە جۆرێک ژنان لە سەرجەم ئاستەکان (نەخوێندوار، خوێندەوار، خوێندەواری باڵا) بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداریان لە شۆڕشی ئیسلامییدا کرد و چاودێرانیان سەرسام کرد. لە شەقامەکاندا خۆپیشاندانیان دەکرد و دروشمی دژە شا و لایەنگری ڕوحوڵڵا خومەینییان بەرز دەکردەوە. لێرەدا کۆمەڵێک پرسیار هاتنە پێشەوە لەوانە؛ ئەم ژنانە کێن؟ بۆچی پشتگیری ئەم سیستەمە دەکەن؟ دەیانەوێت چی بەدەست بهێنن؟ بڵاوبوونەوەی حیجاب لە نێو هەموو ژنانی ئێراندا یەکێک بوو لە دیارترین دەرکەوتەکانی دوو ساڵی پێش شۆڕش. لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشدا، "حیجابی ناچاری" بە خێرایی چوونە ناو چەقی ململانێی ناوخۆییەوە، لە نێوان لایەنگران و نەیاران[٦].

خومەینی لە ساڵی 1979 لە دیدارێکدا لەگەڵ قوتابیانی قوم وتی: "ژنانی موسڵمان دەبێ بە پەردەی ئیسلامییەوە بچنە دەرەوە، ژنان لە دۆخی پێشوودا هێشتا لە فەرمانگەکان کار دەکەن و دەبێ ستایلی خۆیان بگۆڕن. هەروەها ئاگادارکراومەتەوە کە ژنان لە دامەزراوەکان حیجاب ناپۆشن، ئەمەش پێچەوانەی یاسایە، ژنان دەتوانن بەشداری لە کاری کۆمەڵایەتیدا بکەن، بەڵام بە حیجابەوە[٧]".

مانگێک دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران خومەینی لە پرۆسەی دانانی دەستوور ڕەخنەی توندی لە جل و بەرگی

ژنان لە ئیدارەکانی حکومەت گرتبوو[٨]، کەچی چەند مانگێک پێش شۆڕش لە پاریس باسی لە پرسی ژن و حیجاب بەم شێوەیە کردبوو: ”بە هیچ شێوەیەک جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا نییە بەڵام ژن لە ئیسلامدا ناچارە حیجاب بپۆشن، لەگەڵ ئەوەی مەرج نییە چادۆر بێت، بەڵکو دەکرێت هەر جلێک لەبەر بکات کە مەرجەکانی ئیسلام بگونجێت. ئێمە ناتوانین و ئیسلام نایەوێت بوکەڵە بێت و بەڵکو دەیەوێت کەسایەتی ژن بپارێزرێت و ببێە مرۆڤێکی جدی و بەرهەمدار“. دوای شۆڕش بانگەوازی سەپاندنی حیجاب بە نارەزایەتی لێکەوتەوە بە سەرکردایەتی کۆمەڵێک ژن لە باکوور و ناوەند و ڕۆژئاوای تاران بۆ ڕەتکردنەوەی حیجابی بەزۆر[٩].

بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە لەلایەن محەممەد ئەلسەید ئەلسەیاد و ڕوبەی بەلەوی ئەنجامدراوە، دژایەتیەکی فراوان دەستی پیکرد و پیاوانی ئایینی تووشی سەرسوڕمان کرد، بۆیە بۆ ماوەیەکی کاتی بڕیارەکەیان کشاندەوە، بۆ فەرمانگە و باڵەخانە حکومییەکان، ڕیکلام لە فەرمانگە جیاوازەکانی حکومەت دانرا، خزمەتگوزاری و فرۆشگاکان کە چوونە ژوورەوەی ژنان قەدەغە دەکەن، دواتر بەسەر خوێندکاری کچدا سەپێندرا. لە کۆتاییدا، بە تایبەتی لە ساڵی 1983دا، حیجاب بەسەر هەموو ژناندا سەپێندرا جا موسڵمان بێ یان غەیرە موسڵمان لە سەرووی 9 ساڵییەوە، بۆیە دەسەڵات یاسایەکی دەرکرد کە داوا دەکات حیجاب لەسەر هەموو ژنان ببەسترێت، پاشان ئەم پرسە بە یاسایی کرا، سزاش بۆ ئەو کەسانەی دیاریکرا کە حیجاب ناپۆشن[١٠].

لە مانگی ئازاری ساڵی 1979 ڕۆژنامەی کەیهان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ”حجت الاسلام اشراق“ زاوای خومەینی ئەنجامدا و تیایدا دەڵێت: ”دەبێت ڕەچاوی حیجاب بکرێت و بەکارهێنانی بەپێی شەریعەتی ئیسلامی، هەروەها هەموو ئەندامەکانی ئافرەت دەبێت داپۆشراو بێت“. ”بەپێی وتەی خومەینی، پێویستە حیجابی ئیسلامی لەلایەن ژنانەوە لە هەموو وڵاتدا جێبەجێ بکرێت. سەبارەت بە کەمینە ئایینییەکان، خومەینی هەمیشە پێیوابووە کە پێویستە لە هەموو ڕوویەکەوە ڕێز لەم کەمینانە بگیرێت و هیچ شتێک باشتر نییە ئەگەر ژنان لە کەمینە ئایینییەکان حیجابی ئیسلامی لەبەر بکەن“ . هەروەها ئایەتوڵڵا تاڵەقانی لە دیمانەیەکدا باسی فەزیلەتەکانی حیجاب و پێویستییەکەی بۆ کۆمەڵگە کردووە، بەڵام ئەو ڕەتیکردەوە ئیجباری بێت. پاشان پرسەکە بەرەو گۆشەنیگاکانی تر ڕۆیشت کاتێک لە شەقام و بازاڕەکان دەستکرا بە هێرشکردنە سەر ژنانی بێ حیجاب[١١].

دوای چەندین جار ئاگاداری لەگەڵ وەزارەت و فەرمانگەکانی دەوڵەت، سەرەتا کرێکارانی ژن بوون کە پابەندبوونیان بە حیجاب ڕاگەیاند کە هێشتا بە یاسا ڕێکنەخرابوو، تا ساڵی 1981 کە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

یاسای دامەزراندن لە فەرمانگە و دامەزراوە فەرمییەکان دەرکرا و ئەوە جێگیرکرا کە دەبێت ژنان پابەندی پۆشینی حیجاب بن. حەسەن ڕوحانی لە بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانیدا باس لە مشتومڕەکانی حیجاب لە هێزە چەکدارەکاندا دەکات و، دەڵێت کە ئەو یەکێک بووە لە پەرەپێدەرانی پرسی حیجابی ناچاری. ئەنجوومەنی شورا تا ساڵی 1983 هیچ یاسایەکی تایبەت دەربارەی حیجاب دەرنەکرابوو، لەو کاتەدا یەکەم یاسای تایبەت بە جلوبەرگی ژنانی لە ئێران پەسەند کرد، ماددەی (102) لە یاسای پەسەندکراودا هاتووە: ئەو ژنانەی لە شوێنە گشتییەکان و شەقامەکان بەبێ حیجاب دەسوڕێنەوە سزای یاسای دەدرێن. لەسەر بنەمای ئەم یاسایە، ژنان لە کۆماری ئیسلامییدا جا ئێرانی یان نائێرانی، مسوڵمان یان غەیرە موسڵمان بێت لە شوێنی گشتی و شەقامەکاندا حیجابی ئیسلامییان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت و هەر شوێنێکیش پابەندی ئەم بڕیارە نەبێت، ئەوا ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە. یاسای سزادانی ئیسلامی کە لە ساڵی 1996 پەسەند کرا، گرنگترین یاسا بوو کە نەپۆشینی حیجابی وەک تاوانێک سەیر دەکرد و لە مادەی (638)دا دەڵێت: هەر کەسێک پابەندی ئەم یاسایە نەبێت بە زیندانیکردن لە 10 ڕۆژەوە تا دوو مانگ سزا دەدرێت، یان 74 شەق. ڕوونکردنەوەی ئەم مادەیە لە دەقی مادەی (١٠٢)ی یاسای سزادان کە لە ساڵی ١٩٨٣ پەسەند کراوە، هاتووە کە دەڵێت" ئەو ژنانەی کە بەبێ پەردەی یاسایی لەبەردەم خەڵکدا دەردەکەون، سزای زیندانیکردنیان لە ١٠ ڕۆژەوە تا دوو مانگ، یان غەرامەکردنیان بەسەردا دەسەپێندرێت لە 50 بۆ 500 هەزار ڕیال[١٢].

### تەحەددیاتی بەردەم پرسی حیجاب لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی

ئێران لەگەڵ دەیەی دووەمی ژیانی کۆماری ئیسلامییدا شاهیدی ئاڵەنگارییەکان بوو کە دوای ڕێککەوتنی ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ عێراق هاتبوونە ئاراوە. لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناغی ئاوەدانکردنەوەدا، ڕوون بوو کە دروشمە شۆڕشگێڕەکان دەستیان کرد بە دوورکەوتنەوە

**لەژێر ناونیشانی نوێبوونەوەی ئاییندا، ژمارەیەک تیۆریست هەوڵیاندا پەیوەندیی ئیسلام بە دیموکراسییەوە ڕوون بکەنەوە وڕوون بوو کە پێشنیارەکانیان پێچەوانەی خوێندنەوەی فیقهی تەقلیدییە بۆ ئەو پرسە.**

و تەحەدای نوێ دەستیان کرد بە سەرهەڵدان، گرنگترینیان بریتیبوون لە ئایین . ئەم تەحەدایە پەیوەندی بە فەزای ئایین لە ژیانی تایبەتی تاکەکاندا هەیە و ڕۆڵی لە کایەی گشتی و بەڕێوەبردنی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا. ئەو بۆچوونەی کە لەسەر بنەمای پێدانی فەزای فراوانی ئایین دامەزراوە، دەڵێت مرۆڤ لە هەموو بوارەکانی ژیانی شەخسی و کۆمەڵایەتی خۆیدا، لە خۆراک، جل و بەرگ، خەوتن و جووڵە، تا دەگاتە تەلارسازی، سیاسەت، پێکهێنانی حکومەت، دانانی کارمەند، و ئیدارەی دەوڵەت...هتد، دەبێت پابەند بێت بە فێرکارییە ئایینییەکان و ملکەچی بڕگەکانی بڕیارەکان بێت کە پەیوەست بەم پرسە، لە کاتێکدا دەبینیت ڕوانگەی پێچەوانە ئەوەیە کە ژیانی مرۆڤ بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت: جیهان و قیامەت، مرۆڤ پەنا بۆ ئایین دەبات سەبارەت بە بابەتی قیامەت، بەڵام ئەو بەشەی دیکە کەپەیوەستە بە کاروباری دونیا ئەوا خۆی بەو شێوەیە بەڕێوەدەبات کە بە گونجاو دەزانێت(١٣).

ئەم تەحەدایە پەیوەست بوو بە تەحەدایەکی دیکەوە، بە ڕوونی و بەپەلە، کە لە پەیوەندی نێوان ئیسلام و دیموکراسیدا نوێنەرایەتی دەکرا، کە ڕووبەڕێکی بەرفراوانی مشتومڕی فیکری ئێرانی داگیرکردبوو . لەژێر ناونیشانی نوێبوونەوەی ئاییندا، ژمارەیەک تیۆریست هەوڵیاندا پەیوەندیی ئیسلام بە دیموکراسییەوە ڕوون بکەنەوە و ڕوون بوو کە پێشنیارەکانیان پێچەوانەی خوێندنەوەی فیقهی تەقلیدییە بۆ ئەو پرسە. دەیەی دووەهەمی کۆماری ئیسلامیی شاهیدی زۆر گەلاڵەی تایبەت بە ئایین و ئازادی، ئایین و دیموکراسی بوو، ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانیش لەسەر ئەو پرسانە بەردەوام مشتومڕیان بڵاودەکردەوە. باسەکە تەنها لە سەردێڕە فراوانەکانی ئەو پرسەدا قەتیس نەبوو، بەڵکو چەندین سەردێڕی لاوەکیش لەخۆ گرتبوو کە پەیوەندییان بە مافی تاک، مافی ژنان، مافی هاووڵاتیبوون و یەکسانییەوە هەبوو، لەساڵی ١٩٩٦ەوە بزوتنەوە هزرییەکان دەستیان کرد بە تاوتوێکردنی ئەو پرسانە. هەندێک لە لایەنگرانی دیموکراسی هەوڵیاندا لەگەڵ ئیسلامدا تێکەڵی بکەن، بەڵام بە سەرکەوتنی ڕیفۆرمخوازان، ئەو دروشمانەی کە پەیوەندییان بە هاووڵاتیبوون و کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی ژنانەوە هەبووە کە لەلایەن محەممەد خاتەمیەوە دەستپێکردبوو ناوبانگێکی بەربڵاویان بەدەستهێنا و سنووری گۆشەنیگای فیکریان تێپەڕاند بۆ بڵاوبوونەوە لە کۆمەڵگەدا، ئێران شاهیدی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی نائایدۆلۆژی بوو، کە ئاڵەنگارییەکان قووڵتر دەکەنەوە(١٤).

پێشهاتەکانی پێشوو دۆخێکی پرسیاریان لەبارەی هەموو ڕوانگە ئایینییەکانەوە وروژاند کە دژایەتی مافەکانی تاک دەکەن، دەنگەکان بەرزبوونەوە و داوای دووبارە پێداچوونەوەی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ڕیشەی لە بنەما ئایینییەکانیان دەکرد کە پەیوەندییان بە لادان، بەردبارانکردن، برگەکانی میرات، پارەی خوێن، پەردەپۆشکردن، پابەندبوون و ململانێی لەگەڵ مافدا هەبوو بۆ هەڵبژاردنی ئازاد، کایەی گشتی و تایبەت، سەپاندنی پەردەپۆش و شێوازی ژیان[١٥].

## ڕوانگەی سینەمای ئێرانی بۆ پرسی حیجاب

پرسی ژن و حیجاب لە ئێران تەنیا پرسێکی مەدەنی یان مەزهەبی نییە، بەڵکو بەردی بناغەی یەکێک لە تووندترین ململانێ کۆمەڵایەتییەکانە، بەو پێیەی کاریگەرییەکی چارەنووسساز لە مێژووی کۆماری ئیسلامییدا بەجێهێشتووە و ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر چەندین بواردا، سینەماش یەکێک بوو لەو گرنگترین بوارانە. پێش شۆڕش، "چاکسازییە نوێیەکان" بە سەرۆکایەتی موحەمەد ڕەزاشا پەهلەوی، کاریگەریی خۆیان بە سەر پرسەکانی سینەمای ئێران و وێنەی ژنانی تیایدا سەپاند و دابەشبوونێکی چینایەتی ڕوونی بە حیجاب بەخشی و فیلمەکانیش ژنانی ئەرستۆکراسی (باکور)یان نیشاندەدا بەبێ حیجاب. لە بەشی باشووری وڵاتیش دۆخەکە جیاواز بوو. تەنانەت ئەگەر پێچەوانەکەی ڕوویدات و ژنێک لە باشووری وڵاتەوە بچێتە باکوور، ئەوا چادۆرەکەی دادەنێت و بە جلی جیاوازەوە دەردەکەوێت[١٦]. سینەمای ئێرانی دابەشکراوە بۆ پێنج قۆناغ بەپێی لێکۆڵینەوەیەک لە نێوان ١٩٣٠ بۆ قۆناغی دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئەنجامدراوە:

قۆناغی یەکەم (١٩٣٠-١٩٣٨): بەکارهێنانی ژنان بۆ ناساندنی حیجاب لە فیلمەکاندا.

قۆناغی دووەم (١٩٤٨-١٩٦٠): ڕۆڵی ژنان زیاتر گۆرانی ووتن بوون لە کافێ و یانە شەوانەکاندا (گۆرانیبێژ، پاککەرەوە، خزمەتکار و سەماکار).

قۆناغی سێیەم (١٩٦١-١٩٧٠): ڕۆڵی ژنان لە نێو فیلمەکان لەشفرۆش و ژنانی شەوانە و کچانی سەر شەقام و کۆمەڵگەی دز و قاچاخچی و گوندنشین بوون.

قۆناغی چوارەم (١٩٧١-١٩٧٩): شەپۆلێکی نوێ لە سینەمادا دەرکەوت کە تێیدا ژنان دامەزران و وەک بیانوویەک بۆ شەڕی پاڵەوانی فیلمەکە لەگەڵ کەسی دوژمنکار بەکاردەهێنران. ئەم فیلمانە ژنانی ئێرانی ستەملێکراو و بێ دەسەڵات نیشان دەدەن.

قۆناغی پێنجەم (١٩٨٠-١٩٩٧): کەمبوونەوەی بەرچاو لە ژمارەی ئەو کارمەندە ژنانەی کە لە فیلمەکاندا وێنا کراون، هەروەها تێبینی ئەوە دەکرێت کە ژنانی بێبەشی کۆمەڵایەتی (سەماکار، گۆرانیبێژ) لە بەشداریکردن لە فیلمەکاندا بێبەشن.

تێزەکە ئاماژە بەوە دەکات کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگ و دەستپێکردنی سینەمای نیمچە واقیعی نوێ لە ئێراندا، سینەما لە واقیعدا ڕەنگدانەوەی ڕۆڵی ژنان بوو، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا ڕۆڵەکانیان لە فیلمەکاندا بە بەراورد بە ڕۆڵی پیاوان بە پەراوێزیی مایەوە. و سەپاندنی حیجابی ئیجباری کاریگەری لەسەر بوونی ژنان لە سینەما هەبوو بۆ ئەو ڕۆڵانەی کە دەیگێڕن . پرسی پۆشینی حیجاب تا ئێستاش یەکێکە لەو پرسە کێشەدارانەی کە ڕووبەڕووی سینەمای ئێران دەبێتەوە و زۆرێک پێیان وایە کە لە زۆر حاڵەتدا وا دەکات کە ناڕاستەقینە بێت، بۆ نموونە وێناکردنی ژن بە حیجابەوە لە کاتی ناو ماڵەکەیدا، یان لە جێگاکەیدا(١٧).

گەورەترین کێشە بۆ سینەماکاران وێناکردنی ژنان بوو لە ماڵەوە بە حیجاب، گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتمەند لەبواری سینەما لەگەڵ ژمارەیەک زانای ئایینی باسی لێوە کردووە، وەک: موحسین کەدیڤەر، محەمەد تەقی فادل میبدی، ئایەتوڵڵا یوسف سنەیی، کە دەڵێت کە دروستە "ئافرەتی ئێران بەبێ پەردە دەربکەوێت لە سینەمادا". هەندێک لە دەرهێنەرانی بواری سینەما لە ئێران هەوڵیاندا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ماکیاژ و کڵاو کێشەکە چارەسەر بکەن، بەڵام ئەو ڕێکارانە کاریان نەکرد و وەزارەتی ئیرشادی ڕازی نەبوو لەسەر بابەتی ڕێگەپێدان و نمایشکردنی فیلمی سینەمایی بەو جۆرەی کە نەگونجێت لەگەڵ بنەماکانی یاسا بەرکارەکان. لە شیکارییەکدا بۆ ناوەڕۆکی ئەو فیلمانەی کە لەلایەن دەرهێنەرانی ژنی ئێرانی لە نێوان ساڵانی 1980 بۆ 2008 پێشکەش کراون ، لێکۆڵینەوەکە پێنج لە گرنگترین دەرهێنەرانی ئێرانی لەخۆ گرتبوو، ئەوانیش: بۆران دێرەخشەندە، ڕەخشان بەنی ئێتەمەد، تەهمینە میلانی، مەنیژە حکمەت و مانیای ئەکبەری. ئەنجامەکان لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە کە 64%ی کارەکتەرە ژنەکانی فیلمەکان مانتۆ-جلێکی شێوە چاکەتیان لەبەرکردووە، 19%یان "چادۆر"یان لەبەرکردووە، لەکاتێکدا 11%یان "مانتۆ" و "چادۆر"یان پێکەوە لەبەرکردووە، 5%یان حیجابیان لەسەر نەبووە. دەرهێنەر بەنی ئێتەمەد، هەوڵیدا جۆرێک لە یەکسانی لە جل و بەرگی ئەو کارەکتەرانەدا دروست بکات کە وێنایان دەکات، ناوبراو پێیوابوو کە ژنانی ئایینی و هەروەها عەلمانی بەشێکی سرووشتی کۆمەڵگەی ئێرانن و دەبێت بە شێوەیەکی ئەرێنی تیشک بخرێتە سەریان. زۆربەی کات پاڵەوانی فیلمەکان جلی مۆدێرن لەبەر دەکەن و بەشێک لە قژیان ئاشکرا دەکەن کە بە شاڵێکی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشراون، بەڵام لە بۆنە ئایینییەکاندا بە چادۆرێکەوە دەردەکەون، ڕەخنەگر حەمید ڕەزا سەدر پێیوایە دەرهێنەرە ژنەکانی ئێران پێیان باشتر نییە وێناکردنی ژنێکی گەنج بە پۆشینی "چادۆر" و پێشکەشکردنی ئەو ژنە گەنجەی ئێرانی بە شێوەیەکی مۆدێرنتر. سینەما هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم شێوازە لە جل و بەرگ یان ئەم جۆرە حیجابە بوو، بەڵام لە بەرامبەردا کاریگەری لەسەر ئەو گۆڕانکارییە بوو کە کۆمەڵگە بە تایبەت لە نێو گرووپی گەنجاندا(١٨).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**حیجاب لە نێوان زۆرداری لەڕادەبەدەرو پەرەسەندنی ڕەتکردنەوە**

دوو خولی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نژاد (٢٠٠٥-٢٠١٣) بۆ تاوتوێکردنی زۆر بابەتی گرنگی پەیوەست بە ژنانی ئێران گونجاوە، وەک پرسی حیجاب، لەشفرۆشی، ئازادییە کەسییەکان، بەشداریی سیاسی و چەندین بابەتی دیکە. ئەگەرچی ئەم پرسانە لە ساڵی ١٩٧٩لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە، تەنانەت پێش کۆماری ئیسلامییش بەدیکراوە، بەڵام لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا بەشێکی زۆری مشتومڕی لەخۆگرت و وایکرد وەك کێشە و پرسیاری سەخت و ئاڵەنگاری دەربکەون. لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد بۆ خولی نۆیەمی سەرۆکایەتی لە ساڵی ٢٠٠٥، لە سەرەتای سەرۆکایەتییەکەیدا، بەڵێنی دا کە ڕێز لە ژیانی تایبەتی خەڵک بگرێت و ڕێگە نەدات ئاسایش بە هیچ شێوەیەک دەستوەردان لە جل و بەرگی گەنجانی ژن و پیاودا بکات، بەڵکو هەوڵیدا گۆڕانکارییەک بهێنێتە ئاراوە لە ڕێگەدان بە ژنان بۆ چوونە ناو یاریگاکان، و بۆ چالاککردنی وەرزشی ژنان، کە بە هێرشێکی توندی بوویەوە لەلایەن پیاوانی ئایینی، بە سەرۆکایەتی ئیمامی هەینی مەشهەد، ئایەتوڵڵا عەلەمولهودا و ژمارەیەک دیکە لە پیاوانی ئایینی . ڕۆژنامەکان لە زاری ڕەزا ئەکرەمی ئەندامی ئەنجومەنی شورای کۆمەڵەی ئایینیەوە ڕایانگەیاندووە: ”من لە هیچ بارودۆخێکدا ڕێگە نادەم ژنان بچنە ناو یاریگاکانەوە، تەنانەت ئەگەر تۆپی پێی ئێرانیش لەسەر ئاستی جیهانی بایکۆتی بکرێت“. ئەکرەمی بۆ بەرگریکردن لە ڕوانگەی خۆی نموونەیەکی هێنایەوە کە تیایدا وتی: کاتێک ڕۆژئاوا مۆڵەتی هاوسەرگیری بە ڕاهیبەکان دەدات، ئێمە مۆڵەت بە ژنانی خۆمان دەدەین بچنە ناو یاریگاکانەوە، وەک چۆن ئیسلام قەدەغە دەکات پیاوان سەیری ژنان بکەن لەکاتێکدا بەشە تایبەتەکانیان هەیە ئاشکرا کراوە. . ئەحمەدی نەژاد لەسەرەتای سەرۆکایەتییەکەیدا بڕیارێکی دەرکرد بۆ دروستکردنی شوێنی تایبەت لە یاریگاکان بۆ ئەوەی ژنان بتوانن ئامادەبن، بەڵام لەژێر فشارە ئایینییەکان بڕیارەکەی کشاندەوە. ئاماژە بەوەش کرا کە پێشێلکاریی هەندێک لە ئاماژەکان زیاد دەکات لەگەڵ فراوانبوونی بوونی ژنانی ئێران لە بواری وەرزشی نێودەوڵەتیدا[١٩].

دوای دوو ساڵ لە یەکەم خولی سەرۆکایەتی، ئەحمەدی نەژاد خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نوێدا لەگەڵ ژنان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا جێگیر دەکرد، کاتێک پۆلیس دەستی کرد بە جێبەجێکردنی ”کەمپەینێک بۆ چارەسەرکردنی پەردەی خراپ“، بەیانێکی بلاوکردەوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ژن و کچانەی پێشێلی پێوەر و بنەما ئایینییەکانی

حیجابیان کردبوو. ئەم هەڵمەتە مشتومڕی بەرفراوانی لێکەوتەوە و بیروڕای دووبەرەکی لە نێوان لایەنگران و نەیاراندا دروستکرد، چونکە وتاربێژانی هەینی لە ژمارەیەک مزگەوتی پایتەختدا لایەنگری ڕێوشوێنە ئەمنییەکان بوون، هاوکات ڕیفۆرمخوازان دژایەتی ڕاشکاوانەیان بۆ وەڵامدانەوەی هێزەکانی پۆلیس دەربڕی لە بەرامبەر ئەم پرسە. ژنانی ئێران خۆڕاگرییان بەرامبەر بە پۆلیسی ژن نیشان دەدا کاتێک یەک بە یەک لە شەقامەکان ڕووبەڕوویان دەبوونەوە، زۆرجار ژنانی پۆلیس هەستیان بە بچووکترین شەرمەزاری نەدەکرد لەم ڕووبەڕووبوونەوەیە و دەیانگوت: ”ئێمە دەسەڵاتەکانمان بەکاردەهێنین کە لەلایەن یاسای تۆڵەسەندنەوەی ئیسلامییەوە پێمان دراوە”. مادەی (٦٣٨) بەڕوونی بەرپرسیارێتی پۆلیسی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پێشێلکاریانەدا خستبووە ڕوو . لەگەڵ بەردەوامبوونی هەڵمەتەکە، ژنان نائومێدی خۆیان لە سەرۆک ئەحمەدی نەژاد دەربڕی، کە هەوڵیدا دژایەتییەک بۆ پلانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی تۆمار بکات، کە بریتییە لە ”ڕووبەڕووبوونەوەی حیجابی خراپ، بەڵام بەرپرسانی ئاسایش ڕایگەیاند کە لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک کۆمار ئەرکەکانیان بەجێدەهێنن[٢٠].

**پۆلیسە گەڕۆکەکان پرسیاریان لەو گەنج وژنانە دەکرد کە لەسەر شەقام یان لەناو ئۆتۆمبێل پێکەوە بوون، ئایا هاوسەرگیریان کردووە، هەروەها پرسیاریان لە سرووشتی ئەو پەیوەندییە کردووە کە پاساو بۆ بوونیان بەیەکەوە دەهێنێتەوە.**

ئەم هەڵمەتە لە ماوەی دەیەمین هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری مانگی حوزەیرانی 2009 وەستا، بەڵام دەوریەی پۆلیس چەند مانگێک دوای هەڵبژاردنەکان دەستی بە جێبەجێکردن کرد و لە سەردەمی حەسەن ڕوحانیدا بە ڕێژەیەکی تر و شێوازی جیاواز بەردەوام بوو. هێزە ئەمنییەکان هەندێکجار وێنەی ئەو ژنانەیان دەگرت کە بە تەواوی حیجابیان لەسەر نەبووە، یان ”حیجابی خراپ”یان لەبەردا بوو، بۆ ئەوەی بتوانن لە دادگادا دەستگیریان بکەن و سزایان بدەن. هەروەها پۆلیسە گەڕۆکەکان پرسیاریان لەو گەنج و ژنانە دەکرد کە لەسەر شەقام یان لەناو ئۆتۆمبێل پێکەوە بوون، ئایا هاوسەرگیریان کردووە، هەروەها پرسیاریان لە سرووشتی ئەو پەیوەندییە کردووە کە پاساو

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بۆ بوونیان بەیەکەوە دەهێنێتەوە. ئەمەش لەگەڵ توندکردنەوەی کۆنترۆڵی جلوبەرگ لە دەرگای زانکۆکاندا بوو، بەو پێیەی ڕەنگی ڕەش، قاوەیی یان خۆڵەمێشی سەپێندرا، هەروەها لە نێو گەنجان قەدەغە کرا کە کراسی قۆڵ کورت یان تەسک لەبەر بکەن.

لە ساڵی ٢٠٠٩دا دادگای باڵای دەوڵەت سکاڵایەکی ڕەتکردەوە کە لەلایەن ٤٠ پارێزەرەوە لە دژی هێزەکانی ئاسایشی گشتی تۆمارکرابوون بەهۆی ئەنجامدانی ئەو هەڵمەتە کە ئەوان بە نایاساییان زانیوە، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە نابێت هێزە ئەمنییەکان لەو دەسەڵاتانە زیاتر بن کە پێیان دراوە. دەسەڵاتی دادوەری پشتگیری لەوە کرد، و پێیوابوو کە ئاسایش مافی یاسایی هەیە ئەو ژنانەی کە "حیجابی خراپ" لەبەر دەکەن، پێویستە بیریان بخاتەوە، بەڵام مافی دەستگیرکردنی نییە. مادەی (٦٣٨) لە " یاسای سزای ئیسلامی" باس لەوە دەکات کە ژنێک پابەند نەبێت بە یاساکانی حیجاب لەبەردەم خەڵکدا، سزای زیندانیکردنە بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ، یان غەرامەکردن لە نێوان ٥٠ بۆ ٥٠٠ دۆلار[٢١].

کەمپینەکە ئەحمەدی نەژادی خستە بەردەم شەرمەزارییەکی زۆرەوە لەبەردەم ژنانی ئێراندا، وایکرد خۆی بە ناچاری دووپات بکاتەوە کە ڕەتکردنەوەی توندی خۆی لە چاودێری و دەستگیرکردنی ژنان و ژنانی گەنجی بێ شوو بە بیانووی "هەڵە لەبەرکردنی پەردە"، بە نایاسایی هەژمارکرد. هەرچەندە ڕەخنەکانی بەرەو ڕووی شەپۆلێکی تووڕەیی پیاوانی ئایینی و پەرلەمانتاران بووەوە، کە بە پێشێلکردنی شەریعەت و دەستووری کۆماری ئیسلامییان لە قەڵەمدا، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕەنگدانەوەی نیگەرانی ئەحمەدی نەژاد بوو سەبارەت بەو کاریگەرییە نەرێنیانەی کە ڕەنگە هەڵمەتەکە لەسەری هەبێت پێگەی سیاسی و پێگەی لەناو کۆمەڵگەی ئێراندا، ئەمەش تۆمەتی دووفاقیی لە گوتارەکەیدا بەرامبەر بە ژنان ڕەت نەکردەوە، جیاوازییەکەی ڕوونە لە نێوان ئەوەی کە دەیگوت و ئەوەی کە جێبەجێکرا[٢٢].

## ناڕەزایی لە دژی پێشێلکردنی پیرۆزیی "نیقابی ڕەش"

لە مانگی ئابی 2011دا، ڕۆژنامەی "ئێران" پاشکۆیەکی تایبەتی بە ناوی "خاتوون 1" بڵاوکردەوە ، کە باس لە پرسی حیجاب بە ڕەهەندە جیاوازەکانی دەکرد، لە هەمانکاتدا هەوڵی بەرەوپێشبردنی شێوازێکی حیجابی بە ڕەنگ و دیزاینی جیاواز دەدا. بەڵام چاوپێکەوتنێکی مێهدی کەلهور، ڕاوێژکاری پێشووی ئەحمەدی نەژاد، ناڕەزایی بەرفراوانی لە ئێران لێکەوتەوە، کە بووە هۆی کۆکردنەوەی ژمارەکانی پاشکۆکە لە بازاڕ و قەدەغەکردنی دابەشکردنی. کەلهوڕ "نیقابی ڕەش"ی بە نەریتێک بۆ جلوبەرگی ژنان لە "یانە شەوانەکانی ئەورووپی" دەزانی و لە سەردەمی نەسیرەدین

شادا هێمای لووتبەرزی دەخرایە ناو جلی ژنانی ئێرانەوە، کە دوای خۆی ئەمەی هێنایە ئێران سەردانی ئەوروپا کرد، لەوێ ژنانی لە یانە شەوانەکاندا بینی کە ڕەشیان لەبەردا بوو، و وتی: "نیقابی ڕەش خراپترین جۆری حیجابە بۆ ژن" . هەروەها لە پاشکۆکەدا ڕەخنەیەک لە شێوازی مامەڵەی پۆلیس لەگەڵ ژنان لە شەقامەکاندا گیراوە بەهۆی بالاپۆشەوە. ئەم شەپۆلە تووڕەییە لە شێوەی بەیاننامە و لێدوان و بەدواداچوونەکاندا هات کە لەلایەن پیاوانی ئایینی و بەرپرسان و پەرلەمانتاران و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانەوە بڵاوکرایەوە، جگە لە دەزگای بەسیج و سوپای پاسداران، بەو پێیەی ئەم لێدوانانە بە سووکایەتییەکی بەرگە نەگیراو بە کۆمەڵگەی ئیسلامی دادەنرا. ڕۆژنامەی "ئێران" بە پەرەپێدانی بیرۆکەی لادان تۆمەتبار کرا و ١٩٢ نوێنەر داوای ئەوەیان کرد کە بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەم پاشکۆیە دەبێت سزا بدرێت . داواکاری گشتی لە تاران ڕۆژنامەکەی تۆمەتباری کرد بە پێشێلکردنی نیقاب و پلانی پاراستنی حیجاب، برەودان بە بێ ئەخلاقی و سوکایەتیکردن بە نەریت و ئەخلاقی گشتی(٢٣).

## لەگەڵ ڕوحانی: ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە لابردنی حیجاب

کێشەی حیجابی ناچاری بە کۆتاییهاتنی ماوەی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاد کۆتایی نەهات، بەڵکو پەیوەندییان بە حەسەن ڕوحانیەوە کرد و ئەو ناڕەزایەتییانەی ژنان بەرەوڕوو بوون کە نوێنەرایەتی لە ژنان لە شوێنە گشتییەکاندا حیجابیان لابرد، وەک سەرپێچییەک لە بەرامبەر پۆلیس. بە پێی ئاماری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی سەر بە سەرۆکایەتی کۆمار، دژایەتی جەماوەری بۆ حیجابی ناچاری و دەستێوەردانی حکومەت لەم بوارەدا لە هەڵکشاندایە. هەندێک لە ڕاپرسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەی دژایەتیکردنی حیجابی ناچاری لە ئێراندا تا ٨٠% بەرز بۆتەوە. لە شوباتی ٢٠١٨دا، ناوەندیکی لێکۆڵینەوە ڕاپۆرتێکی وردی سەبارەت بە سیمپۆزیۆمێکی تایبەتمەند کە لە ساڵی ٢٠١٤ بەڕێوەچوو، بڵاوکردەوە، کە تێیدا کێشەی سیاسەتەکانی جێبەجێکراو لە بواری حیجاب لە ئێراندا" خرایەڕوو. ئەم ڕاپۆرتە لە چوارچێوەی بیست لاپەڕەدا باس لەوە دەکات کە دیاردەی خراپی حیجاب و لێکەوتەکانی یەکێکە لە گەرمترین مشتومڕەکان دەربارەی پرسە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان کە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی بووەتەوە.

لە ڕاپۆرتەکەدا پوختەیەکی لە ڕاپرسییەک لەخۆ گرتبوو کە عەلی ئەسەدی لە ساڵی ١٩٧٥دا، واتە تەنیا چوار ساڵ پێش شۆڕشی ئیسلامی (١٩٧٩) ئەنجامی دابوو. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە سێ لەسەر چواری دانیشتووان (٧٥%) پێیان باشە هاوسەرەکانیان حیجاب

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بپۆشن، هەروەها ٧٪ هاوسەرەکانیان حیجاب نەپۆشن. بەڵام ئەنجامی ڕاپرسییەک کە لە ساڵی ٢٠١٤ ئەنجامدراوە دەریخستووە کە ٥٠٪ی بەشداربووان پێیانوایە کە حیجاب پرسێکی شەخسییە کە نابێت حکومەت دەستوەردانی تێدا بکات. هەروەها ئەمەش ئاماژەیە بۆ زیادبوونی ڕێژەی ئەوانەی نەیاری بە زۆرەملێکردنی حیجابن. بەپێی دوایین ئاماری فەرمی کە ناوەندی توێژینەوەی مەجلیسی ئێران لە مانگی ئابی 2018دا بڵاوی کردووەتەوە، 60-70%ی ژنانی ئێران "حیجابی نەریتی" لەبەر دەکەن، لە کاتێکدا کە 10- 15% ئەوانەی حیجابی نەریتی لەبەر دەکەن بە "قبوڵنەکراو و خراپ" دادەنرێت، هەروەها بە سووکایەتیکردن بە دابونەریتی گشتی دادەنرێت، کە تێیدا ژنان بەشێکی زۆری قژیان ئاشکرا دەکەن، جلی تەسک یان ناشایستە لەبەر دەکەن، و جوانکاری سەرنجڕاکێش پەیڕەو دەکەن. ناوەندەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا دووپاتی دەکاتەوە کە 30-40%ی ژنانی ئێران پابەندن بە حیجابی شەریعەتەوە کە بە باشترین پلەی نیقاب لە نێو زانایانی شیعە لە ئێران دادەنرێت[٢٤].

لەئێستادا ژنان لە ئێران بەهۆی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە لابردنی باڵاپۆش ڕووبەڕووی سزای زیندانی درێژخایەن دەبنەوە کە تەنانەت لەناو خودی بزووتنەوەی بنازۆخوازیشدا شەپۆلێکی ڕەخنەیی

”

**لەدوایین ناڕەزایەتییە بەرفروانە بێ وێنەکانی چەند مانگی ڕابردووی ئێران کە لە دەرئەنجامی کوشتنی کچێک بەناوی "ژینا ئەمینی" سەریهەڵدا، دوای ئەوەی ئەولەلایەن پۆلیسی ئەخلاقی تاران لەبەرامبەرشکاندنی پیرۆزی و نەپۆشینی تەواوی نیقاب تۆمەتبارکرابوو. ئەم ڕووداوە لە مێژووی چل دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا ڕووداوێکی بێ وێنەیە، چونکە هەموو ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە جۆراجۆرەکانی ڕابردوو دەربارەی پرسی حیجاب بە قەدد ئێستا نەیتوانیوە بەردەوام بێت و کاریگەری دروست بکات.**

لێکەوتۆتەوە. لە دیبەیتێکی تەلەفزیۆنیدا، بەڕێوەبەری پێشووی ڕۆژنامەی کەیهان، مێهدی نەسیری، ڕەخنەی لە هەڵمەتی سەرکوتکردنی ژنان دەگرێت و پێیوایە ڕێوشوێنەکانی حکومەت حیجابی لاواز کردووە. نەسیری لە وتووێژەکەیدا ڕوونی کردەوە، بە پێی ئامارە بڵاونەکراوەکانی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی، ٧٠٪ی کۆمەڵگەی ئێران دژایەتی ئەو حیجابی ئیجباری دەکەن، ڕەخنە لە بەکارنەهێنانی "دامەزراوەیەکی بێلایەن" دەگرێت بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسییەک. لە وتارەکەیدا بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئێران دوای ٤٠ ساڵ لە سەرکەوتنی شۆڕش، ڕووبەڕووی لاوازییەک لە حیجاب و "مەیلی لەبەرنەکردنی" بووەتەوە[٢٥].

لەدواین نارەزایەتییە بەرفروانە بێ وێنەکانی چەند مانگی ڕابردووی ئێران کە لە دەرئەنجامی کوشتنی کچێک بەناوی "ژینا ئەمینی" سەریهەڵدا، دوای ئەوەی ئەو لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقی تاران لەبەرامبەر شکاندنی پیرۆزی و نەپۆشینی تەواوی نیقاب تۆمەتبار کرابوو. ئەم ڕووداوە لە مێژووی چل دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا ڕووداوێکی بێ وێنەیە، چونکە هەموو نارەزایەتی و خۆپیشاندانە جۆراجۆرەکانی ڕابردوو دەربارەی پرسی حیجاب بە قەد ئێستا نەیتوانیوە بەردەوام بێت و کاریگەری دروست بکات. بەشێک لە لێکۆڵەر و چاودێران پێیانوایە ئەم نارەزایەتیانەی ئەمجارە دوور نییە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی شکست پێ بێنێت.

لەبەرئەوەی، ئەمە یەکەمین جارە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێران، واتە لە دوای ساڵی ١٩٧٩، نارەزاییەکان بەم جۆرە توند و ڕادیکاڵانە بن، کە بەئاشکرا داوای لەبەریەک هەڵوەشانەوەی تەواوی سیستەمەکە بکرێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا گەورەترین گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییە لە دەروون و زیهنیەت و بوێریی دەنگە نارازییەکان.

لە دەستپێکدا دروشمەکان و خواستەکان جیاواز و جۆراوجۆر بوون، بۆ نموونە، بەشێک لە دروشمەکان پەیوەندییان بە نارەزایی لە بەرامبەر حیجاب هەبوو، بەشێکی دیکە پەیوەست بە نارەزایی دەربڕین لە دژی پۆلیسی ئەخلاقی و بەشێکی دیکەیش پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەبوو بە خودی کۆماری ئیسلامیی، کە خۆی لە نارازیبوونی خەڵک دەبینییەوە، لە بەرامبەر ئەو سیاسەتانەی، کە دەسەڵات پەیڕەوی دەکات.

ئێستا و لەدوای تێپەڕبوونی زیاتر لە شەست ڕۆژ بەسەر بارودۆخەکە، ئەوە بەدی دەکرێت، کە دروشمەکان یەک خراون و لە چوارچێوەی داواکاریدا داوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی دەکەن، هێشتا دەرنەکەوتووە ئەم دروشمە دەتوانێت کاریگەریی گەورە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا دروست بکات یان نا.

ئەم یەکگرتنە ئۆرگانیکە نموونەی گۆڕانکارییەکی جۆرییە لە شەپۆلە نارەزاییەکانی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

چل ساڵی ڕابردوو لە ئێران، ئەمەش دەرەنجامی ئەو سیاسەتانەیە کە دەسەڵات خۆی پێوە گرتوون و دەستبەرداریان نابێت، چونکە ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتی کێشەی تیایە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی دەسەڵات نەتوانێت پەیامی خۆی بگەیەنێتە خەڵک و متمانە دروست بکاتەوە، بۆ ئەوەی داواکاری و خواستەکان لە ڕێگەی میکانیزمی گفتوگۆ، ڕێگەچارەی بۆ بدۆزرێتەوە[٢٦].

**ئەنجام**

تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەچێتە پێنجەمین دەیەوە کەچی کۆمەڵێک پرس و کێشەی سەرپێنراوی هەیە لەو سیاسەت و ڕەوتانەی کە لە دەیەی یەکەمی ژیانیدا حوکمڕانی بەدیکراون و تا ئێستاش بەردەوام جێگەی ناکۆکین. لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش خواستێکی توند هەبوو بۆ بە ئیسلامیکردنی هەموو لایەنەکانی ژیان، لەوانەش جل و بەرگی ژنان، لەم چوارچێوەیەشدا پرسی پۆشینی حیجابی ئیجباریی هاتۆتە ئاراوە و بۆتە بەشێک یاخود سیمبوڵی دەسەڵات، خاڵی دیاری گوتاری سیاسی کۆماری ئیسلامیی، بەم جۆرەش لە بازنەی فیقە و کولتوورەوە گواستراوەتەوە بۆ بازنەی مشتومڕە سیاسی و ململانییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان. لەگەڵ گۆڕانکاری لە کۆمەڵە بەها و قەناعەتەکانی کۆمەڵگەی ئێراندا، گۆڕانکارییەکی گەورە کە لەلایەن زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکانەوە هاتە ئاراوە.

لە کاتی ئێستادا لەلایەن زۆرێک لە پیاوانی ئایینی شیعە لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران پێشنیار دەکرێت بابەتی حیجابی زۆرەملێ پێداچوونەوەی تێدا بکرێت، بەوەی ئەم ستایلەی ئێستا هیچ سوودێکی نییە بۆ کۆمەڵگەی ئێرانی. لە دیارترین ئەوانەی بانگەشەی ئەم دیدگایە دەکەن ئایەتوڵڵا محەممەد ئیسحاق فەیاز کە یەکێکە لە خوێندکارە دیارەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی.

لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕەوتە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە تا ئێستا حیجاب بە پرسێکی گرنگ دەزانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی زۆر ڕوون بەدیدەکرێت کە دژایەتی پرسی حیجابی ناچاری دەکەن. خەمی پێدانی سیمایەکی ئیسلامی بە کۆمەڵگەی ئێران لەوانەش لە ڕێگەی حیجابی ناچارییەوە کە بەپێی یاسای سزادان ڕێکخراوە، ئێرانی خستۆتە نێو دووڕیانێکی قورس، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دەنگی ناڕەزایی لەناو خودی پێکهاتەی دەسەڵاتدا بەرز بێتەوە لەگەڵ پێویستی گەڕان بەدوای چارەسەرێک بۆ ئەم چەقبەستووییە، کە ڕەنگە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی گشتیدا ئەم پرسە یەکلای بکرێتەوە، یانیش سەرەئەنجام ئەم پرسە ببێتە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لە ستراکچەری دەسەڵاتی سیاسی.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

- رسول جعفريان، " الرسائل الحجابية: ستون عاما من السعي العلمي في مواجهة بدعة كشف الحجاب".

- آيا كشف حجاب واقعا به خاطر تاثير سفر رضا شاه به تركيه بود؟" (هل كان كشف الحجاب حقا نتيجة تأثير سفر رضا شاه إلى تركيا؟)، موقع خبر انلاين، 17 دي 1398 ش، (تاريخ الدخول: 10 تشرين الثاني ٢٠٢١): https://bit.ly/3nwcnCO.

- فەرانەک ئەلماسی، "پیچاب و ژانان لە ئێران"، ئاژانسی کوردپا، https://kurdpa.net/so/news (ڕۆژی سەردان ١٠/ تشرینی دووەم ٢٠٢٢).

- (4) جعفريان، رسائل حجابيه، مرجع سابق.

- فهمي هويدي، إيران من الداخل، (القاهرة، مكتبة الشروق، 2014)، ص 246.

- اليز اناساريان، جنبش حقوق زنان در ايران (حركة حقوق المرأة في إيران)، ترجمة نوشين أحمدي خراساني، ط1 (تهران، نشر اختران، 1384ش)، ص 160.

- "الحجاب الإجباري ورؤية الإمام الخميني"، پرسمان، 27/1/1397ش، (تاريخ الدخول: ١١ /تشرين الثاني ٢٠٢١)، https://bit.ly/2LaBb6l.

- روح الله خميني، صحيفه امام، (صحيفة الإمام) ، (تهران، مؤسسة تنظيم ونشر آثار الإمام الخميني، 1386ش) ، ج 6، ص 329.

- كيف أصبح الحجاب إجباريا في بداية الثورة"، دويچه وله فارسی، 8 فبراير/شباط 2009، (تاريخ الدخول: 10 يناير/ كانون الثاني 2021)، https://bit.ly/3blTsYV.

- محمد السيد الصياد وربى البلوي، "الحجاب في إيران بين ثنائية الأيديولوجيا والسياسة"، رصانة، 22 أكتوبر/تشرين الأول 2020، (تاريخ الدخول: 10 يناير/كانون الثاني 2021)، https://bit.ly/3oubfRk.

- زاهیر محەمەدی، "هەموو شتێک لەبارەی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران"، وێبسایتی پەیسەر ٢٠٢١، (ڕۆژی سەردان ١٥/ تشرینی دووەم ٢٠٢٢) https://www.peyserpress.com/detail/7256

- فاطمة الصمادي، "جدل الحجاب في ايران بين الديني والسياسي"، مركز الجزيرة للدراسات 2021، (تاريخ الدخول: ١٥ /تشرين الثاني ٢٠٢١) https://studies.aljazeera.net/ar/article/4912

- فاطمة الصمادي، التيارات السياسية في إيران، ط 2 (بيروت، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، 2019)، ص 67.

- فاطمة الصمادي، "المضامين النسوية في سينما المرأة الايرانية"، فصلية الايران والعرب، المجلد 8، العدد 26 (31 ديسمبر/كانون الأول 2011)، ص ص. 50-37، 14ص.

- عارف الزغول، " المدارس الادبية في الايران"، فصلية إيران و العرب. مجلد 8، عدد 26 (كانون الأول 2011)، ص ص. 166-153، 14

- الصمادي، مصدر سابق.

- فاطمة الصمادي، "الحليقات في السينما.. تحايل لمواجهة المحرمات"، الجزيرة الوثائقية، 12 نوفمبر/تشرين الثاني 2009، (تاريخ الدخول: ١٥/تشرين الثاني ٢٠٢٢)، https://bit.ly/38z1cVD.

- الصمادي، مصدر سابق.

- فاطمة الصمادي، "جدل الحجاب في ايران بين الديني والسياسي"، مصدر سابق.

- فاطمة الصمادي، "شرطة إيران تواصل مواجهة 'الحجاب السيئ'"، الجزيرة نت، 25 أبريل/نيسان 2007، (تاريخ الدخول: 12 /تشرين الثاني ٢٠٢٢)، https://bit.ly/3ozX-nF6.

- الصمادي، التيارات السياسية في إيران، مصدر سابق.

- (رئيس الجمهورية ينتقد بعض المصادمات الأخيرة مع مرتدي "الحجاب السيئ)، وكالة ايسنا، Iranian Students News Agency ، (تاريخ الدخول: ١٨ /تشرين الثاني 2022)، https://bit.ly/38CfSDC.

- ("خاتون 1" موضوع جديد للخلاف بين الحكومة والأصوليين)، شرق، (العدد 1319، 23 مرداد 1390)، ص 2.

- قصة الحجاب في إيران ... من إرث الشاه إلى شرطة العمائم"، الجزيرة نت، 13 يناير/كانون الثاني 2019، (تاريخ الدخول: ١٨ /تشرين الثاني ٢٠٢١)، https://bit.ly/3q2F8sr.

- فاطمة الصمادي، "جدل الحجاب في ايران بين الديني والسياسي"، مصدر سابق.

- تەحسین وسو عەبدوڵڵا، "گریمانەکانی داهاتووی بارودۆخی ئێران"، دەزگای میدیایی باسنیوس ٢٠٢٢، (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٢/١١/١٨) https://www.basnews.com/so/babat/781815

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# ئێران، ڕێپێوانێکی مێژوویی لە شۆڕشێکەوە بۆ شۆڕشێکی دیکە



توێژەر: بارام مەجیدخان



## بەرایی

لە سەدەی ڕابردوودا لە ئێران دوو شۆڕشی گەورە ڕوویان داوە، یەکەمیان شۆڕشی مەشروتە کە پشتبەستوو بە ئایدیای و فیکری ڕوناکبیرانەی ڕۆژئاوا بوو. دووەمیان شۆڕشی ئیسلامی ئێران، کە دەقاودەق دژی پرنسیپەکانی ڕۆژئاوا بوو. ئەم پارادۆکسە لەسەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران جێگای تێڕامان و تێفکرینی زۆرە. شۆڕشەکانی ئێران زۆرجار بەراورد دەکرێن بە شۆڕشەکانی جیهان و بە تایبەت شۆڕشی فەرەنسا. لە ڕاستیدا ئەوەی شۆڕشەکانی ئێران لە جیهان جیا دەکاتەوە ئەو کۆنسێپتەیە، کە سەرهەڵدانی شۆڕش لە ئێران درێژەی ئەو ڕەوتە مێژووییەیە کە دژی پاشای ستەمکار لە کۆی مێژووی ئێراندا بە دیدەکرێن. وەک شۆڕشی گیئۆماتا لەسەردەمی هەخامەنشیەکان و پاشان زەنگیەکان و ئەو سەرهەڵدانانەی کە ناوبەناو لە مێژووی ئێراندا بەدی دەکرێن.

ئەوەی کە جێگەی سەرنجە لە بەراوردکردنێکی نێوان هەردوو شۆڕشی سەدەی بیستەمی ئێران واتە شۆڕشی مەشروتە کە ساڵی ١٩٠٥ دەستی پێکرد و شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ کە بە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ناسراوە. هەردوو شۆڕش بە ئامانجی خستنی پاشای ستەمکار ڕوویان داوە. جیاواز لە کات و هەیکەلی و دارشتنی هەر دوو شۆڕش. شۆڕش لە ئێراندا، شۆڕشی چینە هەژارەکان دژی چینییە سەرمایەدارەکانی وڵات و گۆڕینی هاوکێشەی یاسای و کۆمەڵایەتی نەبووە هێندەی دژایەتی کردنی کەسی پاشا و دامودەزگاکەی بووە.

تێگەیشن لە هەمومەرجی هەنووکەیی ئێران و خۆپیشاندانەکان و نارەزایەتییەکانی ئێران بەبێ گوزەرکردن بە مێژووی هاوچەرخی ئێران و تێپەڕبوونێکی خێرا بە مێژووی قاجاریەکان و پاشایەتی پەهلەوی و گوزەر بە مێژووی سیاسی ئەو دوو زنجیرە لە فەرمانڕواییەکانی ئێران مەیسەر نابێت. ئاڕاستەی ڕووداوەکان ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنن کە مێژووی هاوچەرخی ئێران لێوان لێوە لە ڕووداوگەلی جێگەی تێڕامان. زنجیرەی گۆڕانکارییەکان، ڕووەو ئەو شارپیەمان دەبەن کە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان ڕووداوەکان هەیە. ئەم لێکۆڵینەوەیە هێندە پشت ئەستورە بە بنەما بنچینە سۆسیۆلۆجییەکان، هێندە ڕووداوەکان لە ڕەهەندی مێژوویی و ڕاستەڕێی کۆمەڵێک ڕووداوی لێکنەپچڕاو نابینێت. چۆن بەرەنجامی شۆڕشی مەشروتە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕەزا خانی بەرهەم هێنا، ئایا بەرەنجامی شۆڕشی ئیسلامی ئێران چی بەرهەم دەهێنێت؟

## گەڕانەوە بۆ ڕەگە مێژووییەکان

### شۆڕشی یەکەم: مەشروتە

زنجیرەی فەرمانڕەوایی قاجاریەکان بە گرنگترین قۆناغی مێژوویی ئێران هەژمار دەکرێت. بۆ گەیشتن و تێگەیشتن لە مێژووی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نوێی ئێران هیچ هەڵبژاردنێکی دیکەمان بە دەستەوە نییە جگە لەوەی بە شارێی مێژووی قاجارەکاندا تێپەڕببین. قۆناغی ناسرەدین شای قاجار بە درێژترین و کاریگەرترین قۆناغی ئەو مێژووە ناوزەد دەکرێت. لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی دەرەوەی سنوورەکان و ئاڵۆزبوونی پەیوەندیەکانی دەرەوەی ئێران و سەرهەڵدانی بزووتنەوە ڕیفۆرمیستیەکانی ئێران، پرێنسس ملکم خان بۆ یەکەمجار بە ئامادەکردنی پێش نووسێک بۆ دەستووری ئێران توانی خواستی خەڵک لەو ڕەشنووسە بە دیکۆمێنت بکات. پاشان بوو بە هەوێنی یەکەم دەستووری ئێران لەسەردەمی موزەفەرەدین شای قاجار و سەرتای شۆڕشی مەشروتەی ئێران. هەلومەرجی تایبەتی ئێران لە چاخی قاجاریە و یەکەم خواست بۆ ڕاگەیشتن و پێگەیشتن لە پێشکەوتنەکانی دنیای دەرەوە و گواستنەوەی تەکنەلۆجیای نوێی سەربازی بۆ ئێران خەوی لە عەباس میرزای شازادەی جێنشین زڕاندبوو. ئەو نامانەی کە ئاڕاستەی ناپلیۆن بناپارتی کردن بۆ دەستگیرۆیی ئێران رووەو پێشکەوتن، یەکەم زەنگی بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمیستی بوو کە لە ئێران بیسترا.

پاشان "میرزا تەقی خان ئەمیر کەبیر" سەرۆک وەزیران درێژەی بە ڕێڕەوی چاکسازی و ڕیفۆرم لە ئێران دا و توانی قۆناغێکی تر ئێران بەرەوپێش ببات. ئەو توخمەی کە ئەمیر کەبیر چاندی لەسەرزەمینی پاشایەتی ئێران بوو بە ڕێبازێک کە درێژە پێدەری سەید جەمال ئەفغانی بوو. ئەمیر کەبیر بە پلانی ناو دەربار کوژراو و پاشانیش سەید جەمال دەربەدەر بوو و میرزا مەلکوم خانیش ئاوارەی فەرەنگ[١] بوو.

وڵات ڕووەو ئاژاوە و فیتنەیەکی گەورە ملی نابوو. سەرەتاکانی شۆڕشی خەڵک بە دیار کەوتبوون. لە ژێر فشاری مەرجەعیەتی شیعە و ڕووناکبیرانی کاریگەر بە تێزی ڕۆژئاوایی توانیان شۆڕش بەرەو جێگیری ببەن بە پێکهێنانی یەکەم پەرلەمانی ئێران لە (١٩٠٥) کە بە ساڵی دەسپێکی شۆڕشی مەشروتە هەژمار دەکرێت. شۆڕشی مەشروتە لە کاتێکدا ڕوویدا کە لە ئێران نە یاسا هەبوو، نە سیستەمێکی ئابووری پێگەیشتووی چینی مامناوەند کە خواستی ئابووری و سیاسی هەبێت. ئەوەی هەبوو دەسەڵاتی ڕەهای پادشایەکی ستەمکار بوو کە گەل لە شێوازی حوکمڕانییەکەی ناڕازی بوو. بەڵام ئەم ڕاپەڕینەی گەل کە ئاوێتە بوو بە بیری ڕووناکبیرانی تازە پێگەیشتووی وڵات کە لە ژێر کاریگەری مەدرەسەی دارئەلفنون بوون و ڕۆژئاوایی بیریان دەکردەوە و مەرجەعیەتی ئایینی ڕێبازی شیعە لە ئێراندا بوون. هەردوو چینەکە کاریگەریی زۆریان بە سەر کۆمەڵگەی ئێرانەوە هەبوو. لە لایەکی ترەوە دەستی بێگانە، بە تایبەت ئینگلیزەکان لە ئێران کراوە بوو بۆ کاریگەری خستنەسەر هەر دوو چینەکە. عەشایەر و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی تاران شێوازێک لە

ئازادی و پاشاگەردانی پێوە دیاربوو. سەنتەر نائارام بوو. پەراوێزەکانی دەرەوەی پایتەختیش بە هەمان شێوە نائارام بوو. سەنتەر و پەراوێز پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەبوو. لەسەرتاسەری مێژووی ئێران حاڵەتێک بە دیناکەین کە پایتەخت نائارام بووبێت و دەرەوەی پایتەخت ئارام بووبێت. بۆ ئارام کردنەوەی ئێران و شارەکانی پێویست بوو کە هێزێکی پۆڵایین سەرهەڵبدات. خەڵک لەو پاشاگەردانییەی پایتەخت بێتاقەت بوون. چاوەڕوانی هێزێکی ئارامبەخشیان دەکرد. ڕەزا خانی میرپێنج کە پاشان بە ڕەزا شا ناوزەد کرا سەری هەڵدا. ئینگلیزەکان پشتیوانییان دەکرد. خەمی خەڵکی ڕەواندەوە و خوازیاری ئێرانێکی ناوەندگەرا و بەهێز بوو. دەسەڵاتە لۆکاڵیەکانی سەرکوت کرد و تا ڕادەیەکی زۆر پەنجەی خستە سەر ئاوەدانکردنەوەی ئێران و هێڵی ئاسنی شەمەندەفەری لە ئێران جێبەجێکرد و تا ڕادەیەکی زۆر بووە جێگەی سەرنجی خەڵک. سوڵتان ئەحمەد شای قاجار ئێرانبەدەر کراو و پاشان لە ئیتالیا کۆچی دوای کرد. هەرچەندە ڕەزا خان بە دروشمی کۆماری خوازی هاتە مەیدان، بەڵام ئەویش تاجی پاشایەتی لەسەر نا. شۆڕشی مەشروتە کە بە دروشمی سەروەری یاسا پابەندکردنی دەسەڵاتەکانی پاشا و ئازادیخوازی سەریهەڵدا جێگەی خۆی دا بە سیستەمێکی پاشایەتی نوێ و دەسەڵاتە ڕەهاکانی پاشا گوازرانەوە بۆ پاشایەکی نوێ بە پەیڕەوکردنی سیستەمێکی دیکتاتۆری. ئەوەی کە لە شۆڕشی مەشروتە زۆر جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هەموو مێژوونووسانی ئێران لەسەر ئەوە هاوڕان کە شۆڕشی مەشروتە خەڵکی ئێرانی لە ڕەعیەتەوە کردە میللەت. بە واتا بنچینەی هاوڵاتیبوون و ئاشنابوون بە مافە بنەڕەتییەکانیان گەورەترین دەسکەوتی ئەو شۆڕشە بوون.

## شۆڕشی دووەم: شۆڕشی ئیسلامی

"منیش پەیامی شۆڕشەکەی ئێوەم بیست... بەڵێن دەدەم کە حکومەتی داهاتووی ئێران لەسەر بنەمای دەستوور و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئیرادەی نیشتمانی و بە دوور لە ستەم و زۆرداری و گەندەڵی دەبێت" (محەمەد ڕەزا شا- ئۆکتۆبەری ١٩٧٨).

محەمەد ڕەزا شا پێیوابوو خۆشەویستە لە ناو گەلی ئێراندا. ئەو وەهمەی محەمەد ڕەزا شا تێیدا دەژیا، دوو سەرچاوەی هەبوو. یەکەمیان ئەو گەشەسەندنە بوو کە ئێران ساڵانێک بوو پێشوازی لێدەکرد و دووەم ئەو حکومەتە بوو کە محەمەد ڕەزا شا دەسەڵاتی ڕەهای خۆی پێ جێبەجێ دەکرد. ڕاوێژکارە ناڕاست و زمان لوسەکانی محەمەد ڕەزا شای گەیاندبووە ئەو وەهمەی کە لە تەکیدا دەژیا. شا بوو بە قوربانی ئەو پڕوپاگەندانەی کە بۆیان دروستکردبوو(٢).

ئێران لە نێوان هەر دوو شۆڕشی سەدەی بیستەمدا بە بارودۆخێکی زۆر قورسدا تێپەڕی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کرد. کۆمەڵێک ڕووداى یەک لە داوی یەک وەک زنجیرەیەکی لێک نەپچڕاو ئاڕاستەی مێژووی سەدەیان ڕووەو ڕووداوێکی گەورە برد. شۆڕشی ساڵی (١٩٧٩) کە دواتر بە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بە ناوبانگ بوو. بۆیە دەبێژم دواتر کە سەرەتاکانی ئەم شۆڕشە هەر هێزە ئیسلامییەکان بە تەنها نەبوون کە بەشداریان تێدا کرد، بەڵکو هێزە نیشتمانی و نەتەوەیی و چەپەکانی ئێرانێش بەشێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵیان هەبوو لە هەڵگیرسانی شۆڕش.

شۆڕشی ساڵی (١٩٧٩) ئەگەر بەراوردی بکەین بە تێزەکانی ترۆتسکی لە پێناسەکردنی شۆڕش بەو مانایەی کە چەپگەراکان شیکردنەوەی بۆ دەکەن، تا ڕادەیەکی زۆر کارێکی لۆجیکییە کە: " دیارترین تایبەتمەندی شۆڕش بەشداری گەلانە لە ڕووداوە مێژووییەکان. لە هەل و مەرجی ئاسایی دەوڵەت چ پادشایی بێت یاخود دیموکراتیک خۆی بۆ ئاستێکی باڵاتر لەگەڵ هەڵدەکێشێت. پاشان مێژوو لەسەر دەستی پسپۆڕەکان و شارەزایان و وەزیر و نوێنەرانی خەڵک دەنووسرێتەوە. بەڵام لە دۆخی شۆڕشدا گەلان بەربەستەکانی بەردەم شانۆی سیاسی ڕادەماڵن. نۆێنەرەکانی پێشتری خۆیان ڕادەماڵن و بە دەستوەردانی خۆیان بونیاتی ڕژێمێکی نوێ دەنێن. دادوەریکردن سەبارەت بەم بابەتە بە مامۆستاکانی ئەخلاق دەسپێرین.. لە ڕوانگەی ئێمەوە مێژووی شۆڕشەکان بریتیە لە چوونەناوەوەی توندوتیژیی گەل بۆ سەر شانۆی سیاسەت"[٣] لەگەڵ ئەوەی محەمەد ڕەزا شا بە پشت گوێخستنی و وەدەرنانی هێزە سیاسییەکانی ئێران و مەرجەعیەتی شیعە، بە پشت بەستن بەو گەشە ئابوورییەی کە ئێران لەسەرخۆ هێواش تیدەپەڕاند و بەرزبوونی نرخی جیهانی نەوت سەرسام و لووت بەرز بەرامبەر گەلەکەی و هەموو نەیارەکانی وەستابوو. چینی ناوەڕاست و گەشەکردووی ئێرانی لە خۆی تۆراندبوو. ئەو هێزە سیاسی و ئایینیانەی لە محەمەد ڕەزا شا لە گۆڕەپانی سایسی وەدەر نابوون بریتیبوون لە: هێزە میللی و مەزهەبییەکان و حیزبی تودە کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە ڕووداوەکانی سەدەی ڕابردووی ئێراندا هەبوو.

دوو قەیرانی گرنگ لە پێش شۆڕشی ئێران ڕەوتی ڕووداوەکانی زیاتر گەشەپێدا. یەکەمیان لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی جیهانی نەوت کە داهاتێکی زۆری بۆ ئێران هێنابووە کایە، کە لە ئەنجامدا هەڵاوسانی ئابووریی بە دوای خۆیدا هێنا. ئەمەش دڵگرانی و ناڕەزایەتی چینی مامناوەندی ئێرانی لێکەوتەوە. دووەمیان ئەو فشارە زۆرە بوو کە لە لایەن وڵاتانی جیهانەوە لە ئێران دەکرا کە چاکسازی لە سیستەمی کۆنترۆڵی پۆلیسی لە ئێراندا بکات و فشارەکانی لەسەر نەیارەکانی کەم بکاتەوە و پابەند بێت بە بنەماکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا[٤].

داهاتە نەوتییەکانی ئێران لە ساڵەکانی (١٩٧٣-١٩٧٤) محەمەد ڕەزا شای گەیاندە ئەو

ئاستەی کە پێیوابوو، لە کۆتایی سەدە، ئێران دەبێتە یەکێک لە شەش وڵاتە پیشەسازییە گرنگەکەی جیهان.(٥) لە هەمانکاتدا محەمەد ڕەزا شا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو متمانەی بە ئەمریکا لەدەستدابوو. بە هەموو توانایەوە باوەشی بۆ وڵاتانی جیهان کردبۆوە کە هاوکاری بکەن لە بەدەستهێنانی تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی. خەونی بە بەدەستهێنانی ئەم تەکنۆلۆژیایەوە دەست گەیشتنی ئێران بە وزەی ئەتۆمی شای ئێرانی ڕووەوە شێوازێک لە سەرلێشێواوی نێودەوڵەتی بردبوو. ئەمریکا متمانەی بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران نەمابوو. وڵاتانی ئەوروپا و ئەفریقای باشوور و چەندین وڵاتی دیکە ئەو وێستگانە بوون کە شای ئێران پەنای بۆ دەبردن. لەم هەلومەرجە ئاڵۆزە نێودەوڵەتییە و ناوخۆییەی ئێران ڕووداوگەلێک بەڕێوەبوون کە شا پێشبینی نەدەکردن. ئێران لە لێواری گۆڕانکارییەکی گەورەدا بوو. هێزە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان چاوەڕوانیان دەکرد. ئەویش شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ بوو. ئەو شۆڕشەی کە لە ئاکامی ململانێیەکی قورسی مێژووی سەدە ساڵی ڕابردووی ئێرانەوە بەرێکەوتبوو. ئەویش ململانێی نێوان سەڵتەنەت و مەرجەعیەت بوو. کە لە ئەنجامدا مەرجەعیەت توانی بەسەر سەڵتەنەتدا سەر بکەوێت. خەونی کۆماریخوازی خەونێک بوو کە ڕەگی لە شۆڕشی مەشروتەی ئێراندا هەبوو. بۆ ماوەیەکی کاتی ڕەزا شای گەورە ئەم دروشمەی بەرزکردەوە کە ئەنجامدا ئەویش تاجی پاشایەتی لەسەر نا. کاتێک لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە ڕووداوەکانی هەردوو شۆڕشی ئێران دەکەین، ڕۆڵی خەڵکی ئێران لە ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنین ئەنجامگەلی ورد دێنە ئاراوە. ئەوانیش:

1. بونیاد و بنچینەی هەموو ڕووداوەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر شانی خەڵکی ئێران بووە و هەر ئەوانیش ئاگردانی شۆڕشەکانیان بە دەستەوە بووە. هەرچەندە خەڵک نەیان توانی لە هەر دوو شۆڕشەکە بە ڕاستی نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن و حکومەتی دڵخوازی خۆیان دیاری بکەن، بەڵام توانای تۆڵە کردنەوەیان لە دەسەڵاتداران هەبووە. ئەویش بە ئەنجامدانی نارەزایەتییە بەردەوامەکان بە ئاڕاستەی چاکسازی و پاشان نائومێدی.

2. بزووتنە چاکسازییەکانی ئێران لە سەد ساڵی ڕابردوو نەیانتوانی بگەنە ئەنجام، بەڵام دەرهاویشتەکانی هەموو گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام بووە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا. لە ئێران بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کردە نەتەوەیەکی بێدار و چاوکراوە کە ئامێزیان بۆ ڕووداوە جیهانی و ناوخۆییەکان ئاوەڵاکردوە. بونیادی کۆمەڵایەتی ئێران لە کۆمەڵگەیەکی داخراوەوە گۆڕدرا بۆ کۆمەڵگەیەکی کراوە.

3. لە ڕەحم و منداڵدانی هەردوو شۆڕش دوو پەڕلەمان لەدایکبوون. یەکەمیان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لەسەردەمی مەشروتە لە بەهارستانی تاران و دووەمیان مەجلیسی شورای میللی لەسەردەمی پەهلەوی. ناوچەی بەهارستان هەمیشە ناوەندی ململانێی قورسی سیاسی و تۆڵەسێن بووە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا. سوڵتان ئەحمەد شای قاجار سوێندی وەفاداری بۆ گەلی ئێران تێدا خوارد بەڵام پابەند نەبوو بە سوێندەکەی و تۆڵەی بەهارستان لێی مردنی بوو لە غەریبی لە ئیتاليا. ڕەزا خانی باوک سوێندی وەفاداری تێدا خوارد کە پارێزەری مافی گەلەکەی بێت، بەڵام پابەند نەبوو بە سوێندەکەی و بە دروشمی کۆماریخوازی هات و پاشان تاجی پاشایەتی لەسەر نا. تۆڵەی بەهارستان لە ڕەزا شا مردنی بوو بە بێکەسی و بە تەنهای لە دورگەی ژوهانسبۆرگی ئەفریقای باشوور. محەمەد ڕەزا شای کوڕ سوێندی وەفاداری بۆ گەلەکەی خوارد و ئاکامی ئەویش مردنی لە میسر و لە دەرەوەی نیشتمانەکی خۆی!

شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ بە کۆماری ئیسلامی ئێران جێگیر و خۆی ناساند. سەرەتاکانی شۆڕش و سەرکردەکانی ڕووبەڕووی ململانێی قورسی ناوخۆیی و سەرهەڵدانی کێشە و گرفتی شێوازی بەڕێوەبردن بووەوە. تا بە جێگیرکردنی دەستووری وڵات و ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی گشتی توانرا بنەماکانی بەهێز بکرێت. شەڕی ئێران-عێراق (1980-1988) خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی هاوچەرخی ئێران. شەڕی هەشت ساڵی ئێران-عێراق هێز و تواناکانی ئێرانی یەکخست بە ئامانجی پارێزگاریکردن لەسەروەری خاکی ئێران و شۆڕشەکەی. کۆتایی هاتنی ئەو شەڕە ئێرانی خستە سەر ئاراستەی بونیاتنانەوەی وڵات. لە ڕاستیدا کۆتایی هاتنی شەڕ، ئێرانی بەهێز کرد و عێرای لاواز کرد.

ئێران بە دوو خەونی مێژووی سیاسەتی خۆی لە پاش شەڕ ڕێکخستەوە. یەکەمیان پەرەپێدان و دووبارە درێژەپێدان بە بەرنامەی ئەتۆمی خۆی کە لەسەردەمی محەمەد ڕەزا شا دەستی پێکردبوو و هاوکات پەرەپێدان بە بەرنامەی سەربازی و موشەکییەکانی لە پێناو بەرفراوانکردنی کاریگەری و هەژموونی خۆی لە ناوچەکە. حکومەتەکانی دوای کۆتایی هاتنی شەڕ وەک هاشمی ڕەفسەنجانی (١٩٨٩-١٩٩٧) سەید محەمەدی خاتەمی ( ١٩٩٧-٢٠٠٥) ئەحمەدی نەژاد (٢٠٠٥-٢٠١٣) و حەسەنی ڕۆحانی(٢٠١٣-٢٠٢١) و ئیبراهیم ڕەئیسی هەریەک لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی جیاوازی؛ ئابووری و کولتوری و سیاسی و سەربازی درێژەیان بە کاری خۆیان دا. خاڵی هاوبەشی هەموو ئەم حکومەتانە ئەوەبوو کە سیاسەتی ئابووری و سیاسی و سەربازییەکانی قورسای زۆری لەسەر شانی هاوڵاتیانی ئێران دانابوو. ئەمەش ناڕەزایەتییە بەردەوامەکانی لێ هاتە بەرهەم. ئەو ناڕەزایەتیانەی کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران

ناوبەناو دەرکەوتوون کە گرنگتینیان ئەمانەی خوارەوە بوون:

١. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی بە ٢٥ ڕۆژ یەکەم خۆپیشاندانی سەرتاسەری دژی حیجابی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ وەک دەسپێکی یەکەم خۆپیشاندان لە ئێران لە لایەن ژنانی ئەو وڵاتە شۆڕشی خستە بەردەم ئاڵەنگارییەکی گەورە.

٢. لە ١٩٨١/٦/٢٠ خۆپیشاندانی سەرتاسەری دژی دکتۆر بەنی سەدر کە لە ناوەڕۆکدا سازمانی موجاهیدینی خەلق ڕۆڵیان هەبوو وەک یەکەم خۆپیشاندانی سیاسی شۆڕش کە لە ئەنجامدا دکتۆر بەنی سەدر لەسەر کار لابرا. پاشان شەڕی ئێران-عێراق دەرفەتی بە ئەنجامدانی هیچ نارەزایەتییەک نەدا کە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بکرێت.

٣. لە ساڵی ١٩٩٤ خۆپیشاندانی خەڵکی شاری قەزوین کە لە دژی بڕیاری پەرلەمانی ئێران وەستانەوە بۆ بە پارێزگاکردنی ئەو شارە. کە مەترسی زۆری لای حکومەت دروستکرد کە پزیسکی ئەو خۆپیشاندانانە نەپەرنەوە بۆ تاران. ئەم خۆپیشاندانە دژی بڕیارێکی ئیداری حکومەت بوو.

٤. خۆپیشاندانی کەمپی زانکۆی تاران لە ساڵی ١٩٩٩ کە دژی یاسای ڕاگەیاندن و چاپەمەنی بوو. کە دژی داخستنی ڕۆژنامەی سەلام کە چەپگەرابوون (پاشان ناونران باڵی ئیسلاحی) ئەم خۆپیشاندانانە بە توندی سەرکوت کرا و وەک خۆپیشاندانێکی سیاسی و ململانێی نێوان باڵی سیاسی چەپ و ڕاستی ئێران. پاشان کاریگەرییەکان و دەرەنجامەکانی وەک سوتەمەنی سیاسی لە نێوان ئەو دو باڵە لە هەڵبژاردنەکانی ئێران بەکار دەهات. ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ کرانەوەی ژینگەی سیاسی و مافی ڕادەربڕینی چاپەمەنی.

٥. خۆپیشاندانی بزووتنەوەی سەوزی ئێران لە ٢٠٠٩/٥/١٦ کە لە لایەن میرحسەینی موسەوی و دژی نەیارەکەی کە دکتۆر مەحمودی ئەحمەدی نەژاد بوو. کە تێیدا موسەوی حکومەتی بە ئەنجامدانی ساختەکاری تۆمەتبار کرد. لە هەموو شارەکانی ئێران بە ڕابەرایەتی کەڕوبی و موسەوی خۆپیشاندانی دژی حکومەت سازکرا. لە ئێران و بە تایبەتی تاران نزیکەی چوار ملیۆن کەس بەشداریان تێدا کرد. کە وەک مەزنترین خۆپیشاندانی دژی حکومەتی مێژووی ئێران تۆمار کرا. لە ئەنجامدا موسەوی و کەڕوبی هەتاوەکو ئێستاش لە ماڵەوە دەستبەسەر کراون.

٦. لە ساڵی ٢٠١٨ و لە دژی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و شمەک لە شاری مەشهەدی ئێران دەستی پێکرد و پاشان هەموو ئێرانی گرتەوە. ئەم خۆپیشاندانە لە ڕاستیدا ململانێی شاراوەی باڵەکانی حکومەت بوو لە نێوان لایەنگرانی دکتۆر حەسەنی ڕۆحانی و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

محافزکارە توندڕەوەکانی ناو ئێران کە لە ڕابەری ئێران نزیکبوون.

٧. خۆپیشاندانەکانی مانگی ئابانی خوێناوی، کە ٢٠١٩/١١/١٥ لە دژی گرانبوونی نرخی بەنزین دەستی پێکرد و هەموو ئێرانی گرتەوە. ئەم خۆپیشاندانانەدا بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆیتەرز ١٥٠٠ کەس کوژراون بە بێدەنگی و لە کاتێکدا کە هێڵەکانی ئینتەرنێتی هەموو ئێران بۆ ماوەیەک لە کارخران.

٨. خۆپیشاندانەکانی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ کە ماوەی چەند مانگ بەردەوام بوو. خۆپیشاندانی پیشەیی بوون. بە تایبەت خانەنشینان و مامۆستایان و کرێکاران تێیدا بەشداربوون دژی کەمی مووچەکانیان.

٩. ڕووداوەکانی مەهسا ئەمینی و دوا خۆپیشاندانەکانی ئێران لە ٢٠٢٢/٩/١٧ کە تا ئێستا بەردەوامییان هەیە (٦).

هۆکارەکانی ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێستای ئێران لە بەر ڕۆشنایی ئامار و داتاکان

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ئەزموونی دەسەڵاتی شیعە لە ئێراندا ڕووداوێکی تازە نەبوو وەک زۆرینەی خەڵک پێیانوایە. لە پێنج سەد ساڵی ڕابردوودا حکومەتی سەفەوی ئەزموونی یەکەم حکومەتی شیعەی پێشکەش بە گەلی ئێران کرد. کە هەم ئەزموونێکی خوێناوی بوو، هەم گەشەی ئابووری بە خۆیەوە بینی و دواتر دارمانی ئابووری و جەنگ کۆتایی بەم ئەزموونە لە مێژووی ئێراندا هێنا.

لە پاش شۆڕش، گەلانی ئێران لە جەدەل و موناقەشەیەکی بەدەوامی چل ساڵە لەگەڵ ئەم ئەزموونە و چارەسەر نەکردنی کێشەکان ئەم دۆخەی ئێستایان خولقاندووە. کە لە سێ تەوەری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری تیشک دەخەینە سەریان.

١.هۆکاری ئابووری و خستنەڕووی هەندێک داتا

• ژمارەی دانیشتوانی ئێران لەسەرەتای شۆڕشی ئیسلامی ٣٦ ملیۆن بووە کە ئێستا ٨٤ ملیۆنە. لەم ژمارەیە ٤٢ ملیۆن ژنە و ٤٢ ملیۆن پیاوە. لە ڕێژەی ژنان ١٦٪ لەسەردەمی شای ئێران لە دایکبوون و ٨٤٪ لەسەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

• نرخی بێکاریی ژنان ١٦٪ و نرخی بێکاری پیاوان ٧.٩٪ بەراورد کراوە کە ڕێژەی بێکاری ژنان دو هێندەی پیاوانە. کە نرخی بێکاری ژنان دو هێندەی پیاوانە.

• نرخی بەشداری ئابووری ژنان ١٣.٣٪ و نرخی بەشداری پیاوان ٦٨.٧٪ بووە. واتە بەشداری ئابووری پیاوان پێنج هێندەی ژنانە.

• نرخی بێکاری گەنجان لە تەمەنی نێوان ١٨ بۆ ٣٥ ساڵی. بۆ ژنان ٢٨.٢٪ بۆ پیاوان ١٣.٧٪ واتە نرخی بێکاری ژنان لەم ڕێژەی تەمەنەدا دو هێندەیە.

• ئاستی خوێندن لە زانکۆکان کە ٢١٠٤٠٠٠ کەسن لە زانکۆکان لەم ژمارەیە ١٠٤١٠٠٠ پیاوان و ١٠٦٣٠٠٠ کەس ژنان. واتە ئاستی

بەشداری ژنان لە زانکۆکان ۲۰۰۰۰ کە زیاترە. ئەم داتایە ڕادەی ڕۆشنبیری لای ژنانی ئێران ڕوو لە هەڵکشانی بەردەوامە دەخاتەڕوو.

• جیاوازی تێکڕای ئاستی هەژاری لە نیوان فەقیر و دەوڵەمەند لە چەند ساڵی ڕابردوو لە ١١٪ بەرزبووەتەوە بۆ ١٤٪

• ساڵی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٩ قۆناغی دارمانی ئابووری ئێرانە. ئەگەر لە شەش ساڵی داهاتوو نرخی گەشەی ئابووری لە ئێران ساڵانە ٨٪ بێت، (کە لە وڵاتی چین ناگاتە ئەو ڕێژیە) ئەوا ئەوکات دەگەنەوە ساڵی ٢٠١٠ کە کارێکی نەکردەیە و گوزارشت لە ئاسۆی ئابووری ئێران دەکات لەو ساڵانەدا. دورنمایەکی زۆر تاریک دەخاتە پێش چاومان.

• لە ٦٠٪ خەڵکی ئێران بیمەی تەندروستیان نییە. کە ئەمەش نائومیدی زۆری دروستکردووە.

• ١٨٪ خەڵکی ئێران لەسەر هێڵی هەژاری ڕەهادا دەژین. ڕێژەیەکی ئێجگار بەرزە بە بەراورد لەگەڵ ستانداردەکانی جیهانی.

• لە بیست ساڵی ڕابردوودا ٨٠٪ بازرگانی ئێران لەگەڵ ٢٣ وڵاتی جیهان بووە. لە سێ ساڵی ڕابردوودا ٥٧٪ بازرگانی لەگەڵ بە تەنها سێ وڵاتی عێراق و ئیمارات و چین بووە. ئەمەش بە واتای دابڕانی بازرگانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە[٧].

ئەم ژمارانە هەموو ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن: دورنمای ئێرانێک کە چاوەڕوانی داهاتوویەکی گەشی ئابووری بکات بۆ وڵاتەکەی لە ئارادا نییە.

ئەمەش قورسترین هۆکارە بۆ نائومێدبوونی گەنجان و تورەییان لە سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات. ئەم کێشە ئابووریانە ساڵانە زیاتر و زیاتر دەبن. ئەمە جگە لە کێشەکانی گەندەڵی ئیداری و ئابووری سیستماتیک و کێشەکانی پەیوەست بە ژینگە و تەندروستی و کۆچ ... لەبەر ئەم هۆکارانە تەقینەوەی کۆمەڵگەی ئێران بە ڕووی دەسەڵاتدا شتێکی سرووشتییە.

## ٢. دۆخی سیاسی ئێران

• کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی بی ئۆپۆزسیۆنترین کابینەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. مەبەست ئۆپۆزسیۆنی ناو سیستەمی سیاسی ئێران. خرپوونەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لای ئەم کابینەیە و چارەسەر نەکردنی کێشە ئابووریی و سیاسییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران گاپێکی گەورەی لە نێوان خەڵک و دەسەڵات دروستکردووە. فشارەکان لەسەر شانی خەڵک بە قورسی دیارە.

• حکومەت بێلایەنی خۆی بۆ چارەسەری کێشە سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لەدەستداوە.

• قەیرانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە واتای متمانەی خەڵک بە حکومەت بۆ گرفتە یاسایی و بەدواداچوونەکانی کەیسەکانی پەیوەست بە دادگاکان بەردەوامی هەیە.

• خەڵکی ئێران پێیانوایە حکومەتەکەیان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کارا نییە. ڕێکخراو و سیستماتیک نییە. دان بە کێشەکاندا نانێت، هەمەڕەنگ و هاوکار نییە.

• قەیرانی نەبوونی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕاستەقینە و حزبی سیاسی (بە باڵەکانی ناو سیستەم خۆیەوە) لە بەڕێوەبردنی وڵات و نەبیستنی دەنگی نارەزایەتییەکانی خەڵک و بە میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگە.

• بەشداری لاوان و گەنجان لە بەڕێوەبردنی وڵات و ڕادەی کەمی بەشداری سیاسی لە حکومەتدا.

قەیرانە سیاسییەکانی حکومەت لە دەستگیرکردن و سەرکوتکردنی دەنگە نارازییەکانی ناو وڵات و کەم کردنەوەی ڕادەی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان و چڕکردنەوەی چاودێری سیاسی لەناو کۆمەڵگەدا، ژێرخانی کۆمەڵایەتی و نوخبەی ڕووناکبیر و چینی ناوەڕاست کۆمەڵگەی لە خۆی تووڕەو بێزارکردووە. ئاسۆی بەرفراوانکردنی ئازادییە سیاسی مەدەنییەکان لە ئێستادا بە تاریکی ماوەتەوە.

٣. کێشە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان

• ئێران یەکێکە لە وڵاتە گەنجەکانی دنیا. گەنجان و زۆرینەی خەڵک هیواخوازی گەڕانەوەن بۆ ڕابردوو (وەک لە دروشمەکانیان بۆ سەردەمی ڕەزا خان دیارە)و بازدان بۆ داهاتوو. خەڵکی ئێران بە گشتی ڕۆشنبیرن. ڕادەی چاپی کتێب لە ئێران لە چاو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە.

حکومەت توانای لە خۆگرتنی ئەو سەرمایە ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتییەی خەڵکی نییە.

• بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان لە حکومەت بانگەوازی بۆ دەکات بەهای خۆیانی لە دەستداوە.

• گرنگی نەدان بە ڕوانگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەنجان بە تایبەت بە خوێندکارانی زانکۆکان.

• دابەشبوونی کۆمەڵایەتی لە ژێر ناونیشانی لایەنگرانی حکومەت و زۆرینەی ڕەهای خەڵک.

• پێشێلکردنی مافی کەمینە ئایینی و ئیتنیکیەکانی ئێران. بە تایبەت کەمینەی ئایینی بەهایی لە ئێران کە لە ژێر فشاری زۆری حکومەتدان و ویژدانی خەڵکی ئێران ئازاردەدات بەو جیاوازییەی کە دەسەڵات دروستی کردووە. (لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتیش هەمان گرفت هەبوو) هەروەها کەمینەی ئیسلامی سونی کە مافەکانیان بە پێی یاسا و عورفی حکومەت پێشیل دەکرێت.

• نەسازانی نەوەی نوێ لە ئێران لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتییەکانی حکومەت.

• بێگانە بوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ سیستەمی ئیداری و ئابووریی ئێران و کێشەی بەردەوامی جیاوازی کۆمەڵایەتی و گەندەڵی.

• کێشەی ژنانی ئێران لەگەڵ حیجابی زۆرەملێ کە پێدەچێت حکومەت هیچ شێوازێک لە سازش پیشان نەدات.

ئێران وەک هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە تەک کێشەی کۆمەڵایەتی و کۆچ و نەسازانی حکومەت لەگەڵ ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییە کێشەی بونیادی هەیە. بە تایبەت کێشەی سیستەمی سیاسی ئایینی وڵات هەمبەر کەمینە ئایینی و ئیتنیکییەکانی ئێران. بابەتی مافی ژنان لە سیستەمی سیاسی ئێران. ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوون بۆ خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران.

## دۆخی نێودەوڵەتی ئێران

ئێران لە ماوەی چل و سێ ساڵی ڕابردوودا هێندەی ئێستا کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی گۆشەگیری نەکردووە. کێشە ناوخۆییەکانی ئێران کاردانەوەی قورسی بە سەر ڕەوەندی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات داناوە، خۆپیشاندانی بەرفراوانی ڕەوەندی دەرەوە ئاماژەیە بەوەی کە نارەزایەتی قورس لە سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات لە ئارادایە کە توانیویانە کاریگەری بەسەر دەزگای دیبلۆماسی وڵاتانی جیهان دابنێن. وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا بە تایبەت کاردانەوەیان هەبووە بەرامبەر بە خۆپیشاندانەکانی ئێران. هەلومەرجی نێودەوڵەتی ئێران بە تایبەت هەڵوێستی چین بەرامبەر بە ئێران لەسەردانی سەرۆکی چین بۆ سعودیە و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە، ئێران و هەلومەرجە نێودەوڵەتییەکەی تۆشی شۆک و شڵەژان کرد. سەبارەت بە ئێران لە ڕاگەیەندراوی کۆبوونەوەکان جەخت لەسەر دوو خاڵ کرایەوە؛ دورگەکان جێگەی مشتومڕی ئێران-ئیمارات و بەرنامەی ئەتۆمی ئێران چاوەڕونکراو نەبوو. هەرچەند هەر زوو کاردانەوەی ئێرانی بەدوای خۆیدا هێنا بەبێ ناوهێنانی وڵاتی چین. فرۆشتنی درۆنی شەڕکەر بە ڕووسیاش جەمسەرێکی تری ناکۆکی نێوان ئێران و ئۆکرانیا لە لایەک و وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا ئاسۆی پەیوەندییەکانی ئێرانی لە هەمبەر ئەو وڵاتانە لێڵ و تاریک کردووە لە لایەکی تر.

پەراوێزەکان:

١- دەرەوە.
٢- محمد علی همایون کاتوزیان _ ١٣٩٨_ تضاد دولت و ملت: نظریه تاریز و سیاست در ایران_ -تهران_ نشر نی
٣- همایون کاتوزیان ١٣٩١ ایرانیان دوران باستان تا دورەی معاصر – ترجمه: حسین شهیدی - تهران نشر مرکز-
٤- یرواند آبراهامیان-١٤٠٠-ایران بین دو انقلاب- ترجمه: احمد گل محمدی و محمد ابریم فتاحی- چاپ ی ام -تهران نشر نی
٥- یرواند آبراهامیان-١٤٠٠-ایران بین دو انقلاب- ترجمه: احمد گل محمدی و محمد ابریم فتاحی- چاپ ی ام -تهران نشر نی
٦- پیتر منسفیلد.١٤٠٠- تاریخ خاورمیانه- ترجمه: کیانوش امیری-تهران- نشر نیما
https://ir.voanews.com/a/major-protests-in-iran-post-revolution/6316847.html
٧- فاصلی.محمد. 2022 .23 sep ڕیشەیابی بحران ایران. یوتیوب. https://www.youtube.com/watch?v=mNUN7W5Wzz0&t=28s

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# کاریگەرییەکانی مەنسوور حیکمەت

## لە نێوان دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و شکستی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕیدا



توێژەر: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد

### بەرایی

لەسەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، مەنسوور حیکمەت [1] وەك یەكێك لە ڕێبەرانی جووڵانەوەی مارکسیی، بۆچوونەکانی خۆی خستە نێو گۆڕەپانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی چەپ و کۆمۆنیزمی ئێرانەوە، لەم قۆناغەدا تاودانەوەی بزووتنەوەی کرێکاریی و دەرکردنی مارکسیستەکانی ئێران لە قەیرانی بێ پلانی بە پێویستی بنچینەیی دەزانی، لە سەرەتاوە مەنسوور حیکمەت بە ڕەخنەگرتن لە بزاڤی چەپی کلاسیکی، وتارێکی بەناوی (دوو باڵ لە شۆڕشی چەواشەی بۆرژوای ئیمپریالیستیدا) بڵاوکردەوە، تێیدا تیشکی خستەسەر ئەوەی کە بزاڤی چەپی ئێران هێزگەلێکی کەنارگیر و بێ بڕشتن وەڵامدەرەوەی چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی نین، تەنانەت لەبەرامبەر ناسیۆنالیزم و ئسوڵیەتی ئایینیدا لە شکستی بەردەوامدان، بۆیە پێویست بوو مارکسیزم وەک ڕەوتێکی شۆڕشگێڕ نوێنەری توێژێکی دەستەبژێرو پێشکەوتووخواز بکات، کە گرفتە سەرەکییەکانی چینی هەژار و کرێکارانی کۆمەڵگەکەی لە ڕووەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ڕوونبکاتەوە و هاوکات مارکسیزمی نوێ لە ڕووی تیۆریی و فیکریەوە خۆی لەگەڵ ناسیۆنالیزم و بۆرژوازیەت و ئایین یەکلابکاتەوەو سەرنج بخاتە سەر پێکهێنانی قۆناغێکی نوێ.

## دامەزراندنی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست (سەهەند)

بەرپابوونی شۆڕشی ساڵی 1979، ڕێگەی بۆ مەنسوور حیکمەت خۆشکرد، کە هەنگاو بە ئاراستەی پێشخستنی ڕەوتی کۆمۆنیزمی شۆڕشگێڕ هەڵبگرێت، بەمەش جەنگێکی تیۆری لەبەرامبەر دۆخی کۆمۆنیزم و هەڵە و کەموکوڕییەکانی بەرپاکرد، لەم قۆناغەدا لە ڕێگەی نووسین و وتارەکانییەوە بۆچوونەکانی خۆی دەخستەڕوو، کە دیاترینیان (ئەفسانەی بۆرژوای میللی پێشکەوتووخواز، دوورنمای فەلاکەت و تیۆری مارکسییزمی قەیران، سۆسیالیزمی خەڵک، پۆپۆلیزم لە بنبەستدا، ناکۆکی لەسەر جێبەجێکردنی سۆسیالیزمی خەڵکی، جەنگی تیۆریی و تیۆری جەنگ)، ئەم وتارانە سەرەڕای دارشتنیان بەشێوازێکی ڕەوان لەسەر قووڵترین بابەتە تیۆرییەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم و تیۆری چەپی نا کرێکاری دەدوا، هەر ئەمەش بووە بناغەی کارکردەیەکی بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەیی[2].

مەنسوور حیکمەت کەسایەتییەکی سادە و بە گوفتارساز و باس شیرین بوو، لە باری کۆمەلایەتییەوە هەوڵی دەدا خاکی و بێ گرێ دەربکەوێت، لەم ڕێگەیەوە گرووپێکی کۆمۆنیستی لە ژمارەیەک هاودیدانی پێکهێنا کە زیاتر لەو توێژە ڕۆشنبیرە پێکهاتبوون کە لە وڵاتانی ئەوروپا دەژیان و لەڕێگەی نووسینەکانیانەوە ئەڵقەیەکی ڕووناکبیریان



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پێکهێنا، کە زۆرینەیان ئیلهامیان لە نووسینەکانی وەردەگرت، هەر چەندە لە سەرەتاوە ئامانجێکی سیاسییان نەبووە، بەڵام کاتێک بەشێک لە لایەنگرانی ئەم ئەڵقە فیکریە نزیکایەتی خۆیان لەگەڵ گرووپێکی سیاسیی بەناوی ”یەکێتی تێکۆشان لە ڕێگەی ئامانجی چینی کرێکار“ ڕاگەیاند، هەنگاوی سیاسییان نا و بە سێ مانگ پاش شۆڕش، ئەم ئەڵقە فیکرییە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێک بە ناوی ”گرووپی سەهەند“ خۆیان دەرخستووە، لەیەکەمین دەرهاویشتەیدا وەک باڵی چەپی نێو هێزەکانی هێڵی سێ خۆیان پێناسە کرد، بەم پێیە گرووپی سەهەند، لەسەرەتاوە وەک گرووپێکی جیاخواز لە نێو دونیای چەپی ئێرانیدا دەرکەوتن، لە یەکەمین نووسراویان بە ناوی ”شۆڕشی ئێران و ڕۆڵی پرۆلیتاریا“ دید و بۆچوونی سیاسییان سەبارەت بە شۆڕشەکە خستووەتەڕوو، ناوەڕۆکی ئەم نووسراوە بە ئامانجی ڕیشەکێشکردنی چەپی باو و لە پێکهێنانی سیستەمە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگە بوو، بە توندی ڕەخنەیان لە پۆپۆلیزم گرتووە و هاوکات پەیوەندی لەگەڵ هێزە چەپەکانی تر ڕەتکردەوە.

بۆچوونەکانی مەنسوور حیکمەت ببووە دەستپێکی سەردەمێکی نوێ لە پشکوتنی ڕەوتی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، هەر بۆیە لە سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیزم و ڕەوت و ڕێکخراوە چەپەکاندا، درکی بە

”

**مەنسوور حیکمەت لەو بڕوایەدابوو دەبێت کۆمەڵی سەرمایەداریی لە ڕیشەوە بگۆڕدرێت، لەم ڕووەشەوە هێزە مارکسییزمەکانی تریەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیزمی وەک هێزێکی ترۆتسکیی دەناسی، هاوکات لە نێو شورای ئیسلامییدا کارنامەی ئەم ڕێکخراوە وەک مەترسیەکی گەورە بۆ ئایندەی سیاسیی وڵات ناوبردووە.**

مەترسی گەشەکردنی هێزە بۆرژواکان کردبوو، ئەمەش مەنسوور حیکمەتی گەیاندە ئەو بڕوایەی بۆ زیاتر گەیشتنی مەبەستەکانیان پێویستە هەرچی زووترە کارەکانیان لە شێوەی ئۆرگانێکی ڕێکخراودا نمایش بکەن و یەکەمین حیزبی سیاسیی بە ناوی ”یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست – ی.ت.ك“ لە سەرەتاکانی ١٩٧٩ دابمەزرێنن[3]، و لە مانگی ئازاری ١٩٨٠ دا کارنامەی ڕێکخراوەکەی لە ١٤ بەند و پاشکۆیەکی ٥ خاڵیدا بڵاوکردەوە[4]، پاشان لە ڕێگەی چەندین کۆڕ و سیمینار و بڵاوکراوەکانی وەک: (ئایندەی سۆسیالیزم لەسەر بێکاری)،

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

به شێوەیەکی ڕاشکاوانە بۆچوونەکانیان لە یەکەمین ڕاگەیەنراوی خۆیان دەربارەی دۆخی گشتی ئێران و دیاریکردنی ئەرک و کاری کۆمۆنیستیانەی ئەندامەکانی لە ناوخۆو دەرەوەی وڵاتدا وەک پێڕەو دیاریکرد، لەوانە: ناساندنی کۆماری ئیسلامی وەک سیستەمێکی بۆرژوای دژە کۆمۆنیزم، چونکە لەو باوەڕەدابوو شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ بە ئامانجە دیموکراتییەکانی خۆی نەگەیشتووە، دژایەتی بێ چەند و چوونی سیستمی سەرمایەداری، بونیادنانی سیستەمی سۆسیالیزمی دیموکراتیی وەک مافێکی نەگۆڕ و چەسپاو بۆ پێکهێنانی تێکۆشانی پڕۆلیتاریی، هەروەها خەباتی بێوچان بۆ چەسپاندنی سیکۆلاریزم و خەباتکردنی دژ بە ئیمپریالیزمی بەشێکی جیانەکراوی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار لێکدەدایەوە، لێرەشەوە بە وردبوونەوە لە کارنامە ڕادیکاڵیەکانی ئەم ڕێکخراوە ئەوە دەردەخات، کە هیچ باوەڕێکی بە ڕیفۆرم و کاری پێکەوەی لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی تردا نەبوو، چونکە مەنسوور حیکمەت لەو بڕوایەدابوو دەبێت کۆمەڵی سەرمایەداریی لە ڕیشەوە بگۆڕدرێت، لەم ڕووەشەوە هێزە مارکسیزمەکانی تر یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیزمی وەک هێزێکی ترۆتسکی دەناسی، هاوکات لە نێو شورای ئیسلامییدا کارنامەی ئەم ڕێکخراوە وەک مەترسیەکی گەورە بۆ ئایندەی سیاسیی وڵات ناوبردووە[5].

## گوتاری مەنسوور حیکمەت لە نێو بزاڤی کۆمنیستی کورد و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

ڕێبازی مەنسوور حیکمەت وێڕای دووره پەرێزی لە هێزە چەپەکانی تر، دەستپێشخەرییەکی خێرایان لەبەرامبەر هێزێکی وەک کۆمەڵە لە کوردستاندا کرد، کە نوێنەری چەپ و مارکسیزمەکانی کورد بوو، لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردییەوە ڕسکا بوو، کە پێدەچوو هەوڵی خۆخزاندنی خێرایان بۆ نێو کێشەی نەتەوەیی کورد تا ڕادەیەك بۆ نزیک بوونەوەبوو لە کۆمەڵە، نیشاندانی هەڵوێستی ئەرێنیان لەسەر پرسی کورد لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، کە مەنسوور حیکمەت مەسەلەی کورد و خەباتی جووتیارانی کوردی بە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوی خەباتی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی سەرتاسەریی لە ئێراندا ناو بردبوو، کۆمەڵەش خولیای یەکگرتنی لەگەڵ هێزەکانی هێڵی سێ و بزووتنەوەی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕییدا هەبوو[6]، ئەمەش وای لە (ی.ت.ک) کرد، کە مەسەلەی کورد و تێکۆشانی نەتەوەیی بخزێننە نێو وتارو سیمنارەکانیان، هەر لە یەکەمین دەرهاویشتەیاندا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە، پەیامێکیان ڕاگەیاند، کۆمەڵە دەبێت یەک لەو هێزانە بێت کە مارکسیزم ڕزگاربکات، نابێت هێزێکی وەک کۆمەڵە لەگەڵ جووڵانەوەی میللی کورد و باس و خواسێکی وەک خۆبەڕێوەبەری "خودموختاری" خۆی قەتیس

بدات، بەڵکو ئەم هێزە کاتێک دەبێتە ئاڵا هەڵگری کۆمۆنیزم کە خەباتیان لە پێناو پرۆلیتاریای سەرتاسەریدا تاو بدات، هەر بۆیە ناشارێتەوە کە سەرکردایەتی کۆمەڵە بەراورد بە مەنسوور حیکمەت و هاوبیرانی کەمتر لە بابەتە تیۆریی و فیکرییەکانی مارکسییزم رۆچووبوون، بەم هۆیەوە (ی.ت.ک) هانی رێبەرایەتی کۆمەڵەیدا بابەتێکی وا لە کۆنگرەی دووی حیزبەکەیاندا بهێنە بەرباس.

بەشێک لە رێبەرانی کۆمەڵە لەو بڕوایەدابوون کە حیزبەکەیان لە رووی ئۆرگانییەوە بێتواناو پرکەم وکورین، هاوکات لەرووی تیۆرییەوە کەمتر شارەزابوون، ململانێی رەوتە راست و چەپەکانی لە شارە گەورەکاندا نەدیبوو، هەر لەبەرئەوە لە پێناو پێشخستنی توانای لۆجیستی پشتیان بەستبوو بەو وتار و بڵاوکراوانەی (ی.ت.ک)، ئەمەش دەرفەتێکی دابووە مەنسوور حیکمەت تا بونیادی هزری نوێ لە کوردستاندا نیشانبدەن، ئەمەش وای لە کۆمەڵە کرد لە کۆنگرەی دووی حیزبەکەیان بڕیارنامەی نزیکایەتیی بڵاوبکەنەوە، سەرباری ئەوە مەنسوور حیکمەت لە تۆمارێکی دەنگیدا، رەخنەی توندی ئاراستەی شێوەی خەباتی کۆمەڵە کرد دەربارەی جیهانی چەپ و جووڵانەوەی نەتەوەیی و هەڵگرتنی ستەمی نەتەوەیی لەسەر گەلی کورد، رابەرایەتییەکەشی لەوە ئاگادارکردەوە کە کۆمەڵە ئەگەری لەدەستدانی بنکەی جەماوەری هەیە، چونکە نەیتوانیوە کۆمەڵانی خەڵک بۆ جووڵانەوەیەکی گشتگیر سەرپێ بخات[7].

مەنسوور حیکمەت سەرنجەکانی خۆی لەبەرەی خواستەکانی گەلی کورد ئەوەی خستبووەروو هەرچی زووترە پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لە چەشتی یەکێتیەکی رێکخراوەیی یان یەکگرتنێکی حیزبی بە پێویستییەکی خێرا ناوبردووە، بەتایبەت کە پێکهاتنی بەرەی هاوبەش لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان و رێکخراوی موجاهیدنی خەڵقەوە بەناوی (شورای میللی مقاوەمەت)، کە بۆ چەسپاندنی شێوەی خودموختاری لە کوردستاندا هاتبووە گۆڕێ، ئەم چەشنە لە نزیکایەتی هەردوولا، چەند ئەندامێکی رێبەرایەتی کۆمەڵەی بۆ تاران کێشکرد، هاوکات، خودی مەنسوور حیکمەت بە ناوی خوازراوی (نادر) سەردانی کوردستان دەکات، ئەم سەردانە بووە هەوێنی پێکهێنانی کۆمیتەیەکی هاوبەش کە پێکهاتبوون لە: (عەبدوڵڵای موهەتدی، شەوعەیب زەکەریایی، جەعفەر شەفیعی، جەواد مشکی) لە کۆمەڵە و (مەنسوور حیکمەت، حەمید تەقوایی، خەسرەو داوەر) لە (ی.ت.ک). یەکەمین دەرهاویشتەی کاری ئەم کۆمیتەیە، بڵاوکردنەوەی نامەی (شێرکۆ) بوو کە ناوی خوازراوی "عەبدوڵڵای موهتەدی" بوو کە وەک وتەبێژی کۆمیتەکە هەڵدەسورا، مەنسوور حیکمەتیش کۆمەڵەی خستەسەر ئەو باوەڕی کە کۆنفرانسی شەشی لە پایزی ١٩٨١ گرێبدات،

تێیدا و چاو بخشێنێتەوە خەباتی چینایەتی، نەتەوەیی، بەم هۆیەوە چەند کارنامەیەکی پەسەندکرد، مەنسوور حیکمەت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵە زیاتر لەسەر مەسەلەی کورد پێی داگرت و خەباتی گەلی کوردی بە بزووتنەوەی بەرگریی دژ بە زۆرداری نەتەوەیی دانا، بەم هۆیەوە لە کانوونی دووەمی ١٩٨٢ لە پەیامێکدا داکۆکیکردن لە بزووتنەوەی کوردی بە ئەرکی بنەڕەتی هێزە کۆمۆنیستیەکان ناوبرد، زیاتر لەوەش کوردستانی وەک کۆڵۆنیایەکی داگیرکراو ناوبردو ناوەڕۆکێکی ڕزگاریبەخشی بە بزووتنەوەی کورددا، لەم کاتەشدا "کارگەری کۆمۆنیست" کە ئۆرگانی فەرمی حیزبەکە بوو، بۆ هەواڵی چالاکیەکانی پیشمەرگەکانی کۆمەڵەی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بڵاودەکردەوە[8].

دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی سەرتاسەریی لە دیدی ڕێبەرایەتی کۆمەڵەوە گرنگترین باس و خواسێک بوو کە ئەندامەکانی بەرەو کۆنگرەی سێی ڕێکخراوەکە کێشکرد، سەرەنجام لە یەکی ئایاری ١٩٨٢ لە ناوچەی (بەردەسوور)ی سوسێنی سەردەشت کۆنگرەکە بە بەشداری مەنسوور حیکمەت و ژمارەیەک لە ئەندامانی (ی.ت.ک) بەڕێوەچوو[9]، مەنسوور حیکمەت لە ڕێگەی پێشکەشکردنی وتارێک، شرۆڤەی ڕەوشی گشتی ئێران و ئەرک و کاریگەرێیەکانی بزووتنەوەی چەپ و مارکسیزمی شۆڕشگێڕو زەروریەتی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی خستەبەر باس، ئەرکی ڕاگەیاندنی پێرەو و کارنامەی گشتی حیزب ڕاسپێردرا و کۆنگرە بڕیاری یەکلاکەرەوەیدا لەسەر مەسەلەی خودموختاری لە کوردستاندا کە دەقاودەق پەسەندکراوی کۆمەڵە بوو وەک شانەی کوردستانی حیزبی (کۆمۆنیستی ئێران – حکا)، لەگەڵ ئەوانەشدا لە مانگی ئازاری ١٩٨٣ یەکەمین کۆبوونەوەی هاوبەش پێکهات، کە بە وردی ڕۆڵ و کاریگەری کۆمەڵەی لە نێو (حکا)دا ڕووندەکردەوە و ئامادەیی کۆمەڵەیان وەک دەستەبژێری پرۆلیتاریای کوردیی لە پێناو ڕووخاندنی بۆرژوای ئێرانیدا و بارهێنانی خەباتی چینایەتی دامەزراندنی حیزبەکەی بە پێویستی دانا، پاش دارشتنی بڕیارنامەی پێکهاتنی (حکا) کۆمیتەیەک بۆ ڕەخساندنی زەمینەی ئامادەکاری پێکهێنانی کۆنگرەی دامەزراندنی حیزبەکە پێکهات، کە بریتیبوون لە (عەبدوڵڵای موهتەدی، جەواد مشکی، شوعەیب زەکەریایی لە کۆمەڵە) و (مەنسوور حیکمەت، خەسرەو داوەر، حەمید تەقوائی لە یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست)، ئەم کۆمیتەیە بەیانێکی ١٣ ماددەیی بەناوی هەردوولا وەک ڕێکەوتنی کۆتایی بڵاوکردەوە و داواش لە باقی هێزە مارکسییە شۆڕشگێڕەکان کرد وەک هەنگاوی یەکەم هاوکارو هەماهەنگبن و لە بەرەی یەکگرتووی کۆمۆنیستی ئێرانیدا، بەم شێوەیە لە مانگی ئابی ١٩٨٣ کارنامەی سیاسیی و تەشکیلاتی (حکا) بڵاوکرایەوەو وەک بەرەیەکی کۆمۆنیستی ئێرانی[10].

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

### کاریگەریی مەنسوور حیکمەت لە نێو دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بنکۆڵکردنی کۆمەڵەدا

لە ٢ی ئەیلولی ١٩٨٣ لە دامەزراندنی (حکا) بە یەکگرتنی (ی.ت.ک) و کۆمەڵە بە هاوکاری چەند گرووپ و ڕێکخراوێکی چەپ لە کوردستاندا بە ئاکام گەیشت، لە سەرەتای دروستبوونی حیزبەکە، مەنسوور حیکمەت چالاکانە لە دامەزراندنی پایە سەرەکیەکانیدا ڕۆڵی گەورەی هەبوو، هەر لە ڕێکخستنی شانەو ئۆرگانە کرێکارییەکان، هەر لە نووسین و بڵاوکردنەوە تیۆرییەکان، کاراکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئاڕاستەکردنی خەباتی سیاسیی بۆ کارو چالاکی چەکداریی، گرێدانی خەباتی شاخ و شار، ڕاگەیاندن و داڕشتنی تیۆریی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هێز و لایەنەکانی تر، ئامادەکردنی ژنان بۆ بەشداریکردن لە خەباتی سیاسیی و مافی یەکسانی لە نێو ڕێکخستنەکاندا، هەتا ئاگاداری وردی جموجوڵی پێشمەرگەکانی دەکرد[11].

باسکردن و پێکهێنانی (حکا) یەکێکی دیکە بووە لە باسەکانی کۆنگرە، دواتریش وەک بڕیاری کۆنگرە پەسەندکراوە، مەنسوور حیکمەت بە پێشکەشکردنی وتارێک، بیروڕای خۆی خستەڕوو، ڕایگەیاند: "بەرنامەی هاوبەشی کۆمەڵە و ئێمە، دەتوانیین بە ناوەڕۆکی حیزب دابینێین، داواکارم کۆنگرە ڕەزامەندی لەسەر ئەم بەرنامەیە دەرببڕێت، پەسەندکردنی ئەم بەرنامەیە، کۆتایی کارمان نییە و بەڵکو کاری ئێمە تازە دەستپێدەکات، ئێمە لەپێناو بەرەوپێشبردنی خەباتی چینی کرێکار تێدەکۆشین"[12]. دواجار کۆمەڵە بە هاوبەشیی لەگەڵ (ی.ت.ک)، بەرنامەی(حکا)یان داڕشتو دواتریش ئەم بەرنامەیە پەسەندکراو بوو بە بەرنامەی (حکا).

لە کۆنگرەدا 36 کەس بە ئەندامی دامەزرێنەری(حکا) دەستنیشانکران، کە 31 کەسیان ئامادەی کۆنگرە بوون، 5 کەس لەوانە بەهۆی هەلومەرجی تایبەتییەوە نەیانتوانیوە بەشداریی کۆبوونەوەکان بکەن، 4 کەسیان دەنگیان داوە بە ئەندامانی ئامادەبووی کۆنگرە و بە ئەندامی کۆنگرە دیاریکراون. هەر لەم کۆنگرەیەدا عەبدوڵڵای موهتەدی وەک سکرتێری (حکا) و عەلیزادەش وەک سکرتێری کۆمەڵە هەڵبژێراون. کۆمەڵە لەم کۆنگرەیە بەدواوە، سەرەڕایی ئەو گوڕانکارییانەی بەسەریداهات، لەهەمانکاتدا کەوتە ژێر بیروبۆچوونی (ی.ت.ک)و زیاتر هەوڵەکانی خۆی لە پرسی چینایەتیی و بایەخدان بە کرێکاران چڕکردەوە، پرسی کرێکارانی بە پرسی سەرەکیی ناو کۆمەڵگەی کوردستان دانا، هەربۆیە هەوڵەکانیشی بۆ وشیارکردنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هاندانیان بۆ هاتنەناو (حکا) خستەگەڕ، کۆمەڵە بەم تێڕوانین و هەوڵەیەوە زیاتر کرێکارانی کوردی لە مەسەلەی ناسیۆنالیستی دوورخستەوە، هەوڵیدا سەرنجی

زیاتر بەلای کرێکاران ڕابکێشێت، بە جۆرێک لە کوردستان، هەمیشە خۆیان بە بەشێک لە هاوچینەکانیان لە ئێران دابنێن و چارەنووسی خۆیان بەوانەوە گرێبدەن[13].

کۆمەڵە و زۆرێک لە ڕێبەرەکانی لەم قۆناغە بەدواوە کەوتنەژێر کاریگەریی بیروڕاکانی مەنسوور حیکمەت و هاوبیرەکانی، کە ئەمانیش مەسەلەی نەتەوایەتییان بە شتێکی کەم بایەخ سەیرکردووە، بەتایبەتی خودی مەنسوور حیکمەت، کە سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی و چینی کرێکاران دەڵێت: ”کرێکاران نیشتیمانیان نییە، ناسیۆنالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکاری، ناکۆکیی ئاشکراو ڕەهایان لەگەڵ یەکتردا هەیەو ناکرێت تێهەڵکێش بکرێن، ناسیۆنالیزم بیرێکی بۆرژوایە، کە لەبەردەم خۆ هۆشیاریی و چینایەتیی و ئینتەرناسیونالیستی چینی کرێکار ڕێگرە، کۆمۆنیزم بۆ سڕینەوەی سنوورە مىللییەکان و هەڵوەشانەوەی ناسنامەی میللییەکان تێدەکۆشێت، ناسیۆنالیزمی قەومی لە سووکترین شێوەکانیدا، ئالاهەڵگری مەسەلەی میللییە“[14].

## بیروڕای ڕەخنەگرانە لەبارەی شکستی کۆمەڵە لە نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

بە پێکهێنانی(حکا)، لەلایەن زۆر لەکەسایەتیی و هێزە سیاسییەکانی تری کوردستانەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی توند بووەوە، بەهەموو شێوەیەک دژی پێکهێنانی (حکا) بوون، چونکە وا دەبینرا هۆکاری دوورکەوتنەوەی کۆمەڵە لە مەسەلەی نەتەوایەتیی بەهۆی پێکهێنانی (حکا)و زاڵبوونی بیری (ی.ت.ک) بەسەر کۆمەڵەدا، هەریەک لە شێخ عیزەدین حوسەینی، جەلال تاڵەبانی، (حیزبی دیموکرات)یش دژی یەکگرتنی کۆمەڵە و پێکهێنانی (حکا)دا بوون[15]، جگە لەوانەش بەهۆی ئەم هەنگاوەوە کۆمەڵە پەیوەندییەکانی لەگەڵ (ی.ن.ک) بە پێکهێنانی (حکا)، پەیوەندییەکانی هەردوولا وەک پێشوو نەمایەوە.

لەم کۆنگرەیەدا کادیرە دیارکانی (ی.ت.ک)، دەستیان بەسەر(حکا)دا گرتووەو لەئەنجامدا مەنسوور حیکمەت، بوو بە سکرتێری ئەم حیزبە، دواجار لەم کۆنگرەیەدا (ی.ت.ک) بوون بەخاوەنی چارەنووسی کۆمەڵەو ئەو بەشە لاوازەی لە هەستی نەتەوەیی، کە لە نێوان هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵەدا مابووەوە، کەوتە بەر هێرش و سوکایەتی پێکردن[16].

لەگەڵ ئەوەشدا، عەلیزادە لە دوای ٣٠ ساڵ لە تۆمارکردنی یاداشتەکانی ناچێتە ژێرباری شکستەکانی (حکا)، سەرباری ئەوەی نکۆڵی لە مامەڵەی خراپیان ناکات، سەبارەت بە پێکهێنانی (حکا) هەڵوێستی ئێستای دەڵێت: ”من نکۆڵی لەوە ناکەم، کە چالاکانە بەشداری پێکهێنانی (حکا)م کردووە، تەنانەت بە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

یەکێک لە شانازییەکانی ژیانی سیاسیی دەزانم و هەرچەندە ئەوەش دەزانم، کە لە پرۆسەی پێکهێناندا دەمانتوانی باشتر هەڵسوکەوت بکەین و پلانی ڕێکوپێک تری بۆ دابڕێژین"[17].

ئەم هەڵوێستە بووە مایەی ڕەخنەی بەشێک لەو کەسانەی ڕۆڵیان لە دروستکردنی (حکا)دا هەبووە، لەمبارەیەوە دوو ڕەوتی دژ بەیەک لە نێو کۆمەڵەدا هاتۆتە ئاراوە، ڕەوتێک چەپی سۆسیالیستی کە دژ بە ناسیۆنالیزمی کوردی، کەوتنە شوێن خەباتی چینایەتی، لەگەڵ ڕەوتێکی نەتەوەیی کە هاوسۆزی بیری کوردایەتی بوون، بە ناسیۆنالیست تۆمەتبار دەکران، بۆ وێنا شوعەیب زەکریایی، ناوبراو هەرچەندە ڕۆڵی هەبووە لە پێکهێنانی (حکا)، بەڵام پاش ماوەیەک واز لەم حیزبە دەهێنێت، هەروەها عەبدوڵڵای موهتەدی کە وەک یەکەمین سکرتێری (حکا) ، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە (حکا)دا، دامەزراندنی (حکا) بە شکستی کۆمەڵە و دۆزی کورد ناودەبات، لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئێمە حیزبێکمان پێکهێنا، کە نوێنەرایەتی چینێکی کرێکاری و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی نەدەکرد، بناغەیەکی کرێکاری و کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵام دەرکەوت کە ناتوانێت هیچ بۆشاییەک پڕبکاتەوە، هیچ گەشەیەکی نەکردو بووە لەمپەر لەبەردەم گەشەکردنی کۆمەڵەش، (حکا) شتێکی زیاد بوو".

## مەنسوور حیکمەت و ناکۆکیی و شەڕی نێوان کۆمەڵە و حدکا

لە پاش سەرهەڵدانی ناکۆکییە سیاسیی و فیکرییەکانی نێوان کۆمەڵە و (حدکا) و سەرکێشانی بۆ شەڕی چەکداریی، ئاگری شەڕی چینایەتیی و کۆمەڵایەتی هەڵگیرساو شەڕەکە لە تەواوی کوردستاندا پەرەیسەند، بەتایبەت لە ساڵی ١٩٨٤ز هەردوولا لە ناوچەی هەورامان کە بووە هەوێنی شەڕێکی سێ ساڵ نەبڕاوە لە نێوان بزووتنەوەی میللیگەرایی کوردیدا، ئاشکرابوو (حکا) زیاتر بواری دەدا بە یەکلاکردنەوەی ئەو ململانێ چینایەتییەو بە یەکێک لە بنەما خێراو سەرپێکانی خۆی دادەنا، هەر ئەمەش بواری بۆ شەڕەکە کردبوویەوە، بە شەڕی چینایەتیی دوو بەرەی دژڕەوو بوو، کە لە کوردستاندا لێکی دەدایەوە، مەنسوور حیکمەت ئەم شەڕەی بە دەرگیری نێوان دوو هێزی کوردیی ناوبرد، کە یەکیان نوینەرایەتی ناسیۆنالیست و وردەبرژوای کوردییە کە (حدکا) پێشڕەوی دەکات، هەرچی هێزی دووەمە لە کۆمەڵەدایە کە نوێنەری چینی بەشمەینەت و زەحمەتکێشانی چەپ و کۆمۆنیستیەو دیدگای نوێی بۆ بزووتنەوەی کوردیی پێیە[18].

ئەم تێڕوانینە نوێیەی کۆمەڵە کە بە دروستبوونی (حکا) هاتەکایەوە، ناکۆکییەکانی لەگەڵ (حدکا) بە ڕادەیەک لە ڕووی تیۆری و فیکریی و لە باری کرداریی و چەکدارییەوە تەنها لە چوارچێوەی دژایەتی (حدکا) لە کوردستاندا

بوو، چونکە ئەم بۆچوونەی عەلیزادە و مەنسوور حیکمەت ئەگەر ڕاست بێت، دەبوو ئەم ناکۆکییە کە گەیشتە ئاستی تێهەڵچوونی چەکداری دەبوو بەرامبەر بە هێزو لایەنەکانی تری کوردستانیش هەمان هەڵوێستیان هەبووایە، بۆ وێنە لەگەڵ هێزێکی وەک چریکی فیداییەکان، کە لەگەڵ ئەوەی هەردوولا چەپی ڕادیکاڵ بوون، بەڵام تەواو لێک جیاواز بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کۆمەڵەو چریک پەیوەندییەکی باشیان هەبوو، چریک یەکەمین ڕێکخراوی سەرانسەری بوو، کە ژمارەیەک لە ئەندامەکانی ڕەوانەی کوردستان کردو (شاخەی کوردستان) یان دامەزراند، کۆمەڵەش پەیوەندیەکانی لەگەڵیان باش بووەو پێکەوەش لە ڕووداوەکانی شەڕی نەورۆزی خوێناوی سنە بەشداربوون، بە هاوبەشی هەردوولا (شورای کاتی شۆڕش)یان دامەزراند[19]، لەم کاتەدا (حکا) کە ئیلهامیان لە بۆچوونەکانی مەنسوور حیکمەت وەردەگرت لەو بڕوایەدابوون کە (حدکا) دژایەتی کۆمەڵە دەکات و هەنگاو بۆ دژایەتیکردنی ناسیۆنالیست و ڕەخنە لە ئاین و ڕەوشی پاشکەوتوو ئاڵوگۆڕ لە نەریتی خەباتی پێشمەرگایەتی دەگرێت، هەر بۆیە ناتوانێت ئەم ئاڵوگۆڕە لە بزووتنەوەکەیدا قبوڵبکات و ناتوانێت کۆمەڵە وەک تەشکیلاتی (حکا) لە کوردستاندا تەحەمولبکات، لێرەشەوە بە وردبوونەوەی لە بۆچوونەکانی مەنسوور حیکمەت هەڵوێستیان لەسەر شەڕی (حدکا) دەخەینەڕوو:

یەکەم: لەسەر ئەو بۆچوونەی کە مەنسوور حیکمەت ڕاشکاوانە لێی دەدوا کە تەنانەت بۆرژوایەتی لە ئۆپۆزسیۆنیشدا پەسەند نییە، ئەمانەش هیچی لەو ڕاستیە نەدەشاردەوە کە ناکۆکی هەردوو لایەن ڕیشەکەی لە ساڵانی بەر لە دەرکەوتنی لە کوردستاندا، چونکە بەهێزبوونی کۆمەڵە لە کوردستاندا و دەرکەوتنی وەک باڵی چەپی دژە ڕاستی (حدکا)، ئەو ڕاستیە تاڵە بوو کە (حدکا) ی پەرێشانکردبوو، بەڵام بە سەرنجدان لە ناکۆکی فیکری و هەڵسوڕانی ڕێکخراوەی و بەرینبوونەوەی ناکۆکیەکانی نێو بزووتنەوەی کوردیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر ئەم ناکۆکیانەش بوو سەری کێشا بۆ شەڕێکی ماوە درێژ کە زیانگەلێکی بێ شوماری لە بزووتنەوەی کوردیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خستەوە.

دووەم: وێڕای ئەوانەش مەنسوور حیکمەت لە باری ڕێکخستنی ئۆرگانەکان و کارنامەی تەشکیلاتەوە، کەوتە ناکۆکی لەگەڵ بەشێک لە ڕێبەرایەتی کۆمەڵە، بە تایبەت کە پێشنیاری تیۆریی کادێرەکانی هێنایە گۆڕ، بەوەی کە کۆمەڵە کادیرێک بتوانن بڕیار لەسەر ئەرک و کاری تەشکیلاتی حیزب بدەن نەک جەماوەر، ئەمەش نارەزایی لێکەوتەوە و بەمەش کادێری کۆمەڵە و (ی.ت.ک) دەبوو ڕێکخراوی سێیەم پێکبێنن لەسەر هەردوو ڕێکخراوەکەوە، ئەمەش نارەزایەتییەکی سەرەتای لە نێو ڕیزەکانی حیزبەکەدا چەسپاند.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## کۆنگرەی شەشی کۆمەڵە و چەکەرەکردنی ناکۆکیی تیۆریی لە ڕیزەکانی (حکا)دا

کۆنگرەی شەشی کۆمەڵە، سەرەتای دەرکەوتنی ناکۆکییەکانی نێو ڕێبەرانی کۆمەڵە و (حکا)و بەتایبەتی ناکۆکیی نێوان عەبدوڵلا موهتەدی و ئیبراهیم عەلیزادەو مەنسوور حیکمەت بووە، عەبدوڵلا موهتەدی ئاماژە بەوەدەکات، کەوا هیچ ڕۆڵێکی لە کۆنگرەدا نەبووە، لە کاتێکدا یەکێک بووە لەداڕێژەرانی خەت و سیاسەتی کۆمەڵە، جگەلەوە ناوبراو ڕەخنەی لە کۆنگرەی شەش گرتووە، سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی دەڵێت:"مەسەلەی نەتەوایەتی لە کۆنگرەی شەشەوە فەرامۆشکراوە، وتاری (حکا) زاڵبووە بەسەر کۆمەڵەو کۆنگرەی شەش نە ئێمە فۆرمەڵەمان کردووە نە خەتی ئەوکاتی کۆمەڵەش بووە".

هەرچی عەلیزادە لە بەرامبەر ئەم ڕەخنەیەی موهتەدی دا دەڵێت:" کاری سەرەتای کۆنگرەی شەش لە پلینۆمێکی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لەشاری سلێمانی، بە بەشداریی عەبدوڵلا موهتەدی و مەنسوور حیکمەت جێبەجێکراوە، موهتەدی لەم پلینۆمەدا ڕای موخالیفی بەرامبەر بە ڕەشنووسی هیچ کام لە بڕیارنامەکان دەرنەبڕیوە ...تارادەیەک بێدەنگ بووە، موهتەدی دوای شەش مانگ کەوتووتە نووسین و پشتگیری هەموو کۆنگرەی شەش دەکات و تەنانەت ڕەخنە لە کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە دەگرێ، کە بە ئەندازەی پێویست بەکردەوە لەسەر خەتی کۆنگرە نەچووەتە پێش"[20].

ئەم دەربڕینە ئینکاری لەوە ناکات کە کۆمەڵە لەوە بەدواوە بەتەواوی لاوازبووە، وێڕای دەرخستنی ئەو ڕاستییە عەلیزادە بێ دەرخستنی فاکتەرە بنەڕەتییەکانی ئەم لاوازبوونە، بەڵام ناچێتە ژێر باری ئەوەی کە کۆمەڵە بەهۆی پێکهێنانی (حکا)وە لە 1983داو گۆڕانکاری نێوخۆیی ناو ڕێکخراوەکە و بارودۆخی ئێران و جەنگی عێراق-ئێران لاوازبووە، بەجۆرێک لە ساڵی 1986 بەدواوە،

هەرچەندە (حکا) دانی بە ڕەوای دۆزی کورد وزەروریەتی لابردنی پرسی نەتەوەیی ناوە، بەڵام ئەمە تەنها لە چوارچێوەی دروشمدا بووە و هەنگاوی کرداری بۆ نەناوە، بگرە ئەندامە فارسەکانی زیاتر لە کوردستان و کۆمەڵە ئێرانی بوونی خۆیان نیشانداوە

چالاکی پێشمەرگایەتی و کاریگەریی کۆمەڵە، کەمبووەوە، وێڕای ئەوەی شەڕی وێرانکاریی نێوان (حدکا)و کۆمەڵە، چالاکی کۆمەڵەو خەباتی کوردایەتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاوازکرد، بەجۆرێک هەردوو حیزب نەیانتوانی سوود لەو بۆشاییە سیاسییەی، کە بەهۆی جەنگی عێراق-ئێرانەوە، دروستببوو وەربگرن و نەیانتوانی ڕیزەکانیان یەکبخەن و بەرەیەکی یەکگرتوو پێکبهێنن[21]، یەک لە هۆکارەکانی تری لاوازبوونی کۆمەڵە، کاتێک بوو بە (حکا)، درێژەدان بەخەباتی سیاسیی و نەتەوەیی لەژێر ئەم دروشمەدا، نەبووە هۆی سەرکەوتنی لە خەباتدا، چونکە مەسەلەی کورد و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و پرسی سەرەکی کورد، لابردنی ستەمی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسە.

هەرچەندە (حکا) دانی بە ڕەوای دۆزی کورد و زەروریەتی لابردنی پرسی نەتەوەیی ناوە، بەڵام ئەمە تەنها لە چوارچێوەی دروشمدا بووە و هەنگاوی کرداری بۆ نەناوە، بگرە ئەندامە فارسەکانی زیاتر لە کوردستان و کۆمەڵە ئێرانی بوونی خۆیان نیشانداوە، بۆ نموونە یەکێک لە ڕێبەرانی (حکا) بەناوی خەسرەوی داوەر لە وتارێکیدا بەناوی (هەر بژی دەسەڵاتی شوراکان)، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی بەفەرمی ناساند[22]، بەڵام بە توندی لەلایەن ئەندامە فارسەکان ڕەخنەی لێگیراوە، بە ئاشکرا ئەوەیان دەرخستووە کە دەبێت (حکا) تێکۆشانی چینایەتی پەرەپێبدات و کۆمەڵە لە خەیاڵی بۆرژوایی بێننە دەرێ، بهێنە ڕیزی خەباتی هێزە کۆمۆنیستییەکان و لە پێناو پرۆلیتاریادا گیان بەخت بکات.

لەگەڵ خراپبوونی ڕەوشی گشتی کوردستان، قۆناغێکی نوێ لە ململانێی تیۆری لەنێو ڕیزەکانی (حکا) سەریهەڵداوە، بەتایبەت لەلایەن مەنسوور حیکمەت، کە دروشمگەلێکی نوێی بەناوی (ئازادین یەکسانی، حکومەتی کرێکاری) هێنایە گۆڕی[23]، بە پاساوی بەهێز بوونی ڕەوتی بۆرژوایی و ناسیۆنالیستی کە کۆماری ئیسلامی دژبە کۆمۆنیستەکان، ئامانجی ئەم دروشمە تاکتیکیە دژایەتیکردنی (حکا) بوو لەگەڵ ئەو هێزانەی کە لە تێڕوانینیدا ناسیۆنالیست بوون، وەک هێزێکی کۆنەپەرست سەیری دەکردن، ئەم ناکۆکیە (حکا)ی بەرەو کۆنگرەی دوو و پێنجەمی کۆمەڵە کێشکرد، لە ٢ی ئازاری ١٩٨٦ لە ناوچەی مالومەی باشووری کوردستان، ئەوەی تێبینی کرا، لەم کۆنگرەیە ناوچەی ئازادکراو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەمابوو، بەڵام هەڵسەنگاندنی کارو چالاکییەکانی کۆمەڵە وەک لقی کوردستانی (حکا) ناسێنراوەتەوەو ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە تایبەت بە هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانیان لە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کوردستان باسکراوە، ڕوخساری سەرەکی ئەم کۆنگرەیە زاڵبوونی ئەندامە فارسەکانی (حکا) بوو بەسەر حیزبەکەو تەنانەت کۆمەڵەش، بەتایبەت کە مەنسوور حیکمەت بووە سکرتێری (حکا)، جگە لەوەش مەنسوور حیکمەت لەم کۆنگرەیە دەروازەیەکی بۆ سەپاندنی بۆچوونەکانی خۆی کردۆتەوە، بە ڕەخنەگەلێکی زۆر دەستی پێکرد، و وای دەبینی کە پێویستە ئیدی خەبات بۆ دژایەتی بۆرژوازیەت و ناسیۆنالیستی بە جدی دەست بدەنێ و هەولەکانیان بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی کرێکاری چڕ بکەنەوە، لەبارەی کوردستانیشەوە ڕایگەیاند، کە خەباتی چەند ساڵای گەلی کوردستان لە تێکۆشانی کۆمۆنیستی جیاناکرێتەوە، بزووتنەوەی شۆڕشگێری و کۆمەڵە یەک ئەزموونن، بەڵام یەکانگیری لەگەڵ کۆمۆنیزمی بەرچاو ناکەوێت[24].

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە ناوخۆیانەی (حکا)، و زاڵبوونی ئەندامە فارسەکان و مەنسوور حیکمەت بەسەر بڕیارەکانی حیزبەکەدا، ئەم حیزبەی ڕووبەڕووی چەندین گرفت بووەوە، چونکە تەواوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (حکا) لە کوردستاندا بوون، حکاش جگە لە کۆمەڵە خاوەنی هیچ ڕێکخستێک نەبوو، مەنسوور حیکمەت ڕووبەڕووی کێشەی چینایەتی و نەتەوەیی بۆیەوە، هەر بۆیە ئەم سەرکردایەتیە لە ئاست کێشەکانی کوردستاندا نەبوون، لەهەمان کاتدا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە ناوخۆییانەی (حکا) لە پاش ساڵی ١٩٨٧ز و جەنگی ئێران – عێراق و هێرش وپەلامارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، بەردەوامی شەڕی ناوخۆ لەگەڵ (حدکا) و ئەمانەو چەندین هۆی تر (حکا) یان بەرەو لاوازی برد.

## پەرتبوون لە ڕیزەکانی حکا و دروستبوونی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری

لەگەڵ ئەوانەشدا کێشەو گرفتەکانی (حکا) تا دەبوو قوڵتر دەبوونەوە، کاتێکیش لە ٧ی ئایاری ١٩٨٨ز لە شاری سلێمانی پلنیۆمی کۆمەیتەی ناوەندی بەسترا، لە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی ڕێبەرایەتی (حکا)، کۆمەڵە بڕیاری لاوازکردن و دژایەتی ناسیۆنالیزمی لە هەموو پارچەکانی کوردستان کردە ئەرک، و ستراتیجی (حکا)شی لەسەر بونیادنا، بە ڕوونیش ڕایانگەیاند: ”تێکۆشانی ئێمە بەشێکە لە تێکۆشانی گشتی کۆمۆنیزمی ئێرانی، بۆ ڕێکخستنی پرۆلیتاریاو دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری، دەبێت بزووتنەوەی شۆڕشگێری کورد پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ خەباتی سەرانسەری ئێرانیدا هەبێت“[25]. بە وورد بوونەوە لەم بۆچوونە دەردەکەوێت لە ژێر ڕۆشنای ئەم ئەرکەدا کۆمەڵە وەک هێزێکی بەرگریکاری پرۆلیتاریای کوردی لە سەنگەری ناسیۆنالیزمیدا شەڕی ناوخۆی لەگەڵ (حدکا)

وەک نوێنەری ناسیۆنالیزم درێژە پێدا، وێرای ئەوەش، ئەم پلنیۆمە سەرەتای ئاشکرابوونی ناکۆکییەکانی نێوان ڕیزەکانی (حکا) بوو، بەتایبەت کە عەبدوڵڵای موهتەدی لە کۆنگرەی شەشدا ڕەخنەی توندی ئاراستەی مەنسوور حیکمەت کردووە، بەوەی کە دەستیانگرتووە بەسەر کۆمەڵە و (حکا)دا، هەروەها ناکۆکیەکی تر لەسەر بڕیارنامەی کۆنگرە بوو، کە (حکا) ڕێگەی دژایەتی ناسیۆنالیستی لەگەڵ هێزەکانی دی درێژە پێدەدا، لەمە بەدواوە کێشەی کوردی کردە کێشەیەکی لاوەکی.

**”هەرچەندە بۆچوونەکانی مەنسوور حیکمەت بە توندی لەلایەن بەشێک لە کادێرانی کۆمەڵەوە بەرپەرچدراوەتەوە، بە ڕەخنەگرتن لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ هێڵی سیاسیی لەگەڵ ڕێبەرانی (حکا) جیاکردەوە، ئیدی ڕەخنەکانی مەنسوور حیکمەت تەنها دژبە ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کۆمەڵە نەبوو، بەڵکو ڕەخنەی وردی لە کارنامەی کۆمەڵە دەگرت**

لێرەشەوە بە دوا قۆناغی ململانێی مەنسوور حیکمەت و ڕێبەرانی تری (حکا) دێتە ئاراوە، هاوبیرانی مەنسوور حیکمەت لەو بڕوایەدابوون، کۆمەڵە وەک باڵی چەپی بزووتنەوەی کوردیی ڕەخنەی قوڵی لە ناسیۆنالیزمی کوردی نەبووە، بەوەی لەسەر ئەو نەریتە کلاسیکیە کاری دەکرد، بەم هۆیەش ڕێبەرانی کۆمەڵە بەهۆی بن بەستیان لە دیدگای پۆپۆلیستی مارکسیزمی شۆڕشگێڕی نزیک بوونەتەوە، بەڵام مەنسوور حیکمەت بە ڕەخنەگرتن لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، پاشان ناسیۆنالیزمی دایە بەر ڕەخنە، بەوەی کە مارکسیزم لە باری کرداریدا هەرگیز بە ناسیۆنالیزم ڕازی نییە، ئیدی لێرەوە کۆمەڵەی بە گەرایی ناسیۆنالیست و هێلانەی ڕاستڕەو ناودەبرد، پێیوابوو کە نفوزی ئایدلۆژیای سونەتی هەرگیز خاشەبڕ نەبوو، هەر بۆیە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی تێزەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بە شێوەیەکی توند دژی مەسەلەی نەتەوەیی دەوەستا، ناسیۆنالیزم و ئینتەرناسیۆنال ناکۆکی ئاشکرایان هەیە، ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیای بۆرژواییە، کۆمۆنیزم بۆ سڕینەوەی سنوورە میللییەکان و هەڵوەشاندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی تێدەکۆشێت، لێرەشەوە ڕایدەگەیەنێت: ”ناسنامەی قەومی و قەوگەرایی لە نێو ملیۆنان ئێرانیدا هیچ پێناسەیەکی نییە، ڕیشەو زەمینەی بەهێزی نییە، کۆمەڵگەش ئامادەی

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

بەرگریکردن لە هێرشی کۆنەپەرستانەی نەتەوەگەراین، بەڵام نە ڕیشەکێش کراوە نە کۆمەڵگە لە دژی وەستاوە، ئیدی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە بەرامبەر ئەم پاشەکشێیە ڕادەوەستێت و ڕسوای دەکات"[26].

هەرچەندە بۆچوونەکانی مەنسوور حیکمەت بە توندی لەلایەن بەشێک لە کادێرانی کۆمەڵەوە بەرپەرچدراوەتەوە، بە ڕەخنەگرتن لە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ هێڵی سیاسیی لەگەڵ ڕێبەرانی (حکا) جیاکردەوە، ئیدی ڕەخنەکانی مەنسوور حیکمەت تەنها دژ بە ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کۆمەڵە نەبوو، بەڵکو ڕەخنەی وردی لە کارنامەی کۆمەڵە دەگرت، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین سیمیناری کردووە بە ئامانجی ڕاکێشانی ئەندامانی کۆمەڵە و (حکا) بەلای بۆچوونەکانی خۆیدا[27]، دواتریش لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٠ز بە یەکجاری دەستی لە (حکا) کێشایەوە فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری لەناو ئەو حیزبە پێکهێناو بە ٩ خاڵ هێڵی سیاسیی خۆی وەک بەشێک لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی پێناسە کرد، لەگەڵ ئەوەی بە تەواوی دژی هێڵە گشتییەکانی (حکا) وەستاوە، بەڵام خوازیاری جیابوونەوەی کۆتایی نەبوو لەو حیزبە، لێرەشەوە ڕێبەرایەتی کۆمەڵە دابەشبوو بۆ دوو بەرەی دژ بەیەک، چونکە فراکسیۆنەکە دەیویست بۆچوونەکانی بەسەر کۆمەڵەدا زاڵ بکات و جڵەوی ڕێبەرایەتیەکەی بکات،

ئیدی مەنسوور حیکەت لەو باوەڕەدا بوو بەهۆی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و گۆڕانی هەلومەرجی نێودەوڵەتی (حکا) ڕووبەڕووی شکست بۆتەوەو لە ناوخۆدا هێرشی بۆرژواو ناسیۆنالیزم کرمە ڕێزی کردووە[28].

هەروەها لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ز و پاشان نزیکبوونەوەی بەرپابوونی جەنگی کەنداو، دواتر دارمانی یەکێتی سۆڤیەت و فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاریی خستە سەر ئەو بۆچوونەی هەژموونی نوێی سەرمایەداری ئەمریکی دەیەوێت دەست بگرێت بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ڕێگەی عێراقەوە، ئیدی سەردەمی باڵادەستی ئەمریکایی لە دوای ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەت دەستپێدەکات، لە کاتێکیدا ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە عێراق ڕوویدا زەمینەی سەرهەڵدانەوەی ناکۆکییەکانی فەراهەم کردەوە، لێرەشەوە بەشێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو جموجوڵە ناسیۆنالیستیەی باشووری کوردستان دەردەبڕن و پشتیوانییەکەشی لە ڕێگەی بەیاننامەیەکی پیرۆزبایی دەگەیەنێتە (ی.ن.ک)، ئەمەش نارەزایەتی لای فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری لێکەوتەوەو سەرلەنوێ مشتومڕی ناسیۆنالیزمی و کۆمۆنیزمی سەریهەڵدایەوە و گەیشتە خاڵی بن بەست.

هەرچەندە بەهۆی باڵادەستی فراکسیۆنەکە بەسەر بڕیاری سیاسی (حکا)، هەر زوو سەرکۆنەی هێرشەکانی ئەمریکای

کرد بۆ ناوچەکە، بەڵام دەروازەیەکی فراوان لە جەنگی تیۆری لە نێوان مەنسوور حیکمەت و بەشێکی ڕێبەرانی کۆمەڵە لەسەر چارەنووسی بزووتنەوەی کوردی کوردیی لە باشووری کوردستان، مەنسوور حیکمەت لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی چەند وتارێک ماهیەتی ناسیۆنالیستانەی دژە کۆمۆنیزمی جووڵانەوەی کوردی نیشاندەدا، و سەنگەری لەو بەشەی ڕێبەرایەتی کۆمەڵە گرتبوو، وەک ڕاشیدەگەیاند: "ئێمە پشتیوانی لە هێزەکانی کۆمەڵە دەکەین وەک بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵی سۆسیالیستی نەک ناسیۆنالی سونەتی، چونکە ناسیۆنالیستی چەک بەدەست ئەرکی خۆی لە نکۆلیکردن لە سۆسیالیزم دەبینێت، لێرەشەوە ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ ئەم ڕەوتە ناسیۆنالیە ئەگەری پێکدادانی چەکداریی لێدەکرێت"[29]. لەهەمانکاتدا گۆڕانکارییەکانی باشووری کوردستانی بە پرۆژەیەکی ئەمریکای و سەرمایەداری جیهانی لە قەڵەم دەدا، کە ناوەرۆکێکی چەواشەکارانەی دیموکراسی و بۆرژوایی لیبراڵ و ریفۆرمی ئەورپایی هەیە، پاشانیش ئەم ڕەوتە وتارێکی بەناوی (ناسیۆنالیزم لە تراژیدیای کورد) دا بڵاوکردەوەو تیایدا جووڵانەوەی کوردی بە کۆنەپەرستی هاوشێوەی جووڵانەوەکانی ئەنگۆلاو ئەفغانستان ناوبرد و ئەمریکای بە داگیرکەر و چەوسێنەر ناساند[30].

لە ئاکامی ئەم ناکۆکیانە فراکسیۆنی کۆمۆنیزمی کرێکاری و ڕەخنەکانیان لە (حکا) کە چی دی حیزبێکی کرێکاریی نییە، بە هۆی لایەنگریان بۆ ناسیۆنالیزمی کوردیی لە پلینۆمی بیستەمی (حکا)دا بە پاساوی بن بەستی و ڕێگری لە تێهەڵچوونی نەخوازراو فراکسیۆنەکە بە ڕێبەرایەتی مەنسوور حیکمەت و نۆ لە هاوبیرانی جیابوونەوەی خۆیان لە (حکا) ڕاگەیاند، ئەمەش زەبرێکی گەورە بوو لە (حکا)و کۆمەڵە بەشێکی زۆری ئەندام و لایەنگرانیان لەگەڵ خۆیاندا برد، هاوکات زەمینەی بۆ بەرپاکردنی ناکۆکییەکی دوورو درێژ لە ڕیزەکانی (حکا) و کۆمەڵە ڕەخساندا، دواتریش بۆ خۆ ڕزگارکردن لە پەتای ناسیۆنالیزمی، فراکسیۆنەکە حیزبێکی نوێیان بەناوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری (حککا)[31] دامەزراند[32]، ژمارەیەکی ئەندام و لایەنگر لەگەڵیان کەوتن، و هەندێکیشیان چوونە تەشکیلاتەکانی کۆمەڵە لە ئەوروپا، ئەمەش بە زیانێکی زۆری کۆمەڵە کەوتەوە.

(حکا) کە کۆمەڵە وەک ڕەگەزێکی دیارو پێکهێنەر بناغەکەی دامەزراند، هێزو توانای باڵی چەپی کوردی بەرەو بزووتنەوەی ئێرانی کێشکرد، هەرچەندە کۆمەڵەو ڕێبەرابەتییەکەی لە کوردستاندا مانەوەو لە تەواوی ساڵانی هەشتاکان لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامیی بەرگریان کردووە، بەڵام پێچەوانەی بەشێک لە ڕێبەرایەتی کۆمەڵە نەتوانرا خۆ لەو ڕاستیە بوێرن کە ڕێکخراوەکە لە هەناوی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کۆمەڵگەی کوردییەوە سەری دەرهێنا و لە ناوچەکانی تری ئێران پێگەی ئەو تۆی نەبووە، هەر بۆیە بە هۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکان بە تایبەت ئەندامە فارسەکانی، لە دژایەتیکردنی خواستەکانی کورد حیزبەکەی بەرەو پەرتبوون برد، بەڵام عەلیزادە سوور بووە لەسەر ئەوەی کۆمەڵە بەشێکی دانەبڕاوی (حکا)یە و تێکۆشانی (حکا)ش بەهێزترین باڵی چەپ لە ناوخۆی ئێراندا پێکدێنێت، لە کاتێکدا چالاکییەکانیان لە دەرەوەی سنوری ئێرانن و کۆمەڵەو باقی هێزەکانی تر لە ئێستادا ئۆردوگا نشینن، بەڵام عەلیزادە هەرگیز نەچووەتە ژێر باری هەڵەکانەوە هێز و توانای کۆمەڵە بە ڕادەیەکی بەرچاو دابەزی، لە کۆنگرەی ١٢ی ئەو حیزبە کە لە زرگوێز بەسترا تۆوی دووبەرەکی و یەکتر قبووڵنەکردن زەقتر بۆتەوە و ئەمجارە کۆمەڵەش جیابوونەوە بەرۆکی گرت، جگە لە عەبدوڵلای موهتەدی، عومەری ئیلخانیزادە ڕەوتێکی نوێی بەناوی (چاکسازی و گەشە) پێکهێناوە، لێرەشەوە عەلیزادە تاوانی ئەمریکایی و کۆنەخوازی و دژایەتی سۆسیالیزم داوەتە پاڵیان و بە فاکتەری لاوازی کۆمەڵەی داناون(33).

### دەرئەنجام

کۆمەڵە وەک هێزێکی چەپ هەر لەسەرەتاوە وەک ڕێکخراوێکی سەرانسەریی ئێرانی خۆی ناساندووە، لەگەڵ ئەوەی تەواوی هێزو توانای سیاسیی، ئۆرگانی، تەشکیلاتی و تەنانەت پێشمەرگەشی بەتەنها لە کوردستان بووەو هیچ کات نەیتوانی لە دەرەوە کوردستان تاکە ئۆرگانێکی هەبێت، بۆ زیاتر شرۆڤەکردنی کاریگەری مەنسوور حیکمەت لەسەر (حکا) وکۆمەڵەو کورد لە چەند خاڵێکدا ڕوونیدەکەینەوە:

**یەکەم:** مەنسوور حیکمەت لە تەک ئەو بۆچوونە مارکسیە شۆڕشگێڕیەی کردبوویە بنەمای تێکۆشانی مارکسیەکەی، بەڵام لە جەنگێکی سەخت و ڕقاویدا بوو لەگەڵ بۆرژواو وردە بۆرژوای ناسیۆنالیستیدا، ڕەخنەی توندی لە نەریتی ناسیۆنالیستانەی لایەنە سیاسیەکان دەدا، لەم گۆشەیەوە لە ئەساسنامەی (حکا)دا هەوڵیدا ئەو ڕێگەیە نیشانبدات کە پێویستە بۆ خەباتی نەتەوەیی لە کوردستاندا، لەم ڕووەوە لە ڕوانگەیەکی کۆمۆنیستیەوە مەسەلەی نەتەوەیی بە کۆسپی سەر ڕێی خەباتی چینایەتی و پرۆلیتاری داناوە.

**دووەم:** مەنسوور حیکمەت لەو بڕوایەدابوو کۆمەڵە بەر لە (حکا) نەک هەر ڕەخنەی لە ناسیۆنالیزمی کوردیی نەبووە، بەڵکو شوێن هەڵگری نەریتگەلی ناسیۆنالیزمی دواکەوتوو بوو، پێیوابوو کۆمەڵە بە ڕەفتار ناسیۆنالیست و بە گوفتار پۆپۆلیست بوو، هاوکات باڵی چەپی بزووتنەوەی کوردیی بوو هەر لە چالاکیە چەکداریەکان و شێوازی مامەڵەی لە نێو شار و گوندەکان،

مامەڵەکردن لەسەر ئاین و هەتا پەیوەندییە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانیدا.

**سێیەم:** مەنسوور حیکمەت لە ڕووی تیۆرییەوە مەسەلەی کوردی بە خەباتی چینایەتی دەبینی، بۆ ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانی لەوتارێکیدا بەناوی (مافە سەرەتاییەکانی زەحمەتکێشانی کوردستان) هێڵە گشتییەکانی خواست و داواکارییەکانی کوردی دیاریکرد، وێڕای ڕەخنەگرتن لە شێوە خەباتی ڕابردووی گەلی کورد کە زیاتر بە نەریتگەلی ناسیۆنالیستی ڕووپۆشکرابوو.

**چوارەم:** لە ڕاستیدا دانان بە سەنگ و هێزی کۆمەڵە لەنێو بزوتنەوی چەپ و جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد، هیچی لەو ڕاستییە نەدەشاردەوە کە کۆمەڵە لەنێو دەستەی ڕێبەرایەتیی و لە باری تیۆریی و لە مەیدانی کرداریدا خستبووە قۆناغێکی چارەنووسساز و سەردەمێکی نوێ بۆ لەدەستدانی سەربەخۆیی فیکریی و سیاسییەکەی، چونکە ئیدی خەباتی نەتەوەیی کوردی لە ڕوانگەی هەڵسوکەوتنی بزووتنەوەی چەپی سەرانسەریی و ژیانی کرێکارانی ئێرانی لێکدەدایەوە، ئیدی کۆمەڵە بووە خاوەنی گرفتە گشتییەکانی کرێکارانی کارگە گەورەکانی ئێران، چونکە کۆمەڵە لەگەڵ ئەوەی خاون نفوز و پێگەی جەماوەریی و هێزی پێشمەرگە بوو، بەڵام کاتێک وەک تەشکیلاتی کوردستانی (حکا) خۆی نیشاندا، قەباری خۆی بچووککردەوە.

**پێنجەم:** دەکرێت بڵێین ئەم هەنگاوانەی کۆمەڵە لەبەرامبەر دۆخی گشتی کوردستان دژیەک بوو، چونکە زەمینەی گەشەکردنی پرۆلیتاریایی کوردی لە کۆمەڵگەدا نەخەملیبوو، هەر بۆیە کۆمەڵەی بە هەنگاو بۆ دواوە کێش دەکرد و تا دەبوو لە خەباتی نەتەوەیی دووریدەخستەوەو تێکۆشانی نەتەوەیی ناوەرۆکێکی چینایەتیی و ڕەتکردنەوەی ژێردەستەیی هەبوو.

**شەشەم:** (حکا) تەواوی قوورساییەکەی لە ئەستۆی کۆمەڵە بوو، هاوکات پێچەوانەی سەرتاسەریی بوونی، کۆمەڵە وەک شانەی کوردستان لە تەواوی حیزبەکە گەورەتر بوو، هەرگیز لقی بۆ دەرەوەی کوردستان نەهاویشت و تەنانەت لە تارانیش بارەگای سەرەکی ئەو حیزبە چەند ئەندامێکی کۆمەڵە بەڕێوەیان دەبرد، هەر ئەمەش بوو کە کۆمەڵە بە برواى بەشێک لە ڕێبەرایەتیەکەی بەرەو شکست دەبرد.

**حەوتەم:** (حکا) پشت ئەستور بوو بەو نووسین وتارانەی لە ڕووی تیۆریی و فیکرییەوە بڵاویدەکردەوە لە ڕۆژنامەکانی حیزبەکەوە دەگەیشتە دەست ئەندام و لایەنگرانیان، ئەم نووسینانە ببووە خاڵی بە هێزی حیزبەکە، چونکە لە بواری تیۆرییەوە مەنسوور حیکمەت لاوازی چەپی کوردیی و ناشارەزایی ڕێبەرایەتی کۆمەڵەی قۆستبۆوە، لە نێو بەشێکی بەرچاوی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

وتارەکانی لەبارەی ئەرکەکانی حیزبەکەی لە کوردستاندا لەبارەی مەسەلەی نەتەوەیی لە ڕاکێشانی کرێکاران و چینی زەحمەتکێشانی کوردی بۆ نێو خەباتی سەرتاسەریی ئێرانی دەدا.

**هەشتەم:** ڕێبەرایەتی (حکا) کۆمەڵەیان بە ئاڕاستەی تیکۆشانی پرۆلیتاریدا دەبرد، کۆمەڵەش وای دەبینی کە چینی زەحمەتکێشی کوردستان لە دۆخێکی خراپی ئابووریی، سیاسیی و کۆمەڵایەتیدان، هاوکات توندوتیژی ڕژێمێکی داگیرکەر ژیانی لێسەندوون، بۆیە کرێکارانی کورد دەبێ ئەو ڕاستییە بەهەند وەربگرن کە شۆڕشێکی ڕادیکاڵ بۆ ئازادیی بۆ نان بەرپابکەن.

**نۆیەم:** تیڕوانینی مەنسوور حیکمەت لەبارەی خودموختارییەوە، لەسەرەتاوە داکۆکیکردن بوو لەو بۆچوونەی لە کۆنگرەی یەکی (حکا)دا دەنگی لەسەردرا، ئەویش پشتیوانیکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو بۆ میللەتانی ئێران و لە نێویاندا گەلی کورد تا ڕادەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش بەرنامەی کۆمەڵەی بۆ خودموختاریی لە کوردستاندا کردبووە مەرجی سەرکەوتنیان لە دامەزراندنی کوردستانێکی دیموکرات و ڕامالینی ڕژێم و تەواوی هێزە نادیموکرات و بۆرژواکان، بەڵام بە کردەوە هەر جووڵەیەکی کۆمەڵەی لە بابەتی نەتەوەیی بە هێڵی سوور و لێکدانەوەی ناسیۆنالیستی دژە چەپ دادەنا.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

1- مەنسووری حیکەمت ناوی ڕاستەقینەی "ژوبێن ڕەزائی" یە، ساڵی ١٩٥١ لە تاران لە دایکبووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە خوێندنگەی (ئەلبورز) لە تاران و خوێندنی ئابووری لە زانکۆی شیراز تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٣ بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە ئینگلتەرا، لێرەوە کەوتۆتە خوێندنەوەی کەپیتالیزم و کتێبی سەرمایەو دانراوە مارکسییەکان، ئەندێشەی لەسەر وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە کۆمۆنیزمی و سۆسیالیستییەکان پایەدارکرد، لە پاش ڕووداوەکانی ساڵی 1979 ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بووە، لە 4ی تەمموزی 2002 کۆچی دوایکردووە. بڕوانە: (حەمید تەقوایی: مەنسوور حیکمەت کێ بوو؟ (2002-1951)، و. سالار ڕەشید، 2007).

2- مەنسوور حیکمەت: ئەفسانەی میللی بۆرژوای پێشکەوتووخواز، ب2.

3- هفت مقالة دربارة مسالة ارظی و جنبش دهقانی لینین، سری ترجمة اثار لینین (3)، اتحاد مبارزان کمونیست (سهند)، اذر ماة 1358، ص3.

4- برنامة "اتحاد مبارزان کمونیست"، شورای دانشجویان ایرانی طرفدار ازادی طبقه کارطر، برلین غربي، فرودین 1360، ص27.

5- تاریخ اتحاد مبارزان کمونیست، سخنرانی در انجمن مارکس لندن، متن پیادة شدة از نوار جلسة انجمن مارکس لندن 15 مة 2000، خرداد 1384 (2005).

6- 6- بۆ زانیاری زیاتر، دەربارەی ڕەخنەکانی مەنسور حیکمەت، بڕوانە: (بسوی سوسیالیزم، شماره (5)، اول بهمن 1361).

7- بەهمەن ساعیدی، خەبات، ب1، ل166_167.

8- خەبات بەرەو سەرکەوتن، دیدارێك لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە تایبەت بە مێژووی (کۆمەڵە)، ب2،چ1، ئینتشاراتی ناوەندی کۆمەڵە، 2012، ل147.

9- ه.س.پ، ب1، ل140.

10- سری اسناد کنگره سوم سازمان زحمتکیشان کردستان ایران (کومەله)، متن سخنان نماینده اتحاد

مبارزان کمونیست در جلسة افتتاحيه داخلي، اردیبهشت ماه 1361، ص1_20).

11- وتوويز لەگەڵ هاورێ منێوری حيکمت سەبارەت به باسەکانی کونگرەی دووهەمی حیزبی کومونیستی ئیران، پشرەو، ژ20، ل1_13).

12- سازمان انقلاب زحمتکشان کردستان ایران (کومەله): سری اسناد کنگره سوم متن سخنان نمایندەو اتحاد مبارزان کمونیست در جلسه افتتاحیه، داخلی (1)، اردیبهشت ماه1361، ێ14

13- ئەيوب ئەيوب زادە: ڕێبازی کۆمەڵە له توێ بەڵگەکانیدا، ب ش، ب س، ل7_8.

14- سالار ڕەشید: هەڵبژاردەیەک له نووسراوەکانی مەنسووری حيکمەت، ب2، چ1، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،2008، ل195_213.

15- ایرج فرزاد: برخی در نووسته ها و اثار منتشر نشده منصور حکمت، چ١، استکهلم، سوید، اوت ٢٠١١، ص٣٦٠.

16- ڕوونکردنەوەیەک له پەیوەندی لەگەڵ کتێبی (5) ساڵ لەگەڵ عەبدوڵلا موهتەدی،9ی سەرماوەرز 1389ه/ 30 نۆڤمبەری 2010ی زایینی

17- وتووێژی ڕادیۆی دەنگی کۆمەڵە لەگەڵ هاورێ عەبدوڵلای موهتدەی، پێشرەو، ژ (١)، دەوری دووەم، ل١٠-١٥.

18- محەمەد چاوشین، وتووێژ لەگەڵ ناسر حسامی، ٢٠٠٩/٥/٣.

19- مازیار بهروز: شورشیان آرمانخواه ناکامی چپ در ایران، ت. مهدی پرتوی، چ11، انتشارات ققنووس، تهران، 1388، ص١٨٨.

20- بەهمەنی سەعیدی: خەبات، ب1، ل263_264.

21- نادر ئینتیسار: ئیتنۆ نەتەوایەتی کوردی، و. عەتا قەرەداخی، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، 2004، ل103_104.

22- وتووێژی دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەگەڵ هاورێ (خەسرەوی داوەر) سەبارەت به ئەرکەکانی لایەنگرانی حیزب، پێشرەو، ژ (٧)، پاشکۆی (٢)، ٣١ی پوشپەری ١٣٦، ل١-١٣.

23- مەنسوور حیکمەت: ئازادی، بەرابەری، حکومەتی کارگەری، پێشرەو، ژ(١١)، ل١٢-١٤.

24- وتووێژ لەگەڵ هاورێ مەنسوور حيکمەت سەبارەت به باسەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، پێشرەو، ژ.(٢١)، بەفرانباری ١٣٦٥، ل٢-٢٥.

25- قطعنامه های مصوب کنگره ششم کومله: استراتیژ ما در جنبش کردستان: کمونیست، شماره (٤١)، سال پنجم، تیرماه ١٣٦٧، ص٦،٧.

26- دەق چاوپێکەوتنی گۆڤاری ئینتەرناسیۆنال لەگەڵ مەنسوور حیکمەت، و.سەعید ئەحمەد، ٢٠ی نیسانی ٢٠١٣.

27- مەنسوور حيکمەت: حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامێتی کرێکاری، پێشرەو، ژ. (٣٣)، ساڵی حەوتەم، دەورەی دووەم، ڕەزبەری ١٣٦٧، ل٧-١٤.

28- بحران خلیج و ڕویدادهای کردستان عراق، اسناد میاحثات و اختلافات درونی جناحهای حزب کمونیست ایران، چ٢، دسامبر ١٩٩٠، ص٣٣.

29- منصور حکمت: مبارزه مصلحانه در کردستان، کمونیست، شماره (٦٠)،سال هفتم، بهمن ماه ١٣٦٩، ص٣-١١.

30- ئیرەج ئازەرین ئازاری چەپەکان دەدات: ئاڵای شۆڕش، ئۆرگانی ئاڵای شۆڕش، ژ. (٨ و ٩)، ئەیلول و تشرینی دوویەکەمی ١٩٩١ز، ل١،٦.

31- حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری حکاکا: ساڵی ١٩٩١ لەلایەن مەنسوور حیکمەت به هاوکاری هەریەک له (ئیرەج ئازەرین، حەمید تەقوایی، کۆرش مودەریس، ڕەزا موقەدەم) دامەزراوە، ئەم حزبه دوژمنی سەرەکی کۆماری ئیسلامی و ناسیۆنالیزم بوو، پاش مردنی مەنسوور حیکمەت ئەم حزبه له کۆنگرەی چواریدا ڕووبەڕووی لێکترازان بۆیەوە، حیزبێکی نوێی به به ناوی (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران – حیکمەنیست) لێ جیابۆیەوە، بروانه: (قطعنامه در مورد انشعاب ڕاست از حزب، مسوب کنگره پینجەم حزب، (به اتفاق ڕا)، سبتمبر ٢٠٠٤.

32- مۆنا دولیەری: چاوخشاندێکی کورت بەسەر ڕووداوەکانی تا ئێستای ناو کۆمەڵە، ب.س، ل٢-٩.

33- ه.س.پ، ل٤٤٠.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# ئایا دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران دەگۆڕێت؟



توێژەر: بەختیار ئەحمەد ساڵح



**بەرایی**

بەراورد بە 40 ساڵی ڕابردوو ئەمە پڕمەترسیدارترین نارەزایەتییە کە ئێران بەخۆیەوە دەیبینێت، سەرباری پڕمەترسی نارەزایەتییەکان، بەڵام بە دوور دەزانرێت ڕژێم بگۆڕێت، ڕاستە دووبارەبوونەوەی نارەزایەتییەکان نیشانەی ئەوەیە کە ڕژێم لە قەیراندایە و خۆپیشاندانەکانیش وەك حاڵەتێکی درێژخایەنیان لێهاتووە، بەڵام مانەوەی خۆپیشاندانەکان بەم شێوەیەی ئێستا ناتوانێت گۆڕانکاری گەورە بهێنێتە ئاراوە. لەسەر ئاستی جیهان زۆرن ئەوانەی پێیانوایە درێژبوونەوەی ماوەی خۆپیشاندانەکان، هێما و ئاماژەیە بۆ کاریگەری خۆپیشاندانەکان و دواجار خستن و کەوتنی دەسەڵاتی سیاسی هەر بۆیە هیوای زۆری لەسەر هەڵدەچنن، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاستە. کاتێك خۆپیشاندان لە قۆناغی گردبوونەوە و وتنەوەی دروشم و بەریەککەوتن لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش نەتوانێت بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی دروستبوونی شانەی چەکداری و هاتنی هێزەکانی دەوڵەت بۆ بەرەی خۆپیشاندەرەکان، کاتێك پارتێکی بەهێز لە ڕووی پێگەی جەماوەرییەوە بوونی نەبێت کە ڕابەرایەتی خۆپیشاندانەکان بکات، ئەو خۆپیشاندانانە بە بەردەوام بوونی زیاتر زیان بە ڕەوایەتی پرسەکانی خۆی دەگەیەنێت تا دەسەڵات، بەو پێیەی بەرزبوونەوەی ڕێژەی قوربانییەکان و نەبوونی هیچ ئاسۆیەکی ڕوون لەسەر داهاتووی خۆپیشاندانەکان دەرەنجام نائومێدی زیاتری لێدەکەوێتەوە.

دەکرێت بوترێت کە نزیک بەهەر دەساڵ جارێک سەرباری گۆڕینی سیماکان (نەژاد، ڕۆحانی و ڕەئیسی) هاوڵاتیان دەرژێنە سەرشەقامەکان، نموونەی خۆپیشاندانی خوێنکارانی زانکۆ کە لەساڵی 2009 بوو بەنارەزایەتی بەرفراوان لە پایتەخت و پیاوانی ئایینی دژ بە ڕژێمەکەیان جووڵانەوە، دواتر لە ساڵی 2017 و لەبەر خراپی باری گوزەران سەرلەنوێ خۆپیشاندانەکان سەریهەڵدایەوە. لە ساڵی 2019 دووبارە نارەزایەتییەکان لە گوند و ناوچە دووردەستەکان سەریهەڵدایە و چەند مانگێکی خایاند، لە ئێستاشدا نارەزایەتییەکان لە کوردستانەوە دەستی پێکرد و بەزۆرینەی ناوچەکانی ئێراندا بڵاو بۆتەوە. سەرباری ئەو خۆپیشاندانە یەک لەدوای یەکانە، هیچ کام لەخواستەکانی خۆپیشاندەر نەهاتۆتە دی، هۆکاری سەرەکیش بە پلەی یەکەم ئەوەیە کە هیچ کام لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهان بەرگەی دروستبوونی ناوەندێکی دیکەی قەیرانی -هاوشێوەی عێراق و سووریا- ناگرن لە ناوچەکە و ئەوەی دەیانەوێت تەنها ناچارکردنی ئێرانە بۆ گۆڕینی سیاسەتەکانی لەڕێگە جووڵاندن و پشتگیریکردن لە خۆپیشاندانەکان.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## مێژوویەکی کورتی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوای دروستبوونییەوە لە ساڵی 1979، چەندین جار جووڵانەوەی نارەزایەتی وخۆپیشاندانی گەورەی بەخۆوە بینیوە کە بەهێزترینیان خۆپیشاندانەکانی ساڵی 2009 بوو کە لەدوای دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نەژاد وەك سەرۆکی کۆمار دەستی پێکرد بەهۆی ئەنجامدانی ساختەکارییەکی زۆر لە دەنگەکان لەبەرژەوەندی ئەحمەدی نەژاد. سەرباری رژانە سەرشەقامی ملیۆنەها کەس لەسەرتاسەری ئێران و بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکان بۆماوەی چەندین مانگ بە رابەرایەتی جووڵانەوەی سەوز، بەڵام دواجار خۆپیشاندانەکان کپکرانەوە و رابەرەکانیان (موسەوی و کەروبی) تا ئێستاش هەر دەست بەسەرن. هۆکاری سەرەکی شکستی خۆپیشاندانەکانیش بەشداری نەکردنی چینی کرێکار و توێژی هەژاری کۆمەڵگە بوو، بەو پێیەی رابەرایەتی خۆپیشاندانەکان زیاتر لە لایەن چینی مامناوەندەوە رابەرایەتی دەکرا و ئەوانیش لەبەرامبەر زەبر و توندی کاردانەوەی دەسەڵات نەیان توانی خۆیان بگرن.

لەدوای شکستی جووڵانەوەی سەوز، ئێران رووبەرووی دوو شەپۆلی دیکەی بەهێزی نارەزایەتییەکان بۆوە، یەکێکیان کۆتایی ساڵی 2017 و ئەویتریشیان لە مانگی تشرینی دووەمی 2019 بوو کە بەهۆی خراپی باری گوزەران و بەرزبوونەوەی بەهای سوتەمەنی بوو. بە پێچەوانەی جووڵانەوەی سەوز، کە زیاتر لەلایەن توێژی رۆشنبیر و چینی مامناوەندەوە بەرێوەدەبرا، ئەم خۆپیشاندانانە هەرەمەکی و بێ پلان بوون، پاڵەوانەکانی چینی کرێکار و هەژار و بێکارەکان بوون، سەرەتا لە شارە بچووکەکانەوە دەستی پێکرد بەڵام جگە لە چەند جارێکی کەم، نەیتوانی بگاتە تارانی پایتەخت. جیاوازی ئەم نارەزایەتیانە کەمی ژمارەی بەشداربووەکانی بوو، شایانی باسە کە ژمارەی زۆری خۆپیشاندەر لەلایەك ئاسایشی زیاتر دابین دەکات بۆ بەشداریکەرانی خۆپیشاندانەکان و لەلایەکی دیکەشەوە هاندەر دەبێت تا ئەوانەش کە لە ماڵەوە دانیشتوون بێنە دەرەوە و بەشداری خۆپیشاندانەکان بکەن. سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی خۆپیشاندانەکانی ئێستاش دەکرێت بگوترێت کە:

1. لە بڵاوبوونەوەیدا خێرایە.
2. هەوڵی رێکخستنی دەدرێت لەدەرەوە، بەڵام هێشتا هەر رێکنەخراوە.
3. بێرابەرە.
4. زۆرترین پشتیوانی لێدەکرێت لەلایەن نەیارانی ئێرانەوە.
5. زۆرینەی بەشداربووەکان لەدایکبووانی نەوەدەکانی سەدەی پێشوون.
6. بەشداریکردنی رەگەزی مێینە لە خۆپیشاندانەکاندا زۆر بەرچاوە.
7. ئەم نەوەیە بە تەواوەتی نامۆیە بە بنەماکانی حوکمرانی لە ئێران.

8. ئەگەر پێشزەمینەی خۆپیشاندانەکانی پێشووتر سیستەمی حوکمڕانی و هەلو مەرجی نالەباری گوزەران بێت، پێشزەمینەی ئەم خۆپیشاندانانە زیاتر ئازادییەکانی تاکە.

## ئەوەی لەئێران دەگوزەرێت خۆپیشاندانە یا شۆڕش؟

هاوشێوەی خۆپیشاندانەکانی پێشوو پلان و ئامادەکاری پێشوەختە نییە بۆ نارەزایەتییەکان و هیچ پارتێکیش نییە کە خاوەن پێگەیەکی جەماوەری بەهێز بێت تا بتوانێت ڕابەرایەتی خۆپیشاندانەکان بکات. ڕۆڵی لایەنی دەرەکی تەنها هاندان و ناردنە دەرەوەی هاوڵاتی ئێرانی بوو بۆ سەر شەقامەکان بە بێ ئەوەی لە ڕووی ڕێکخستن و ئامادەکاری پیشوەختەوە کار لەسەر خۆپیشاندانەکان کرابێت و لەبەرامبەردا چاوەڕوانی ئەوەش دەکرا کە هاووڵاتییەکی بێچەکی ڕێکنەخراو بتوانێت ڕووبەڕووی دەوڵەتێک بێتەوە کە تەواوی ناوچەکەی بە خۆیەوە گیرۆدەکردووە.

تەنها کاتێک ئەم خۆپیشاندانانەی ئێستا دەبێتە شۆڕش کە نارازییەکان بەتێپەڕبوونی کات بەهێزتر و دەوڵەت لاوازتر ببێت، واتە خۆپیشاندانەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەتر و بەربڵاوتر ببن و ژمارەیەکی زیاتر بەشداری تێدا بکات و لە بەرامبەردا دەسەڵات ڕەوایەتی خۆی لەدەست بدات. شۆڕشی ساڵی 1979 ئێران پێویستی بە ساڵێك بوو تا سەربکەوێت، بۆ ئەوەش ئەوەی کە لە ئێستادا لە گۆڕێیە ببێت بە شۆڕش، پێویستە ئەو کەسانەی بەشداری خۆپیشاندانەکان دەکەن تەمەنیان لەنێوان 35 بۆ 45 ساڵ بێت نەوەک 15 بۆ 25 ساڵ تا خواستەکان ڕیشەییتر بن و کورت نەکرێنەوە لە ئازادییە تاکە کەسییەکان. بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکان ئەگەر بەردەوام بێت و نەتوانێت بۆخۆی ڕابەرایەتییەك دروست بکات، تەنها جۆرێك دەبێت لە بەتاڵکردنەوەی تورەیی پەنگخواردووی هاوڵاتی دژ بە دەسەڵات کە لە دوای ماوەیەك بۆخۆی دادەمرکێتەوە و ساڵانێکی زۆری پێویست دەبێت تا دووبارە لە داهاتوودا سەرهەڵبداتەوە، بە ئەگەری زۆریش دەسەڵات زیاتر لەسەر ئەم بژاردەیە کاردەکات، واتا ئەو کاتەی کە خۆپیشاندانەکان جۆرێك دەبێت لە بەتاڵکردنەوەی تورەیی هاوڵاتی، دەسەڵات براوەی یەکەم دەبێت بەو پێەی کە ئەو حاڵەتە هێندەی ئەوەی کە هاوڵاتی ئاسایی نائومێد دەکات، هێندەی ئەگەری شۆڕشی لێ ناکەوێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوەش مسۆگەر دەکات بۆ دەسەڵات کە تا لانی کەم دەساڵی دیکە، هیچ جۆرە خۆپیشاندانێکی دیکە دروست نەبێتەوە، ئەگەر چی بەشێوەیەکی گشتی خۆپیشاندانەکان تا ماوەیەك دەتوانن بەبێ ڕابەرایەتی درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن، بەڵام دواجار کۆتاییان پێ دێت وەك شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی.

سەبارەت بە ژمارەی بەشداربووەکانیش، تا ئێستا بە شێوەیەك نەبووە کە لە یەك خۆپیشانداندا دە هەزار کەس بەشداری بکەن،

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

لە کاتێکدا کە بۆ دروستبوونی شۆڕش تۆ پێویستت بە ژمارەیەکی زۆر و بەشداری هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هەیە، بەڵام گەر بە شێك لە هێزە سەربازییەکان لە دەسەڵات جیا ببنەوە و بچنە پاڵ خۆپیشاندەرەکان، لەو کاتەدا ئەگەر هەیە کە ئەم خۆپیشاندانانەی ئێستا بەرەو شۆڕش و ڕوخانی دەسەڵات هەنگاو بنێت. بۆ ئەوەی کە ئەم خۆپیشاندانانەی ئێستا ببێت بە شۆڕش و دەسەڵات بڕوخێنێت پێویستە خۆپیشاندەرەکان خواستەکانیان لە ئازادی تاکە کەسییەوە بەرزتر بکەنەوە بۆ ئەو پرسانەی کە ڕەوایەتی دەسەڵات دەخاتە ژێر پرسیارەوە تا بتوانرێت لەو ڕێگەیەوە پشتیوانی زیاتری جەماوەر بەدەست بهێنێت، ئەوەش کە حاڵەتەکە یەکلا دەکاتەوە هاتنە پاڵی هێزە سەربازییەکان و جیابوونەوەیانە لە دەسەڵات.

خۆپیشاندەرەکان لە ژێر کاریگەری میدیای دەرەکی پێیانوایە کە دەتوانن دەسەڵات بگۆڕن، ئەڵبەتە لایەنی دەرەکی لە ڕێگەی بە قوربانیدانی هاوڵاتی ئێرانی تەنها دەیەوێت تۆڵە لە ئێران بکاتەوە لە پای دەستوەردانەکانی لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە.

## ڕۆڵی لایەنی دەرەکی

ئامانجی لایەنی دەرەکی لە دەستوەردان و ئاڕاستەکردنی خۆپیشاندانەکان ڕوخاندنی دەسەڵات نییە، بەڵکو تەنها لاوازکردنی پێگەی ئێرانە لە چەند پرسێکی گرنگی تایبەت بەناوچەکە. لە ئێستادا ئێران بەچەند دۆسێیەکەوە سەرقاڵە و نەیارەکانی لە ڕێگەی توندکردنەوەی بارگرژییەکانی ناوخۆ، بە نیازن پاشەکشێ بە ئێران بکەن بەتایبەت لە دانوستانەکانی تایبەت بە دۆسێی ئەتۆمی و هاوکاریکردنی ڕووسیا بە فڕۆکەی بێفرۆکەوان لە دژی ئۆکرانیا. ئەوەی دەستوەردانی دەرەکی ئەم جارەی جیاکردۆتەوە بە بەراورد بە خۆپیشاندانەکانی دیکە، جووڵاندنی هەستی نەتەوەیی لەلای کەمە نەتەوەکانە.

گۆڕینی خواستی خۆپیشاندەرەکان لە ئازادی تاکەکەسییەوە بۆ پرسە نەتەوەییەکان، لە لایەن نەیارەکانی ئێران بە تایبەت ئیسرائیل و سعودییە زۆر پشتیووانی لێدەکرێت. هەردوو کەمە نەتەوەی کورد و بەلوچ لەم خۆپیشاندانانەدا زۆرترین قوربانیان داوە و ڕووبەڕووی زۆرترین توندوتیژی بوونەتەوە، هەر ئەم پرسەش لە لایەن نەیارەکانی ئێرانەوە وا لێکدراوەتەوە کە ئەوەی لە ئێران ڕوو دەدات شەڕی دەسەڵاتە لەگەڵ کەمە نەتەوەکان. سەرەتا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا بەهۆی کوردبوونی مەهسا ئەمینی، هەوڵیان دا لە ڕاپۆرتەکانیاندا زیاتر ڕۆشنایی بخەنە سەر چالاکوانە جودا خوازەکان، تەنانەت ئەوەیان بڵاوکردەوە کە کەسی قوربانی ناوی خۆی لە ژیناوە گۆڕیوە بۆ مەهسا، لەبەرئەوەی لە ئێران ناوی کوردی قەدەغەیە.

## خوێندنەوەی دەسەڵات بۆ سەرچاوەی نارەزایەتییەکان

هێزەکانی سوپای پاسداران، لە خوێندنەوەیەکیدا بۆ دیاریکردنی سەرچاوەی نارەزایەتییەکان لە ئێران، خۆپیشاندەرەکان بەسەر چوار دەستەدا دابەش دەکات: دژبەرەکان، دادخوازەکان، نوێگەرەکان و تەنگدەستەکان، لەو خوێندنەوەیەدا سوپای پاسداران دەنوسێت :"بەر لەهەر کارێك پێویستە ئەو خەڵکەی کە هاتۆتە سەرشەقامەکان شیبکرێنەوە، ئەوانەی کە ڕابەرایەتی خۆپیشاندەرەکان دەکەن، دژبەرەکانن کە لە ڕووی ژمارەوە کەمینەن و زۆرترین ئامادەییان هەیە". لە درێژەی شیکردنەوەکەدا لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی ڕابەرانی خۆپیشاندەرەکان، سوپا دەنووسێت: "پێویستە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕابەرانی خۆپیشاندانەکان بەشێوەیەکی سەخت بێت".سەبارەت بەدەستەی دووەم کە دادخوازەکانن، سوپای پاسداران دەنوسێت: "کەسانێك هەن کە خوازیاری جێگیربوونی دادپەروەرین، ئەم کەسانە پێیانوایە کە دەناڵێنن بەدەست نادادییەوە و تینوی دادپەروەرین". سەبارەت بە دەستەی سێهەم کە نوێگەرەکانن، سوپای پاسداران دەنوسێت :"ئەم دەستەیە پێك دێت لەو گەنجانەی کە یاساو ڕێساکانی ئەم دەسەڵاتەیان بەدڵنییە و پەسەندی ناکەن، ئەمانە لە ژیانی لۆکاڵی دابڕاون و لەهەمانکاتدا دەستیشیان بەمۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە ناگات و بەجۆرێك دوچار بە سەرلێشێواوی بوون و هەڵگری پرسیارە بێ وەڵام و گرێ زەینییەکانی خۆیانن، بە وتەی خۆیان دەیانەوێت تەنها بژین و دورشمی ژن، ژیان ئازادی دەڵێنەوە بە بەردەوامی". لە کاتێکدا کە دەزگاکانی دەوڵەت لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێشتر خۆپیشاندەرەکانی بەناوەی "دوو هەزارەکان" ناوزەند دەکرد، بەڵام سوپای پاسداران بە "نوێگەرەکان" ناوزەندیان دەکات و پێیوایە: "ئەم گەنجانە بەرهەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن و لە سەردەمی کۆرۆنادا گەورەبوون و هەر لەبەر ئەو هۆیە هەستیارن و پێویستیان بە پەیوەندی، گفتوگۆ، ڕوونکردنەوە و کاری ڕۆشبیرین". سەبارەت بە دەستەی چوارەم کە تەنگدەستەکانن، سوپای پاسداران دەنوسێت:" زۆرترین ڕێژەی بەشداربوو لە خۆپیشاندانەکاندا ئەم دەستەیە پێکی دەهێنێت" .تەنگدەستەکان لە دیدی سوپای پاسدارانبدا :"ئەو چینە لاوازەن کە لە ژێرگوشاری ئابووریدان و لەهەمانکاتدا چینی مامناوەندیش دەگرێتەوە کە ڕووەو ئەوە دەڕۆن کە بچنە قۆناغێك خوارتر" .سوپای پاسداران لە درێژەی نووسینەکەیدا سەبارەت بەم دەستەیە دەنوسێت: "ئەمانە تەنها خوازیاری باشترکردنی هەلومەرجی گوزەرانن و ئەوەی ئەوانی هێناوەتە سەرشەقامەکان تەنها گرانییە و تەنها ڕێگەی ئارامکردنەوەیان باشترکردنی باری گوزەرانیانە". لە کۆتاییدا سوپای پاسداران بۆ جڵەوکردنی خۆپیشاندانەکان –یاخود بە دەربڕینی خۆیان بەڕێوەبردنی نارەزایەتییەکان- بە پێویستی دەزانێت کە چەند هەنگاوێکی پلان بۆ درێژراو بنرێت لە ڕووەکانی ئاسایش، دادوەری، کلتوری، ئابووری.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## دۆخی دەسەڵات

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەردوو وڵاتی ئەفغانستان و عێراق هێزەکانی کشاندەوە لەبەرئەوەی نەیدەتوانی هاوکات بەرگەی تێچووی جەنگ لە دوو وڵاتدا بگرێت. ڕووسەکان بۆ زیاتر خۆئامادەکردن بۆ شەڕی ئۆکرانیا، ناچاربوون بوونی سەربازی خۆیان لە سووریا کەمتر بکەنەوە. لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە کاتێکدا کە هەژمونی لە چوار وڵاتی ناوچەکە -عێراق، سووریا، لوبنان، یەمەن-ڕوو لە بەرفراوان بوونە، بەرەیەکی جەنگی دیکەی لەخۆی کردۆتەوە کەشەڕی ئۆکرانیایە، لەلایەکی دیکەوە دۆخی ئابووری ئێران بەر لە دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان، بەهۆی سنوورداربوونی هەناردەکردنی نەوت و هەڵنەگرتنی سزاکان، لە قەیراندا بوو و بەدڵنیاییەوە لە ئێستادا بە هۆی بەردەوامی خۆپیشاندانەکان دۆخ و گوزەرانی هاوڵاتیان خراپتر بووە، پرسیاری سەرەکیش لێرەدا ئەوەیە کە ئێران چۆن دەتوانێت لەسەر ئەم ڕێگەیە بەردەوام بێت لە کاتێکدا کە دۆخی ناوخۆ تا دێت زیاتر ڕوو لە ئاڵۆزی دەکات؟

دەکرێت وەڵامێکی خێرای ئەم پرسیارە لە خودی شەڕی ئۆکرانیادا بدۆزینەوە، لەم ماوەیەی ڕابردوودا ڕووسیا 140 ملیۆن یۆرۆی داوە بە ئێران لە بەرامبەر کڕینی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکاندا، هەروەها مۆسکۆ لەگەڵ تاران ڕێککەوتووە لەسەر گواستنەوەی پێداویستییەکانی دروستکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئێرانەوە بۆ ڕووسیا، هەروەها ڕووسیا سیستمی موشەکی بەریتانی (NLAW) دژە تانک، موشەکی ئەمریکی (Javelin) و موشەکی (Stinger) دژە فڕۆکەی داوە بە ئێران بۆ لێکۆڵینەوە و دروستکردنی هاوشێوەکەی.

ئەوەی خرایەڕوو ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئێران لە شوێنێک سەرمایەگوزاری ناکات گەر سوودی سیاسی و ئابووری نەکات، لەکاتی سەختبوونەوەی سزاکانی سەر ئێران لەسەردەمی ترامپ، عێراق -بە ئێستاشەوە-سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی دراوی قورس بوو بۆ ئێران. سووریا هۆکاری گەیاندنی ئێران بوو بەدەریای سپی ناوەڕاست. بانقەکانی ئێران لوبنان سەرچاوەی سپیکردنەوەی پارەی ئێران بوون. یەمەنیش سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئێران لە ڕووی بازرگانی و ئابووریەوە.

بەو شێوەیە دەردەکەویت ئەو وڵاتانەی کە ئێران لە ڕووی هەژموونی سیاسییەوە باڵادەستە تیایاندا، سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتیشە. ئێران لەیەککاتدا هاوشانی بردنە پێشی پرسە سیاسییەکانی، کار لەسەر پەرەدان بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیشی دەکات. هەر وڵاتێک لەو وڵاتانەی کە ئێران تیایاندا باڵا دەستە، جگەلەوەی کە هێزەکانی سەربەخۆی دەتوانن سەرچاوەی دارایی بۆ خۆیان دابین دەکەن لەڕێگەی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا و بارگرانی نابن بەسەر تارانەوە، لەهەمانکاتدا دەرفەتی ئابووری گەورەش بۆ خودی ئێران دەڕەخسێنن.

## دەرەنجام

ه کێشەی سەرەکی جووڵانەوە ناڕەزایەتییەکان لە ئێران نەبوونی سەرکردایەتییەکەی ڕێکخراو و پرۆژەی سیاسی بووە، هەر بۆیە سەرباری بەهێزی جووڵانەوەکان، دەسەڵات لە ئێران توانیویەتی سەرکوتی بکات و کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنێت.

2. پرسی پشتگیری کردن لەناڕەزایەتییەکانی ناو ئێران لە لایەن وڵاتانی ناوچەکە هێندەی پەیوەندی هەیە بە پاشەکشە پێکردنی ئێران لە زۆرێك لەپرسەکانی ناوچەکە هێندە پەیوەندی نییە بەڕوخاندنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران.

3. ئەوەی زیانمەند دەبێت تەنها هاوڵاتییە کە بەشێوەیەکی بێبەزەییانە سەرکوت دەکرێت بەبێ ئەوەی هیچکام لە خواستەکانی بگاتە جێ، پەنابردنی خۆپیشاندەریش بۆ کاری توندوتیژی بە هاندانی دەرەکی بەهێزترین پاساوە بۆ دەسەڵات تا بە شێوەیەکی درندانە ڕووبەڕووی خۆپیشاندانەکان ببێتەوە.

4 ئەوەی لە ئێران دەگوزەرێت خۆپیشاندانە نەک شۆڕش، ئەوەش کە دەتوانێت چارەنووسی خۆپیشاندانەکان دیاری بکات، خواستی ئەو هاوڵاتیانەیە کە تەمەنیان لە نێوان 35-45 ساڵدایە و تائێستا بڕیاریان نەداوە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ڕووبەڕووی دەسەڵات بوەستنەوە.

5. شێوازی مامەڵەکردنی دەسەڵات لە ئێران لەگەڵ خۆپیشاندانەکان، هاوشێوەی شێوازی دانوستانەکانێتی لەسەر پرسە جیاوازەکان نموونەی دانوستانەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا لەسەر دۆسێی ئەتۆمی.

6. دەسەڵات لە ئێران دەیەوێت لە ڕێگەی درێژبوونەوەی خۆپیشاندانەکان، خودی شەقامی ئێرانی و ڕای گشتی بکات بەدژ خۆپیشاندەرەکاندا.

7. تا ماوەی خۆپیشاندانەکان زیاتر درێژە بکێشێت، ئەگەری دووبارە بوونەوەی خۆپیشاندان لە داهاتوودا کەمتر دەبێتەوە بەو پێیەی ئەستەم دەبێت لە کورت مەودادا هاوڵاتی ئێران ئامادە بێت هەمان ئەزمونی شکستخواردوو دووبارە بکاتەوە، هەر بۆیە دەکرێت بوترێت کە درێژ بوونەوەی ماوەی خۆپیشاندانەکان زیاتر لەبەرژەوەندی دەسەڵاتە تا خۆپیشاندەرەکان.

## سەرچاوەکان:

1. پیش‌زمینه اقتصادی اعتراض‌ها؛ شرایط زندگی ایرانی‌ها نسبت به خرداد ۸۸ و آبان ۹۸ چقدر بدتر شده است؟
2. د.سهرة القاسم إلى أين تنتهي مظاهرات "النساء" في إيران؟
3. كريم صالح:مظاهرات إيران.. هل يلقى الملالي مصير الشاه؟
4. تقرير أميركي: الأقليات العرقية قد تحسم مصير النظام في إيران
5. هل تهدد الاحتجاجات الحالية مصير القادة الإيرانيين؟
6. أحمد عبد الحكيم: بين العنف والصمود... أي مصير ينتظر احتجاجات إيران؟باسل درويش :الاقتصاد وليس الحجاب سبب تظاهرات إيران.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

# وەرگێڕان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# بە کەمینەکردنی ئەوی دیکە: ستراتیژە توێنەرەکانی دەوڵەتی ثیۆ-ئیتنۆکراتی(١) ئێران(٢)

**د. ئەحمەد محەمەدپوور** | پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی ماساچوسێت - ئەمریکا

**د. کەمال سولەیمانی** | پرۆفیسۆر لە زانکۆی ئێل کۆلێیۆ دێ مێهیکۆ-ئەمریکا

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: گەلاوێژ سۆفی




1- Theo-ethnocratic

٢- ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بە زمانی ئینگلیزی بریتییە لە: 'Minoritisation' of the other: the Iranian theo-ethnocratic state's assimilatory strategies by: Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani (https://doi.org/10.1080/13688790.2020.1746157)

- gentrification پرۆسەیەکە بەهۆیەوە سیمای ناچەیەکی هەژارنشین دەگۆڕدرێت لەلایەن کەسانی دەوڵەمەندو کاربەدەستەوە، لەڕووی خانوبەرەو بازرگانی و - زۆرجار دانیشتوانی ناوچەکە ئاوارە دەکات.

## پوخته

پاش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن لە ئێران لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، دەوڵەت کورد و خەباتی سیاسیی ئەوانی وەک هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ سەر یەکپارچەیی خۆی دەزانێت. هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی - پاش شۆڕشی ١٩٧٩ – سیاسەتی بە ئەمنیەتکردنی دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەبە (ڕۆژهەڵات) ناسراوە بە توندی چڕتر کردەوە. ئەم وتارە، بە دواداچوون بۆ ستراتیژە دژە کوردییەکانی کۆماری ئیسلامیی دەکات کە ڕاستەوخۆ پاش شۆڕش دەستی پێکرد. ئەو سیاسەتانە دەتوانرێت بە باشترین شێوە وەک گشتگیریی هەڵاوێرکراو تایبەتمەند بکرێن. لەم کایە سنوردارەی ژیانی سیاسیدا، کوردەکان ملکەچی خەباتی ڕۆژانەی پاراستنی شوناسیان. ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ستراتیژە توێنەرەوەکانی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ڕێگەی میلیتاریزەکردن و گۆڕینی کولتووریی و دیمۆگرافی بەردەوامی ناوچەکەوە ئەنجام دەدرێت.

**وشە سەرەکییەکان:**

ڕۆژهەڵات، کەمینەسازی، میلیتاریزەکردن، کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی، گۆڕینی کولتوور، دژەگەشەپێدان، ئێران.

## بەرایی

بە ئیلهام وەرگرتن لە ئەزموونی ژیانمان لە ژێر سایەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا (لەمەودوا IRI) و بەسوود وەرگرتن لە کۆکراوەی زانیاریە ئیتنۆ گرافییە ڕاستەوخۆکان کە لەڕێگەی چەندین تەکنیکەوە کۆکراونەتەوە – بە بەشداری چاودێران، چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوە لە ئەرشیفەکان – ئەم لێکۆڵینەوەیە لە فۆڕمە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی و تواندنەوەی زۆرەملێی کوردەکان لە سەر دەستی دام و دەزگاکانی دەوڵەتی ئێران دەکۆڵێتەوە. بە زانینی ڕاستەوخۆی ئەم پرۆسانە، هیوا خوازین هەم کاریگەریەکانیان و هەمیش ئەو ڕێگایانەی کە کورد هەوڵی بەرەنگاربوونەوەیانی داوە بگەیەنین.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، کورد وەک – کۆمەڵگەیەکی کۆڵۆنیکراوی ناوخۆیی لە لایەن دەوڵەتی فارسی – شیعی باڵادەستەوە – بە کۆمەڵگەیەکی ناسەروەر دەناسێنین[1]. لێکۆڵینەوەکەمان سوود لەو بەرهەم و لێکۆڵینەوانە وەردەگرێت کە ڕەنگدانەوەی پێناسەی نوێکراوەن بۆ چەمکی سەروەریی لە لایەن زانایانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤناسییەوە[2]. بەم شێوەیە، سیاسەتی ئێران، دابەشکراوە بەسەر کۆمەڵگە سەروەر و ناسەروەرەکاندا، کە کوردەکان دەکەونە ژێر پۆلێنی دووەمەوە. ئێمە دەڵێین کە کەیسی ڕۆژهەڵات[3]، لەبەر سروشتە کۆمەڵایەتییەکەی، ڕەهەندێکی نوێی دۆخی هەڵاواردن[4] نیشان دەدات کە بەلایەنی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کەمەوە، یاساکان تێیدا هەڵپەسێردراون، چونکە کوردەکان لە ڕووی نەتەوەیی و ئایینییەوە جیاوازن لە کۆمەڵگەی دەسەڵاتداری پێرسۆ – شیعی. لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، ژیان لە ژێر سایەی دەوڵەتی هەڵاواردندا، دۆخی کۆمەڵایەتی – سیاسیی و ئابووری ڕۆژهەڵات ئەوەی دەرخستووە، کە ڕژێمی ئیسلامی ئەم ناوچەیەی کردووە بە ناوچەیەکی ئەمنی.

لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوێنی ژمارەیەک هەوڵی دووبارە بووەوە بووە بۆ ئۆتۆنۆمی سیاسیی[5]. وێڕای ئەوە، بە هۆکاری جۆراوجۆر، مێژووی هاوچەرخی سیاسیی ڕۆژهەڵات لە بواری لێکۆڵینەوەکانی ئێراندا، بە مەبەست پشتگوێخراوە. سەرەکیترینی ئەم هۆکارانەش سیاسەتی ڕژێمی ئێرانە لە چاودێریکردنی هەر توێژینەوەیەک لە سەر کۆمەڵگەی کوردی و گۆشەگیرکردنی ئەو توێژەرانەی کە سەبارەت بەم بابەتە دەنووسن. لەوانەیە ئەمەش هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی کە سکۆلارشیپی فارسی لە سەر ڕۆژهەڵات زیاتر لە لایەن کەسانی سەربازی پێشووەوە بەرهەم بهێنرێت کە نوێنەرایەتی بۆچوونە ئەمنیەکانی دەوڵەت بە باشترین شێوە دەکەن.

سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێران بەرامبەر بە کورد – بە بەراورد بە سیاسەتەکانی سووریا و تورکیا – بە ناڕوونی سیاسەتەکەی دەناسرێتەوە کە لە یەک کاتدا دانیان پێدا دەنێت، نکوڵیان لێدەکات و هەوڵی تواندنەوەشیان دەدات. لەم ماستەر پلانە تایبەتەدا، کوردەکان وەک ئێرانی جێگیر کراون و لەگەڵ ئەوەشدا، ناسنامە جوداکەیان ڕەتدەکرێتەوە: ئەوان لە ڕووی دەستووریەوە لە دەسەڵات دوور خراونەتەوە. سەروەریان بۆ سەروەریی نەتەوەی – ئیتنۆ نەفرەتە، ئەوان ئامانجی یەکەمی گەشەسەندنی ئایینی یەک – نەتەوەیی دەوڵەتن. ستراتیژی تواندنەوەی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵات، لە سیاسەتی زلهێزە کۆڵۆنیالەکانی ڕۆژئاوا دەچێت، کە لە دژی کۆمەڵگە پەراوێزەکان لەسەردەمی کۆڵۆنیالیزمی ڕۆژئاوادا بەسەر دانیشتوانی ڕەسەنی ئەفریقا و ئەمریکای لاتینیدا سەپێنرا.

سیاسەتی دەوڵەت لەسەرکوتکردن و تواندنەوە بەرامبەر ئیتنۆ – نەتەوەی نافارس سەرەتا لە لایەن شانیشینی پەهلەویەوە (١٩٢٥ – ١٩٧٩) پەسەند کرا. هەرچۆنێک بێت، لێرەدا، ئێمە بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت دەکەینە سەر ئێرانی پاش شۆڕش، کە تێیدا مەیلی ناسیۆنالیستی پەهلەوی لە شیعیزمی ئاپۆکالیپتدا، کە دەبێتە هۆی فۆڕمی نوێی خەیاڵکردن و پابەند بوون بە“نەتەوە”وە جێگیر کراون. بۆیە دوای پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی گشتی مێژوویی لە ڕەوتە سەرەکییە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوی، سەرنجمان لەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی پاش شۆڕش و کاریگەری ئەم جۆرە سیاسەتانە لە سەر پەیکەری کۆمەڵایەتی – کولتووری ڕۆژهەڵات دەبێت. بە سەربازیکردنی کوردستان

لە ڕێگەی دروستکردنی جاشەوە (هاوکاری لەگەڵ دەوڵەت)، ئەم بابەتە بەدواداچوون بۆ ئەو درز و چەقبەستوویيە کۆمەڵایەتییە قەرەبوو نەکراوە دەکات کە دەوڵەتی ئیسلامیی لە کوردستان دروستیکردووە.[6]

هەروەک لەم وتارەدا باس دەکرێت، هەردوو دەوڵەت و ڕۆشنبیرانی فارس گوتارێکی هەژموونگەرایانەیان پەرەپێداوە لەسەر بنەمای ئەوەی نەتەوەی ژێر دەستە (بە واتایەکیتر کوردەکان) وەک هەڕەشە دادەنرێت. بۆ قسەکردن لە سەر ئەم واقیعە. ڕاسمۆس مەسیحی ئێلینگ، نووسەری کەمینەکان لە ئێران پێداگری دەکات کە "کاتێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە لەگەڵ... جەختکردنەوە لە سەر شوناسی نەتەوەیی و داواکاری بۆ مافی کەمینەکان، نوخبەی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری زاڵ لە ئێران، زۆرجار بەترس و هاوارەوە[7] کاردانەوەیان دەبێت". تێبینییەکەی ئێلینگ لە لایەن گرووپێکی کەمایەتی توێژەرانی فارسی وەک مصطفی وەزیری[8]، مهرزاد بروجردی[9]، علی ڕەزا اصغرزادە[10]، ڕەزا زیا ابراهیمی[11] و ئەفشین مەتین – ئەسغەری[12] پشت ڕاست دەکرێتەوە. بە تەحەدای گوتاری سەرەکی ناسیۆنالیستی ئێران، مهرزاد بروجردی جەخت لەوە دەکاتەوە کە نوخبەی ڕۆشنبیرو و سیاسییەکانی ئێران بە هەمان شێوە بوونەتە قوربانی پێناسەیەکی مێژوویی" ناسنامەی ئێران" ی ڕەسەن.[13] بەداخەوە بروجردی خۆشی بووەتە قوربانی پێناسەی شوناسی فارسی وەک شوناسێکی گشتگیر کاتێک شوناسە نافارسەکان وەک تایبەتمەندی خێڵەکی لەلایەن ڕەزا شاوە لۆمە دەکات. ئەو بەبێ ئەوەی هەستی پێبکات بەرگری لە لەناوبردنی ئەم بەناو تایبەتمەندیگەرایانە دەکات لە لایەن ڕەزا شاوە. ئەو ئەم جۆرە لەناوبردنە وەک مەرجێکی پێویست بۆ دامەزراندنی یاسا و ڕێسا ئەوەی کە نافارسەکان وەک زاڵبوونی کۆلۆنیاڵی فارسی چاو لێدەکەن، هەست پێدەکات.[14]

## لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمی فارسی و ئەوی دیکەی

بۆ ئەوەی باشتر لەو گۆڕانە بنەڕەتیانە تێبگەین کە لە ڕێیانەوە ستراتیژە توێنەرەوەکانی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵات کاردەکەن، زۆر گرنگە سەرنجێکی کورت سەبارەت بە "سیاسەتی مۆدێرنیتە" لە ئێراندا پێشکەش بکەین، کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەلایەن حکومەتی پەهلەویيەوە کرایەوەو سەپێنرا.

ڕەگ و ڕیشە فکرییەکانی سیاسەتی مۆدێرنیتە دەکەوێتە قۆناغی مشتومڕی فکری نێوان ڕۆشنبیرانی فارس کە ئیلهامیان لە شێوازی یورۆ سەنتەری "زانین" و لە هەمانکاتدا بیرۆکەی بنیاتنانی – نەتەوە وەرگرتووە. ئامانجی ڕۆشنبیرانی ئێران گەڕاندنەوەی ڕابردووی شکۆمەندی خەیاڵی ئێران بوو کە گوایە دوای چەندین سەدە لە زاڵبوونی ئیسلامی-عەرەبی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بێڕێزی پێکراوە، یەکخستنەوەی وڵاتێکی خەیاڵی بوو کە پێشتر هەرگیز بوونی نەبووە. دوای ئەوەی ڕۆشنبیرانی ئێران مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییان گرتەبەر، دەستیان کرد بە داڕشتنی ئەجێندایەکی سیاسی بۆ کۆد کردنی زمانی فارسی و کەمکردنەوەی کاریگەری ئیسلامی شیعە. گەیشتنی ڕەزا شا بە دەسەڵات بە درووشمی "یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک وڵات" زەمینەی سیاسی بۆ بە ماتریالی کردنی ئەوەی کە ڕۆشنبیرانی ئێران بۆ چەندین دەیە خەونیان پێوە دەبینی، خۆشکرد. گوتاری شارستانییەتی ڕەزا شا بە قۆناغی بنبڕکردنی شێوازی ژیانی نەریتی و تواندنەوەی ئەوانی دیکەی ئیتنۆ-ئایینی ناوزەد دەکرێ. ڕەزا شا بۆ ئەوەی سیاسەتەکانی مۆدێرنیتەی خۆی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، سوپایەکی نوێی هەمیشەیی پەرەپێداو بیرۆکراسییەکی بەرفراوانی لەسەرانسەری ئێراندا دامەزراند. بە بەکارهێنانی هەڵمەتێکی سەربازی و سیاسی دڕندانە، ڕەزا شا بە زۆر "هۆزەکانی "نیشتەجێکرد، زمانی فارسی کردە فەرمی، کۆدی جل و بەرگی سەپاند، حیجابی لادا، و هەر بەرخۆدانێک لە دژی دەسەڵاتی پاشایەتییەکەی سەرکوتکرد. لە کەمتر لە دەیەیەکدا، توانی دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت و دەسەڵاتی دادوەری و هەندێک دامەزراوەی پەروەردەیی لە پیاوانی ئایینی پاک بکاتەوە.

پرۆژەی ناسیۆنالستی پەهلەوی، کە لە دەوری ستانداردکردنی کولتوور و مێژوو دەسووڕایەوە، ئامانجی سڕینەوەی تەواوەتی شوناسی نا فارسەکانە یان پێناسەکردنەوەی بە شێوەیەک کە بتوانێت لەگەڵ چەمکی "شوناسی نەتەوەیی" کە فارسی سەنتەر بێت بگونجێت. بەڵام، لەنێوان ساڵانی ١٩٢٠ بۆ ١٩٤٠، ئەم سیاسەتانە ڕووبەڕووی بەرخۆدانی سیاسی بوونەوە لە کوردستان، بۆ نموونە لە لایەن بزووتنەوە سیاسییەکانی سمایل ئاغای سمکۆ (١٨٢٩ – ١٩١٨)، مەلا خەلیل[15](١٩٢٨)، عومەری حمەسوور[16](١٩٣٩)، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژێکاف ١٩٣٨)وە نوێنەرایەتی دەکران. ئەم بزووتنەوانە کۆمارە کورت خایەنەکەی مهابادیان (١٩٤٥) بە دوادا هات کە لە کاتی لاوازی ڕەهای دەسەڵاتی تاراندا لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا دامەزرا.[17] ئەم بزووتنەوانە تەحەدای زاڵبوونی گوتاری ناسیۆنالیزمی فارسیان دەکرد و ئامانجیان خۆ بەڕێوەبەری کوردستان و زیندوو کردنەوەی کورد و شوناسەکەی بوو. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئازەربایجان و خوزستان لە دامەزراندنی وەشانی خۆیاندا لە خۆ بەڕێوەبەریدا هێزێکی مێژوویان نیشاندا.

سیاسەتەکانی مۆدێرنیتەی دەوڵەت لە سەردەمی محەمەد ڕەزاشادا (١٩٤١ – ١٩٧٩) بەردەوام بوو کە بە نیازی ئەوە بوو ناسیۆنالیزمی هاوچەشنگەرایی فارسی باوکی بەرەو پێشەوە بەرێت و دەوڵەتێکی

ناوەندی بەهێز پێکهێنێت. لوتکەی سیاسەتی محەمەد ڕەزاشا شۆڕشی سپی بوو(١٩٦٣) کە کۆمەڵێک چاکسازی لە سەرەوە بۆ خوارەوەی ئەنجامدا، سەرەکیترینیان چاکسازی زەوی و مافی دەنگدانی ژنان بوو. چاکسازی زەوی کە لە ساڵی ١٩٦٣دا دەستی پێکرد، تاساڵی ١٩٧٨ بەردەوام بوو، گوایە ئامانجی بێلایەنکردنی ئەو گرووپانە بوو کە دەوڵەت بە بەربەست لە بەردەم چاکسازی ئێراندا دەیبینین.[18] چاکسازی زەوی، بەلەبەرچاوگرتنی کەم و کوورپیە جۆراوجۆرەکانی، لە هەندێک ناوچەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە – ئابوورییەکانی پێشووی نێوان چینە گەورەکانی خاوەندارێتی زەوی و جووتیارانی گۆڕی. چاکسازی زەوی تا ڕادەیەک شێوازی بەرهەمهێنانی ستەمکاری درێژخایەنی باشتر کرد، لەڕێگەی دووبارە دابەشکردنەوەی زەوی لە نێوان جووتیارەکاندا. بەڵام، خۆشبەختانە بۆ دەوڵەت، دەستکەوتی سەرەکی چاکسازییەکان گۆڕینی دەسەڵاتی خاوەن زەوی بوو بەدەسەڵاتی دەوڵەت، کە بووە هۆی شارنشینی بێ سنوور.[19]

مۆدێرنیتەی هەرەمی لەسەردەمی پەهلەویدا ناوچە گوند نشینەکانی کوردستانی لە ڕووی ئابوورییەوە بە گەشەنەکردویی بەجێهێشت. لە کاتێکدا ژیانی شارەکان بە خێرایی گەشەی سەند. لە کاتێکدا کە دەوڵەت خەریکی چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بوو لە کوردستان، بەرخۆدانی سیاسیی کورد پاساوێکی دا بەحکومەت بۆ ئەوەی لە ناوچەکە بڕواتە دەرەوە و سیاسەتی ڕێگری لە گەشەسەندنی جێبەجێ بکات. پێکهاتەی ئابووری کوردستان، کە سەردەمانێک خۆبژێوی بوو، بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری نەریتی کاری دەکرد، ئابوورییەکی شارستانی بچووک جێگەی گرتەوە کە گوندنشینەکان زیاتر پشتیان پێی دەبەست. لەگەڵ دارمانی دوو پایەی سەرەکی پێکهاتەی ئابووری – کۆچەری شوانکاری و کشتوکاڵ – و لە غیابی هیچ بەدیلێکی وەک بازرگانی و پیشەسازی، ئابووری کورد زیاتر پشتی بە کەرتی خزمەتگوزاری و کارگێڕی بەست. بە درێژایی سەردەمی پەهلەوی، خەباتی کورد بۆ مافە سیاسیی و کولتوورییەکانی بە توندی بەرەنگاری کاردانەوە سەربازییەکان و دەستکاریکردنی کولتوور و دواکەوتوویی ئابووری بووە. پرۆسەیەک وەک عەباس وەلی بە "دیالێکتیکی ئینکاری و بەرخۆدان"وەسفی کردووە.[20]ناسیۆنالیزم بە سپۆنسەری دەوڵەت و پشتیوانی ڕۆشنبیرانی ئێران، گوتارێکی ناوەندگەرایی بنیاتنا کە هەر دانپێدانانێکی ناوخۆیی شوناس وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکپارچەیی نەتەوەیی ئێران چاوی لێدەکرا. تێڕوانینێکی فارسی سەنتەرو پلەبەندی لەو جۆرە سەبارەت بە گەشەپێدان، شوێنێکی بنچینەیی لە پرسەکانی مۆدێرنیتەو گەشەپێداندا داگیرکرد و لە قۆناغی دوای ١٩٧٩ بە تووندی بەردەوام بوو.

جیاواز لە بنەماڵەی پەهلەوی کە بە دوای

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پێشخستنی پارادایمێکی ناسیۆنالستی دژە مەلایی بوو، کۆماری ئیسلامیی خولیای جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی ئایینی بوو، و پەیوەندییەکی تووندی بە شیعەگەراییەوە هەبوو، کە میراتی دەوڵەتی سەفەوییە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە، مۆدێرنیتە گرژی لە نێوان ناسیۆنالیزمی ئایینی و ناسیۆنالیزمێکی تا ڕاددەیەک فارسی سکۆلاردا نیشاندا. هەردووکیان هەوڵیاندەدا بە شوناسی نەتەوەیی مۆدێرن بناسرێنەوە.

لە گوتاری دوای شۆڕشدا، پرۆگرامی مۆدێرنیتەی پەهلەوی، وەک بەشێکی یەکخراو یان تەنانەت داگیرکارییەکی کولتووری (تهاجم فرهنگی) هەژموونی ڕۆژئاوا کە لە مێژبوو شێوازی ژیانی ڕۆژئاوایی بڵاودەکردەوەو هاندەدا وەک پەروەردەیەکی سیکۆلار بەرگری لە ڕابواردن و سەرگەرمی و تێکەڵی ژن و پیاو و خواردنەوەو لە سەرو هەموشیانەوە لابردنی حیجاب[21]. لە دەیەی ١٩٦٠دا، ڕۆشنبیرانی وەک جەلال ئالئەحمەد، لە ڕەخنەکانیدا سەبارەت بە ڕۆژئاواگەرایی (غرب زادگی)، تەقەمەنییان بۆ ئەم ڕێبازە پیلانگێڕانەو کورتبینانەی نەمسیسی ڕۆژئاوا دابیندەکرد. دەستەواژەکانی وەک خۆبەگەورەزانی جیهانیی (أستکبار جهانی) و هەژموونی جیهان خۆری (جهانی- خوار) ی ڕۆژئاوا، بوونە مۆتیڤێکی دووبارەبووەوەی ئایەتوڵلا خومەینی. زاراوەیەکی دیکە، تاغووت یان حکومڕانی بتپەرست، لەنووسینەکانی عەلی شەریعەتیدا، کە ئایدۆلۆژیای شۆڕشی ئیسلامییە، بوونە دروشمی کۆبوونەوە جەماوەرییەکان. بۆ هەڵوەشاندنەوەی تاغووت، بنبڕکردنی ستەم و کۆتایهێنان بە ملکەچبوون بە بەها بیانییەکان مەرجی دانا.

خومەینی بە پشت بەستن بە میراتێکی هەزارساڵەی ئێرانی شیعی، خۆی وەک ئیمام وێناکرد. شای وەک دەسەڵاتێکی فیرعەونی و نوخبەی کۆنی بە بت پەرست و ئەمریکاش، کە گەورەترین دوژمنی ئایدۆلۆژی خۆی بوو وەک شەیتانێکی گەورە وەسف کرد.[22] ئەو ئیلهامبەخش بوو بۆ نەوەیەکی ناسیۆنالیستی ئایینی کە ناڕازیبوون لە شا هەم بە هۆی سیاسەتی کولتووری ناسیۆنالیزمی ئێران و هەمیش بەهۆی سکاڵایان بەرامبەر کاریگەرییە کولتووریی و سیاسییەکانی ڕۆژئاوا لە وڵاتدا.[23] لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە، ئێرانی پاش شۆڕش ئاماژە بوو بە گۆڕانێکی پارادایمی لە کورشی مەزنەوە(م. ٥٣٠پێش زایین)، کە نیشانەیەکی سەرەکی ئێرانی دێرین بوو بۆ ئیمام حسین (٦٢٦ – ٦٨٠زایینی) سێیەم ڕابەری ئایینی لە شیعەگەراییدا، کە بە تایبەتی لەگەڵ هەوڵە ئایدۆلۆژیەکانی وەک شەریعەتیدا، بووە بە سیمبولی شیعەی هاوچەرخ. بەڵام، ئەم گۆڕانکارییە پارێزگاری لە چەمکی ناسیۆنالیستی خۆی و بەکارهێنانی ئایین لە خزمەتی دەوڵەتی – نەتەوەدا کرد.[24] لە ڕێگەی دامەزراندنی دامەزراوە نوێیەکانەوە، کۆماری ئیسلامیی، ئیسلامی بە ناسیۆنالیستی کرد و ئایەتوڵلا خومەینی پێگەی نوێی ولایەتی

فقیهی داگیر کرد. خومەینی، وەک سەرکردە سەربازییە عەلمانییەکانی پێش خۆی، جەختی لە پێویستی پێکەوە هێشتنەوەی دەوڵەتی – نەتەوە دەکردەوە تەنانەت ئەگەر لە ڕێی بەکارهێنانی توندوتیژیشەوە بێت.

ئێرانی پاش شۆڕش شاهیدی گۆڕانکارییەکی پارادایمی بوو لە ناسیۆنالیزمێکی لاوازی عەلمانییەوە بۆ ناسیۆنالیزمێکی ئایینی. نوخبە سیاسییە نوێکان دەستیان کرد بە سڕینەوەی هەر بزوتنەوەو ڕەخنەگرێکی سیاسیی کە خەباتیان بۆ مافە ئیتنۆ – کولتوورییەکانی نافارسەکان دەکرد. ئەو کوردانەی کە چالاکانە بەشداری شۆڕشیان کردبوو، دواتر لە مافی زمان و شوناس و ئایین بێبەش کران (لە دۆسیەی کوردی سوننەدا). حزبە سیاسییە چەپەکان کە لە خەباتی سیاسیی و چەکداریدا لە دژی دەوڵەتی پەهلەوی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان گێڕابوو، بە شێوەیەکی دڕندانە لە کایە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکان دوورخرانەوە. دامەزراوە نوێیەکان بەڕێبەرایەتی پیاوانی ئایینی دەستیان کرد بە پاککردنەوەی ئەوانەی کە پیشتر بە تاغوت ناویان دەبردن. دروشمی نە ڕۆژئاوا و نە ڕۆژهەڵات کە لە لایەن پیاوانی ئایینی و شۆڕشگێڕانەوە دەوترایەوە، لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوبووەوە.[25]

### شۆڕشی نوێ و ڕۆژهەڵاتی پاش شۆڕش

تا هاتنی شۆڕشی ١٩٧٩، کورد و دوو پارتە سیاسییە سەرەکییەکەی: حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران[26] (KDPI)و ڕێکخراوی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کە ناسراوە بە کۆمەڵە: ڕێکخراو)هەوڵی دانووستانیاندا لەگەڵ حکومەتی نوێ و کاتی لە ڕێگەی ئۆرگانێکی تازە دامەزراو بەناوی نوێنەرایەتی دانوستانکاری گەلی کورد. بە ڕێبەری شێخ عزەدین حوسەینی[27]، نوێنەری کوردی لقی کوردستانی فەدایان خەلق و ئەحمەدی موفتیزادە(زانایەکی بەناوبانگی سوننە-کورد) و چەندین کەسایەتی دیکەی دیار.[28] شکستی دانوستانەکانی نێوان حکومەتی کاتی و گرووپی نوێنەرانی کورد، دەیەیەک نائارامی کۆمەڵایەتی – سیاسیی و شەڕی پێشمەرگە لە کوردستان بە سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵە و هەندێک گرووپی بچووکی دیکەی کورد لە دژی ڕژێمی ئیسلامی لێکەوتەوە. دەبێت ئاماژە بەوەش بکرێت کە سەرەتا موجاهدین و بەشێکی بەرچاو لە چەپەکانی ئێران پشتیوانیان لە خەباتی کورد دەکرد.[29] بۆ هەندێک، ئەمە لەوانەیە ڕەچاوکردنێکی تاکتیکی بووبێت لە دەرەوەی دوژمنایەتی دوولایەنە بۆ دەوڵەتی نوێ، هەندێکی دیکەش ڕەنگە لە دڵەوە باوەڕیان بە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەی کورد یان لانیکەم جۆرێک لە ئەتۆنۆمی فیدراڵی هەبوبێت.

لەشکرکێشییە سەربازییەکان دژی کورد بەشەڕی شاری سنە دەستی پێکرد کە بە (نەوروزی خوێناوی) ناسراوە، لە ڕۆژی سەری

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

ساڵی (١٣٥٨فەروەردین/ نەوروزی ١٩٧٩) لە نێوان هێزەکانی دەوڵەت لە لایەک و خەڵکی مەدەنی کورد لە لایەکی دیکەوە ڕوویدا. لە ٢٣ی ئازاری ١٩٧٩دا، شێخ عزەالدین، ڕێبەرێکی ئایینی کورد، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێدا هاتبوو کە نوێنەرانی ڕێکخراوە کوردییەکان و نوێنەرانی دەوڵەت بە سەرۆکایەتی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی، لەسەر ئاگربەست ڕێککەوتوون بۆ کۆتایهێنان بە "شەڕی ناوخۆ". لە٢١ی تەمووز تا ٤ی ئابی ١٩٧٩، ڕەوێکی مێژوویی بۆ مەریوان ڕوویدا خەڵکی مەریوان بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی شار خۆپیشاندانێکی دژە جەنگیان ڕێکخست، لە دەوروبەری شار کەمپێکیان ساز کرد، کەمپینەکە پشتیوانی خەڵکی شارەکانیتری کوردستانی وەک سنە، سەقز، بۆکان، بانەو و مەهابادی پێگەیشت کە وەک نیشاندانی هاوسۆزی ڕێپێوانیان بەرەو مەریوان ئەنجامدا.[30] لە١٩ی ئابی ١٩٧٩دا، خومەینی فەتوایەکی دەرکرد (لە ڕۆژنامەی کەیهاندا بڵاوکرایەوە) فەرمانیدا بە سەرکوتکردنی تەواوی گەلی کوردی ئێران، فەرمانێک کە کوردانی ڕۆژهەڵات "بە جیهاد دژی کورد دێتەوە یادیان". خومەینی پاشماوەکانی سوپای شاو سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی (لەمەودواIRGC) لەگەڵ سکوادی مەرگ بە سەرۆکایەتی خەڵخاڵی (پیاوێکی ئایینی بەدناوە، بە دادوەری سێدارەی ئێران ناسراوە)، لە کوردستاندا بڵاوکردەوە[31]. بە مەحکومکردنی سەرجەم پارتە سیاسییەکان بە"سزای لە سێدارەدان"، خومەینی ئەم دروشمەی شوێنکەوتوانی دووپات کردەوە – کە هێرشیان کردبووە سەر گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان لە تاران لە هەفتەکانی ڕابردوودا – و هاواریان دەکرد"تەنها یەک حزب هەیە، کە حزبی خودایە". دوا بە دوای ڕاگەیاندنی جیهاد لە دژی کورد لە لایەن خومەینییەوە، سوپای پاسداران دەستی بە داگیرکاریەکی تەواوی کوردستان کرد کە هەڵمەتێکی سێ مانگی بە دوادا هات بۆ پاککردنەوەی مۆڵگەکانی کورد، بە تایبەتی لە سەقز و مهاباد و دواتریش لە پاوە و بانە و سەردەشت[32]. دەستبەسەردا گرتنی مەهاباد لە ئابی ١٩٧٩دا مەودای دڕندەیی ئەو کۆمەڵکوژییەی دەرخست کاتێک سوپا گەمارۆی شارەکەیدا بە پاڵپشتی فڕۆکەی جەنگی F-4 و تانک و تۆپخانە. لە بەهاری١٩٨٠دا، ئەبوحسن بنی صدر، سەرۆکی فیعلی ئەو کات و فەرماندەی باڵای سوپا فەرمانی بە سوپا کرد تا کوردستان پاک نەکەنەوە، پێڵاوەکانیان دانەکەنن. پاش"فەتحی کوردستان"، خەباتی چەکداری چڕتر بووەوە و کوردستان وەک تاکە شوێنی بەرگری چالاکانەی پێشمەرگە لە نێوان ساڵانی١٩٨٠-١٩٨٩مایەوە. لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان بە کۆمەڵکوژی لە قەرنە[33] لە ٢ی ئەیلوولی ١٩٧٩قەڵاتان لە٢٦ی ئازاری ١٩٨٠ دەستی پێکرد، ئەم کۆمەڵکوژیانە وەک لە ڕاپۆرتەکانی بەرپرسانی دەوڵەتدا بۆ خومەینی هاتووە، بە هۆی ململانێی ئیتنیکی نێوان

کوردی سوننە و تورکە شیعەکان لە پارێزگای ئازربایجانی ڕۆژئاوا بووە.[34]

شەڕی ئێران – عێراق، کە لە ساڵی ١٩٨٠ دەستیپێکرد و تاساڵی١٩٨٨درێژەی کێشا، کوردستانی کردە یەکێک لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕەکە لە دوای شەڕی ئێران – عێراق، گرووپە ئۆپۆزسیۆنە کوردەکان ناچار کران بەرەو کوردستانی عێراق دەربەدەر ببن. بوونی ئۆپۆزسیۆنی کوردی لە سنووری ئێران – عێراق، هاوکات لەگەڵ ئۆپەراسیۆنە ناو بەناوەکانیان، پاساویان بە ڕژێمدا بۆ زیاتر بە سەربازیکردن و خستنە ژێر چاودێری هەموو لایەنەکانی ژیان لە کوردستاندا. زۆرجار کردووە مەدەنییەکانی کورد بە کێشەی ئەمنی دادەنران و سزایەکی حکومییان بەسەردا دەسەپێنرا. چەقبەستوویی دۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسی لە دەیەی ١٩٨٠ بۆ کۆتاییەکانی ١٩٩٧، ژمارەی ئەو کوردانەی کە بە خواستی خۆیان یان بە زۆر چووبوونە ناو دامودەزگاکانی ڕژێمەوە زیادیکرد.

لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، هەڵمەتی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامیی لە دژی کورد، هەندێک تایبەتمەندی سیاسی هاوپەیوەند بە ناوخۆی لە خۆگرتووە. سەردەمی پەیوەندی دەوڵەت-کورد لەساڵی ١٩٧٩ تا کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران-عێراق (لە تەموزی ١٩٨٨) خایاند، شایەتی تەسکبوونەوەیەکی بەردەوام و بێبەزەییانەی فەزای سیاسی بوو بەهۆی لەناوبردنی دوژمنانی شۆڕشەوە.[35] لە حوزەیرانی ١٩٨٩ و پاش مردنی ئایەتوڵڵا خومەینی، خامنەیی وەک ڕێبەری باڵا ناسێنرا و عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی بووبە سەرۆکی ئێران کە دووەم سەرۆک کۆماربوو. ڕەفسەنجانی لە ماوەی سەرۆکایەتیەکەیدا کە دەوڵەت بە قۆناغی ”ئاوەدانکردنەوەو پراگماتیزم“ ناوی دەبرد، سەرنجی لەسەر گەشەسەندنی تاک ئیتنۆی-ئایینی و سەر لە نوێ ئاوەدنکردنەوەی دوای شەڕ بوو. کۆمەڵگەی مەدەنیی و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی-سیاسی بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو لەناوچوو بوو. لە بری ئەوە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و ڕێکخراوی بەسیجی ستەملێکراوان (لەمەودوا OMO)، دوو هێزی سەربازی بوونە بریکاری جێبەجێکاری بنیاتنانەوەی ئابووری، دەستیان بەسەر هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا گرت و دەسەڵاتی خۆیان لە ئێران چەسپاند. بەڵام سیاسەتی ڕژێم بەرامبەر کورد وەک خۆی مایەوە. سوپای پاسداران و بەسیج بوونە هێزی ڕاستەقینەی دەسەڵاتدار و ئاڕاستەکەرانی دەوڵەت لە کوردستاندا.

بە هەڵبژاردنی سەرۆکی بەناو ڕیفۆرمخواز، محەمەد خاتەمی و ئەو دابەشبوونە ئاشکرایەی لە چینی فەرمانڕەوادا روویدا، تاڕادەیەک سانسۆری دەوڵەتی کەمکردەوەو پانتاییەکی بچووکی بۆ ماس میدیا و هەروەها سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی زمانەوانی و کولتووری و تەنانەت سیاسی کۆمەڵگە بە کەمینە کراوەکان کردەوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بێگومان، ئەم کایە کراوەیە، تا ڕادەیەک دەرئەنجامی نەخوازراوی دابەشکارییە ناوخۆییەکانی ناو پێکهاتەی دەوڵەت بوو. ئەگینا، سیاسەتەکانی ڕژێم بەرامبەر ئیتنۆ-نەتەوەی نا فارس وەک خۆی مابووەوە. خاتەمی بە وتنەوەی درووشمی "دیالۆگ لە نێوان شارستانییەتەکان" هاتە سەر دەسەڵات، کە لە بنەڕەتدا ئامانجی کۆتاییهێنان بوو بە گۆشەگیری سیاسی ئێران. سەرەڕای ئەوەش، ڕژێمەکەی هەرگیز لەگەڵ ئیتنۆ-نەتەوەی کەمینەکراودا خەریکی "دیالۆگ" نەبووە لە ناو ئێراندا. بە جەختکردنەوەیەکی وەها لەسەر دیالۆگ لەگەڵ جیهان، بە بێ ویستی خۆی، فەزایەکی سنوورداری بۆ زیندووکردنەوەی کولتووره ژێردەستەکانی وەک کورد کردەوە.

قۆناغی چوارەمی کۆماری ئیسلامیی لەساڵی ٢٠٠٥ بە سەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاد دەستی پێکرد.[36] درووشمی ئەحمەدی نەژاد بریتیبوو لە بنیاتنانی "حکومەتی بەزەیی"-حکومەتێک گوایە لەسەر بنەمای "دادپەروەری، یەکسانی و خۆشەویستی " حکومڕانی بکات. لەسەردەمی ئیدارەی ئەحمەدی نەژاددا، ژێرخانی کۆمەڵایەتی-ئابووری کوردستان کەوتە ژێر هەڕەشەیەکی دەوڵەتیی گەورەترەوە، چونکە ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبەری بەمەرج پەسەندکراوی کورد لە باشوور (باشووری کوردستان/عێراق) بوو بە واقیع. ڕێوشوێنی ئەمنی نوێ خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، سیاسەتی ئاسایش و سەربازیکردنی حکومەتەکانی پێشوو بە خۆڕاگرییەکی زیاترەوەو پەیڕەوکرا. لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاددا، بە شێوەیەکی سیستماتیکی سیاسەتی دژەگەشەسەندن فراوانتر بوو، بێکاری زیادی کردو خەڵک دەبوو بەدوای دامەزراندندا بگەڕێن لە دامو دەزگاکانی دەوڵەتدا، یان کارە وەرزییەکانی وەک کۆڵبەری (کاری سنوور بەزاندن)ئەنجام بدەن، یان کارکردن لە کارگەکانی خشت لە شارە غەیرە کوردەکانی ناوەڕاستدا. لە ڕاستیدا، کۆڵبەری جیاوازە لە قاچاخچییەتی کلاسیک لە کوردستان و بەرهەمی سەردەمی ئەحمەدی نەژادە.

سەردەمی کۆماری پێنجەم بەهەڵبژاردنی حەسەن ڕۆحانی لە ساڵی ٢٠١٣ دەستیپێکرد.[37] ڕۆحانی لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی ئەوەی سەرەتا خۆی وەک نیمچە ڕیفۆرمخوازێک نیشاندا. وێڕای ئەوەش، ئیدارەی خۆ-ناونیشانی ڕۆحانی یان"حکومەتی وریایی و هیوا"سەرنجی لەسەر چارەسەری بنبەستی ئەتۆمی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و شوێنکەوتنی بەرژەوەندییە هەرێمییەکانی دەوڵەت بوو. ڕۆحانی هاوشێوەی ئەحمەدی نەژاد، پشتیوانی لە عێراقێکی یەکگرتوو و یەکپارچە دەکردو کەشێکی سیاسی کوردۆفۆبیای لە پاییزی ٢٠١٧، لەکاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی کوردەکاندا دروستکرد. لە هێرشەکانی سەر

شارە کوردییەکانی کەرکوک و توزخورماتو، رۆحانی سەربازیی ئێرانی ناردو سەرکردایەتی و تەیارکردنی میلیشیا شیعەکانی عێراقی دەکرد.

## جاشایەتی[38] وەک ستراتیژیەتی کۆلۆنیالیی "دابەشکردن و حکومڕانی"

پاش شۆڕشی ١٩٧٩، ڕژێمی ئایینی ئێران، وەک دەوڵەتە دراوسێکەی، سیاسەتێکی دەوڵەتی بۆ بۆ پرچەک کردنی زۆرەملێی کورد لەسەرانسەری کوردستاندا گرتەبەر. بەڵام بۆ زاڵبوون بەسەر ناڕەزاییان لەبەرامبەر دابەشکردنی زەوییەکانیان لەنێوان جوتیاراندا، لە ڕابردوودا، چینی خاوەن زەوییە گەورەکان لاوازییەکی زیاتریان نیشاندا بە کەوتنە ناو تەڵەی دەوڵەت و پەیوەستبوون بە دامەزراوە سەربازییەکانی ڕژێم وەک بەسیج و سوپای پاسداران (OMO,IRGC)و خزمەتگوزارییە هەواڵگرییەکان. سیاسەتی ڕژێم لە بەسەربازیکردن، بە ئامانجی جەمسەرگیری ستراتیژی کەشی سیاسی کوردستان و شەرعییەتدان بوو بە داگیرکاری سەربازی ڕژێم لە ڕێگەی دامەزراندنی هاوکار و هەواڵدەری ڕەسەن کە بە کوردی بە جاش ناسراون.

دامەزراندنی کوردەکان لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە بە ئامانجی بە فەوجکردنی کۆمەڵگەی کوردی و ڕێکخستنەوەی بە گوێرەی پێناسەی دەوڵەت بۆ کورد بە "عەشایەر(خێڵ)". بە فەوجکردنی کوردەکان لەلایەن ڕژێمەوە دەیتوانی خزمەتی ئامانجێکی سیاسی گرنگی ستراتیژی بکات کە بە هۆیەوە کوردەکان بە خێڵ بکرێن و بەشێوەیەکی گشتی قبوڵی کورد لەم ڕێکخستنە خێڵەکییە دووبارە وشەسازی بکرێتەوە لەو ناوچە کوردیانەی کە پێشتر بە دەست سیاسەتی دژە گەشەسەندنی دەوڵەتەوە ناڵاندوویانە. لەوەش گرنگتر، بەرخۆدانی نەتەوەیی کورد، گورزێکی سیاسی گەورەی بەرکەوت، چونکە دەبوو ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی هێزە داگیرکەرەکانی کورد و هاوکارە ڕەسەنەکانی ببوایەتەوە. دەوڵەت، هەربەمەبەست، بەرخۆدانی کوردی وەک بە کرێگیراوی بیانی ناساندووە، کە لە لایەن "کوردە نیشتمان پەروەرەکانەوە" کە لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمدان شەڕیان لەگەڵ دەکرێت.

لەکاتێکدا ڕژێم پاڵنەرەکانی بەرانبەر ناسیۆنالیزمی کوردی"بەخێڵەکی" ناوزەد دەکات، دەستیکرد بە پێناسە کردنەوەی زاراوەی خێڵ لە بەرژەوەندی خۆی و "ڕۆڵی شۆڕشگێڕانە و نیشتمانپەروەرانە"ی دایە پاڵ خێڵەکان.[39] وەسفێکی وەها بە باشترین شێوە لە لێدوانە بەناوبانگەکەی خومەینی (هۆزەکان کۆگای شۆڕشن)[40] وەک ئاماژەیەک بە کۆمەڵگە نافارسەکان دەرکەوت. ئەم مێتافۆرە لە کاتێکدا ئاماژەیە بۆ "دواکەوتوو"و"خێڵەکی"، ئاماژەیە بەوەش کە دەوڵەت ئەوەی وەک هۆزەکانی ناویان دەبات، جۆرێکی لە وەبەرهێنان کە لە خزمەت دەوڵەتدا بەکاری دەهێنێت. لە موکریان

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

(ئازربایجانی ڕۆژئاوا) کۆمەڵگەی خزمایەتی بە تایبەتی لە لایەن دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکانی ڕژێمی ئیسلامییەوە خرابوونە داوی دوژمنایەتی کۆمەڵایەتییەوە. بەهەمان شێوە، ناکۆکییە دەرەبەگییەکان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە درێژ خایەنەکانی ناوچەی هەورامان و شارە کوردیەکانی مەریوان و سنەی خستە مەترسییەوە.

بەگەورە کردنی درز و کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی لە سەر زەوی و سەرچاوە ماددییەکان، ڕژێم سەرکەوتووبوو لە چاندنی تۆوی بێمتمانەیی لە نێوان گرووپە جیاوازەکانی وەک جووتیاران و خاوەن زەوییەکان، دەستیانکرد بە کێبڕکێی یەکتر بۆ سەلماندنی دڵسۆزی خۆیان بۆ دەوڵەت و بەم شێوەیە دەسەڵاتی زیاترلە ناو ئیدارەی دەوڵەتدا بەدەست دەهێنن.[41] ڕژێم ئەو جۆرە سیاسەتانەی لە هەموو ناوچەیەکی کوردستاندا پەیڕەو کرد. بەم جۆرە ڕکابەرییە کۆمەڵایەتییانە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی پێدارشتەوە و دابەشیکردن بەسەر گرووپە خێزانییە جیاوازەکاندا، هەندێکیان بوونە لایەنگری دامەزراوە ئەمنی و سەربازییە جۆراوجۆرەکان. بۆ نموونە، دوو کۆمەڵگەی گەورەی خزمایەتی لە سەردەشتدا هەن، دابەشبوون بەسەر ژمارەیەک کوتلەی بنەماڵەیدا، هەر یەکەیان هەوڵدەدن زۆرترین پشکی خۆیان لە دەسەڵات و حکومڕانی بەسەر بنەماڵەکانی دیکەدا هەبێت.

بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە، ئەم بەربەرەکانی بەردەوامانە کە چەندین نموونە لە بەردەستن، بووەتە هۆی بەکارهێنانی چەکی ئاگرین لەلایەن خەڵکەوە کە ڕژێم بۆی دابینکردوون، کاردانەوەی ڕژیم بەرانبەر بەم جۆرە ڕووداوانە ئەو پەڕی خراپ بەکارهێنانی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ پشتبەستنی زیاتر بە دام و دەزگاکانی دەوڵەت. بۆ نموونە، فەرماندەکانی سوپای پاسداران وەک حاجی هادی فەڕ و حاجی نەوشاد کە بەردەوامن لە وەرگرتنی پلە باڵا سەربازییەکان، وەک نێوەندگیری کۆتایی لە ناوچەی گوندنشینی گاور کەیتی لە دەوروبەری سەردەشت کاریان کردووە ئەم جۆرە کارانەی هەندێک لە کەسایەتییە سەربازییەکانی دەوڵەت هەیانە بۆ پەرەدان بە پەیوەندی بەهێز و دروستکردنی هاوپەیمانی تایبەت لەگەڵ ئەو گوندنشینانە.

لەساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٩٠، هەندێک لە خاوەن زەویەگەورەکان لە ڕێگەی بەڵێنی سیاسی و ئەمنییەوە لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی مەزهەبیدا، بەشێک لە شکۆ و دەسەڵاتی لە دەستچوویان وەرگرتەوە. جگە لەو سوودە داراییانەی کە ڕۆڵی ئەوان لە ڕێکخراوە حکومییەکانەوە سەرچاوەیان گرتبوو، ئەوان وەک وەکیلێکی ڕژێم هەم لە گوند و هەم لە شارەکان ڕۆڵیان گێڕا. بۆ مومارەسەری سیاسەتی جاشایەتی، ڕژێم دەستیکرد بە سوود وەرگرتن لە جیاوازییە کولتووری و زمانەوانییەکانی

نێوان پێکهاتەکانی سۆرانی و هەورامی لە باشوور. دەوڵەت لە ڕێگەی وەرگرتنی خەڵک لە ناوچەیەکی کوردی بە شێوەزارێکی جیاواز بۆ پۆستە هەواڵگری و ئیداریەکان و بەکارهێنانی هاوکاریەکانیان لە ناوچەیەکی جیاواز بە زاراوەیەکی جیاواز، هەوڵیدا تۆوی دوژمنایەتی و ڕق لە نێو ئەم پێکهاتە کوردانەدا بچێنێت. بەم شێوەیە، دەوڵەت، لە هەر ناوچەیەکدا، هەوڵی دەدا خەڵک وا بیربکاتەوە وەک ئەوەی کۆمەڵگەکەیتر بە تەواوی هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتدا دەکات.

پرۆسەی جاشایەتی – بە ئامانجی دابەشکردنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی – سیاسییە بەسەر بەشی پێکەوە هەڵنەکراوی جاش و باش (کوردێکی نیشتمانپەروەری دژە ڕژێم) – دەنگدانەوەی زۆری هەبوو لە کوردستان.[42] ئەم جۆرە پۆلێنکردنانە نەک تەنیا دەیانتوانی کۆمەڵگەی کوردی دابەشبکەن، بەڵکو دەیانتوانی خێزان و پەیوەندی خزمایەتیش پارچە پارچە بکەن. چەندین خێزان هەبوون کە ئەندامەکانیان پەیوەندییان بە ڕژێم یان بزووتنەوەی خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتەوە هەبوو. هاوکاری لە گەڵ دەوڵەت هەمیشە بە ویستی کەسی نەبووە. زۆر جار لە ژێر سیاسەتە زۆرە ملێیەکانی دەوڵەتدا ڕوو دەدات. زۆر جار وەک قەڵغانێک کاری کردووە بۆ پاراستنی بنەماڵەکەی لە چەوساندنەوەی لەلایەن دەوڵەتەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئەندامانی بنەماڵەکەی لە بەرخۆدانی کورددا چالاک بوون. ئەم حاڵەتەش لە هەرێمی کوردستان/عێراق لەسەردەمی دەسەڵاتی سەددامدا هەبووە. بێگومان، هاوکاری لەگەڵ دەوڵەت هەندێکجار تەواو بۆ بەرژەوەندی ماددی بووە کە هاوکاران بۆ ئەوەی گرنگی خۆیان بۆ دەوڵەت بسەلمێنن، تەنانەت دەبوو پەیوەندییە ئەگەرییەکانی ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆیان لەگەڵ بەرخۆدانی کورددا ئاشکرا بکەن.

ئەو هاندانە داراییانەی کە بە جاشەکان دەبەخشرا، بووە هۆی بەهێزکردنی هەندێک کەس کە بوونە ئامرازێک بۆ سیاسەتی کۆلۆنیالی کۆماری ئیسلامی لە بەفەوجکردنی کوردستاندا. بە جاشەکان، بەڵێنی مووچەی مانگانە، یارمەتی کۆمەڵایەتی، کۆبۆن و بەشەخۆراک، مافی خاوەندارێتی چەکی سووک و هەروەها هەندێک پلەی پارێزبەندی لە لێپێچینەوەی ئارەزوومەندانەی دەوڵەت دەدرێت. جگە لەم سوودانە، جاشەکان دەتوانن سوود لە دەرفەتی سیاسی و دامەزراندن و پەروەردەیی وەربگرن کە دەوڵەت دابینیان دەکات. بۆ نموونە، دەتوانرێت بژاردەی ئەنجامدانی خزمەتی سەربازی بە منداڵەکانیان بدرێت لە زێدی خۆیان یان لە ناوچەکانی نزیکیان. دامەزراندنی هەمیشەیی لە کەرتی حکومیان پێشکەش بکرێ و سوود لە پشکی تایبەتی پەروەردە وەربگرن بۆ چوونە زانکۆ. جگە لەوەش، ئەگەر بۆ ماوەی ٤٠ مانگ لە هێزە سەربازییەکاندا خزمەتیان کردبێت، ئەوا

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

یەکێک لە منداڵەکانیان لە خزمەتی سەربازی زۆرەملێ دەبەخشرێ. ئەم سیاسەتانەی دەوڵەتی ئیتنۆکراتی ئێران، ڕۆژهەڵاتیان کردووەتە تاقیگەیەک بۆ تاقیکردنەوە سیاسی و سەربازییەکانی. زۆرێک لە فەرماندە سەربازییە پلە باڵاکانی ئەمڕۆ، بەیاننامەی ڕژێم، تەنانەت مامۆستایانی زانکۆکانی لایەنگری دەوڵەتیش ”ئیمتیازیان“ هەبووە لە خزمەتکردنی ڕژێم لە کوردستان و سەربڕینی ”دوژمنانی ڕژێم“دا.

بە جۆرێک لە جۆرەکان، جاشایەتی ئاسانکاری بۆ بوونی ڕژێم لە کوردستاندا کردووە. جاشەکان وەک زانیاریدەری ڕەسەن لە پێشەنگی هەڵمەتە سەربازییەکانی سوپای پاسداران بەکارهێنراون و زانیاری گرنگیان سەبارەت بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-کولتووری ناوچەکە پێدەدەن. کۆڵبەرێکی کورد بۆ قسەکردن لەسەر ئەم واقیعە پێی ڕاگەیاندین کە ”بەبێ ئەوەی جاشی کورد ڕێگایان پیشان بدات، چۆن سەربازانی ڕژێم دەتوانن سەربکەونە سەر بەرزترین چیاکانی کوردستان؟“. جاشەکان ڕێیان پێدراوە بەشداری لە کاروباری کۆمەڵایەتی-کولتووریدا بکەن، و پێگەی خۆیان لە سیستمی پەروەردە، ئەنجومەنی شارەکان و بەڕێوەبردنی ناوەندە تەندروستییەکاندا جێگیربکەن. بۆ نموونە، لە سیستمی پەروەردەدا، هاوکاری ڕژێم دەکەن لە ڕێکخستنی ڕووداوە سیاسیەکانی وەک ”ساڵیادی شۆڕشی ئیسلامیی“ و هاندانی لاوان و خوێندکاران بۆ پەیوەندیکردن بە بەسیجەوە(OMO). لە ئەمڕۆدا، جاشێتی (بەکوردی جاشبوون) بە تەواوی ئاماژەیە بە هەر جۆرە هاوکارییەک لەگەڵ ڕژێم. جاش-قەڵەم (جاشی خاوەن قەڵەم)[43] بۆ ئەو کەسانە داڕێژراوە کە لە بەرژەوەندی ڕژێمدا دەنووسن و قسە دەکەن، لە وشە داڕێژراوە باوەکانی کوردستانن پاش ١٩٧٩.[44]

OMO یان بەسیج، لقێکی دیکەی سەربازی دەوڵەت، دەسەڵاتی ڕژێمی لە ناوچەکەدا فراوانتر کرد. بەسیج یەکێکە لە پێنج هێزەکەی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی.[45] لە ساڵی ١٩٧٩ بە فەرمانی ئایەتوڵڵا خومەینی دامەزراوە. بەسیج لە بنەڕێتدا لە خۆبەخشانی مەدەنی پێکهاتبوو، کە لەلایەن خومەینییەوە داوایان لێکرابوو لە جەنگی ئێران-عێراقدا بجەنگن. بە بۆچوونی خومەینی ”هەر ئەندامێکی بەسیج پێویستە لەوە تێبگات کە سەربازی خودایە، بۆ ئەو دەرەنجامی ململانێکە ئەوەندە جێی بایەخ نییە، بەڵکو تەنیا بەشداریکردن لەو کارە ڕەزامەندی دابیندەکات.“[46] دوای ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنی، بەسیج چەندین لقی لاوەکی دروستکرد لەسەرانسەری وڵاتدا و لە نێویاندا کوردستان و هەروەک چۆن ڕژێم پێشبینی دەکرد خەڵکی ببنە جاش، ئەوان ناچاربوون لە لقەکانی بەسیجدا خۆیان تۆمار بکەن. هەرچەندە بەسیج پشتگیری دارایی پێشکەش نەدەکرد، ئەندامێتی لە بەسیج تەنیا ڕێگەیەک بوو بۆ خەڵکی بۆ پاراستنی کارە حکومییەکەیان، بەدەستهێنانی

پلەبەرزکردنەوە لە کاردا یان تەنانەت لە مۆڵەتی بازرگانی. بەسیج. بەشێوەیەکی سەرەکی، بەشدارە لە چالاکی کۆمەڵایەتی-کولتوورییەکان، بەشێوەیەکی ئاسایی لە سیستمی پەروەردەدا وەک قوتابخانەکان (بسیج دانش آموزی- بەسیجی خوێندکاران) و زانکۆکان. گەنجان، بەتایبەتی خوێندکاران ڕادەکێشێت بۆ ناو تۆمارکردن لە ئۆفیسی بەسیجی نزیکیان لەبەرامبەر دامەزراندن و وەرگرتن لە زانکۆ. ئەو خوێندکارانەی کە تۆماری دیارو بەرچاویان هەیە لە بەسیجدا، بەتەواوی یان لە بەشێکی خزمەتی سەربازی زۆرەملێ دەبەخشرێن یان دەتوانن بچنە خوێندنی باڵا بە قبوڵ خاص.[47] مەزاجی ڕژێم لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی کورددا، تەنیا لە ڕووکردنە کارەکانی بەسیجی جاشایەتی نییە، لە ناوچە نیشتەجێبووەکاندا، جەندین بنکەی سەربازی دروستکراون کە زۆربەیان لەسەر گردەکانن کە ڕوویان لە گوندەکانی ناوچە گوندنشینەکان کردووە. ئەم بنکانە بە مانا فۆکۆییەکەی وەک پانۆپتیکۆن خزمەت دەکەن، بۆ چاودێریکردنی گوندنشینان و گەشتیاران و جموجوڵەکانی ڕۆژانەو وەبیرهێنانەوەی کوردەکان بە بوونی بەردەوامی دەوڵەت دروستکراون. ئەم بنکانە زیاتر بە کێڵگەی مین دەورەدراون کە درێژدەبنەوە بۆ کێڵگەی گوندەکان و هەندێک لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی مەترسیدارکردووە بۆ کشتوکاڵ کردن تێیاندا، لەبەرئەوەی ئەم کێڵگە مینانە هەرگیز پاک ناکرێنەوە، وەک هەڕەشەیەک دەمێننەوە لەسەر خەڵکی ناوچەکە، کە لە سێ دەیەی ڕابردوودا زۆرێکیان گیانیان لەدەستداوە یان بریندار بوون.

## ڕاگواستن و جێگرتنەوە

دەوڵەتی ئیتنۆ-ثیۆکراتی بەردەوامە لە پراکتیزەکردنی ئەندازیاریانەی دیمۆگرافی و ڕاگواستنی سیستماتیک و جێگیر بۆ تێکدانی پرۆفایلی ئیتنیکی جودای کوردستان. ئەندازیاریی دیمۆگرافی پێویستی بە جێگیرکردنی ئەندامانی ئیتنۆ-نەتەوەی سەروەرە لە ناوچە پەراوێزەکان، کە ئیتنۆ-نەتەوەی نا سەروەر تێیدا نیشتەجێن. بەم شێوەیە، گواستنەوەی ئیتنۆ-نەتەوەی باڵادەست لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێستای ئێراندا بۆ تواندنەوەی کۆمەڵگە ژێردەستەکان ڕوودەدات. تایبەتمەندییە پێناسەکراوەکانی سیاسەتێکی لەو جۆرە لە"سیستەمی دانیشتوانی کۆڵۆنیالیزم"دا – دەنگدەداتەوە- زاراوەیەک کە لەلایەن ئەنترۆپۆلیستەکانەوە بۆ ڕوونکردنەوەی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی-فەزاییەکانی کۆڵۆنیالیزم لەسەر گەلانی ڕەسەن پێشخراوە.[48] سیستەمی دانیشتوانی کۆڵۆنیالیزم هەوڵدەدا ژیانی خەڵکی ڕەسەن ڕێکبخات یان بیسڕێتەوە، بۆ ئەوەی زەوی و سەرچاوەکانیان بە هەمیشەیی لێوەربگرێت.[49]

سەبارەت بە دۆخی کوردستان، ئەندازیاری

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دیمۆگرافی هاوکاتە لەگەڵ تەرخانکردنی زەوییەکی بەرچاو بۆ کۆمەڵگە سەربازییەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی ئەندامانی سوپای پاسداران و بەسیج. لەماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، دەوڵەت ئامادەبوونەکەی فراوانتر کردووە لە ڕێگەی تەرخانکردنی زەوی بۆ بەکارهێنانی سەربازی و بنیاتنانی دامەزراوەی دەوڵەت و هاوردەکردنی جەماوەری نا لۆکاڵی. لە ئێستادا نزیکەی لە سەدا ٧-١٠ ی شارە کوردییەکان تەرخانکراون بۆ دەزگا سەربازی و ئەمنییەکانی دەوڵەت، لەوانە شوێنی نیشتەجێبوونی کارمەندان. لە شارە کوردییەکانی وەک بانە، سەردەشت، مەریوان و مەهاباد، پێکهاتە هەواڵگری و سەربازییەکان بەشێکی زۆر لە فەزای شارەکان داگیردەکەن. بۆ نموونە لە شاری سەردەشت بنکە سەربازییەکانی جوندوڵلا (بە کوردی سەربازی خودا)، پادگان (بنکەی سەربازی)، سپا (سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیIRGC)و بەسیج و ئیتلاعات (دەزگای هەواڵگری دەوڵەت) لە ناوەندی شارەکەدان. لە ئەنجامدا تاکە نەخۆشخانەی شارەکە گواستراوەتەوە بۆ دەرەوە کە نزیکەی ٨ کیلۆمەترلە ناوەندی شارەوە دوورە. بە تێپەڕبوونی کات ڕژێم سیاسەتێکی سیستماتیکی زیاتری پەرەپێداوە بۆ گۆڕینی تایبەتمەندی دیمۆگرافی شارو شارۆچکە کوردییەکان و دانیشتوانە ڕەسەنەکەی بە دانیشتوانی شیعەی غەیرە کورد. بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی وەها سیاسەتێک، دەوڵەت چەند ستراتیژێکی گرتووەتەبەر. یەکەم: پرۆژەکانی نیشتەجێکردن لەلایەن دەوڵەتەوە لە ڕێگەی جێگیرکردنی بەرپرسانی ڕەوانەکراو، کارگێڕان، کارمەندانی سەربازی و ئەمنی بەخێرایی بەشە سەرەکییەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستانیان قووتدەدا و بەهەمان شێوە جەنتریفیکاسیۆنی فەرمی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە بە ئەنجام دەگەیەنێت. پارێزگای سنە نموونەیەکی بەرچاوە. سنە وەک شارێک لە ساڵی ١٩٧٩ ڕۆڵی سەرەکی لە بەرخۆدانی کورددا هەبووە، بووەتە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پلانی دیمۆگرافی دەوڵەت: چەندین ناحیەو کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی بۆ نیشتەجێکردنی بەرپرسانی شیعەو غەیرە کورد لەو شارەدا دروستکردووە. جگەلەوەش، بە دڵنیاییەوە دام و دەزگاکانی دەوڵەت، ناوچەی وایان دروستکردوە کە تەنیا غەیرە کوردیان تێدایە. بەهەمان شێوە لەهەموو شارێکی کوردیدا، ناوچەگەلێک هەن-کە بە خانەهای سازمانی ناسراون-کە تەنها لەلایەن تازە هاتووانی غەیرە کوردەوە داگیرکراون.

ستراتیژی دووەم بریتییە لە دامەزراندنی دامەزراوەی پەروەردەیی و ئایینی بە مەبەستی نەهێشتنی کورد و سوننە لە کوردستان. تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە پەروەردەوە هەیە، دامەزراندنی لقەکانی زانکۆی ئازادی ئیسلامی و زانکۆی پەیامی نوور، دوو سیستەمی زانکۆیی "نیمچە ئەهلی" لە ئێران، بە نزیکەیی تاک بە تاکی شارەکانی کوردستان هاوکاتن لەگەڵ

لێشاوی گەورەی ستافی هاوڵاتی نارەسەن و کادێری فاکەڵتی و خوێندکاران. ئەمەش هەر نەک ژمارەی دانیشتوانی نارەسەنی لە شارە کوردییەکان زیاد کردووە، بەڵکو پەیوەندییەکانی پێکهاتە ڕەسەنەکانیشی تێکداوە بە هۆی هێنانە کایەی پرۆژەی نیشتەجێبوونی زانکۆکان. ناوچەی جیاکراوەی وەک شەهرەک فەرهەنگیان و (مجتمع اساتید) لەو شارانەدا دروستکراوە کە ئێستا لە ڕێگەیانەوە خەڵکی نارەسەن خاوەنی موڵک و ماڵی ناوچەکەن (بڕوانە وێنەی ١ و ٢ وێنەکان لەو گەڕەکانەوە وەرگیراون).

لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، توخمێکیتری بەردەوامی ئەندازیاری دیمۆگرافی، دووبارە شێوەی فەزای مێژوویی – ئایینی کوردستانی دارشتەوە. دەوڵەت چالاکانە کاری کردووە بۆ گواستنەوە و بڵاوە پێکردنی شیعە لە ناو دانیشتوانی کوردی – سوننەدا، لە ئەنجامد بووەتە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافیای هەندێک گەڕەک بۆ ناوچەیەکی تەواو زاڵی شیعە. بە پیچەوانەی حکومەتی پەهلەوی، ستراتیژیەکانی کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی ڕژێمی ئیسلامی لە کوردستاندا، ناسیۆنالیزمی ئایینی دەیانجوڵێنێت. بۆیە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک دامەزراوەی نیمچە مەزهەبی دامەزراندووە بە مەبەستی دەستکاریکردنی پرۆفایلی ئایینی و سەرپەرشتیکردنی ڕێوڕەسم و پراکتیزەی ئایین. کارنامەی ڕژێم بۆ دەستتێوەردانی ئایینی لە کوردستاندا بە دامەزراندنی دامەزراوەی ئایینی ناسراوە کە گوایە بۆ هەماهەنگی و ئاسانکاری کاروباری ئایینی سوننەیە. ناوەندی گەورەی ئیسلامی (مرکز بزرگ اسلامی)[50] کە لە ساڵی ١٩٨١بە لقەکانییەوە لە شارە گەورەکانی کوردستان دامەزرا، سەرکردایەتی کاری ڕێکخستنی بۆنە ئایینیەکان و ڕێکخستنی خوێندکارانی ئایینی سوننە (پێدانی بڕوانامەی خوێندنی ئایینی) سەرپەرشتی وەقفە ئایینیەکانی دەکرد.

بەرپرسی هەر ناوەندێک لە لایەن نوێنەری ڕێبەری مەزن لە هەر پارێزگایەکی کوردستان دیاری دەکرێت. وا بڕیارە ئەرکی ڕاگەیەندراوی ئەم ناوەندانە تەنیا جەختی لەسەر کاروباری ئایینی



وێنەی١: کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون (زیاتر لە هەزار یەکە) کە سەر بە ئیتلاعات (خزمەتگوزاری هەواڵگری) ە لە شەقامی بولیڤارد لەشاری سنە. بە سوپاسەوە لە:B. B.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە



وێنەی٢: شوقەکانی ڤیلاشار – سنە، ئەم شوقانە (زیاتر لە هەزار یەکە)ن سەر بەهۆشیاری (آگاهی)ن، کە لقێکی دەزگای هەواڵگری ئێرانە. بە سوپاسەوە لە B. B

بێت. سەرەڕای ئەوە، وەک دەزگا ئەمنیەکنیتری ڕژێم ڕەفتار دەکەن و بەرهەڵستکارانی ئایینی و مەلا سەربەخۆکانیان خستووەتە ژێر چاودێریەکی خنکێنەرەوە. جگە لەوەش، ئەم ناوەندانە کاریگەری خۆیان بۆ دەستکاریکردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکانی کۆمەڵگە سوننەکان بەکار دەهێنن و بۆیە ڕێگە بەخەڵکی ناوچەکە نادەن ئیمامی مزگەوتەکانی خۆیان دەستنیشان بکەن یان لە کارەکانیان دووریان بخەنەوە. خەریکی بانگەشەی هەڵبژاردن دەبن و هاوکاری دەزگای هەواڵگری دەکەن. ئیمامە کوردە – سوننەکان لە شار و گوندەکاندا ڕێنمایی بەردەوام لە سەر ناوەڕۆکی وتارەکانیان وەردەگرن (سیاسەتێک کە لە ناوەڕۆکدا کەمالیستییە و بۆیەکەمجار لە لایەن دەوڵەتی کۆمالیستی تورکیاوە بە موسڵمانانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسێنرا). مەلا سوننەکان بە توندی ڕاسپێردراون بۆ ئەوەی لە هەموو ئاستێکدا هاوکاری و ڕاوێژ لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکانی ئاسایش بکەن سەبارەت بە کاروباری کۆمەڵایەتی – سیاسیی. وێڕای ئەوەش، دەبێت ئیمامە سوننەکان سەر بە ناوەندە ئیسلامییە شیعەکان بن و ئەوانەی ڕەتی دەکەنەوە بە"دژ شۆڕشگێڕی" یان مەکتەبی[51] یان وەهابی[52] تۆمەتبار دەکرێن.

لەساڵانی ١٩٩٠دا، دەوڵەت ژمارەیەک ناوەندی مەزهەبی تەواو شیعەی لە ناوچە سوننەکانی کوردستان دامەزراند. حوزە علمیە[53](مەدرەسە)، حوسینییە[54](مزگەوتی کۆبوونەوەی شیعەکان) و هیئت محلی[55] نموونەی ئەو جۆرە ناوەندانەبوون. ئەم ناوەندانە گوایە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئایینی و ریکخستنی بۆنەکان بۆ دانیشتوانی شیعە وەک تاسوعا و عاشوورا (نۆیەمین و دەیەمین ڕۆژ لە ساڵیادی شەهیدبوونی سێیەم ئیمامی شیعە: حسین)دروستکراون. لەگەڵ ئەوەشدا، لە٤٠ساڵی ڕابردوودا، ڕژێم ڕێگری لە سوننەکان کردووە کە تاکە مزگەوتێکیان هەبێت لەو ناوچانەی کە زۆرینەی شیعەن وەک (تاران).

لایەنێکی دیکەی پرۆژەی دەوڵەت بۆ بە شیعەکردنی فەزای سوننە – کوردی، لە ڕێگەی گۆڕینی شوێنە پیرۆزە دێرینەکان بە شوێنی پیرۆزی شیعی. چەندین گۆڕ و شوێنی پیرۆز هەن کە (بە شەخس ناسراون لە کوردستان)دا،




وێنەی٣: ئیمام زادە هاجەرە خاتوون – سوننە (کۆن: لای چەپ و نوێ: لای ڕاست) بە وتەی خەڵکی ناوچەکە ئەمە شوێنی شەخسێکی (کەسایەتییەکی کۆن نەریتی سوننە بووە کە ئێستا دەوڵەت وەک خوشکی ئیمامی هەشتەمی شیعە: علی ابن موسی آلرەزا ناسێنراوەتەوە.

کە دەکرێت پاشماوەی سەردەمی پێش ئیسلام بن. وێڕای ئەوەش، بەدرێژایی چەندین سەدە ئەم شوێنە پیرۆزانە لە کوردستاندا ئیسلام سازییان بۆ کراوە ( بە تایبەتیتر سوننە سازی). ڕژێمی ئیسلامی لە هەوڵی بە شیعەکردنی شوێنە پیرۆزەکانی سوننە وەکو هاجەرە خاتوون لە سنە (بڕوانە وێنەی٣). لە ڕێگەی بە شیعەکردنی فەزای ئایینی سوننە، کۆماری ئیسلامیی ئێران، هیوا خوازە بە دوو ئامانجی سەرەکی بگات: (الف) ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچە سوننیەکان و تاوا لە ناوچەکە بکات بۆ شیعەکان سەرنج ڕاکێش بێت بۆ نیشتەجێکردنی زیاتر و (ب) پێدانی شەرعیەتی ئایینی بە پرۆژەی کۆلۆنیالیزمییە – نیشەجێکردنیەکەی، کە لە هەندێک ڕووەوە لە سیاسەتەکانی نیشتەجێکردنی ئیسرائیل دەچێت لە ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستیندا چونکە پرۆژەی سیاسیی ئەم دوو دەوڵەتە خراب بەکارهێنانی ئایینە بۆ داواکردنی زەوی.

لە کۆتاییدا، دەوڵەت هەروەها بەردەوامە لە بەکارهێنانی سیاسەتە بایۆپزیشکییەکانی تا کاریگەری لە سەر گەشەی دانیشتوانی سوننە لەو ناوچانەی کە تێکەڵەیەکی شیعە – سوننەیان تێدایە. بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتە نهێنییەکان ڕژێم هەستاوە بە جێبەجێکردنی پلانێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی مناڵبوون لە ناو ژنانی سوننە لە ناوچەی سوننە نشینی قروە – شارێکی لە پارێزگای کوردستان کە دانیشتوانەکەی تێکەڵەی شێعە و سوننەیە. ڕاپۆرتێک ئاشکرای دەکات کە زۆرێک لە ژنانی کورد – سوننە لە کاتی پشکنینە ئاساییەکانیاندا بەمەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی سوننە لە شارەکاندا نەزۆک کراون.[56]

### نایەکسانی پێکهاتەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی

چەمکی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی ئاماژە بە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نایەکسانی ئابووری و سیاسی و پێکهاتەیی لە ناو ناوچە جیاوازەکانی یەک دەوڵەتدا دەکات. ئەم زاراوەیە کە بە"گەشەسەندنی نایەکسان"ناسراوە، جیاکاری و ئیستغلال کردنی کەمینە ئیتنۆ- ئایینییەکان لە ناو"کۆمەڵگەیەکی"فراوانتردا ڕوون دەکاتەوە.[57]

وەک نەتەوەیەک کە سیاسەتی دەوڵەتی تواندنەوە و کەمینەسازی لەسەرە، کورد لە ئێران نموونەیەکی ئاشکرای کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی نیشاندەدات. لەسایەی هەردوو دەوڵەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییدا، کورد وەک هێزێکی ناوەندگەرایی چاوی لێکراوە کە یەکێتیی سیاسیی و خاکی"نەتەوە" دەخاتە مەترسییەوە. سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە گوتاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ڕژێمی نوێدا هەیە، سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دژی گەشەسەندنی کوردستان زۆر لە سیاسەتەکانی پێش خۆی خراپتر بووە.

بەدرێژایی شەڕی ئێران - عێراق (١٩٨٠ - ١٩٨٨)، شارە کوردییەکان بوونە یەکێک لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ، کە ئابووری ناوچەکەی بە تایبەت بەخێوکردنی ئاژەڵ وەک یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی ئابوورییەکەی داماڵی[58]. لە هەمانکاتدا، کشتوکاڵ وەک چالاکییەکی سەرەتایی گوندەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمیکرد. دەوڵەت شەڕی کردە پاساو بۆ قایمکردنی سوپاکەی لە کوردستان و دروستکردنی بنکەی سەربازی لە یەک بەیەکی گوندەکاندا. هەروەها، زۆربەی زۆری ناوچەکە، لەوانەش کێڵگە کشتوکاڵییەکان، باخچەو لەوەڕگەکان بوونە کێڵگەی مین.[59] بنکەی سەربازی هەم لە ناوەوە و هەم لە نزیک گوندەکان دروستکران کە لە بەرامبەردا گوند نشینەکانی کردە ئامانجێکی ئاسان بۆ هێرشەکانی عێراق. کەمبوونەوەی بەخێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵ، وای لە خەڵکی ناوچەکە کرد هیچ بژاردەیەکیان نەبێت جگە لە پەیوەستبوون بە دامەزراوە حکومییەکان، بەتایبەتی بەسیج و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران.

لەساڵانی نێوان٢٠٠٠-٢٠٠٥ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستیکرد بە ڕێگەدان بە بازرگانی سەرسنوور. شارە سنوورییەکانی وەک بانە، سەردەشت و مەریوان کرانە ناوەندی بازرگانی. بە خێرایی ژمارەی مۆڵە بازرگانییەکان زۆر زیادیکرد بە ئامادەیی سیاسەتی دژە گەشەسەندنی دەوڵەت کە ڕێگری لە هەر پلانێکی ئابووری بەردەوام دەکات، فراوانبوونی خێرای ئەم بازاڕە سنوورییە زوو تێپەڕانە، گۆڕانکارییەکی گەورەی لە پرۆفایلی کۆمەڵایەتی - فەرهەنگی کوردستاندا هێنا و بووە هۆی لە ناوچوونی زیاتری ئابووری ناوخۆیی. ڕێژەی خوێندی قوتابخانەو خوێندنی باڵا بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزی و ژمارەیەکی بەرچاو لە منداڵان چوونە ناو بازاڕی بازرگانی یان کرێکاری ئەوبەر سنوور. هەر بۆیە هیچ سەیر نییە کە لێداوانی وەک ئەمەی خوارەوە دەبیسترێت، "من هێسترەکەم

ناگۆڕمەوە بە بڕوانامەی ماستەر لە باشترین زانکۆکانی ئێران لە بەر ئەوەی هێسترەکەم دەتوانێت یارمەتییم بدات بۆ مانەوەم، بەڵام تەنانەت بڕوانامەی دکتۆراش بەبرسیەتی جێم دەهێڵێت". کەسێکیتر نەیدەتوانی شانازیکردنی خۆی سەبارەت بەو ڕاستییە بشارێتەوە کە" کوڕەکەی لە نیوەشەودا بە خەبەر دێت بۆ پاراستنی شوێنی گالیسکەکەی، کە دەتوانێت شتەکانی تێدا بفرۆشێت". بەربڵاوی ئەم بازاڕە سنوورییانە – بەشێک لە ستراتیژیەتی دژە گەشەسەندنی ئابووری دەوڵەتە لە کوردستان – نایەکسانی ئابووری نێوان شار و گوندەکانی بە شێوەیەکی گەورە خراپتر کرد. ئەم سیاسەتە، لە هەمانکاتدا، هاندەرە بۆ کەمبوونەوەی خێراتری دانیشتوانی گوندەکان، لە گەڕان بە دوای ژیانێکی باشتر لە شارەکاندا.

وەک باسکرا، سیاسەتی فراوانکردنی بازاڕە سنوورییەکان بە شێوەیەکی ستراتیژی پلانی بۆ داڕێژراوە. بۆ ئەوەی لادێکانی کوردستان چۆڵ بکرێن و لاوانی کورد لە سیاسەت دوور بخرێنەوە زەبرێکی کتووپڕ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کورد بدرێت. محەمەد ڕەزا ڕەحیمی، پارێزگاری کوردستان بە بێ شەرمییەوە دانی بەوەدا نا کە "لە جیاتی دابینکردنی پەروەردە، گەنجانمان بەرەو بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر هاندا" و ئاماژەی بەوەشکرد کە"من ئەو کەسە بووم کە ئەوانم ڕاکێشایە ناو کارە سنوورییەکان...توانیم بێباکیان بکەم لە خوێندن، کێ (تر) دەتوانێت کارێکی گەورەی لەو شێوەیە ئەنجام بدات؟".[60]

سیاسەتی دەوڵەت لە دژە گەشەسەندنی کوردستان بووە هۆی لە دایکبوونی دوو کەرتی ئابووری وەرزی دیکە: کوورەخانە"کارگەی خشت"و کۆڵبەری[61]. کارکردن لە کورەخانە یان کارگەی خشت ناوەندێکی بەرهەمهێنانی نەریتی کاری چڕ و کاریگەرە، کە بە ئامرازە سەرەتاییەکانی بەرهەمهێنان تەیار کراوە. خاوە کوورەخانەکان بە شێوەیەکی سەرەکی غیرە کوردن و کرێکارەکانیش کوردن. زیاتر دەکەونە شارەکانی ناوەڕاستی ئێران وەک پارێزگاکانی ئەراک، اصفهان، شیراز و کرمان. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠و لە کاتی شەڕی ئێران – عێراقدا شەپۆلێکی دامەزراندن لەو کارگەی خشتانەدا روویدا، کە تیایدا کرێکارانی ئاوارە شەش بۆ نۆ مانگ لە ژێر بارودۆخێکی زۆر ناتەندروست و نامرۆڤانەدا کاریان دەکرد. شارە کوردییەکانی سەردەشت، پیرانشار، مەهاباد، ئەشنەویە و بۆکان (لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) بە شێکی زۆری هێزی کار بۆ ئەو جۆرە کارگانە دابین دەکەن.

لەماوەی دەساڵی ڕابردوودا، سیاسەتەکانی دژە گەشەسەندن و بە ئەمنیکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵات دیاردەی کۆڵبەری لێکەوتەوە. لە ساڵی٢٠١٥وە زیاتر لە ١٠٠٠کۆڵبەر لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە کوژراون یان بریندار کراون (بڕوانەخشتەی ژمارە ١).[62]

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

خشتەی ١:

کۆڵبەرەکان (کرێکارانی سنوور بەزێن) کوژراو یان بریندار(٢٠١٥ – ٢٠٢٠).

| ساڵ | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | کۆی گشتی |
| رووداو | بریندار | **ژمارەن** | **١٩** | **٤٩** | **١٤٨** | **٢٢٦** | **١٧٨** | **١٦** | **٦٣٦** |
| | | % لەرووداوێکدا | %٣ .٠ | %٧ .٧ | %٢٣ .٣ | %٣٥ .٥ | %٢٨ .٠ | %٢ .٥ | %١٠٠ .٠ |
| | | لەساڵێکدا | %٢٧ .١ | %٥٢ .٧ | %٦٢ .٧ | %٦٤ .٢ | %٧٠ .١ | %٨٠ .٠ | %٦٢ .٠ |
| | | کۆی گشتی | %١ .٩ | %٤ .٨ | %١٤ .٤ | %٢٢ .٠ | %١٧ .٤ | %١ .٦ | %٦٢ .٠ |
| | کوژراو | **ژمارەن** | **٥١** | **٤٤** | **٨٨** | **١٢٦** | **٧٦** | **٤** | **٣٨٩** |
| | | لەرووداوێکدا | %١٣ .١ | %١١ .٣ | %٢٢ .٦ | %٣٢ .٤ | %١٩ .٥ | %١ .٠ | %١٠٠ .٠ |
| | | لە ساڵێکدا | %٧٢ .٩ | %٤٧ .٣ | %٣٧ .٣ | %٣٥ .٨ | %٢٩ .٩ | %٢٠ .٠ | %٣٨ .٠ |
| | | کۆی گشتی | %٥ .٠ | %٤ .٣ | %٨ .٦ | %١٢ .٣ | %٧ .٤ | %٠ .٤ | %٣٨ .٠ |
| کۆی گشتی | | **ژمارەن** | **٧٠** | **٩٣** | **٢٣٦** | **٣٥٢** | **٢٥٤** | **٢٠** | **١٠٢٥** |
| | | لەرووداوێکدا | %٦ .٨ | %٩ .١ | %٢٣ .٠ | %٣٤ .٣ | %٢٤ .٨ | %٢ .٠ | %١٠٠ .٠ |
| | | لە ساڵێکدا | %١٠٠ .٠ | %١٠٠ .٠ | %١٠٠ .٠ | %١٠٠ .٠ | %١٠٠ .٠ | %١٠٠ .٠ | %١٠٠ .٠ |
| | | کۆی گشتی | %٦ .٨ | %٩ .١ | %٢٣ .٠ | %٣٤ .٣ | %٢٤ .٨ | %٢٤ .٨ | %١٠٠ .٠ |

**بەرهەڵستیکردنی پراکتیزەی کۆلۆنیالی**

پەراوێزخستن و نکوڵیکردن لە فەرهەنگ و ناسنامە و زمانی کوردی لە سەردەمی پەهلەویدا، لە ژێر سایەی دەوڵەتی تیۆ – ئیتنۆکراتی ئێستای فارسیدا، ئاڵۆزترو گشتگیرتر بووە. بە گرتنەبەری چەند سیاسەتێکی نوێی ستەمکاری و جیاکاریی ئیتنۆ – ئایینی، دەوڵەتی ئێستای ناسیۆنالیستی ئایینی، ڕێوشوێنی جیاکاری پێکهاتەیی و دامەزراوەیی (نەتەوەیی، زمانەوانی و فەرهەنگ)ی سەپاند کە لە ئەنجامدا پەراوێزخستنی سیستماتیکی و دەستووری کوردانی ڕۆژهەڵاتی لێکەوتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای هەوڵە سیستماتیکییە بەردەوامەکانی دەوڵەت، کوردەکان لە ڕێگەی بەرخۆدانی سیاسیی و فەرهەنگی خۆیانەوە بەردەوام بوون لە تەحەدای سیاسەتەکانی ڕژێم. جگە لە چالاکی سیاسیی ئاشکرا، بەرخۆدانی کورد لە بەکارهێنانی بەرفراوانی هونەر و ئەدەب و شیعر و ڕووداوە کولتووریەکاندا دەردەکەوێت، ئەوان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، پاڵ بە سنوورەکانی ئەو بۆشاییە یاساییە – کولتووریە نەبووانەوە دەدەن.

کوردانی ڕۆژهەڵات بە شێوەی جۆراوجۆر وەڵامی سیاسەتی دەوڵەتی ئینکارو توێنەریان داوەتەوە و تەحەدایان کردووە. ڕەنگە دیارترین کردەی بەرخۆدان لە ڕۆژهەڵاتدا زیادبوونی پەرۆشی بێت بۆ هەڵبژاردنی ناوی کوردی بۆ منداڵەکانیان و کەل و پەلەکانیان. ڕژێم ئاستەنگی جۆراوجۆری بیرۆکراتی لە بەردەم بەکارهێنانی ناوی کوردی دروستکردووە. فەرمانگەی سەرژمێری ئێران لیستێکی ناوی پەسەندکراوی ئامادە کردووە کە زۆرینەیان پێرسۆ – شیعە مەزهەبن، دەبێت خەڵک لێیان هەڵبژێرێت. زۆرجار، دایک و باوکان تووشی زەحمەتی دەبنەوە لە کاتی تۆمارکردنی ناوی منداڵەکانیاندا کە هەڵگری ئەو ناوانەن کە دەوڵەت بە ناوی نەخوازراویان دەزانێت. خوێندکارانی کورد بە ئاشکرا و بە ناڕاستەوخۆ نەویستراوی ناوەکانیان بیر دەخرێتەوە. ئەوان دەزانن کە دەبوو ناوەکانیان بگۆڕن بۆ فارسی بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن لە خوێندن بە بێ ئەوەی بەردەوام تووشی هەراسانکردنی فەرمی بن یان کارو پیشەیەک مسۆگەر بکەن. وێڕای ئەوەش زۆرێک لە کوردەکان بە یاخیبوویی دەمێننەوە و ناوێک هەڵدەبژێرن کە نیشانەی ناسنامەی کوردایەتییانە. بەرخۆدانێکی لەو جۆرە بە تایبەتی لە فەزای مەجازیدا دیارە: فەیسبووک و تەلەگرام و ئینستاگرام و . . . هتد، کە خەڵکی دەتوانن چێژ لە تایبەتمەندی و کەسـیەتی خۆیان وەربگرن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

خشتەی ٢. هەندێک لە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی کوردستان.

| گۆڤار | دەسپێک | کۆتایی | شار |
|---|---|---|---|
| هەنار | ٢٠١٧ | | سەقز |
| دەنگی کوردستان | ٢٠١٥ | | سنە |
| چیا | ٢٠١٤ | | مەریوان |
| ئاگرین ڕۆژ | ٢٠١١ | | سنە |
| دیاریێ کۆهان | ٢٠٠٩ | | سنە |
| ژیوار | ٢٠٠٨ | | |
| شار | ٢٠٠٨ | | سنە |
| سۆران | ٢٠٠٨ | | سنە |
| ئارشیا | ٢٠٠٨ | | |
| نیشتمان | ٢٠٠٨ | | |
| ڕووبار | ٢٠٠٧ | | |
| دیدگا | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٩ | سنە |
| کاردوک | ٢٠٠٦ | | سنە |
| ڕاسان | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٨ | سەقز |
| هەوار | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٧ | سنە |
| کورمانج | ٢٠٠٤ | | خوراسانی باکور |
| ئاوایێ کوردستان | ٢٠٠٣ | | سەقز |
| ئاشتی | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٨ | سنە - تاران |
| ڕۆژهەلات | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٨ | تاران-سنە |
| کەرەفتوو | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٧ | سنە |
| گوفتارێ سەبز | ٢٠٠٣ | | سنە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەردر | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٩ | قروه |
| ئاسۆ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠٢ | سنه |
| ڕاڤه | ٢٠٠٢ | | تاران |
| ئارارات | ٢٠٠١ | ٤ ژماره | سنه |
| مەهاباد | ٢٠٠١ | | مەهاباد |
| ژیار | ٢٠٠٠ | ٢٠٠٨ | سنه |
| وەرزنامەی کوردستان | ١٩٩٩ | ٢٠٠٧ | سنه |
| تیشک | ١٩٩٨ | ٢٠٠٢ | مەریوان |
| سیروان | ١٩٩٨ | بەردەوم ه | سنه |
| زرێبار | ١٩٩٧ | ٢٠٠١٤ | مەریوان |
| ئابیدەر | ١٩٩٦ | ٢٠٠٤ | سنه |
| ئاوێنه | ١٩٩٤ | ١٩٩٨ | تاران |
| ڕۆژ | ١٩٨٧ | | مەهاباد |
| سروه | ١٩٨٥ | ٢٠٠٨ | ئورمیه |
| ڕێگای یەکیەتی | ١٩٧١ | | مەهاباد |
| ژین | ١٩٦٧ | ١٩٧٠ | |
| ئارین | ١٩٥٢ | ١٩٥٥ | سنه – تاران |
| سەدایێ کورد | ١٩٥٢ | | کرماشان |
| ئاریز | ١٩٥١ | ١٩٥٢ | سنه |
| ئنقلاب کاوه | ١٩٥١ | | سنه |
| خۆرنشین | ١٩٥١ | ١٩٥٣ | تاران |
| ڕەهبەرێ کورد | ١٩٥١ | ١٩٥٢ | کرماشان |
| پەیکار | ١٩٥٠ | ١٩٥١ | سنه |

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

| | | | |
|---|---|---|---|
| پەیکار | ١٩٥٠ | ١٩٥١ | سنه |
| سەدایێ کوردستان | ١٩٤٦ | ١٩٥٣ | سنه |
| ئاوات | ١٩٤٥ | ٣ ژماره | مەهاباد |
| کوردستان | ١٩٤٥ | | مەهاباد |
| پەیکێ کوەرد | ١٩٤١ | ١٩٧٢ | |
| ڕۆژی کورد | ١٩٢٢ | | ئورمیه |
| ڕوانگه | ١٦ ژماره | | زانکۆی تەبریز |
| ئاریا | ... | | کرماشان |
| ئاوایێ غەرب | پاش ١٩٧٩ | | کرماشان |
| ئەخبارێ کوردستان | | | سنه – سەقز |
| ئامانج | | | تاران |
| پەیکێ ئیلام | پاش ١٩٧٩ | | ئیلام |
| پەیکێ سەحەر | پاش ١٩٧٩ | | کرماشان |
| تریفه | | | زانکۆی مازندەران |
| چاوان | | | کرماشان |
| ڕۆژامه | | | زانکۆی تاران |
| زاگرۆس | | | زانکۆی زانستی و پیشەسازی – تاران |
| کرماشان | | | زانکۆی ڕازی – کرماشان |
| ڕۆژان | | | سنه |
| نەدایێ زاگرۆس | | | تاران |

دوای هەڵبژاردنی خاتەمی لە ساڵی١٩٩٧کە کرانەوەیەکی ڕێژەیی کۆمەڵایەتی – سیاسیی کورتخایەن و بێ مەبەستی بە دوای خۆیدا هێنا و بووە هۆی لە دایکبوونی لە ناکاوی چەندین ڕێکخراوی ناحکومی چالاک و چالاکوانی سیاسیی. تەقینەوەی ئەو وزە سیاسییە بەشدارییەکی بەرچاوی لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی و ئازادکردنی وزەی لاوانی کورد و بزواندنی سەرچاوە ناوخۆییەکانی کوردستاندا هەبووە. بەشداریکردن لە چالاکی ژینگەیی و ڕێکخستنی کۆبوونەوەی لۆکاڵی و بنیاتنانی کتێبخانەی گوندەکان و دامەزراندنی کلاسی زمانی کوردی لە ناوچە گوندنشینەکاندا، جێی بایەخێکی زۆرە. لەماوەی کەمتر لە دەساڵدا دەیان گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی دەرچوون (بڕوانەخشتەی٢). هەندێک لەم بڵاوکراوانە لە (خشتە٢ببینە).

هەندێک لەم ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە دەکرێت سەر بە دام و دەزگاکانی دەوڵەت بووبن، چونکە دەوڵەت هەوڵدەدات بۆ بەڕێوەبردنی بەرهەمی مەعریفی سەبارەت بە کوردستان. [63] وێڕای ئەوەش، توێژەرانی لاوی کورد زۆر جار ئەو جۆرە پلاتفۆڕمانە بۆ پێشخستنی کولتوور و مێژوو و ناسنامەی کورد بەکاردەهێنن.

گۆڤارەکان زیاتر تایبەت بوون بە پرسە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات. کۆمەڵە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی ڕۆنان، ڤەژین، ڕۆژیار لە شاری مەریوان، ژینکۆ، بیری زێڕین، ئاسۆ و جووتیاران لەشاری شنۆ، خۆژین و پاژین لە شاری بانە تەنیا چەند نموونەیەکی کەمن کە گێڕانەوەیەکی قووڵ و ئاڵۆز سەبارەت بە ژیانی فەرهەنگی – کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردانی ڕۆژهەڵاتیان پێشکەش دەکرد. بەشێک لەو کۆمەڵانەی کە ئاماژەمان پێدان، توانیویانە لاوانی کورد بە شێوەیەکی نافەرمی فێربکەن و خۆبەخشانە فێری زمانی کوردییان بکەن. تا ئەم دواییانەش، کۆمەڵەی ڕۆنان گۆڤارێکی وەرزی بەناوی زرێبار بڵاو دەکردەوە کە تایبەت بوو بە شیکردنەوەی پرسە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی گەورە. بڵاوکراوە مانگانە و هەفتانە بە ناوبانگەکانی وەک ژیلوان، هەنار، ئاشتی، ڕووبار، ڕاسان، شار، کاردوک، ئاگرین، ژیوار، بیروهزر، چرۆ و هەیا و چەندانی تریش لەلایەن کۆمەڵێک چالاکوانی کوردەوە بڵاو دەکرێنەوە. لەوەش گرنگتر ئەم گۆڤارانە لە ڕووی داراییەوە بە کۆمەکی ئەکادیمیستەکانی کورد و خێرخوازانی ناوخۆیی پشتگیری دەکرێن.[64]

هەروەها کوردەکان بەرەنگاری هەڵمەتی بڕینی دارستانەکان و تێکدانی سامانی سرووشتی کوردستان لەلایەن دەوڵەتەوە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەبنەوە. سووتاندنی بە ئەنقەستی ناوچە کێوییەکانی شارە سنوورییەکانی بانە، سەردەشت، پیرانشار، مەریوان و سەوڵاوا لەلایەن دەوڵەتەوە، گوایە مەبەست لێی لەناوبردنی حەشارگە سرووشتییەکانی بزووتنەوەی کوردییە. ساڵانە، لە یەک کاتدا چەندین شوێن ئاگریان تێبەردەدرێت بۆ ئەوەی چالاکوانانی ژینگەپارێز نەتوانن ئاگرەکە بکوژێننەوە. لەساڵی ٢٠١٨دا، تەنها لە یەک ڕووداوی ئاگر کەوتنەوەدا، چوار ژینگەپارێزی کورد لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاگرەکەدا گیانیان لەدەستدا. ئەمەش بووە هۆی خۆپیشاندانی گشتی لەشاری مەریوان، کوردەکان بە گشتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بەهۆکاری مردنیان دەزانێت.[65] (ئێستا ئەو چالاکوانانە وەک پاڵەوان و شەهید یاد دەکرێنەوە). کوردەکانی ناوخۆ بەبەردەوام تیم ڕێکدەخەن بۆ پاککردنەوەی شوێنە گشتییەکانی شارەکە، گوندەکان و هەروەها ڕێڕەوی شاخەکان کە بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ کەمپی شەوانە بەکاردەهێنرێن.

لەکۆتاییدا، کورد بەرەنگاری سیاسەتی بە ”فارسیکردن“ لەلایەن دەوڵەتەوە بووەوە. لە کاتێکدا وەبەرهێنانی دەوڵەت لە بواری پەروەردەدا لە کوردستان جگە لە هەوڵدان بۆ بەفارسیکردنی کۆلۆنیالیزمانەی زمان و شوناسی کوردی هیچی تر نییە، ئەم دەرئەنجامە بێ مەبەستانەشی لێکەوتەوە: کە بووەهۆی جووڵەیەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی-جوگرافی کورد و زیادبوونی هۆشیاری و هەستی ئیتنۆ-نەتەوەیی. سیستەمی پەروەردەیی دەوڵەت کە بۆ بە فارسیکردنی غەیرە فارسەکان هاتۆتەئاراوە، بەبێ مەبەستانە بووە هۆی زیادبوونی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە ستراتیژە توێنەرەوەکانی دەوڵەت. ئەو خوێندکارانەی زانکۆ کە بەدوای وەرگرتنی بڕوانامەی زانکۆوەن لە شارەکانی ناوەڕاستدا، زیاتر ڕووبەڕووی ڕێوشوێنی جیاکاری دەبنەوە چ لەلایەن نوخبەی سیادی و چ لەلایەن دام و دەزگاکانی دەوڵەتەوە.

ئێستا، زۆربەی خێزانە کوردەکان، پەروەردە وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ ئازادی و چارەی خۆنووسین چاولێدەکەن. بۆ نموونە، کاتێک کرێکارێکی ناوچەی هەورامان لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیەوە داوای لێکرا پاداشتێک بۆ خزمەتە نایابەکەی هەڵبژێرێت، داوای قوتابخانەیەکی کرد بۆ گوندەکەی و لەسەر داواکەی قوتابخانە لەگوندەکەیدا دروستکرا. ئێستا گوندە بچوکە دوورە دەستەکان (بە دەگمەن ٤٠ ماڵیان تێدایە)لە ناوچەشاخاویەکانی هەوراماندا، ڕێبازی کوردایەتی لە بواری پەروەردەدا وەک ئامرازێکی ئازادیخوازی

بەرجەستە دەکات. لە ساڵی ٢٠١١ دا، لە یەکێک لەو گوندانەدا، گوندنشینان فێستیڤاڵێکی دەرچوونیان بۆ خوێندکارە دەرچووەکانیان ئەنجامدا، کە ١٣ لەو خوێنکارانە کاندیدی دکتۆرا بوون.

سەرەڕای هەوڵە بەردەوام و سیستماتیکەکانی ڕژێم بۆ وەدەرنانی خوێندکارانی کورد، ڕێژەی خوێندکاری کورد لەزانکۆکاندا زیادیکردووە. لەئێستادا بەشێکی بەرچاو لەخوێندکارانی هەندێک لە زانکۆ پلەباڵاکانی (وەک هەمەدان، کەرەج، تاران و تەبرێز) کوردن. لەکاتێکدا خەریکی خوێندنی فەرمین، ژمارەیەکی زۆر لەو خوێندکارانە بەشێوەیەکی نافەرمی کار لەسەر زمانی کوردی، ئەدەب و وەرگێڕان بۆ زمانی کوردی و لە زمانی کوردییەوە دەکەن. باس لەوەش ناکەین کە ژمارەیەکی بەرچاویان فێری زاراوەی دووەمی کوردی بوون-پێشکەوتنێکی تەواو نوێ.[66]

## ئەنجام

ئەم وتارە لێکۆڵینەوەی لە ستراتیژەکانی دەوڵەتی ئێران سەبارەت بە تواندنەوە و دەست بەسەراگرتنی کورد لە ئێرانی پاش شۆڕشدا کرد. ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوەدەدات کە ئامانجی ئەم ستراتیژانە هێشتنەوەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەوری گۆڕینی پرۆفایلی جیاوازی ئیتنۆ-ئایینی و بە پێرسۆ-شیعەکردنی فەزاو خەڵکەکەیەتی. دەوڵەت بە توندوتیژییەوە تێدەکۆشێت بۆ بە جیهانیکردنی کولتوور و زمانی فارسی و ئێرانیی بوون دەکاتە هاو واتای فارسیبوون. ئەم جۆرە سیاسەت-هەڵوێستانە هیچ بوارێك بۆ قسەکردنی کەسانی نا فارس ناهێڵێتەوە.[67] کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵدەدات زاڵبوونی ڕەهای "شوناسی ئێرانی مفرەد" بەدیبهێنێت، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی و پشتیوانی نوخبەی فارس و جێبەجێکردنی سیاسەتی پەروەردەیی و ئایینی کە دەتوانێت هەرجۆرە جیاوازییەک نەهێڵێت. کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوەیەکی بەردەوام و سیستماتیک بەدوای ئەوەی دواییان کەوتووە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێک بوو بۆ نیشاندانی پرۆسەکانی پێرسۆ-شیعی و بەردەوامی و لێکچوونی ئەم سیاسەتانە لە دوای داگیرکردنی(فتح) کوردستانەوە، لەسەرەتاکانی ١٩٨٠ی سەدەی ڕابردوودا. بەم دواییانە. وەزارەتی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێنماییەکی دەرکرد بە پێی ئەو ڕێنماییە ئەگەر منداڵانی غەیرە فارس (لە نێوان تەمەنی ٤-٦) لە تاقیکردنەوەی توانستی زمانی فارسیدا دەرنەچن، دەبێت وەک خوێندکارێکی خاوەن پێداویستی

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

تایبەت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کۆماری ئیسلامیی ئێران نەبوونی شارەزایی لە زمانی فارسیدا بە بایۆلۆجی کردووە. ئەم سیاسەتە نوێیانە لە ڕووی بایۆلۆژییەوە نەوەی نا فارسەکان بە گەشەنەکردوو ناودەبات بە هۆی شکستهێنانیان لە تاقیکردنەوەی توانستی زمانی فارسی. سیاسەتی لەوجۆرە دەکرێت وەک فۆرمێکی زمانەوانی یوجینی سەیربکرێت، کە لەچارەکی یەکەمی سەدەی بیستدا باوبوو. وێڕای ئەوەش، ڕۆشنبیرانی فارس لە ئێران و دەرەوەی وڵات بە بەڵێن و پەیمانی بەرجەستە، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتگیری ئەم سیاسەتانەی دەوڵەتیان کردووە.[68]

هەروەها ئەم توێژینەوەیە تیشکی خستووەتەسەر بەرخۆدانی کەسایەتییە نا حکومییەکانی کورد لەبەرامبەر دەوڵەتی کۆڵۆنیاڵدا. ئەو فشارە گەورەیەی کە ڕژێم دەیخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سنووردارکردنی حزبەکانی ڕۆژهەڵات زۆر کاریگەر بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، کوردانی ناوخۆی ڕۆژهەڵات بەشێوەیەکی بەرچاو لەبەرامبەر سیاسەتی تواندنەوەی کولتووری و سیاسی ڕژێمدا وەستاونەتەوە لە ڕێگەی بەرخۆدانی کولتووری و بەرهەمهێنانی هونەری کوردی و ئەدەب و شیعر و سینەما و مۆسیقا و ئاهەنگگێڕانی سالانەی نەورۆز و جۆرەها شێوەی دیکەی بەرخۆدان.

لەکۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە هیواخوزە ئەوەش نیشانبدات کە کورد خۆی وەک ئیتنۆ-نەتەوەی نا سەروەر لە ئێراندا هەست پێبکات چونکە یەکێک بووە لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیاسەتی ستەمکارانە و تواندنەوە لەلایەن دەوڵەتی مۆدێرنەوە. کورد وەک کۆمەڵگە ژێردەستەکانی دیکە، باوەڕی بەوە نییە کە بە بێ پێناسەکردنەوەی چەمکی ”گەل“، بتوانرێت سیستەمی کۆڵۆنیاڵیزمی ناوخۆیی تێبپەڕێنرێت. کۆڵۆنیاڵیزمی ناوخۆیی و سیستەمی تاک نەتەوەیی-ئایینی لە ئێراندا، پێکهاتەیەکی سەروەری بەرامبەر پێکهاتەیەکی نا سەروەر دروستکردووە. ئەم پەیوەندییە دوو لایەنەیە پرسی سەروەری کردووە بە پرسێکی وجوودی بۆ پێکەوەژیانی ئیتنۆ-نەتەوەی باڵادەست لە ئێران. لە کاتێکدا نوخبەی ئیتنۆ-نەتەوەی باڵادەست(واتە فارسەکان) سوورن لەسەر ئەوەی کە سیستمێکی دیموکراتی عەلمانی دەرمانی هەموو دەردەکانە، ئەوانەش کە سەربە نا سەروەرەکانن پێیان وایە کە دیموکراسییەکی عەلمانی بە تەنیا ناتوانێت چارەسەری ئەو نا هاوسەنگییە سیاسی و کولتووریی و مێژوویی و دامەزراوەیی و پێکهاتەییە بکات لە وڵاتدا. بۆیە ئەم

گرووپانەی دوایی لەسەر ئەوە کۆکن کە بۆ مسۆگەرکردنی سەروەری بۆ هەمووان (یان سەروەرییەکی ڕاستەقینەی جەماوەریی) دەبێت دیمۆکان (لە دیموکراسییدا) پێکهێنەری دەسەڵات لە ئێراندا دووبارە پێناسە بکرێنەوە، بەبێ ئەو جۆرە لە پێناسەکردنەوەیە سیستەمی کۆڵۆنیاڵی ناخۆیی درێژەی دەبێت.

جگە لەوەش، بەبێ ئەوەی هەنگاوێکی وەها ڕادیکاڵانە بنرێت، گەرەنتی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نا هاوسەنگییە مێژووییەکان دەکرێت. دەرئەنجام، ئیتنۆ-نەتەوەی نا فارس لەهەرجۆرە نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینە قەدەغە دەکرێن و دەنگیان لە دامەزراندنی هیچ فەرمانێکی دەستووریدا نابێت —بەبێ گوێدانە ئەوەی کە سیستەمەکە ناوی چییە. ئەم بانگەوازە بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی سەروەریی-بەدەنگدانەوەی ئارگومێنتەکانی دەبلیو. ئی. بی. دو بۆیس لە ڕەنگ و دیموکراسیدا- دەتوانێت ببێتە هۆی سکۆلەرشیپی گشتی سەبارەت بە سەروەری و کردنەوەی فەزایەکی نوێ بۆ "هاوڵاتی سەروەر"ی ڕاستەقینە. 69

## Notes

1. See, Kamal Soleimani and Ahmad Mohammadpour, 'Can Non-Persians Speak? The Sovereign's Narration of "Iranian identity", Ethnicities, 2019, DOI:10. 1177/1468796819853059; Kamal Soleimani and Ahmad Mohammadpour, 'The Securitization of Life: Eastern Kurdistan under the Rule of a Perso-Shi'i State', Third World Quarterly, 2019. DOI:10. 1080/ 01436597. 2019. 1695199; Kamal Soleimani and Ahmad Mohammadpour, 'Life and Labor on the Internal Colonial Edge: Political Economy of Kolberi in Rojhelat', British Journal of Sociology, 2020, pp 1-20, DOI:10. 1111/1468-4446. 12745.

2. See, Caroline Humphrey, 'Sovereignty', in D Nugent and J Vincent (eds), A Companion to the Anthropology of Politics, Oxford: Blackwell, 2004, pp 418-436; Thomas Blom Hansen and Finn Stepputat, 'Sovereignty Revisited', Annual Review of Anthropology 35, 2006, pp 29531; DOI:10. 1146/annurev. anthro. 35. 081705. 123317; Brenda Chalfin, Neoliberal Frontiers: An Ethnography of Sovereignty in West Africa, Chicago: The University of Chicago Press, 2010; Yarimar Bonilla, 'Unsettling Sovereignty', Cultural Anthropology 32(3), 2017, pp 330-39, DOI:10. 14506/ca32. 3. 02.

3. Kurds, themselves, refer to different parts of Kurdistan as Bakur (Northern/ in Turkey), Bashur (Southern/ in Iraq), Rojava (Western/ in Syria) and Rojhelat (Eastern/ in Iran). In order to avoid falling into the racist states' trap of de-Kurdifying Kurdish territories, we have followed Kurdish reference to their own geography.

4. For the definition of term, the state of exception, see, Giorgio Agamben, State of Exception, Kevin Attel (trans), Chicago: The University of Chicago Press, 2005.

5. In Mahabad, it was home to the first Kurdish Republic, known as the Republic of Kurdistan, in 1946. It was also there that the first Kurdish nationalist uprising against the state was launched in 1880, see, Kamal Soleimani, Islam and Competing Nationalisms in the Middle East,

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

Iranian Nationalism Meets German Counter Mod
ernity, in Kamran Scot-Aghaei and Afshin Marashi A (eds), Rethinking Iranian Nationalism and Modernity, Austin: The University of Texas Press, 2014, pp 49-67; Afshin Matin-Asgari, Both Eastern and Western: An Intellectual History of Iranian Modernity, Cambridge: Cam
bridge University Press, 2018.

13. Boroujerdi, 'Contesting Nationalist Constructions of Iranian Identity, p 43.

14. See, Mehrzad Boroujerdi, 'Triumphs and Travails of Authoritarian Modernization in Iran', in

Stephanie Cronin (ed), The Making of Modern Iran: State and Society under Riza Shah, 1921
1941, 2003, pp 153.

15. Mulla Khalil was a religious scholar and a community leader who set out to unite Kurds
around Sardasht and Piranshahr against the Reza Shah's oppressive policies, chief among
them was the new dress code.

16. Emer Heme Sur's uprising took place in 1939 in Qala Rasha, near Sardasht. His uprising was

triggered by Reza Shah policy of compulsory conscription.

17. See, Abbas Vali, The Forgotten Years of Kurdish Nationalism in Iran, Palgrave Macmillan,
2019.

18. See, Homa Katouzian, 'Land Reform in Iran, a Case Study in the Political Economy of Social

Engineering, The Journal of Peasant Studies 1(2), 1974.

19. See, Mohammad G Majd, 'Land Reform Policies in Iran', American Journal of Agricultural
Economics 69(4), 1987, pp 843-848; Stephanie Cronin, 'Re-Interpreting Modern Iran:
Tribe and State in the Twentieth Century, Iran 1876-1926, New York, NY: Palgrave, 2016. With the rise of a modern state in Iran, along with Rezashah Pahlavi's accession to power (1925), Rojhelat witnessed a number of political uprisings by Kurds. For instance, there were the uprisings led by Smail Agha Semko (who published the first Journal in Kurdish (see, Soleimani, 2017), Mulla Khalil (1928), and Emer Heme Sur (1939, known also as Emer Pasha) which paved the way for the emergence of the Republic of Kurdistan under the leadership of Democratic Party of Kurdistan/ Iran (KDPI).

6. Jash etymologically means donkey's offspring, is a derogatory appellation that the Kurds use for anyone who collaborates with the military forces of the regime.

7. R Elling Christian, Minorities in Iran: Nationalism and Ethnicity after Khomeini, New York: Palgrave, 2013, p 4.

8. Mustafa Vaziri, Iran as Imagined Nation: The Construction of National Identity, New York: Paragon House, 1993.

9. Mehrzad Boroujerdi, 'Contesting Nationalist Constructions of Iranian Identity, Critique:
Critical Middle Eastern Studies 7(12), 1998, pp 43-55; Mehrzad Boroujerdi, 'Iranian Islam and the Faustian Bargain of Western Modernity', Journal of Peace Research 34(1), 1997,
pp 1-5.

10. Alireza Asgharzadeh, Iran and the Challenge of Diversity: Islamic Fundamentalism, Aryanist

Racism, and Democratic Struggles, New York, NY: Palgrave Macmillan, 2007.

11. Reza Zia-Ebrahimi, The Emergence of Iranian Nationalism: Race and the Politics of Dislo
cation, New York, NY: Columbia University Press, 2016.

12. Afshin Matin-Asgari, "The Berlin Circle:

the regime both in Tehran and Sanandaj. The

regime promised to grant a certain degree of autonomy to Kurdistan, a promise which

was soon broken by the government.

29. The regime invasion of Rojhelat and its subsequent political and militarist development was

never mentioned in Iranian mainstream historiography. The historians of dominated ethnie are reluctant to open any room for such events in their historical reports and thus contributed to the state's marginalisation and criminalisation of Kurdish identity and culture. Cf. Said Amir Arjomand, The Turban for the Crown: The Islamic Revolution in Iran, Oxford

University Press, 1989; Mohsen Milani, The Making of Iran's Islamic Revolution: From Monarchy to Islamic Republic, Westview Press, 1994; Saeed Rahnema and Sohrab Behdad, Iran After the Revolution: Crisis of an Islamic State, I. B. Tauris, 1996; Misagh Parsa, Social Origins of the Iranian Revolution, Rutgers University Press, 1989; Ali Gheissari and Vali Nast, Democracy in Iran: History and the Quest for Liberty, Oxford University Press, 2006; Hamid Dabashi, Theology of Discontent: The Ideological Foundation of the Islamic Revolution in Iran, Transaction Publishers, 2003; Ali Mirsepassi, Democracy in Modern Iran: Islam, Culture, and Political Change, NYU Press, 2010; Ali M Ansari, The Politics of Nationalism in Modern Iran, Cambridge University Press, 2012; Abbas Amanat, Iran: A Modern History, New Haven, CT: Yale University Press, 2017; Eskandar Sadeghi-Boroujerdi, Revolu tion and its Discontents: Political Thought and Reform in Iran, Cambridge University Press,

2019.

30. See, Marouf Cabi, 'Marginalisation of Kurdish History', M. Litt. Thesis, University of St

nian Studies, 42(3), 2009, pp 357-388.

20. Vali, Abbas "The Kurds and Their "Others": Fragmented Identity and Fragmented Politics',

Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, XVIII (2), 1998, p 83.

21. Abbas Amanat, Apocalyptic Islam and Iranian Shi'ism, London: I. B. Tauris, 2015, p 211.

22. See, Amanat, Apocalyptic Islam and Iranian Shi'ism.

23. Juan Cole, 'Millennialism in Modern Iranian History, in Abbas Amanat and Magnus Bern

hardsson, (eds), Imagining the End: Visions of Apocalypse from the Ancient Middle East to

Modern leAmerica, London: I. B. Tauris, 2002, p 326.

24. See, Kamal Soleimani, Islam and Competing Nationalisms in the Middle East, New York: Pal

grave MacLellan, 2016, pp 32-41.

25. See, Nikki R Keddie and Mark J Gasiorowski, Neither East Nor West: Iran, the Soviet Union,

and the United States, Yale University Press, 1990.

26. Abdurrahman Qasemlo, the leader of KDP was one of the negotiators. He was elected to rep

resent Kurds in the Assembly of Experts. However, while he was on his way to Tehran, he was declared as an outlaw by Ayatollah Khomeini himself. Qasemlo never closed the door of negotiation with the state. Eventually, he was assassinated by the religious regime's team

of negotiators and around the negotiation table in 1989, in Austria.

27. Appendix of Komele Report in 13 November 1979.

28. They organised a series of meetings with

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

sponsored, shaped, and directed by the dominant Persian discourse and remained in that circle, rather than advocating for Kurds and Kurdish.

38. Turning people into jash.

39. For the deconstruction of this concept see: Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, "Interrogating the Tribal: The Aporia of "Tribalism' in the Sociological Study of the Middle East', British Journal of Sociology, 2019, DOI:10. 1111/1468-4446. 12656 (accessed 25 February 2020).

40. Assets of Revolution.

41. For more, see Soleimani and Mohammadpour, "The Securitisation of Life', pp 8-10. 42. Bash means 'good' in Kurdish.

43. It literally means Jash - pen.

44. Soleimani and Mohammadpour, 'The Securitisation of Life', p 11.

45. For more see, Saeid Golkar, Captive Society: The Basij Militia and Social Control, New York: Cambridge University Press, 2015.

46. Richard L Rubenstein, Jihad and Genocide, Rowman & Littlefield Publishers, 2010, p 153. 47. For more, see Soleimani and Mohammadpour, "The Securitisation of Life', pp 8-12. 48. See, Peter R Schmidt and Thomas C Patterson (eds. ), Making Alternative Histories: The Prac

tice of Archaeology and History in Non-Western Settings, Santa Fe, NM: School of American Research Press, 1995.

49. For more see, Lorenzo Veracini, Settler Colonialism: A Theoretical Overview, Palgrave Macmillan, 2010; Edward Cavanagh and Lorenzo Veracini, The Routledge Handbook of the History of Settler Colonialism, Routledge, 2016.

50. See their website at http://78. 39. 231. 130/ (accessed 15 March 2020).

51. The followers of Ahmad Moftizadeh, an anti-regime Kurdish religious scholar who, a

Andrews, Unpublished MA thesis, 2015.

31. For more see: https://www. nytimes. com/2003/11/29/world/sadegh-khalkhali-77-a-judge-iniran-who-executed-hundreds. html (accessed 5 January 2020).

32. See, Cabi, 'Marginalisation of Kurdish History', 2015.

33. There are also other untold stories of massacres and mass executions in the early years of the post-Revolution, chief among which are the mass executions in Sanandaj, Paveh, Saqez, Kermanshah, and Mariwan (1979) as well as the massacres in numerous Kurdish villages such as Demesoor, Jaafarabad, Marjanabad, and Suzi (around Mahabad), Dilancharkh, Halabi, Kwekan, Karezey Shekhan, Khalifeliyan and Goorkhane, and Younesian (around Naghadeh). Halghosh and Geja in Somay region of Uromiyeh, Chaghal Mustafa; Djebreilabad, Gondavella and Duab (Oshnavieh).

34. For more see: https://www. youtube. com/watch?v=4pGA11WPqkA (accessed 5 January 2020).

35. See, Kamrava Mehran, The Modern Middle East: A Political History Since World War I, 3rd ed, Berkeley: University of California Press, 2013.

36. Ahmadinezhad stands under urgent suspicion of having been involved in the murder of Qasimlo Ghassemlou. He also spent his early career in Azeri and Kurdish areas as a member of Sepah and Etelaat. See: https://www. theguardian. com/world/2005/jul/04/iran. lukeharding (accessed 25 February 2020).

37. Rouhani appointed Ali Younesi as his Special Assistant to the President on Ethnic and Religious Minority Affairs. Also, during his presidency, the University of Kurdistan opened the first Department of Kurdish Language and Culture. However, these and similar activities were

province. Also, see https://www. radiozamaneh. com/262340 (accessed 15 March 2020).

61. In Kurdish, kolberi refers to the (young and old) cross-border labour in which people called

kolbers carry goods on their backs across the borders of Iran, Iraq, and Turkey. It is an extremely dangerous form of labour as kolbers are regularly shot dead by Iranian armed forces, or die from falling off mountain cliffs, walking into the minefields, and exposure to extreme cold. 62. For more see Soleimani and Mohammadpour, 'Life and Labor on the Internal Colonial Edge'. 63. Sources: Bakhtyar Karimi, "The Study of the Factors Related to the Increase of the Local and

Indigenous Magazines from the Perspective of the Activists and Practitioners of Magazines in Kurdistan Province', Zrebar (83&84), 2013, pp 202-225; Seyyed Shahab Khezri, Dictionary of Books and Magazines in Kurdistan, Sanandaj: Simorg, 2009 [in Persian].

64. Here we are relying solely on our ethnographic research and empirically data based on our interviews.

65. https://www. kurdistan24. net/en/news/0de56fbc-6c68-48d6-b0a1-630362546ecd (accessed 15

March 2020).

66. Here too we are relying solely on our ethnographic research and empirical data based on our interviews.

67. Soleimani and Mohammadpour, Can non-Persians speak?'

ورود-تست-بسندگی-زبان-فارسی-به-سنجش
98030803377/نوآموزان-در-دستور سلامت/See
https://www. isna. ir/news . 68

(accessed 15 March 2020).

69. WEB Du Bois, Color and Democracy: Colonies and Peace, Harcourt, Brace and Co, 1945.

decade of imprisonment, died in house arrest, in 1993. Some of his well-known followers too have faced long imprisonments, exile as well as assassination.

52. A follower of a Sunni orthodox Muslim sect founded by Muhammad ibn Abd al-Wahhab (1703-92); the sect is still the predominant religious force in Saudi Arabia.

53. http://kurd. ismc. ir/ (accessed 10 March 2020).

54. For example, see: http://old. ido. ir//n. aspx?n=13910209014 (accessed 10 March 2020). 55. http://www. irna. ir/fa/News/82676537 (accessed 10 March 2020).

56. xxxxx conversation with a number of officials in Baneh city - Kurdistan province, in summer 2005.

57. For more see, Leo Marquard, South Africa's Colonial Policy. Johannesburg: Institute of Race Relations, 1957; Pablo Gonzalez Casanova, 'Internal Colonialism and National Development', Studies in Comparative International Development, 1(4), 1965, pp 27-37; Robert Blauner, 'Internal Colonialism and Ghetto Revolt', Social Problems, 16(4), 1969, pp 393408; Michael Hechter, Internal Colonialism: The Celtic Fringe in British National Development, University of California Press, 1975; Robert Peckham, 'Internal Colonialism: Nation and Region in Nineteenth-Century Greece', in M Todorova (ed. ) Balkan Identities: Nation and Memory, New York: New York University Press, 2004, pp 15-43.

58. Ranching was also prohibited by the state on the grounds that the shepherds will be the link between the people and the Kurdish resistance.

59. See, Soleimani and Mohammadpour, 'The Securitization of Life'.

60. From our 2009 interview with a number of high-ranking officials in Sanandaj/ Kurdistan

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# حیجاب لە ڕوانگەی توێژینەوە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە

## پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی بابەتی پرسی حیجاب لە ئێرانی هاوچەرخدا[1] ڕەزبەری 1401/ 2022

وەرگێڕان: کەیوان قادری
بەرهەمهێنراوی گرووپی لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانی میراس (سەر بە ئەنجومەنی میراسی ئیسلامی)
بەڕێوەبەری گرووپ: ئەمیرمەهدی مەناقبی بەڕێوەبەری بەشی توێژینەوە: عەلیڕەزا ڕەحمانی



1- ئەم توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا ڕاپۆتێکی شیکاری و وەسفی سەبارەت بە باڵاپۆشی لە ئێراندا. ناونیشانی بابەتەکە بە فارسی بریتییە لە (گزارش پژوهشی حجاب در آینه پژوه شهای اجتماعی و فرهنگی) کە لە لایەن گروپی لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانی میراسەوە ئامادە کراوە. بە ئامانجی بەرچاوڕوونی زیاتری خوێنەرانی وەرزنامە و لەبەر نوێبوونی بابەتەکە و کێشەکانی پەیوەست بە باڵاپۆشی ئەم سەد ڕۆژەی ڕابردوو بە پێویستمان زانی وەرگێڕانی بکەین. هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین کە لەبەر درێژیی بابەتەکە تەوەری سێیەم کە تایبەتە بەو ئەدەبیاتی پێشوو تەرك کراوە و لە ژمارەکانی ئایندەدا ئەو بەشەش بڵاو دەکرێتەوە.

## بەرایی

بە چاوخشاندنێکی مێژوویی لەسەر گۆڕانکارییەکانی پرسی حیجاب، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە پۆشین و حیجاب، بە تایبەت پۆشینی ژنان لە ساڵەکانی پێش شۆڕشی ئێران و دوای شۆڕش، هەمیشە لە ناوەندی سەرنجی دامودەزگا سیاسی و پلاندانانەکان و جێبەجێکارەکاندا بووە. دەتوانین دیمەنی ئەم بەرەنگاربوونەوە لە چوارچێوەی یاسا و یاساکانی پێش شۆڕش و دوای شۆڕش ببینین. لە دوای شۆڕشی 1979ی ئێران و گرنگیپێدان بە سیمبولە کولتوورییەکان، بە تایبەت سیمبولە ئایینییەکان، سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی کولتووری کۆمەڵگە بوو بە یەکێک لە ئەولەویەتەکانی دەوڵەت لە دوای شۆڕش.

دوای چەند دەیە لەسەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر ڕاستییەکانی حیجاب لەم ساڵانەدا، نیشاندەری پرۆسەی کەمبوونەوەی ئینتیمای ژنانە بەو پۆشینە ئیسلامییەی فەرمی دەوڵەت. ڕوون و ئاشکرایە کە هەر جۆرە سیاستدانان بۆ باشترکردنەوەی بارودۆخی داهاتووی بابەتی حیجاب، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێشینەی چالاکییەکان و درکی بارودۆخی ئێستای حیجاب لە کۆمەڵگە، سەرکەوتوو نابێت. لەسەر ئەم بنەمایە، لەم توێژینەوە، بە کەڵکوەرگرتن لە خوێندنەوەکانی ئەم سەد ساڵە، هەوڵدراوە تا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ڕوانگەکان سەبارەت بە حیجاب دەستەبەر بکەین، پێویستی و گرنگییەکانی پرسی حیجاب و توێژینەوەکان و ڕاپرسییە گشتییەکانیش بخەینە بەر باس؛ تا لەم ڕێگەیەوە بۆشاییەکان بناسێنین و پاڵپشتێک بین بۆ ئەو سیاسەتە عەقڵگەرایانەی کە دەتوانێت داهاتووی پرسی حیجاب باشتربکات.

## گوتاری یەکەم
## ڕوانگەکان سەبارەت بە پرسی حیجاب و داوێنپاکی لە ئێرانی سەردەم[1]

پرسی حیجابی یاسایی لە ئێران سەرەوەی ڕەهەندە سیاسی و یاساییەکانی، ئێستا بۆتە بابەت و پرسێکی کۆمەڵایەتی. هەبوونی گرووپە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان کە هەر کامیان هەڵگری چوارچێوەی فیکری و بنەما بەهادارەکانی خۆیانن، هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی کە هەر یەکەو خوێندنەوە و ڕوانگەی تایبەت بە خۆی هەبێت کە هەندێکجار سەبارەت بە پرسی حیجاب، دژبەر و لە بەرامبەر یەکتردا ڕادەوەستێن.

2- ئەرکی گرووپی لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکانی میراس، دیالۆگ، لێکدانەوە و توێژینەوەی ئامانجدارە لەسەر پرسە کۆمەڵایەتی–کولتوورییەکانی شیعەکانی ئێران و برەوپێدانە بە ڕێکارە نوێیەکان بۆ سیاسەتمەداران، شارەزاکان و ڕۆشنبیران و گەل. ئامانجەکانی ئەو گروپە بریتین لە:
1. نیشاندانی دیمەنێکی ڕوون بۆ ئایندە، پرس و ڕێکارەکان
2. بردنەسەرەوەی ئاگایی گشتی لەمەڕ پرسە ستراتیژییەکان
3. وتووێژ و هەوڵدان بۆ گەیشتن و سەرخستنی ڕێکارە هاتنەئاراکانەوە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

به تێپەڕبوونی زەمەن و گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەمی هاوچەرخ، ئەم جیاوازیانە زیاتر دەردەکەون. وادیارە پێش ئەوەی بمانەوێت هەر جۆرە ڕاسپێری و باسکردن لەسەر گۆڕەپانە جیاوازە سیاسیەکان بکەین، پێویستمان بەوە هەیە کە لەگەڵ سەرەکیترین ئاڕاستەکانی کەشی کۆمەڵگەی ئێرانی کە لەژێر کاریگەری ئەو سیاسەتانە وا بە پرسی حیجابەوە سەرقاڵن، زیاتر بیاناسین.

لەم بەشەدا بابەتی ئەم ئاڕاستانە و شرۆڤەی ئەوانە دەخەینە بەر باس. جێ ئاماژەیە دابەشکردنی ئەم ڕوانگەیانە لەسەر پرسی حیجاب و داوێنپاکی بەپێی ناوبانگی دەنگەکان و، هەروەها ئاستی دەرکەوتنی گۆڕەپانی چالاکی گرێدراو بەم بابەتەوە، دیاریکراوە. هەر بۆیە ڕوانگەکانی ئەم دابەشکراوانە بێگۆمان لە بواری لۆژیکیەوە بەشکەری یەکتر نین و ئەم دابەشکاری و پۆلێنبەندییەی ئێستا، لەسەر بنەمای جیاوازی و جۆربەجۆری ڕوانگە جیاوازەکانە لەسەر پرسی حیجاب لە چەند گۆشەنیگای جیاوازەوە. لە 50 ساڵی ڕابردوو، هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە جیهانییەکان گەشەکردنی ڕێژەی بەشداری کۆمەڵایەتی ژنان، هەڵچوونی هەندێک لە ڕەوتە مۆدێرنەکان و بەرەنگاربوونەوەی ئەوان لەگەڵ گوتارە نەریتییەکان و یاسا شەرعی و ئایینییەکان لە ئێراندا دەبینین.

بەشی هەرە بەرچاوی ئەم بەرەنگاربوونەوەیە لەسەر شێوازی پۆشینی ژنانبووە؛ ئەو پۆشینەی کە بە دڵی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتە و ئەوەی لە کۆمەڵگە ڕوویداوە و ڕوودەدات.

ئەم وروژاندن و بەرەنگاربوونە دەکرێت بە چەند جۆرە خوێندنەوە دابەشبکەین. ئەم وروژاندنە لە ئێران گرێدراوی خوێندنەوە جیاوازەکانن لەسەر پرسی حیجاب. بەم واتایە کە لە دەیەکانی ڕابردوودا، حیجاب لە گوتاری گشتی کۆمەڵگە، گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە کە دەتوانین ئەم بابەتە لە گۆڕەپانی مەعریفی، گرێدراوی خوێندنەوە جیاوازەکان بزانین؛ کە هەندێک لەم خوێندنەوانە دژبەری شێوازی باو[2] و تەنانەت خودی حیجابن[3]. یان باوەڕیان بە جۆرێک لە سیمبۆلیزم[4] و باڵادەستی پەستانە سیاسییەکانی حیجاب[5] هەیە. گوتاری زاڵ لەبارەی حیجاب لەسەر بنەمای ڕەهەندگەلێک وەکو ئیسلامی ڕەسەن[6]، ڕەمزیەتی جەستەی ژن[7] و پابەندنەبوون بە شەرت و مەرجەکانی حوکمی لەسەر پۆشینن[8].

هەبوونی فرەجۆری لە خوێندنەوەی حیجاب، خوێندنەوەی فەرمی لەسەر حیجاب تووشی ئاڵۆزیکردووە. بە شێوازێک کە ئیسلامی سیاسی و گوتاری جێندەری ئەم بابەتە، هەڵگری بنەچەگەلێک لە گۆڕانکارییە کە هۆکارن بۆ بەدیهاتنی هەڵوێستێک کە دەڵێت: حیجاب ماف و هەڵبژاردەی ژنانە. بەچاولێکردن بە گرنگی حیجاب، لەم زەمەنە هاوچەرخە، گرنگترین ئاڕاستەکان لەسەر حیجاب و داوێنپاکی لە ڕێگای خوێندنەوەی گوتار و قسەکانی کەسانی کاریگەر لە بابەتی حیجاب و داوێنپاکیمان کۆکردووەتەوە و بە میتۆدی گێڕانەوەیی و شیکاری دامانناوە.

خاڵی گرنگ ئەوەیە کە بۆ دەستخستنی ڕوانگەکان و خوێندنەوەکان لەسەر حیجاب و

داوێنپاکی، گرنگترین ئەو کەسانەمان هەڵبژاردووە کە لە بەستێنی شۆڕشی ئیسلامییدا کاریگەربوون. بۆیە ئەم پۆلێنبەندییە لەسەر بنەمای پاوانکاری عەقڵی نییە[9]. بەڵام توێژینەوە لە قسەکان و نووسراوەکانی ئەم کەسانە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە دوای شۆڕشی ئیسلامی، دەسەڵات ڕووبەڕووی فرەجۆری خوێندنەوە لەسەر پرسی حیجاب بووە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتە و جگە لە بیروڕای دژبەرانی ڕاستی حیجاب[10]، ڕوانگەکان[11] لە خشتەی ژمارە (1)دا هاتووە. ئەو کەسانەی کە لە بەردەوامی ئەم گوتارە ناویان دەهێنین، دەرەوەی ڕوانگە و هەڵوێستی سیاسی و بیر و بڕوایان، تەنیا لەبەرئەوەی کە لەم بوارەدا خاوەن ڕا و بیروبۆچوونن ناویانمان هێناوە.

| ز | ڕوانگەکان | خوێندنەوەکان | کەسانی هەڵبژاردراوی ڕوانگەکان | ئایدیای هەڵبژێردراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕوانگەی نەریتی | دابونەریتی ئایینی ئیمانییە | ئایەتوڵلا گوڵپایەگانی<br>ئایەتوڵلا خوویی<br>ئایەتوڵلا سیستانی<br>ئایەتوڵلا مەکارم شیرازی | داپۆشینی هەموو جەستەی ژن، تەنانەت دەست و دەمووچاوی، بە تەگبیرەوە پێویست و واجبە.<br>زۆربەی ئەو مەرجەعانەی وا ئێستا ماون و نەمردوون: داپۆشینی هەموو جەستەی ژن، دەرەوەی دەمووچاو و دەستەکانی بە پێویست دەزانن و سەبارەت بە داپۆشینی دەست و دەمووچاوی بە پێویست نازانن. |
| 2 | ڕوانگەی نوێبیرانە | نەریتی کۆمەڵایەتی | عەبدولکەریم سرووش | پابەندنەبوونی ئەخلاقی پۆشینی حیجاب و داوێنپاکی نەبوونی پەیوەندی نێوان حیجاب و کرداری داوێنپاکانە |
| | | پابەندنەبوونی ئەخلاقی | سرووش دەباغ | نەپۆشاندنی مل و قژ، بێئەخلاقی و داوێنپیسی نییە. |
| | | پابەندنەبوونی شەرعی | موحسین کەدیوەر، ئەحمەد قابل | پۆشاندنی مل بەروە ژوور و ئەژنۆ و باڵ بەرەوخوار پێویست نییە |
| | | پابەندنەبوونی حکومی | سەیدموحەممەد ئەیازی و موحەمەد ڕەزا زائیری | ئەیازی: خودی ئەسڵی حیجاب پێویستە و کولتوورسازی سەبارەت بەوە پێویستە؛ بەڵام ڕەچاونەکردنی حیجاب پابەندبوونی حوکمی نییە.<br>زائیری: من لەو بڕوایەدام کە پێویستبوون و زۆرەملێ حیجاب هەر لەسەرەتاوە لە وڵات، هەڵەبوو. واتا بەهاییەکی پیرۆز کە پێویستبوو هەرکەس بۆی بپارێزێت، کردمان بە زۆرەملێ. وەکو ئەوەی کە باوک و دایکێک بیانەوێت خواردنێکی باش بە زۆر بدەن بە منداڵەکەیان.[12] |
| | | لێکدانەوە مێژوویی | موحەمەد موجتەهید شەبستەری، ئەمیرحسێن تورکاشوەند، ڕەزا عەلیجانی | شەبستەری: سەرقاڵبوون بە بابەتی حیجاب و پۆشین پێویستی بە گۆڕانکاری ڕوانگەیی و لێکدانەوەییە و سیستەمی شەرعی لەبەرئەوەی کە بنەمای لەسەر بەرگریمانەییبوونە، ڕازیکەر نین.<br>تورکاشوەند: ئەو حیجابی ماسولکەی ناوپەنچک بە داوێنپاکی دەزانێت و پۆشینی سەر بابەتێک بە خاوەن بەڵگەی متمانەپێکراو نازانێت. |



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | خوێندنەوە لەسەر بنەمای داوێنپاکی | مەحمود تاڵەقانی، ئیمام خومەینی، مورتەزا موتەهەری | دالی ناوەندی ئەم ڕوانگەیە داوێنپاکییە کە لەگەڵ حیجابدا پەیوەندییەکی نەپچڕیان هەیە |
| 3 | ڕوانگەی ڕۆشنگەرایانە | خوێندنەوەی ناسنامە تەوەری سیمبۆلیکی | ئایەتوڵلا خامنەیی | ئەم خوێندنەوە نیشاندەدات کە حیجاب و پۆشینی ژنان لە هەبوونی خۆیدا بەردەوامی گۆڕانکاری واتایی حیجاب لە دیسکۆرسی ئیسلامییە کە سەرەڕای هەبوونی دیسکۆرسەکانی ڕکابەر توانیویەتی هاوکات لەگەڵ پاراستنی داوێنپاکی و حیجابی ژنان لە گۆڕەپانە کۆمەڵایەتییەکان، واتاداربوونی پۆشین و لایەنە سیمبولیکییەکان، ئەویان وەکو نیشانەی خۆڕاگری و تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنانی ئێرانی دەنوێنێت. |
| ز | ڕوانگەکان | خوێندنەوەکان | کەسانی هەڵبژاردراوی ڕوانگەکان | ئایدیای هەڵبژێردراو |
| 4 | ڕوانگەی تەوەری ژنان | خوێندنەوە لەسەر بنەمای تەنیایی | میهرئەنگیز کار، نووشین عیبادی، شەهلا لاهیجی و … | لەگەڵ گۆڕانکارییە جیهانییەکاندا سەبارەت بە ژن، فێمینیسمی ئیسلامی[13] بە لێکدانەوەکانی، حیجاب وەکو ئامرازی تەنیایی و سنووردارکردنی ژنان دەبینێت. ئاخێزگای ئەم ڕاونگەیە لەسەر حیجاب دەبێت لە هزری کەسانێک وەک فاتمە مەرنیسیبیبنین.[14] |
| | | خوێندنەوە لەسەر هەڵبژاردن | زیبا میرحسینی | بە کرانەوەی پانتایی سیاسی لە کۆمەڵگە، ناکۆکییەکی نوێ لەسەر پرسی حیجاب هاتەئاراوە و حیجاب وەکو بابەتێکی زۆرەملی لە بەرامبەر دیسکۆرسی زاڵ دەخاتە ژێر پرسیار و ئامرازێکە بو ڕەخنەگرتن لە دیسکۆرسی فەرمی. |

## 1.1. ڕوانگەی نەریتی (دابونەریتی ئایینی، ئیمانی)

ئەم ڕوانگەیە لەچاو ڕوانگەکانیتر لە ئێراندا، کۆنترە. بە نووسینی گوتار و لە شێوازی ناملیکە لەسەر بابەتی حیجاب، پێداگری دەکات لە دووریکردنی ژنان و تێکەڵنەبوونیان بە پیاوانەوە، هەروەها نەهاتنی ژنان بۆ ناو گۆڕەپانە پیاوانەییەکان. هەرچەندە پێشینەی ئەم ڕوانگەیە بۆ پێش شۆڕشی ئێران دەگەڕێتەوە. ڕوانگەی شەرعی نەریتی بە حیجاب و قەڵەمڕەوی حیجاب لەم سەردەمەدا دەتوانرێت بکەوێتە ئەم چوارچێوەیەوە. لەو مەرجەعانەی کە پۆشینی تەواوی جەستەی ژن، تەنانەت دەموچاو و دەستەکانی بە پێویست دەزانێت، دەتوانین سەید موحەمەد ڕەزا گوڵپایەگانی[15] و سەید ئەبولقاسم خۆیی[16] ناو ببەین. کە جگە لەو تێبینیانەی کەوا لە دەرسە ئایینییەکاندا و لە نووسینە مەعریفەییەکاندا داویانە، وادیارە هەرچەند دەربارەی بە پێویست زانینی داپۆشینی دەموچاو و دەست بە فتوا نەگەیشتوون، بەڵام ئەو بەڵگانەی کە لەم بابەتەدا هەیە، ئەوەندە بە گرنگیان زانیوە کە ناتوانن دەست لەوە بەردەن کە پتەوکاری لە پێویستبوونی ئەم بابەتەدا نەکەن. لە لایەکی دیکەوە زۆربەی مەرجەعەکانی

سەردەم، فتوایانداوە کە داپۆشینی دەموچاو و دەست پێویست نییە. لە نێوانیاندا، سەید عەلی سیستانی[17] و ناسر مەکارم شیرازی[18] لە وانەن.

## 2.1. ڕوانگەی نوێگەرانە دەربارەی حیجاب

لەم سەردەمەدا، لە لایەن زانایانی ئایینی خوێندنەوەی جیاوازیان لەسەر حیجاب کردووە. شێوازێکیتر لە بیروڕا سەبارەت بە حیجاب، کە پەیوەندی بە ڕۆشنبیرە ئایینییەکانەوە لە بواری فەلسەفەی حیجاب و داوێنپاکی و چوارچێوەی پۆشینەوە هەیە. ئەم ڕوانگەیە جیاوازی بنەمایی لەگەڵ ڕوانگە باوە شەرعییەکان هەیە کە لە بەردەوامی ئەم بەشەدا ئاماژەی پێدەکەین.

### 1. خوێندنەوەی پابەندنەبوونی ئەخلاقی

هەڵسەنگاندنی پۆشین و حیجاب لە گۆشەنیگای ئەخلاقەوە، یەکێک لە خوێندنەوەکانە لەسەر حیجاب. خوێندنەوەی عەبدولکەریم سروش و کوڕەکەی لەم چوارچێوەیەدایە. سروش دەباغ بە نووسینی دوو گوتار بە ناونیشانی «حیجاب لە تەرازووی ئەخلاق» و«بێحیجابی یان داوێنپاکی: کامیان نا ئەخلاقیە؟» ڕوانگەی خۆی سەبارەت بە حیجاب نیشانداوە و عەبدولکەریم سروشیش لە گوتارەکانیدا، بە ڕوونکردنی پابەندنەبوونی ئەخلاقی پۆشین و حیجاب و پەیوەندی نێوان حیجاب و هەڵسووکەوتی داوێنپاکانە لە کۆمەڵگەی ئێستادا، ئاماژە دەکات.

لە ڕوانگەی سروشدا، پرسی ژنان، پرسێکی ناگشتگیر و باوە. بەڵام لە دوو ڕوانگەی شەرعی (خوێندنەوەی زاڵی حکومی) و ئەخلاقی دەکرێت ڕوون بێتەوە. هەوڵدانی ڕۆشنبیرانی دینی، ڕزگاربوون لە زاڵبوونی شەرعی و گرنگیدان بە گۆڕەپانی ئەخلاقە[19]. سروش بە ڕەخنەگرتن لە حیجابی زۆرەملێ، لەو بڕوایەدایە کە هیچ حوکمێکی ئەخلاقی لەبارەی باشبوون یان خراپبوونی حیجاب هەبوونی نییە. بە واتایەکی دیکە حیجاب گرێدراوی جوانی یان ناشیرینی، خاوەن بیر و عەقڵیەتەکانی کۆمەڵگەیە و چونکە پەیوەندی بە ستایش و زەمی عەقڵەوە هەیە، بابەتێکی باو و کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێت[20].

ئەو بەم ڕوانگەیەوە ناحەقیقیبوونی حیجابی گرێداوە بە ئەخلاقیات و لەو باوەڕەدایە زۆربەی لە ئەخلاقیات هەر بەم ستایشە و سەرزەنشتە کۆمەڵایەتییانەوە دیاریدەکرێن و کەمتر کەسێک بەدوای حەقیقەتی باشە و خراپەیە[21]. لە ڕوانگەی ئەووەوە شەرعی نیشاندانی و دابەزاندنی حیجاب و پۆشین تا ئەو جێگایە کە لە ئیسلام حوکمی چەرمەسەری نییە. هەر بۆیە پۆشین و حیجاب ئەگەر لە چەرمەسەری و سەختی و گوشاردا بسەپێنرێت، هیچ پابەندبوونێکی ئەخلاقی بۆ لەبەرچاوگرتنی نییە[22]. بە زمانێکیتر، ئەم بەهایانە لەبەرئەوەی کە ئیلاهین، بەردەوام جێگای ڕێز و لەبەرچاوگرتنن، بەڵام کاتێک

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

لەبەرچاوگرتنیان لە توانای کەسەکاندا نەبێت و جێبەجێ نەکرێت، دوادەکەون[23]. لەبەرگرتنی هەڵوێستێک وا لەسەر ئەم بنەمایە بوونی هەیە کە تێگەیشتنی مرۆڤ لە چوارچێوە و فەرمانە ئایینییەکان لەگەڵ بیروبڕوای دەرەوە دینییەکانی مرۆڤ یەک بگرنەوە و خوێندنەوەی گونجاو لەگەڵ تێگەیشتنی مرۆڤی سەردەم و مافی مرۆڤدا پێشکەش بکرێت[24].

دەباغیش لە دوو گوتاری خۆیدا، ڕەخنە لە شێوازی پێشینیان دەگرێت و لەسەر بابەتی حیجاب، زاڵبوونی ڕوانگەی ناسنامەیی و شەرعی ڕەخنە دەکات. ئەو لەو بڕوایەدایە کە لە ڕابردوودا، فەلسەفەی حیجاب سنووری نێوان ژنانی کۆیلە و ژنانی ئازاد بووە و ئەمڕۆ پێویستە لە گۆشەنیگای ئەخلاقیش لێکۆڵینەوە لە سنووری ئەم حوکمە شەرعیە بکرێت[25].

لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە، لەو بڕوایەدان لەبەرئەوەی کە سنووری هەڵسووکەوتی داوێنپاکیانە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر دەگۆڕدرێت، بێ ئەوەی کە بەهای گەردوونییەکەی لەناو بچێت[26]، دانەپۆشینی مل و قژ، نائەخلاقی و داوێنپیسی نییە[27]. بە پێی ئەم خوێندنەوەیە، حیجاب خۆی حوکمێکی ئەخلاقی بە ئەژمار نایەت، بەڵکو بە هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی دەربارەی حیجاب پێویستە پەیوەندی ئەخلاقی هەبێت، لە حاڵێکدا دەبینین وا نییە[28].

دەباغ بۆ ڕوونترکردنەوەی ڕای خۆی پەیوەندی ئەخلاقی نێوان حیجاب و داوێنپاکی گووتووە و لەو بڕوایەدایە کە داوێنپاکی، ئەرکێکە کە لە تێکەڵی سێ ئەرکی دیکەی وەفاداری، ئاگاداربوون لە خۆت و ئازار نەگەیاندن بە ئەویتر پێکدێت. هەروەها ئەو دەڵێت: ”دانەپۆشاندنی قژ و مل، قەناعەتنەکردن بە حیجابێکی شەرعی، نابێتە هۆی ئەوەی کە وەفاداری و ئازارگەیاندن بە خۆت و ئەویتر، عەدالەت، سوپاسگوزاری، دلۆڤانی و قەرەبووکردنەوە لەناو بچێت و نە ئازاری کەس بەدوای خۆیدا دەهێنێت.“[29]

### 2. خوێندنەوەی پابەندنەبوون بە دابونەریتی ئایینی

”کەدیوەر“ لە هەندێک لە گوتار و نووسینەکانیدا داپۆشینی مل و سەر و ئەژنۆ و ئانیشک بەرەوخوار بۆ ژنان بە پێویست نازانێت. ئەو بە دابەشکردنی حوکمی حیجاب بە دوو حوکمی یەکەمی حیجاب و دووەمی بگۆڕ، حوکمی یەکەم و پێویست بە حوکمێکی سەلمێنراو و هەمیشەیی حیجاب لە بەرامبەر نامەحرەمدا دەزانێت کە گرێدراوی بارودۆخی کۆمەڵگە نییە. بەڵام داپۆشینی تەواوی جەستەی ژن جگە لە دەموچاو و دەستەکانی گرێدەدات بە دابونەریت و بارودۆخی شوێن و حوکمێکی سەلمێنراو بۆ بە پێویست زانینی دانانێت.[30] ئەو پێوەرەی حوکمی دووەمی بۆ پێشگرتن لە خراپی دادەنێت، بە شێوازێک کە لە نەبوونی کاری خراپە، پێویستبوونێکی شەرعی بۆ داپۆشینی ئەو شوێنانەی کە ئاماژەی پێکرا نامێنێت.[31]

لە ڕوانگەی ئەوەوە، نەبوونی بەڵگەی قورئانی لە داپۆشینی هەندێک لە شوێنی جەستە لە نامەحرەم، هۆکارێکە تا تەنیا پۆشینی لانیکەمی عەقڵانی (ئانیشک و مل تا ئەژنۆ) وەکو حوکمی سەلمێنراوی دینی قبووڵ بکەین و پەسەندکردنی زیاتر لەمە، گرێدراوی بارودۆخی شوێن و دابونەریتە[32].

**3. خوێندنەوەی پابەندنەبوون بە حکومەت**

یەکێکی دیکە لە خوێندنەوە سەرنجڕاکێشەکان لەم ڕوانگەیە پابەندنەبوونی حکومەتە. لە خوێندنەوەی زاڵی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی، پرەنسیب و ئەسڵی حیجاب وەکو ئەرکێکی شەرعی، پێویستە وەکو هەر شتێک پێویست و واجب چ پێویستی تاکەکەسی و چ پێویستێکی کۆمەڵایەتی، دژایەتیکردن و لابردنی حەرامە. پێویستە بەرەنگاری بێ حیجابی بین و پێشی بگیرێت. هەروەها پێویستە یاساگەلێکی تایبەت بۆ ئەم بابەتە پەسەند بکرێت[33]. لە بەرامبەر ئەم ڕوانگەیە کەسانێک وەکو "سەید عەلی ئەیازی" لەو بڕوایەدایە کە:" ئەسڵی حیجاب پێویست و واجبە و بە کولتوورکردنی و چالاکی بانگەشەیی و ڕیکلامی و ئاگادارکردنەوەی بۆ خەڵک بکرێت. بەڵام لەبەرچاونەگرتنی حیجاب نابێت سزای بەدوادا بێت. ناکرێت کەس بە هۆی بێ حیجابییەوە سزا بدرێت. تەنیا لەو حاڵەتەدا دەکرێت کە حیجاب بە پێویست بزانین کە بێ حیجابی و داوێنپاکی کۆمەڵگە بریندار دەکات و حیجاب نۆرم و بێ حیجابی دژە نۆرمی کۆمەڵایەتی و ناشەرعی لە قەڵەم دەدرێت. جگە لەوانەش پێویستە کارناسانە و زانستی بسەلمێنرێت کە ڕووتی دەبێتە هۆی لێکترازانی شیرازەی بنەماڵە، خراپەکاری و گەشەسەندنی بێ سەروبەری کۆمەڵگە و بە شێوازێکی سروشتی ئەم بابەتە (پابەندبوون بە حیجاب) لە دەرەوەی چوارچێوەی حیجابی شەرعییە و وەکو یاسایێکی کۆمەڵایەتی و ماف، گرێدراوی یاسای کۆمەڵایەتی و یاسایی و عەقڵانییە."[34]

"تورکاشوەند"یش لەم بڕوایەدایە کە:" هەروا کە پابەندبوون بە بێ حیجابی ڕاست نییە، پابەندبوون بە حیجابیش ڕاست نییە."[35]

**1. خوێندنەوەی لێکدانەوەیی مێژوویی**

خوێندنەوەی لێکدانەوەیی مێژوویی ڕەخنە لە خوێندنەوەی زاڵ و فەرمیە لەسەر بارودۆخی ژنانی سەردەمی ئێران. ئاخێزگەی ئەم ڕوانگەیە لە بیروڕای هەندێک لە ڕۆشنبیرە دینییەکان وەکو "موجتەهیدی شەبستەری" و "عەلیجانی" و "تورکاشوەند". ڕۆشنبیری دینی، دین نۆژەن دەکاتەوە تا بەربەستەکانی لێکۆڵینەو مۆدێرنەکان کەم بکاتەوە و بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم گرنگیە، ڕەخنە لە پێگەی هەنووکەیی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێستادا دەگرێت[36]. شەبستەری یەکێک لە ڕۆشنبیرە دینییەکانە کە بە ڕەخنەگرتن لە خوێندنەوەی فەرمی لە دین، خوێندنەوەیەکی ئینسانی کە لە ناوەڕۆکیدا بابەتە فەلسەفی و بەهاکان و ماف لەبەرچاو دەگرێت، دەخاتەڕوو[37] و ئەم بابەتەش لەسەر عەقڵی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئازادی مرۆڤ جێگیر دەکات. بە شێوەیەک ئیرادە و ناسنامەی مرۆڤی لێ لەدایک دەبێت[38]. لەم خوێندنەوە ڕەخنەییەدا، دەڵێت کە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بە حەڵاڵ و حەرامی شەرعی ناکرێت[39]. بەم واتایە کە خوێندنەوەی فەرمی لە دین، ئەمڕۆژە متمانەی زانستی خۆی لەدەستداوە. لەبەرئەوەی کە بنەما فەلسەفیەکانی ئیدی قبووڵکراو نییە[40].

خوێندنەوەی نەریتی لەسەر بنەمای شەریعەت و ڕوانگەی ئاخاوتنی ئەم بابەتە، بە بنبەست گەیشتووە و تووشی پارادۆکس لە نێوان فەلسەفەی مرۆڤناسی و یاسا بووە[41]. بەرهەڵستی زۆر گرنگ نێوان خوێندنەوەی نەریتی و مۆدێرنیتە، لە بابەتی ژنان و بارودۆخی یاسایی ئەوان دیاریداوە. شەبستەری لە هەموو فتوای پێشینیان سەبارەت بە سیستەم و یاسای بنەماڵە هەموو پێشگریمانەکان و چاوەڕوانییەکان و پێشتێگەیشتنەکان لە حوکمە ئایینییەکان تێگەیشتووە و لەو بڕوایەدایە ئەو بەڵگانە بۆ پاساوکاری وەها سیستەمێک، باوەڕپێکراو نین[42]. ئەو هەروەها دیمەنی نیشاندراوی ژن لە ڕوانگەی ڕۆشنبیرانێک وەکو ”موتەهەری“ لەگەڵ لێکدانەوەی نەریتی پێشینیان، وەکو یەک دەزانێت[43]. ئەو لەو بڕوایەدایە بۆ گۆڕینی بابەتی ژنان، لەگەڵ سەرنجدان بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە کۆمەڵگەی موسڵمانان لەم چەند دەیەی ڕابردوو، نۆژەنکردنەوەی سیستەمی شەرعی و یاسایی پێویستی بە کاری بنگەیین هەیە[44]. جگە لەمانە، لێکۆڵین و قسەکردن لەسەر بابەتی حیجاب و پۆشینی ژنان پێویستی بە گۆڕانکاری ڕۆشنگەرانە و لێکدانەبڕانەیە.

تورکاشوەندیش بە نووسینی کتێبی حیجابی شەرعی لەسەردەمی پێغەمبەر بارودۆخی کەسەکان لە بواری پۆشین و پەیوەندی لەسەردەمی جاهیلیەت و پێش هاتنی ئیسلام و کەمتربوونەوەی پۆشینی ئەوان لە گوێرەی دیندارانی ئەمڕۆژی، دیمەن دەکات و تەنیا بەوە گەیشتووە کە پۆشین، تەنیا پێویستە ناوقەد و ڕان و شان بگرێتەوە. تورکاشوەند لە بەشی سێهەمی کتێبەکەی بابەتەکانی شەرعی حیجابی تاوتوێکردوە. دەڵێت ڕوانگە بەناوبانگەکانی زانایانی دین دەربارەی حیجابی شەرعی ژن، ”داپۆشینی هەموو جەستەی ژنە، جگە لە دەموچاو و دەستەکانی“، بەڵام ئەم حوکمە بە هەڵە و ناڕاست دەزانێت و هاودەق لەگەڵ حیجابی سەردەمی پێغەمبەر نازانێت و بیروڕای تایبەتی خۆی هاوشێوە و نزیک بە سەردەمی پێغەمبەر پێناسە دەکات)[45]. ئەو بە خستنە ژێر پرسیاری دیمەنی حیجاب لەسەردەمی دەرکەوتنی ئیسلام تا سەدەی هەشتەم، حیجابی بەرگری بە واتای داوێنپاکی لە قەڵەم دەدات و پۆشینی سەر بە بابەتێک لێکدەداتەوەکە هیچ بەڵگەیەکی گێڕانەوەی بڕواپێکراوی نییە[46].

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## 3.1. ڕوانگەی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە (گوتاری کۆمەڵایەتی)

ئەم ڕوانگەیە لە ساڵەکانی پێش شۆڕشی ئێران بە هەڵوێستدانانی کەسانێک وەکو ”موتەهەری“ و ”تەباتەبایی“ سەبارەت بە ژنان دەرکەوت و دوای شۆڕشیش، گیانێکی تازەی گرت. بەرگری لە ناسنامەی مرۆڤایەتی ژن و یەکسانی ژن و پیاو لەسەر بنەمای قورئان بە بەڵگە و هەندێ جار عیرفانی ئیسلامی، قبووڵکردن و بڕوا بە هەبوونی جیاوازی جەستەیی و دەروونی و تەگبیر لە نێوان دوو جێندەرەکەدا، پێداگری و پاراستنی بەشداری کۆمەڵایەتی، جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو، لەسەرەکیترین تایبەتمەندیەکانی ئەم ڕوانگەیە لە ئەژمار دەدرێت[47]. ئەم ڕوانگەیە لە پرۆسەی ژیانی خۆیدا، خوێندنەوەی جیاوازی لێکراوە کە لە درێژەی بابەتەکەدا ئاماژەی پێدەکرێت.

### 1. خوێندنەوە لەسەربنەمای داوێنپاکی

لێکدانەوەی قسەکانی زانایانی ئەم ڕوانگەیە ئەمە دەردەخات کە دیاردەی حیجاب لە پرۆسەی چەند دەیەی ڕابردوو تووشی گۆڕانکاری واتایی بووە و بە دالی ناوەندی داوێنپاکی، لێکدانەوەی تازەیەکی بۆ دەکرێت. لێکدانەوەی هەندێک لە خوێندنەوەکان[48] لە سەد ساڵی ڕابردوو نیشاندەری خوێندنەوەیەکی نوێ لە حیجابن کە بە داوێنپاکی لە قەڵەم دەدرێت کە لە ئێرانی سەردەم و لە هزری کەسانێک وەکو ”سەید مەحمود تاڵەقانی“ و ”مورتەزا موتەهەری“ و ”خومەینی“ لە پێشڕەوەکانی گوتاری زاڵی سیاسەتی حیجاب، ئەمە بابەتە ڕوون و ئاشکرا دەردەکەوێت. تاڵەقانی بە خستنەپاڵ حیجاب لە واتای وشەییەکەیدا و پاراستنی شەرم و حەیا و سەنگینی کەسایەتی ژن، سەربەخۆیی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە لە پاراستنی ئەم نەریتە مێژووییە دەزانێت[49]. موتەهەریش بە دژایەتیکردن لەگەڵ ئەوەی کە حیجاب و ژنی داخراوی سوچی ماڵ و خۆشاردنەوەی[50] بە یەک دەزانن بە گرێدانی نێوان حیجاب و داوێنپاکی، لەو بڕوایەدایە حەیا و داوێنپاکی و پۆشین تەگبیرێکە کە خودی ژن بە شێوەیەک لە ئیلهام بۆ بەنرخکردنی خۆی و پاراستنی پێگەی خۆی لە بەرامبەر پیاودا بەکاری دەهێنێت[51]. بنەمای یەکخستن و واتایی لە هزری خومەینی، داوێنپاکیە. لێکدانەوەی قسەکانی سەبارەت بە پۆشینی ژنان و چالاکیە کۆمەڵایەتییەکانیان، لە پەیوەندی نێوان پۆشین و پاراستنی داوێنپاکی، لەلایەکەوە، و لە لایەکی دیکەشەوە بە بەشداربوون لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات[52]. بەڕای ئەو ژنان بە لەبەرچاوگرتن و پاراستنی داوێنپاکی و حیجابی ئیسلامی دەتوانن لە هەموو گۆڕەپانە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا هاوشان لەگەڵ پیاوان، بەشدارییەکی چالاکیان هەبێت[53]. ئەو زۆرجار سەبارەت بەم بابەتە پێداگری کردووە[54] و لە بۆنە جیاوازەکاندا ئاماژەی بەمە

کردووە[55]. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە یەکێک لە تایبەتمەندیە گرنگەکانی شۆڕشی ئێران لە هەموو گۆڕەپانەکاندا کە ژن ڕاستەوخۆ ڕۆڵ دەگێڕێت و هەبوونی هەیە لەبەر ڕەچاوکردنی چوارچێوە و بنەمای ئیسلامیی و حیجابە، تا ئەو ڕادەیە کە شۆڕشی ئیسلامییان ناو لێناوە، شۆڕشی خۆداپۆشین."[56]

خوێندنەوەی گوتاری زاڵ لە حیجاب و پۆشین، جۆرێک خوێندنەوەی ڕەسەن لە ئایەتەکانی حیجابە و بەکارهێنانی ئاوا ڕوانگەیەک لە لایەن زانایان و بیرمەندان و پیاوچاکان، نیشاندەری ئەوەیە حیجاب هۆکارێکە بۆ گرنگتربوونی بەها مەعنەوییەکانی ژن و زیاتر پتەوبوونی شیرازەی کۆمەڵگە.

**1. خوێندنەوەی ناسنامە-سەنتەرانە (ناسنامەگەرایانە)**

لەسەر بنەمای ئەم ڕوانگەیە لە ڕابردووەوە، گرنگیدان بە جۆرێک پۆشین و جل وەکو سیمبولێک بۆ دابونەریتە نەتەوەییەکان و ئایینییەکان پێناسە کراوە. ئەمڕۆ، پۆشین بە واتا گشتیەکەی و حیجاب لە واتا تایبەتەکەی بە دابڕان لە ڕەهەندە پێداویستە ژیانییەکەی، لە واتای پێداویستییە کولتووری کۆمەڵایەتی، بۆتە سیمبولی ناسنامەی هەر موسڵمانێک و جێگای سەرنجی دەوڵەتە ئیسلامییەکان و هەروەها داگیرکەرانە. ئەو پێداچوونەوانە کە سەبارەت بە بارودۆخ و پرۆسەی حیجاب لە مێژووی ئێران پێش شۆڕشی ئیسلامی و دیاردەگەلێک وەکو پەچە و عەبا وەلانان، ئەنجامدراون، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە وەلانانی باڵاپۆش، لەسەردەمێکدا ڕوویداوە کە دەوڵەتی ئەو کاتە لە لاوازترین بارودۆخی سیاسی خۆیدا بووە و نارەزایەتی خەڵک لە دەوڵەت، گەیشتووەتە هەرە ئاستی خۆی. لەبەرئەوەیە کە ئەم بابەتە بە سیاسەتێک دەزانن تا دەوڵەت پشتیوانی ژنانی چینی سەرەوە و چینی ناوەڕاست بۆ خۆی وەربگرێت[57]. بە شێوازێک کە هاوکات لەگەڵ سیاسیبوونی جل و پۆشین لە ئێرانی پێش شۆڕش، بابەتێکی نەریتی گۆڕدراوە بە پرسێکی سیاسی[58]. حیجابیش لە لایەکەوە بوو بە سیمبولێک بۆ بەدەستخستنی ناسنامەی ئیسلامیی و لەلایەکی دیکەوە بوو بە سیمبولێک بۆ خۆڕاگری و تێکۆشان بەرامبەر بە حکومەت. واتا حیجاب کە لەسەرەتای دەوڵەتی پەهلەوییەوە سیمبولی سەرکوتکاری و دواکەوتووی ژنانی موسڵمانی ئێرانی لەقەڵەم دەدرا، بوو بە سیمبولێک بۆ خۆڕاگری و دوایش بووە ناسنامە[59]. لە ڕوانگەی ئەحمەدەوە، گۆڕانکاری واتای حیجاب لە پرۆسەی کۆمەڵایەتییەکەیەوە لە سیمبولی دواکەوتوویی ژنی موسڵمان، بەرەو سیمبولی خۆڕاگری[60] بەم شێوازە بوو: " ژنانی موسڵمان لە پۆشینی حیجابدا، لە لایەن گەلی ئەمریکاوە هێرشیان کرایەسەر و بەردەوام توندوتیژیان لەسەربوو، لە دۆخێکی وەهادا ژنانی دیکە (ناموسڵمان) بە زۆر حیجاب (لەچک)یان بۆ پشتگیری لە ژنانی بە حیجاب ڕێکخست و

حیجاب واتای خۆی وەک سیمبولی خۆڕاگری لەبەرامبەر سەرکوتکاری وەرگرت [61]. ڕوانگەی سیمبولیکی حیجاب لە ڕۆژئاوا، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ژنانی موسڵمان ئیدی نەیاندەویست لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان، وەکو یەک چاویان لێبکرێت. ئەوان بەدوای بەدەستهێنانی دووبارەی ناسنامەی خۆیان وەکو مسوڵمانێک بوون. هەڵبژاردنی پۆشینی نەریتی حیجاب، تەنیا بابەتێکی نەریتی و ئایینی نییە، بەڵکو ئەوان خودی حیجاب وەک هێمای ناسنامەی ئیسلامیی خۆیان، بە داخواز و ویستی خۆیان هەڵدەبژێرن[62]. بەم پێیە پۆشین کە لە ڕوانگەی ڕۆژئاواییەکانەوە، ناوبانگترین هێمای جیاوازی و بندەستی کۆمەڵگە ئیسلامییەکانە، ئێستاکە بووە بە سیمبولی سەرکوتی ژنان، -بە گێڕانەوە هەنووکەییەکەی– دابەزینی جێگە و پێگەی ژن لە ئیسلام و پاشقەڕۆیی ئیسلامیی و خاڵی لاوازی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان لە بەرامبەر هێرشە داگیرکارییەکان[63].

بەهەرحاڵ پرۆسەی گۆڕانکاری ناسنامەسەنتەری (ناسنامەگەری) حیجاب لەسەردەمی ئێستای ئێران، وەرچەرخانێکی ئەرێنی بەرەو بەهادانانی حیجاب لە هزری ڕۆشنبیرانی دینییە[64]. کە بە سڕینەوەی سیمبولە داگیرکارییەکان کە حیجاب بێ نرخ و بچووک نیشاندەدەن، هەڵبژاردنێکی تێگەیشتووانە، گەشەسەندن و ڕووخساری کولتووری ئیسلامی نیشاندەدات.

### 2. خوێندنەوەی سیمبولیک و شۆڕشگێڕانە

لەم ڕوانگەیەدا، بە چاولێکردنی سیمبولیستی بە پۆشین و حیجاب لە گۆشەنیگای پەیام گەیاندن و ڕاگەیاندنی بە لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی ئیمانی و ئایینییەکەی لە حیجاب باس دەکرێت. ڕاگەیاندن شێوازێکی تایبەتی گەیاندنی پەیامێکە کە لەسەر سیستەمێک لە سیمبولەکان و کۆدەکان دامەزراوە [65]. میکانیزمی پەیوەندی، هەڵگری شێوازی دەموچاو، هەڵسووکەوت، جووڵە، تۆنی دەنگ، وشە و ... یە[66]. بە لەبەرچاوگرتنی ڕاگەیاندنی و سیمبولیکبوونی جەستە و ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی[67]، حیجابیش جگە لە ڕاگوازەربوونی پەیامێکی تایبەت لە واتا بۆ ئەوانیتر، سیمبولیکیشە. جۆرێکی تایبەت لە واتا دەگەیەنێتە ئەوانیتر. بەم پێیە ڕوانگەی حیجاب وەکو جۆرێک لە هێما و سیمبول و ڕەمزیەت، ڕوانگەیەکە کە دەسەڵاتی ئێران بە تایبەت لەم چەند دەیەی ڕابردوو دەستەبەری کردووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو چەمکانەی کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران نیشانی دەدات کە حیجاب وەکو جلی نەتەوەیی ئێرانییەکان[68] یان تەنانەت لە خوێندنەوەیەکی دیکە ”سیمبولی پەرەپێدانی ئیسلام و ڕاگوازەری پەیام بە کۆمەڵگەکانی دیکە“[69] پێناسە دەکرێت. پەیتا پەیتا کۆمەڵی ناوەڕۆکی وەکو ”ئامرازی پڕوپاگەندەیی دوژمن لە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەرامبەر ئێران"[70]، "سەروەری حیجاب لەسەر ئالای وڵات"[71]، "هێما و سیمبولی کەسایەتی و ناسنامەی ژنی موسڵمان"[72] لە گوتارەکانی ڕێبەری شۆڕشی ئێران لە وەرچەرخانی حیجاب لە بابەتێکی تەنیا چوارچێوەی ئیمانی، بووەتە ڕاگەیاندنێکی ناسنامەگەری شۆڕشگێڕانە.

### 4.1. ڕوانگەی فێمێنیستی

لە ڕوانگەی فێمێنیستی هەوڵدەدرێت بە دووریکردن لە قبووڵی ڕەهەندی شەرعی و دینی دیاردەی حیجاب، جارجار ڕەتبکرێتەوە و لێکدانەوەی حیجاب بە هۆکارێک بۆ فەقیری و گۆشەگیرکردنی ژنان لە قەڵەم دەدرێت و جاری وا هەیە خوێندنەوەیەک لەسەری دەکرێت کە شتێکی تاکەکەسی و هەڵبژاردنی تاکە.

#### 1.خوێندنەوەیەک لەسەر گۆشەگیربوون

بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە جیهانییەکان دەربارەی ژن و خوێندنەوەگەلێک لە فێمێنیستی ئیسلامی بە لێکدانەوەی حیجاب وەکو ئامرازی گۆشەگیری و سنووردارکردنی ژنان ئاماژە دەکات، ئاخێزگەی ئەم ڕوانگەیە سەبارەت بە حیجاب لە هزری کەسانێک وەکو "مەرنیسی" دەبینرێت.[73] مەرنیسی بە هاوچەشنکردنی نێوان چەمکی عیرفانی و وشەی حیجاب و بە بچووک کردنەوەی بە کوتەپەڕۆیەک بۆ خۆداپۆشین لە چاوی پیاوان و خاڵیکردنی وشەی حیجاب لە واتای خۆی لەبەرچاوگرتووە[74] و لەو بڕوایەدایە ناوەڕۆکی ئایەتەکانی حیجاب، زیاتر ڕاسپاردنێکە بۆ پیاوان نە ژنان.[75] جگە لەم کەسانە فێمێنیستە ئیسلامییە بەناوبانگەکان لە ئێران وەکو شەهلا شرکەت، مەحبووبە عەباس قولیزادە، فائیزە هاشمی، لەگەڵ فێمێنیستە سکولارەکان لە ئێران وەکو شیرین عیبادی، مێهرئەنگێز کار، شەهلا لاهیجی و نووشین ئەحمەدی خۆراسانی و زۆربەی زۆر لە خوێندکارانی زانکۆکانی دەرەوەی ئێران، لەسەر بابەتگەلێکی وەکو مۆدێرنکردنی یاسای بنەماڵە و جێبەجێکردنی چاکسازی لە بابەتی حیجاب، پێکەوە هاوبیرن.[76] لە، خوێندنەوە، هەبوونی حیجاب نە تەنیا سپاردەیەکی یاسایی، بەڵکو پێویستییەکی ئیسلامییە کە بەسەر ژناندا دەسەپێنرێت.[77] مێهرئەنگێز کار هاوکات لەگەڵ ڕەخنەگرتن لە یاسا یاساییەکانی ئێران، کۆمەڵگە گرفتاری هێزە سەرکوتکارەکان دەبینێ کە ئایین و دینییان وەکو ئامرازێک بۆ توندوتیژی و نەهێشتنی ئازادییەکان بەکارهێناوە و بە هاوپەیمانی هێزە دژە ژنەکان، یاساکان بۆ زیاتر گوشارخستنە سەر ژنان دەگۆڕێن و ڕێگاکان دەبەستن.[78]

ئەو لەو بڕوایەدایە کە لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕش، یاسایێک نەبووە بۆ ئەو پێویستییە حکومییە و زۆرەملێی حیجاب و پۆشین. ژنان لە بەرامبەر حیجابی زۆرەملێ، خۆڕاگریانن کردووە و مەترسیەکانیان بە گیان قبووڵکردووە. بەڵام دوای یاسایی بوونی حیجابی زۆرەملێ و دەستبەسەرکردن

و زیندانیکردنی ژنانی بێ حیجاب لە شوێنە گشتییەکان و پاکتاوکردنی ئەوان لە شوێنی کار و پەروەردە، حیجابی زۆرەملێ سەپێندرا و بە ئاستێک گەیشت ئیدی لە کۆمەڵگەی ئێران بە ڕاشکاوی کەست نەدەبینی کە بێ حیجاب بێت.[79] بە پێی ئەم ڕوانگەیە، زۆرەملێ بوونی حیجاب، لەگەڵ خۆی جیاکردنەوەی ژن و پیاو و ڕێگری لە پەیوەندی نێوان ئەوانی بەدوای خۆیدا هێنا.[80] بەم واتایە کە حیجاب وەکو پێکهاتەیەکی جەستەیی، بەربەستێک بوو لە بەشداری ژنان لە پانتاییە گشتییەکان.[81] و ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی ژنان لە سروشتیترین مافی تاکەکەسی خۆیان لەوانە مافی هەڵبژاردنی هاوسەر و چێژی سێکسی بێبەشبکات.[82]

### 2. خوێندنەوەی هەڵبژاردنی

ئەمڕۆ کەسەکان بە پۆشینی تایبەت و حیجابی تایبەت بە خۆیان و شێوازی نواندنی جەستە، لە ڕاستیدا لە بەرامبەر کۆمەڵگە و ئەو گوتارە زاڵەی حکومەت و ئەو بەهایانەی کە پێی ڕازی نین، جۆرێک لە خۆڕاگری سیمبولیک نیشاندەدەن.[83]

هەندێک لە فێمێنیستەکان بەم ئەنجامە گەیشتوون کە زۆرەملێ کردنی حیجاب و داسەپاندنی شێوازی پۆشین بەسەر ژناندا، خۆڕاگری ژنانی ئێرانی زیاتر کردووە و ژنانی جیلی گەنجتر لە بەرامبەر ئەم سنووردارکردن و ئەم زۆرەملێ کردنە زیاتر خۆڕاگری دەکەن. ئەمە بووەتە هۆکارێک کە بە کرانەوەی پانتایی سیاسی لە کۆمەڵگە (١٩٩٠ لە کۆنفرانسی بەرلین) ناکۆکیەکی نوێ لەسەر پرسی حیجاب پێکبێت.[84] حیجاب وەکو دیاردەیەکی زۆرەملێ لە گوتاری زاڵدا، بکەوێتە بەر پرسیار و ببێتە ئامرازێک بۆ ڕەخنەگرتن لە گوتار و دیسکۆرسی فەرمی. لەبەرئەوەی ئەم کەسانە لەو بڕوایەدان کە ئەمڕۆ بە دابڕان و تێپەڕاندن لە گوتاری موتەهەری و شەریعەتی جۆرێک هەڵبژاردن لە پۆشین و حیجاب دێتە ئاراوە و کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران زیاتر لە هەر شتێک پێویستی پێیەتی.

## گوتاری دووەم

## گۆڕانکارییەکانی یاسای پۆشین لە ئێران

یەکەمین یاسادانان لەسەر پۆشینی گەلی ئێران لەسەردەمی ڕەزاشاە بە یاسای "یەک فۆرمبوونی جلی ئێرانییەکان لە ناو وڵاتدا" لە ڕۆژی 6ی بەفرانباری ساڵی ١٣٠٧ (1928) تا ڕۆژی 9ی هەمان ڕێکەوت لە پەرلەمانی میللی پەسەندکرا.[85] لەم یاسایەدا شێوازی پۆشینی هاوڵاتیانی پیاو دیاریکرا. لە مادەی یەکەمی ئەم یاسادا هاتووە: "هەموو هاوڵاتیانی پیاو بە گوێرەی ئەو ئیش و کارە فەرمییەی لە دامودەزگا حکومییەکانی دەوڵەت دەیکەن، دەبێت پۆشینی هاوشێوە بپۆشن و هەموو ئەوانەش کە لە دامودەزگاکانی دەوڵەت دادەمەزرێن بە بەشەکانی داد و ئیداری، پێویستە پۆشینی تایبەت بە داد و ئیداری لەبەربکەن، بە

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

پێچەوانەوە ئەوانیش پێویستە جلی هاوشێوە لەبەربکەن. لە دوای ئەمەش کۆمەڵێک یاسا و ڕاسپاردەی دەوڵەتی لەسەر لابردنی حیجاب لە ساڵی ١٣١٤ (1935) لە پەرلەمان پەسەندکرا.[86]

## 1.2. دەرکردنی پەخشنامەکان لە ساڵی 1979 تا 1984

دوای شۆڕشی ئیسلامی لە 13 بەفرانباری 1979 خومەینی لە گوتارێکدا لە "مەدرەسەی ڕفاه"ی تاران بانگەوازیکرد کە پێویستە ژنان بە حیجابەوە بڕۆن بۆ دەوامی وەزارتخانەکان[87]. دوا بەدوای ئەمەش لە 15ی هەمان ڕێکەوت و لە "مەدرەسەی فەیزیە" گوتی کە "نابێت لە وەزارەتەکان گوناه هەبێت، لە وەزارەتی ئیسلامییدا نابێت ژنانی ڕووت هەبن، ژن دەتوانێت بڕوات بۆ ئەوێ، بەڵام بە حیجابەوە بڕۆن. دەتوانن بڕۆن و ئیش بکەن بەڵام بە حیجابی شەرعی و بە هەموو ڕەهەندە شەرعییەکانەوە."[88]

لە ساڵەکانی 1979 و 1981 پەخشنامەیەکی فەرمی سەبارەت بە جۆر و شێوازی پۆشینەوە دەرنەکرا. هێدی هێدی لە سیاسەتگوزارییە ڕەسمییەکاندا، پێداگرییان لە پۆشینی لەچک، مانتو و شەرواڵ لە فەرمانگەکان و شوێنە گشتییەکان دەکرد.[89] لە 1981 خومەینی تووڕەیی خۆی لە فەرمانگە حکومیەکان دەربڕی[90]. بۆ پشتگیریکردن لەم تووڕەبوونەی خومەینی لە لایەن وەزارەتەکان و فەرمانگە حکومییەکان پەخشنامەیەک بۆ پێویستبوونی حیجاب دەرکرا. ئەم ئاگادارکردنەوەی خومەینی لە لایەن دادگای شۆڕشی سوپای ئێرانەوە وەکو ڕاگەیەنراوێک بڵاوکرایەوە کە تێداهاتبوو: "ژنانی کارمەند لە سوپا بۆیان نییە بێ حیجابی ئیسلامی بێنە ناوەندە سەربازییەکان (نە هەموو شوێنە حکومییەکان) و ڕێگەیان پێنادرێت[91] لە ڕاگەیەنراوی دادوەری گشتی شۆڕش لە پووشپەڕی 1981 باس لە بڕینی مەعاش و یارمەتییەکانی ئەو فەرمانبەرانە دەکات کە پۆشینی ئیسلامییان نەبێت. "بەم فەرمانە بە هەموو دامودەزگا و فەرمانگە حکومییەکان بە توندی ڕادەگەینین ئەگەر بێت و نیشانەیەک بە پێچەوانەی ئەو شتەی وا پەسەندی ئیمام خومەینییە و ویستی گەلی ئێرانە ببینرێت یان ژنێک بە بێ پۆشینی ئیسلامی لە شوێن کارەکەی بێت، لە زووترین کاتدا هەموو موچەکەی دەبڕدرێت."[92]

گۆڕانکاری لە پۆشینی قوتابیانی کچ لە نێوان ساڵەکانی 1981 تا 1982 هەر وەکو ناوەندە حکومییەکان ڕوویدا.[93] ئەگەر چی لە ڕاگەیەنراوەکانی دەوڵەت پۆشینی مەقنەعە زۆرەملێ نەبوو،[94] بەڵام لە ساڵی 1984 بە گۆڕانکارییەک لە یاسا و ڕاگەیەنراوەکاندا ئەویش بوو بە زۆرەملێ و تەنانەت گۆڕینی ڕەنگی پۆشینی مەکتەبەکانی بەدوایخۆیدا هێنا.

تەواوترین پەخشنامە لە لایەن وەزارەتی ئابووری و دارایی لە چەند مادە ڕاگەیەنرا[95]

وەزارەتی ناوخۆش لە پەخشنامەیەک بە هەموو ڕێکخراو و فەرمانگەکانی گرێدراوی ئەو وەزارەتە ڕایگەیاند کە لە ڕۆژی 14ی پووشپەڕی ساڵی 1981 هەموو کارمەندانی ژن پێویستە بە پۆشینی ئیسلامیی و جل و بەرگی شایستەی ئیسلام لە شوێنی کاریان ئامادەبن[96] و دوای ئەوەش شارەوانی تاران هەر لەو ڕێکەوتە پەخشنامەیەکی بۆ ڕەچاوکردنی پۆشینی ئیسلامی دەرکرد.[97]

لە لایەن وەزارەتەکان و دامودەزگا حکومییەکان وەکو وەزارەتەکانی کولتوور و پەروەردەی باڵا، تەندروستی، فەرمانگەی لێپێچینەوەی دارایی، دادگای باڵای ئێران، دابینکردنی کۆمەڵایەتی و هۆما ئایرلاین و... پێداگری لەسەر پۆشینی ئیسلامیی ڕاگەیەنرا. لەم پەخشنامەگەلە فەرمانی کارگێڕی بۆ لەبەرچاوگرتنی حیجاب هاتبوو؛ بەڵام گەرەنتی جێبەجێبوونی سەرپێچی لەم فەرمانانە تێدا نەهاتبوو. بۆیە لە 16ی پووشپەڕی هەمان ساڵ ئەنجومەنی شۆڕش بە دەرکردنی پەسەندکراوێک ئەم جێبەجییەی دیاریکرد: ”ژنان بە بێ پۆشینی ئیسلامی ناتوانن بڕۆنە ناو دامودەزگا حکومییەکان و دامودەزگاکانیش پێویستە ڕێگریان لێبکەن.“[98]

لەدوای دەرکردنی ئەم پەسەندکراوە، بە فەرمانی حوجەتولئیسلام قودوسی دادوەری گشتی شۆڕش ڕاگەیەنراوێک بڵاوکرایەوە کە تێدا فەرمانیداوە بە هەموو وەزارەتخانەکان و دامودەزگای حکومەت، ئەگەر هەر فەرمانبەرێکی ژن بێ پۆشینی ئیسلامی لە شوێن کارەکەی بوو، دەستبەجێ هەموو مووچە و سەرمووچەی لێببڕدرێت.[99] لە پێناو ئەم بابەتە هەندێک لە مەرجەعە حکومییەکان سەبارەت بە پۆشینی ژنان لە شوێنە گشتییەکان پەخشنامە و فەرمانە حکومییەکانی خۆیان دەرکرد.[100] ئەم پرۆسەیە تەشەنەی کردە ناو ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە کەرتی تایبەت و هەر ڕێکخراوێک یاسا و یاسای تایبەتی خۆی بۆ حیجاب دانا.[101] هەروەها ڕێکخراوە کەمینە ئایینییەکانیش بە ڕاگەیەنراوەکانیان لەسەر بابەتی پۆشین و حیجاب شوێنکەوتوانی خۆیانیان ئاگادارکردەوە.[102]

بە دەستپێکردنی شەڕی ئێران و عێراق و ڕوولەزیادبوونی ئاوارەکانی شەڕ جگە لەوەی کە پەخشنامە و ڕاگەیەنراوەکان لەسەر پۆشین و حیجاب تا دەچوو زیاتردەبوو، ڕاگەیەنراویش بۆ ئاوارەکانی شەڕیش بڵاودەبۆوە بۆ نموونە ڕاگەیەنراوی ئیبراهیمی غەفاری دادوەری شۆڕشی ئیسلامی شیراز، بۆ ئاوارەکانی شاری ئابادان و خوێندکارانی زانکۆ لەو کاتە بڵاوبوویەوە.[103]

بە لەبەرچاوگرتنی دامەزراندنی دادگای بەرەنگاربوونەوە دژی خراپە لە ساڵی 1981 بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوە دژی ئەم جۆرە خراپەکاریانە، دادستانی گشتی شۆڕش ژنانی بێ حیجابی ئاگادارکردەوە کە جلی نەشیاو لە بەر

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نەکەن و ماکیاژی تۆخ نەکەن تا ڕێز لە شۆڕش و کۆمەڵگە بگیرێت.[104] لە پووشپەڕی 1982 هاوکات لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزان، جگە لە یاسا و ڕێسای حکومی ئەم مانگە، لە هەموو خاوەن شوێنە گشتییەکان داواکرا تا بە فەرمانی دادگای بەرەنگاربوونەوەی خراپەکان، میوان و موشتەرییەکان وا پۆشین و ڕووی ئیسلامییان نییە، پێشوازیان لێنەکرێت.[105] هەروەها فەرمانگەی بەرەنگاربوونەوەی خراپەکان بڵاوی کردووە کە ”ئەوانەی لە شوێنە گشتییەکان خواردن یا خواردنەوە لێیان ببینرێت، حوکمی شەرعییان بە سەردا دەسەپێنن.“ [106]

ئەم جۆرە فەرمانانە و ڕاگەیەنراوەکانی دادستانی گشتی تاران کە هەموو دامودەزگا و ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان و کۆمپانیا دەوڵەتی و کەرتی تایبەتیش لێ ئاگادارکردنەوە کە ڕێگە نەدەن ژنان بێ حیجابی ئیسلامی بێنە ئەم شوێنانە، ئیدی بابەتی ڕێگری لە ژنان و بە یاسابوونی تەواو بوو.[107]

لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی پەخشنامە و فەرمانەکان نیشانی دەدات لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی تا ساڵی 1984 لەگەڵ ئەوەی کە خزمەتگوزاری دامودەزگاکانی ئیداری بۆ ژنانی بێ حیجابی ئیسلامی بە گشتی قەدەغەکرا، ئەم بابەتە تەشەنەیکردە ناو پانتایی گشتیتر وەکو بازاڕ و تەکسی و شوێنە گشتییەکان و فەرمانیان بە ئەوانیشدا.

### 2.2. دانانی یاسا و یاساکانی پۆشین

یەکەمین یاسای پۆشین لە پەرلەمانی ئێران (مەجلیسی شۆرای ئیسلامی) لە ڕەزبەری ساڵی 1981 پەسەندکرا کە بۆ نۆژەنکردنەوەی هێزی مرۆڤی وەزارەتخانەکان و نووسینگەکانی دەوڵەتی و گرێدراوی دەوڵەت بوو. لە بڕگەی 5 مادەی 18ی ئەم یاسا هاتووە کە نەبوونی حیجابی ئیسلامی یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێچەوانەی ئەخلاقی گشتی لە قەڵەم دەدرێت و هەر لەسەر ئەم بنەمایە و بە پێی مادەی 20 سزاگەلێک وەکو نامەی سەرکۆنە و تەمبێکردن لە دۆسییەکەیدا، هەتا لە کار دوورخستن و دەرکردنی کەسی تاوانبار تێدا هاتبوو. لە ساڵی 1983 یاسای لێژنەکانی بەدواداچوون لە تاوانە ئیدارییەکان، بەها و گرنگی خۆی لە دەستدا و لەسەر یاسای نوێ بڕگەی 13ی مادەی 18ی ئەم یاسایە، تاوانەکانی بابەتی حیجاب، سزاگەلێک حکومی و ئیدارین و ئاوا پێناسەکرا. لە 18 گەلاوێژی 1983 لە مادەی 102 یاسای سزادان، ”هەر کەس بە ئاشکرا لە شوێنە گشتییەکان و لە بەرچاوی گشتی کارێکی حەرام بکات جگە لە سزادانی ئەو کارە، تا 74 قامچی لێدەدرێت و ئەگەر ئەو تاوانە بکات کە خودی تاوانەکە سزای نییە، بەڵام داوێنپاکی گشتی بریندار دەکات، تەنیا 74 قامچی لێدەدرێت. لە تێبینی ئەم مادە هاتووە :”ئەو ژنانەی کە بێ حیجابی شەرعی لە شوێنە گشییەکاندا دەردەکەون 74 قامچییان لێدەدرێت“.

جێبەجێکەری ئەم یاسایە تا ساڵی 1992 کۆمیتەی شۆڕشی ئیسلامیی یان گەشتی سارۆڵڵا (ثارالله) و دادگای شۆڕش بوو. بە دامەزراندنی هێزی پۆلیس (هێزی ئینتزامی) لە ساڵی 1992 ئەم هێزە بوو بە جێبەجێکاری ئەم یاسایە. بە پێی تێبینی مادەی 102 هەروا کە لەسەرەوە ئاماژە بە سزای قامچی دراوە؛ بەڵام لە ساڵی 1996 ئەم مادە لابرا و " تێبینی مادەی 638 کتێبی پێنجەمی یاسای سزاکانی ئیسلامی پەسەندکراوی 1996" لە جێگەی ئەو یاسایەی گرتەوە کە "ژنانێک کە بێ حیجابی شەرعی لە شوێنە گشتییەکاندا دەربکەون بە 10ڕۆژ تا 2 مانگ دەکەونە زیندان یان بە 50 هەزار تا 500 هەزار ڕیال سزا دەدرێن." واتا سزا لە قامچییەوە بە زیندان و غرامە گۆڕدرا.

لە ساڵی 1986 بە لەبەرچاوگرتنی مادەی 105 یاسای سزادان، یاسای شێوازی بەدواداچوون بە تاوان و سزا، بە پێی مادەی 2ی ئەم یاسایە دیاریکرا بۆ فرۆشیارانی ئەو جلانەی کە بەکارهێنانیان لە شوێنی گشتی لە لایەن شەرعەوە ڕێگەپێدراو نییە و ڕای گشتی بریندار دەکات. ئەم یاسایە لە یاسای ئاگادارکردنەوە و ڕێنوێنی، سەرکۆنەکردن تا سزای ماڵی تێدا گۆنجاوە.

ئەگەرچی لە یاسای جێبەجێکردنیدا پەسەندکراوی 1989[108] بڕیار بوو کۆمسیۆنێک بریتی لە هەندێک دەزگاکانی جێبەجێکار جۆرەکانی گەندەڵی دیاربکەن و بیدەن بە دادگا، بەڵام ئەم کۆمسیۆنە تا ساڵی 1991 سازنەکرا و دوای ئەوەش پۆلیس یاسا و ڕێسا و چوارچێوە و نموونەکانی پێشێلکردن و لە بەرچاونەگرتنی حیجابی شەرعی دیارکرد[109].

ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری و ناوەندە حکومییەکانی تر دوای ئەم ساڵانە پێشنیازەکانیان بۆ پۆشینی خوێندکاران، فەرمانبەران و سەردانکەرانیان پەسەند دەکرد کە جیاوازیگەلێکی گرنگی هەبوو. بۆ نموونە بەکارهێنانی عەبا لە هەندێک لە شوێنە پەروەردەییەکان و تەندروستییەکان پێویست و ئیجباری بوو؛ لە حاڵێکدا لە زۆربەی فەرمانگە دەوڵەتییەکان و شوێنە پەروەردەییەکان ئەو ئیجبارە ڕەچاونەدەکرا. لە ساڵی 1997 ئەنجومەنی باڵای شۆڕشێ کولتووری یاسای گشتی پۆشینی دەرکرد.

بۆ خوێندنەوەی باشتری پرۆسەی یاساکانی حیجاب و داوێنپاکی، ئەم بابەتە لە دوو بەشی گشتی و تایبەت پۆلێنبەندی دەکەین و لە قاڵبی دایاگرامی ژمارە 2 نیشان دەدەین. پرۆسەی ئەم یاسایە لە یاسای سزاکانی ساڵی 1983 دەستپێدەکات کە یەکەمین یاسایە کە لەسەر پۆشینی ژنان پەسەندکراوە. ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە تا 5 ساڵ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، ئەنجومەن (پەرلەمان) لە بابەتی پۆشینی خەڵک دەستێوەردانێکی نەبووە و پەسەندکردنی ئەم مادەیە لەسەر ڕاسپاردەکانی ڕێبەری شۆڕش بووە. مادەی 102ی یاسای سزادان لە ساڵی 1983 دیاریکرا بۆ فرۆشیارانی ئەو جلانەی کە بەکارهێنانیان لە شوێنی گشتی لە لایەن شەرعەوە

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

ڕێگەپێدراو نییە و ڕای گشتی بریندار دەکات. هەروەها پەسەندکراوی 1996 بە لابردنی سزای زیندان لە مادەی 102 و گۆڕینی بە غرامە، بە سزای خراپ حیجابی ناونرا و کەمکرایەوە[110].

مەبەست لە یاسا گشتییەکان، ئەو یاساانەن کە بۆ هەموو هاوڵاتییان یەکسانە و جیا لە ئیش و پێگەیان هەبوونیان لە شوێنێکی تایبەت، جێبەجێدەکرێت. یاسا تایبەتەکان یاساگەلێکن کە بە هۆی پیشە یان تەنیا لە هەندێک شوێن جێبەجێدەبن. هەرچەند جیاوازییەکی زۆر بوونیان هەیە. بە گشتی یاسای یەکەم (گشتی) لە لایەن مەرجەعی یاسادانانی باڵا وەکو پەرلەمان و لیژنەی باڵای شۆڕشی کولتووری پەسەند دەکرێت و یاسای دووهەم (تایبەت) زۆرتر وەکو پەخشنامە و یاسای ناوخۆیی و ئیداری و کۆڕبەندی سەندیکا و ... پەسەندی دەکەن[111].

هاوکات لەگەڵ یاسا سزاییەکان کە لە لایەن ناوەندە فەرمییەکانەوە بە شێوازێکی گشتی بارودۆخی حیجاب و پۆشینی دەستنیشانکردووە، ناوەندە بەرپرسیارەکانیش بە شێوازێکی تایبەت بە

**خشتەی 2 یاسا گشتییەکانی حیجاب**

| ز | | ڕێکەوت | پەسەندکراوی |
|---|---|---|---|
| ١ | یاسای سزادانی ئیسلامیی ناوەندی سزادان | 18/5/1362 | پەرلەمانی ئیسلامیی ئێران |
| ٢ | شێوازی بەدواداچوون بە سەرپێچی و سزادانی فرۆشیارانی ئەو جلانەی کە بەکارهێنانیان لە شوێنە گشتییەکان پێچەوانەی شەرعە و داوێنپاکی گشتی بریندار دەکات | 28/6/1362 | پەرلەمانی ئیسلامیی ئێران |
| ٣ | بڕیارنامەی جێبەجێکردنی یاسای شێوازی بەدواداچوون بە سەرپێچییەکان و سزادانی فرۆشیارانیئەو جلانەی کە بەکارهێنانیان لە شوێنە گشتییەکان پێچەوانەی شەرعە و ڕای گشتی بریندار دەکات. | 20/3/1368 | ئەنجومەنی وەزیران |
| ٤ | خێراکردن لە بەدواداچوون بۆ ئەو دۆسیەیانەی هوکاری گەندەڵی و خراپی حیجاب | 20/2/1369 | دەسەڵاتی دادپەروەری |
| ٥ | پەسەندکراوەکانی کۆمسیونی سیاسەتگوزاری لە کاروباری جێبەجێکردنی بەرەنگاربوونەوەی کولتووری لەگەڵ هێماکانی گەندەڵی | | |
| ٦ | ڕووبەڕووبوونەوەی توند و سەپاندنی زۆرترین سزا بەسەر برەوپێدەرەکانی کولتووری نزم و ناشیرین و لە دەرەوەی چوارچێوەی ئیسلامی | 4/3/1376 | ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری |
| ٧ | پرنسیپ و بنەماکان و مێتۆدی بەجێهێنانی گەشەدانی کولتووری داوێنپاکی | 14/11/1376 | ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨ | لە جاڕنامەی ماف و بەرپرسیارەتی ژنان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران | 31/6/1383 | ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری |
| ٩ | ستراتیژی گەشەدانی کولتووری داوێنپاکی | 4/5/1384 | ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری |
| ١٠ | جێبەجێکردنی گەشەدانی کولتووری حیجاب و داوێنپاکی | 13/10/1384 | ئەنجومەنی کولتووری گشتی |
| ١١ | سیاسەتی بردنەسەری بەشداری ژنان لە پەروەردەی باڵا | 26/7/1384 | ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری |
| ١٢ | بڕیارنامە پێکهێنانی ئەنجومەنی چاودێر و هەڵسەنگاندنی داوێنپاکی و حیجاب پرۆژەی | 9/12/1385 | ئەنجومەنی باڵای هاوفکری، کولتووری هاوئاهەنگی و چاودێری داوێنپاکی و حیجاب |
| ١٣ | یاسای ڕێکخستنی مۆد و جل | 12/10/1385 | ئەنجومەنی باڵای هاوفکری، کولتووری هاوئاهەنگی و چاودێری داوێنپاکی و حیجاب |
| ١٤ | بڕیارنامەی پێکهێنانی ئەنجومەنی چاودێر و هەڵسەنگاندنی داوێنپاکی و حیجاب پارێزگاکان بۆ پرۆژەی | 2/11/1386 | پەرلەمان ئیسلامیی ئێران |
| ١٥ | بڕیارنامەی جێبەجێکردنی برگەی (الف) تێبینی 16 یاسای بودجەی ساڵ | 30/2/1386 | ئەنجومەنی چاودێر و هەڵسەنگاندنی حیجاب. ناوەندی پرۆژەی داوێنپاکی و پەسەندکراوەکانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری |
| ١٦ | بڕیارنامەی جێبەجێکردنی یاسای ڕێکخستنی مۆد و جل | 12/3/1387 | وەزیرانی ئەندام لە کۆمسیونی ئەنجومەنی وەزیران |
| ١٧ | پەخشنامەی دەرکردنی مۆڵەت بۆ پێشانگای مۆد و جل | 16/2/1387 | وەزیرانی ئەندام لە کۆمسیونی کولتووری ئەنجومەنی وەزیران |
| ١٨ | پەسەندکراوەکان سەبارەت بە تەرخانکردنی بودجە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانج و ئەرکە پێشبینیکراوەکان لە یاسای مۆد و جل | 29/7/1387 | کرێکار و ڕێکخستنی مۆد و جل |
| ١٩ | پەسەندکراوەکان سەبارەت بە بۆنە و ڕۆژە تایبەتەکان تەقویمی ساڵ | 1/5/1387 | ئەنجومەنی وەزیران |

پێی هەر ڕێکخراو و فەرمانگەی تایبەت یاساگەلێکیان پەسەندکردووە کە بریتین لە دامودەزگا دەوڵەتییەکان، پیشەی دکتۆری، قوتابخانەکان، شوێنە ئایینییەکان، زانکۆ، بازاڕ و ...هتد، کە لە دایاگرامی ژمارەی 3 پێشاندراوە.

## ئەنجام

سیاسەتدانان لە بواری حیجاب و پۆشین لە کۆمەڵگەی ئێرانی سەردەم، بێ لەبەرچاوگرتنی پێکهاتە بەهاگەرایانەکانی کۆمەڵگە و ڕوانینێکی زیندوو بە پرسە ئایینی و شەرعییەکان،



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

## خشتەی 3 یاسا تایبەتەکانی حیجاب

| ز | یاسا | ڕێکەوت | دامەزراوە | شرۆڤە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یاسا و چوارچێوەکانی ئینتزامی (پۆلیس) ئەندامانی لیژنە زانستییەکانی زانکۆ و ناوەندە پەروەردەییەکانی باڵا و توێژینەوەی وڵات | 22/12/1364 | پەرلەمانی ئیسلامیی ئێران | ا. یاساکانی پەیوەندیدار بە فەرمانبەرانی دامودەزگا دەوڵەتی و حکومییەکان |
| ٢ | یاسای بەدواداچوونی تاوانە ئیدارییەکان | 7/9/1372 | پەرلەمانی ئیسلامیی ئێران | |
| ٣ | حیجابی ئیسلامیی لە شوێنی کار، ڕەچاوکردنی ڕواڵەتی شەرعی و حیجابی ئیسلامیی لە شوێنی کار | 25/9/1368 | دەسەڵاتی دادپەروەری | |
| ٤ | یاسای هەڵبژاردنی (تاوتوێکردنی شیاوی و بە پێوەری بنەماکانی ئیسلامیی خوازیارانی دامەزراندن هەڵبژاردن) مامۆستایان و فەرمانبەرانی پەروەردە | 14/6/1374 | پەرلەمانی ئیسلامیی ئێران | |
| ٥ | یاسای جێبەجێکردنی داوێنپاکی و حیجاب پەسەندکراوی کۆبوونەوەی 427 ڕێکەوتی 10/3/1381 ئەنجومەنی کولتووری گشتی | 13/10/1387 | ئەنجومەنی حیجاب و داوێنپاکی وەزارەتی ڕێگە و بان | |
| ١ | یاسای هاوتایی کاروباری ئیداری و تەکنیکی نووسینگە پزیشکییەکان لەگەڵ چوارچێوەکانی شەرعی پیرۆز | 10/8/1377 | پەرلەمانی ئیسلامیی ئێران | ب. یاسای پەیوەندیدار بە پیشەی پزیشکییەوە |
| ٢ | بڕیارنامەی جێبەجێکردنی یاسای هاوتایی کاروباری ئیداری و تەکنیکی نووسینگە پزیشکییەکان لەگەڵ چوارچێوەکانی شەرعی پیرۆز | 1380 | ئەنجومەنی وەزیران | |
| ٣ | بڕیارنامەی جێبەجێکردنی یاسای بەدواداچوون بۆ تاوانە سەندیکاییەکان و پیشەیی ڤیتەرنەرەکان | 10/2/1380 | ئەنجومەنی وەزیران | |
| ١ | بڕیارنامەی جێبەجێکردنی قوتابخانەکان | 7/6/1379 | ئەنجومەنی باڵای پەروەردە | ج. یاسا پەیوەندیدارەکان بە قوتابخانەکانەوە |
| ٢ | شێوازی ناونووسی لە قوتابخانەکانی شاهد | 28/12/1386 | بارەگای ناوەندی شاهد | |
| ٣ | لە بڕیارنامەی پەروەردە و ڕاهێنانی ڕێکوپێکی دواناوەندی و کۆلێژی تەلاش ناوچەی 2ی تاران | | | |
| ١ | سیاسەتی کولتووری کۆمەڵایەتی وەرزشی ژنان | 22/7/1376 | ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری | د. پەیوەندیدار بە وەرزش |
| ٢ | پەسەندکراوی چاکسازی و تەواوکردنی برگەی 1 سیاسەتی کولتووری کۆمەڵایەتی وەرزشی ژنانی وڵات | 17/8/13787 | ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | بڕیارنامەی جیبەجێکردنی خولی یارییەکانی یەکێتی ژنانی وڵاتانی ئیسلامیی | | | |
| ١ | ڕیساکانی چوونەژوورەوەی ئیمامزادە ساڵحی تاران | 1378 | ئیمامزادە سالح | هـ ـ یاساکانی پەیوەندیدار بە شوێنە ئاییینیەکانەوە |
| ٢ | ڕیساکانی چوونەژوورەوەی ئیمامزادە ئیبراهیمی قووچان | 1378 | بەڕیوەبەری حەرەمی پیرۆز | |
| ١ | بڕیارنامەی پاراستنی سنوور و داب و نەریتی پەروەردەی ئیسلامی لە زانکۆ و نووسینگەکانی باڵا | 6/5/1366 | | یاساکانی پەیوەندیدار بە زانکۆکان |
| ٢ | لە ...... دیسیپلینی خوێندکارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران | 14/6/1374 | ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری | |
| ٣ | لە ...... نووسینگەی خوێندکاران | 11/11/1383 | | |
| ٤ | کۆمیتەی 573 ڕاگەیەنراوی پەسندبووی دیسیپلینی زانکۆی شاهروود | 5/10/1373 | زانکۆی شاهروود | |
| ٥ | لە بڕیارنامەی کۆمیتەی دیسیپلینی زانکۆی زانکۆی بەهەشتی بەهەشتی | | | |
| ٦ | شێوەنامەی شێوازی پۆشین و هەڵسووکەوتی زانکۆی تەباتەبائی خوێندکاران لە | 1385 | | |
| ٧ | بڕیارنامەی زانکۆی پیشەیی سەهەندی تەبرێز | 1386 | | |
| ٨ | پەسەنکراوی چوارەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی زانکۆی گوڵستان کولتووری | 1387 | | |
| ٩ | بڕیارنامەی جیبەجێکردنی شێواز و ئیسلامی بۆ هەڵسووکەوت و پۆشینی خوێندکاران | 1386 | هەمەدان | |
| ١٠ | پەسەندکراوی کۆلێژی هونەر و تەلارسازی تاران زانکۆی ئازادی | 1387 | | |
| ١١ | پەسەندکراوی زانکۆی پەیام نووری ناوەندی تاران | 1387 | | |
| ١٢ | سەرپێچی لە چوارچێوە پەسەندکراوەکانی زانکۆ پۆشینی جلی ژنان لەسەر | 1387 | پەسەندکراوی کومیتە | |
| ١٣ | بڕیارنامەی جیبەجێکردنی شێوازی ئیسلامیی لە زانکۆی هەڵسووکەوت و پۆشینی ئازادی ئەراک | | | |
| ١ | بەرەنگاربوونەوەی توند لەگەڵ فرۆشیارانی ئەو بەکارهێنانیان بە پێچەوانەی شەرعە جلانەی کە | 2/10/1387 | دەزگاکانی داد | |



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢ | ڕێگری لەو ) /760/70/10 پەخشنامەی ژمارە حیجابن بۆ شوێنەکانی بازاڕ و ژنانەی کە بێ جیبەجێنەکردنی ئیشەکانیان | 29/1/1386 | ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری | ر. یاساکانی پەیوەندیدار بە سەندیکا و کەرتی تایبەت |
| ٣ | پەسەندکراوی سەندیکای پۆشاکی ئیران | 1387 | | |
| ٤ | پەخشنامەی سەندیکای نووسینگەکانی کرێی ئیران گەشتیاری و سەیارەی | 17/1/1387 | سەندیکا | |
| ٥ | لە نووسراوی جێگری چاودێری لەسەر شوێنە تاران گشتییەکانی | 31/1/1387 | | |
| ٦ | بڕیارنامەی پۆشینی کۆمپانیای ئێران سێل | | | |
| ٧ | لە بڕیارنامەی ناوخۆیی پرۆگرامەکانی کوهستان گەشتیاری شیوار نووسینگەی | | | |
| ١ | بڕیارنامەی یاسایی و بڕیارنامەی جێبەجێکردنی فەرمانگەی زیندانەکان | 6/1/1372 | دەسەڵاتی باڵای داد | ط. یاسا جۆر بە جۆرەکان |

دەستکەوتێکی ئەوتۆی نابێت. بە چاوخشاندنێک بە خوێندنەوەکانی ئەم بابەتە لە 50 ساڵی ڕابردوو، پێکهاتەی بەهاگەرایانە، هەوراز و نشێوییەکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، کە لەسەر هەڵسووکەوتی تاک کاریگەری داناوە. ئەم گۆڕانکارییانە لە ڕاپرسییە نەتەوەییەکان و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان لە ساڵی 1353 / 1974 تا ئێستا هاتووە. بە لەبەرچاوگرتنی زۆربوونی قەبارەی چاپکراوەکان و ڕووداوەکان لە بواری حیجاب و داوێنپاکی لە دەیەی کۆتایی و جۆرێک گۆڕانکاری ڕوانگەیی لە بەڵگە شەرعی و یاساییەکان بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان، دەتوانین ستراتیژی "قەناعەت پێکردنی ڕۆشنگەرایانەی دووەمین" بۆ بەدامودەزگاکردنی حیجاب لەبەرچاوبگرین. بەم واتایە کە لەسەرەتا حیجاب بە قەناعەت پێکردن و ڕوونکردنەوەی سەرەتایی پیشان نەدراوە. نە تەنیا دوای شۆڕش، بەڵکو پێش شۆڕش قبووڵکردن و پەسەندکردنی حیجاب وەکو بەشێک لە کولتوور و نەریتی ئایینی و دینی و ئەتنیکی لە زەینی پیاوان و ژنانی ئێرانیدا جێگای گرتووە. بە سیاسیبوونی حیجاب لەسەردەمی پەهلەوی یەکەم (ڕەزاشا) و هەوڵدانی دەوڵەت بۆ بێ حیجابی زۆرەملێ، هەستی خۆڕاگری لە گرووپێک لە ژناندا دروستبوو، کە تا ئێستاش ئەم ڕوانگەیە بە حیجاب لە نێو بەشێک لە ژناندا ماوە. لە بەرامبەردا لە بەشێکی دیکەی ئەم شەپۆلە، نارەزایەتی بە شێوازی جیاواز و بە هۆکاری جیاوازەوە لە کۆمەڵگە هەر بەردەوامە. بە چاولێکردن لە بەڵگە مێژووییەکان، دەردەکەوێت کە لە چوار دەیەی دوای شۆڕشی ئێران، دزە و موداخلەی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی حیجاب و دیارکردنی سنوورەکانی پۆشین، ئەزموونێکی سەرکەوتووانە نەبووە. ڕەنگە لەو سەردەمانەدا ئەزموونێکی بەهێزی حکومەتکردن و دەوڵەتداری لە لایەن هێزە

شۆڕشگێڕەکانەوە نەبووە و بەرەنگاربوونەوەیەکی بە پەلە و بە توندوتیژی لە جێبەجێکردنی حیجابی زۆرەملێ پەیڕەوکراوە، کە بۆتە هۆکار تا لە جیاتی ئەوەی کە گرنگی بە ژێرخانە کولتوورییەکان بدرێت، دەست بە توندوتیژی کرا لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بێ حیجابی. ئەم پرۆسەیە نە تەنیا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکو لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان دەریدەخەن کە ئەنجامێکی پێچەوانەی هەبوو.

بەم ڕاستییەی کە بەشێکی گرنگ لە گەنجانی سەرەتای شۆڕش کە ئەم ئەزموونەیان کرد و بەشێکیان وەکو پەڵەیەکی ڕەش باسی لێدەکەن هەر ئێستا لە پەروەردەی منداڵانی خۆیان، ئەو پێداگریە و تەنانەت هیچ ویست و خواستێکیشیان بۆ بەردەوامبوونی بارودۆخی ئێستای حیجاب نییە و لەگەڵ ئازادی پۆشینی خۆیان و ئەندامانی خێزانەکەیان کێشەیەکیان نییە.

**بۆشاییەکان: چەند پێشنیازێك بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو**

1. لە هەڵسەنگاندن و وەرگێڕانی پرۆسەی ڕوو لە زیادبوونی حیجاب لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی و ئەزموونی ژیانی ڕۆژئاوا لە تێپەڕبوون لە ئازادی ڕەگەزی، هەست بە پێویستییەکان دەکرێت. هەروەها زۆر کەم بەو نووسراوانەی کە لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە سەبارەت بە حیجاب لە کۆمەڵگەی ئێراندا نووسراوە، گرنگی پێدراوە. بۆ نموونە کتێبی، ئەوپەڕی حیجاب هەوڵدانی "بەهجەت یەزدخاستی" و "ماری کلودلوتراند" (2006) دوو کەس لە کۆمەڵناسە ئێرانی و فەرانسەییەکانن.

دەربارەی هاندەر و ویست بۆ نووسینی ئەم کتێبە، خانمی لوتراند دەڵێت کە لە ڕابردوودا، حیجابی ژنانی ئێران بۆ ئەوان هێمایەک لە دەسەڵاتی ڕەگەزی نێر و پیاوسالاری و نادادپەروەری بوو و ژنی باڵاپۆش، هەبوونێکی کەم بەها و حیجابەکەی دژە نرخ بوو. ئەو لە حیجاب شتێک جگە لە فەقیری و لاوازی ڕواڵەت، زیندانی بوون لە زەنجیرە کۆنەکانی دابونەریت، شتێکی دیکە نابینێت و حیجاب وەکو ئاستەنگی هەرە گەورەی پێشکەوتنی ژنان دەبینێت. بەڵام هاوڕێیەتی ئەو لەگەڵ بەهجەت یەزدخاستی و دیتنی ئەو ژنانەی کە هاوکات ڕۆڵی دایک و هاوسەر دەبینن و بەشداری بوارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەبن و لە ئەنجوومەنە ژنانەکاندا بەشدارن و حیجاب بۆ ئەوان جگە لە ڕەهەندە مادی و جێگەوپێگە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی ئێران و هێمای سیستەمی بەهاگەرایانە، ئەو دەگاتە ئەو ئەنجامە کە دیمەنی میدیای ڕۆژئاوا و بیرکردنەوەی هەندێک لە ئێرانییەکان و خوێندنەوەیان بۆ حیجابی ئێرانی، لەگەڵ ڕاستییەکاندا یەک ناگرنەوە و دژبەرن.

دوای ئەم پارادۆکسە و بە ڕوانینێکی قووڵ لە ڕاستییەکان، بە هاوکاری لەگەڵ بەهجەت یەزدخاستی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر حیجابی ژنی ئێرانی دەست پێدەکەن. کتێبی ئەوپەڕی حیجاب، ئەنجامی هەوڵدانی ئەم دوو کۆمەڵناسەیە کە سەفیە غائی وەریگێڕاوەتەوە و جێگری توێژینەوەیی و پەروەردەیی ڕێکخراوی پرۆپاگەندەی ئیسلامیی ئێران بە تیراژی 5000 چاپیکردووە. ڕوانگەی سەرەکی نووسەرانی ئەم کتێبە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانەیە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

و هەوڵیانداوە جگە لە ڕوانگە کۆمەڵناسییەکەیان، حیجاب لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە بکۆڵنەوە، لەبەرئەوەیە بە ڕوانگەیەکی عیرفانی، مێژوویی ئایینی، ئانترۆپۆلۆژی و کۆمەڵناسییەوە دیاردەی حیجاب تاوتوێ بکەن.

2. خەسارناسیی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بە شێوازی ڕاستەوخۆ و بەرەنگاربوونەوەی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، لە نێوان توێژینەوەکاندا نەبینران. لانیکەم لە ئاستی گشتی ئەم جۆرە نووسینانە کەمتر دەبینرێت و ئەگەر پلانێک لەم بوارەدا ئەنجامدرابێت، نهێنییە و نەگەیشتووەتە ئاستی بڵاوکردنەوەی زانستی. بڵاوکردنەوەی ئەم ئەنجامانە، دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە ناوەندە سیاسەتدانانەکان وەکو فەرمان بە چاکە و دوورکەوتنەوە لە خراپە، حەوزەی ئایینییەکان، و ناوەندە کولتوورییەکان هەڵسووکەتە بێ بنەما و نەشیاوەکان نەبینن و لێکەوتەیەکی گونجاو لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی کۆنترۆڵی دەرنەکەوێت. وەکو گوتاری ”توێژینەوەی پلانی کۆمەڵگەی داوێنپاک، (گەشتی ئیرشاد) لەسەر گەشەپێدانی حیجابی کەسانی بەدحیجاب و بەرزکردنەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئەوان“[112] بەم ئەنجامە گەیشتووە کە نە تەنیا گەشتی ئیرشاد لەم بوارەدا کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی نەبووە، بەڵکو لێکەوتەی نێگەتیڤی بووە و ژنانی تووشی ترس و دڵەڕاوکێ کردووە و لە ئەنجامدا بۆتە هۆکارێک بۆ دابەزینی هەستی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە ژناندا.

3. لە بواری منداڵان و مێردمنداڵاندا، لە ئاستی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا جگە لە یەک نموونە، هیچی دیکەمان نەبینیوە. خودی ئەمە کە کتێبی بواری منداڵان و مێردمنداڵان لەم توێژینەوە خوێندنی بۆ نەکراوە، خود بابەتێکە کە پێویستە توێژینەوەی جیاوازی بۆ بکرێت. وەکو نموونە کتێبی ”لینالونا“ نووسینی ”کلر ژوبرت“، نووسەری فەڕەنسی، کتێبێکی جوان لە بواری منداڵانە کە بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ، بڕوا بە خۆ لە بواری بەهای وجوودی کچان بەهێز دەکات. لە ئەدەبیات و چیرۆک، بواری کولتووری ئێمە تووشی لاوازییەکی جدی بووە. ئەم بارودۆخە لە بواری منداڵ و میدیایش دیاریداوە و ئەو کەسانەی ویستیان پەروەردەی دینی منداڵەکانیان، بە چاولێکردنێکی گشتی بە پرۆگرامەکانی تەلفزیۆنەکانی ئێران دەتوانن ئەم بارودۆخە باش ببینن.

4. لە نێو ڕوانگەکان سەبارەت بە حیجاب و داوێنپاکی بە لەبەرچاوگرتنی تیۆرە نوێیەکانی دەروونناسی، خوێندنەوە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن، دەتوانین خوێندنەوە لەسەر بنەمای داوێنپاکی دابنێین و ئەم پێداچوونەوە دەبێت لە پرۆسەی بە دامودەزگاکردنی حیجاب لە لایەن بەرپرسانی کولتوور و پەروەردەییەوە لەبەرچاو بگیرێت. لەم بوارەدا توێژینەوەیەک نەبینرا.

5. گرنگیپێدان بە پیشەی پۆشاک و ئابووری هاوردە لە پرۆسەی گۆڕانکارییە مۆدگەرایانەی پۆشین، بە شێوازی سەربەخۆ، لە ئاستی گشتیدا پێویستی بە توێژینەوە و سەرنجدانە، کە لە نێو توێژینەوەکاندا نەبوو. هەڵبەت کاریگەری لابردنی

حیجاب لە بازاڕ و ئابووری کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە لە توێژینەوەکاندا هەبوو. بەڵام لە گۆشەنیگای سیاسەتدانان و توێژەر، پێویستی بە سەرنجێکی زیاترە. بەرزبوونەوەی نرخی عەبای ڕەش لە بازاڕ و دەستخستنی عەبای ڕەش بۆ ژنانی بە حیجاب زۆر قورس و ئەستەمە، کە بە شێوازێکی زانستی خوێندنەوەی بۆ نەکراوە. بازرگانی ئەم کاڵا پێویستییە و نەبوونی پشتیوانی لە بەرهەمی ناوخۆیی جێگای بیرکردنەوەیە، لە لایەکی دیکەوە، هاوردەکردنی مۆدیلە جیاوازەکانی پۆشاک و گۆڕینی سەلیقە و ویستی کولتووری ژنان و پیاوانی ئێرانی بەرچاوە کە ئەم جۆرە بابەتانە پێویستیان بە توێژینەوەیە.

6. نوێبوونەوەی شەرعی لە بابەتی پۆشین و حیجاب لەسەر بنەمای پرسە نوێیەکان پێویستی بە کاری مەیدانییە. بەم شێوازە کە هەندێک گۆڕانکاری پۆشینەکان، وەکو زیندووکردنەوەی پۆشینی نەریتی و بەکارهێنانی بە هۆی ڕەنگە جیاوازەکانییەوە، لە بواری جل، پێویستی بە چاولێکردنێکی جیاواز هەیە لەسەر حیجاب لە کۆمەڵگە. ئەم بابەتە و بە سەرنجدان بە قسەی زانایانی شەرعی پێویستی بە پێداچوونەوەیە. ئەم جۆرە توێژینەوانە لە پرۆسەی پرسی توێژەری حیجاب، پێویستییەکی گرنگە.

7. پۆشەنە خۆجەیەکان، وەکو یەکێک لە ڕێکارە گرنگەکان، پێویستی بە ئاوڕدانەوەی جدییە. بۆ نموونە گوتارێک لە گوتارەکانی "سمیناری نەتەوەیی ڕوانگە زانستی و کردارییەکان بە حیجاب و داوێنپاکی" بە ناونیشانی "کۆکردنەوەی مۆدێلێکی پێکهاتەیی داوێنپاکی و حیجاب لە ڕوانگەی خۆجەییەوە (خوێندنەوەی بابەتی: پەروەردەی پارێزگای چوارمەحاڵ و بەختیاری)" کۆمەڵێک نموونە دەستنیشان دەکات و هەوڵدەدات لەسەر بنەمای خۆجەیی، مۆدیلێک پێشانبدات. زانیارییەکان دەریدەخەن کە دیزاینی مۆدێلی پێکهاتەیی داوێنپاکی و حیجاب لە کۆمەڵگەی ئێرانی لەسەر بنەمای پرۆسەی چەند ڕەهەندی لە ڕێکار تا پراکتیکە. هاوسەنگی و یەکێتی و هاوفۆرمی کولتووری داوێنپاکی و حیجاب لە سەر ئەم بنەمایە دروست بکرێت و هەندێک لە پرۆگرامەکانی گۆڕانکاری و کۆنترۆڵ جێبەجێبێت. بە لەبەر چاوگرتنی پرەنسیب و بنەماکانی داوێنپاکی و حیجاب، دەکرێت بە ویستەکان، ئاڕاستەکان، بەرژەوەندییەکان، بەهاکان و پێویستیەکان بگەین.

8. ڕاستییەکانی حیجاب لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێراندا دیار نییە و ناڕوونە. پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە. ئەم ناڕوونییە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە لە ناوندە بەرپرسیارەکان، ڕاستییەک لە پۆشین پێناسە بکات و لە بەرامبەردا ئەوی دیکە پەسەندی نەکات. بۆ نموونە حەوزەی ئایینی (علمیە) (فێرگەی ئایینی) بۆ لایەنگرە عەبا بەسەرەکانی خۆی تەنیا یەک مۆدیل عەبا بە فەرمی دەناسێنێت و هەڵبژاردنێکی دەرەوەی ئەمە کە سیستەمی ئیداری و کاروباردا ڕووبەڕووی کێشە دەکاتەوە. هەر ئەم بارودۆخە لە هەندێک لە ناوەندەکانی گرێدراوی گوتاری زاڵ دەبینرێت. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە شار و هەیکەلی گشتی کۆمەڵگە، گۆڕانکاری لە ڕاستییەکانی حیجاب هاتووەتە ئاراوە کە هەموو

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەم ڕاستییانەی حیجاب و پۆشینیش، دژایەتی داوێنپاکی گشتی ناکات و لە ئاستی حیجابی شەرعی پەسەندکراوە. ئەگەرچی نەریت، تێبینیگەلێکی لەسەر زیادکردووە. بە هۆی بەهێزبوونی شەرعی لە وەڵامدانەوەی گۆڕانکارییەکان، دەتوانین پێداچوونەوە بۆ ئەم پرسە بکەین. ئەگەر زانایانی ئایینی، پرسە نوێیەکان لەبەرچاوەنەگرن دوور نییە لە داهاتوویەکی نزیکدا، ببینین کە حیجاب و سنوورەکانی حیجاب تەنیا لە ئاستی فەرمانگە حکومی و دەوڵەتییەکاندا ڕەچاو بکرێت. لە حاڵێکدا گشتی کۆمەڵگە لە پرۆسەی گۆڕانکاری حیجاب و داوێنپاکی، داهاتووی سیاسەتی پۆشینی ئێران بە شێوەیەکی دیکە پێکدەهێنێت.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١. ئەم بەشە وەرگیراوە لە:

ئابیار، زەهرا و هاوکاران، «پرسە تیۆرییەکانی حیجاب لە ئێرانی دوای شۆڕش: توێژینەوەیەک سەبارەت بە ڕوانگە جیاوازەکان لە سەر حیجاب و داوێنپاکی» وەرزنامەی ئیسلام و زانستە کۆمەڵایەتییەکان 1399 / 2020

٢. کار، مهرەنگیز، توێژینەوەیەک دەربارەی توندوتیژی هەمبەری ژنان لە ئێران، تاران. چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنگەران و خوێندنەوەکانی ژنان 2000 ، ل 128.

٣. تەرکاشوەند، ئەمیر، حیجابی شەرعی لە سەردەمی پێغەمبەر، 2010.

٤. شەفیعی سەروستانی، ئیسماعیل، حیجاب، بەرپرسیارەتی و توانابیەکانی دەوڵەتی ئیسلامی(تێبینی و ڕوانگەکان)، تاران، ناوەندی توێژینەوەی زانست و کولتووری ئیسلامی، 2008، بەرگی دووهەم، ل 9.

٥. موتەهەری، مورتەزا، کۆی بەرهەمەکان، 2006، بەرگی ٩، ل 234.

٦. هەمان 5

٧. حەق شناس، جەعفەر، پێکهاتەی ئیسلامی و پرسی حیجاب (کۆمەڵە گوتار و وتوویژەکان)، قوم، ناوەندی بەڕێوەبەری حەوزەی ئایینی خویشکەکان، نووسینگەی خوێندنەوە و توێژینەوەی ژنان، 2008، ل 18

٨. ئەیازی، سەیدمحەممەدعەلی، "لێکۆڵینەوەی پێویستبوونی حیجاب لە حکومەتی دینیدا" وەرزنامەی شورای کولتووری و کۆمەڵایەتی ژنان،س 9، ژ63، 2007، ل85

٩. زاهیدی و کاوە لە گوتاری " دیسکۆرسەکانی پۆشینی نەتەوەیی لە ئێران" دوو جۆر خوێندنەوەیان وا پێناسەکردووە: " گوتاری دینی و گوتاری لیبراڵ. بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە دینیدا بۆ پۆشین و جەستە واتایەک هەیە کە ئەمڕۆکە لە گوتاری دینیدا بە واتای ناسنامەی جەستەییە، پۆشینیش دیسکۆرسێکی دینییە. لە دیسکۆرسی پۆشینی دینی، لە بەرخۆکردنی جلی زۆر تەنگ یان ناسک بێت یان بە جۆرێک بێت کە جەستە سەرنجڕاکێش دەربخات و هەر جۆرە پۆشینێک کە دژی چوارچێوە نەریتییەکانی کۆمەڵگە بێت، پەسەندکراو نییە و هەڵبژاردنی جلە لە سەر عەریزەی شاوەت. بەڵام لە دیسکۆرسی لیبراڵیدا حیجاب وەکوو ئامرازی جیاکردنەوەی ژنان لە کۆمەڵگە و پاشکەوتووبونی پێناسەدەکرێت. هەر شێوازێک لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی وا ئازادی بخاتە مەترسییەوە و هەر شیواز لە بەربەخۆگری لە بەرامبەر مەیلە دەروونییەکانەوە، ڕەتدەکاتەوە. پۆشینی ئایینیش تەنیایی و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بندەستانەی ژن ئەسەلمێنێت. لەم گوتارەدا هەر جۆرە سنووردارکردن بۆ پۆشین جیگای قبووڵکردن نییە." (زاهیدی، سەید سەعید، کاوە، مەهدی، "دیسکۆرسەکانی پۆشینی نەتەوەیی لە ئێراندا"، وەرزنامەی زانستی توێژینەوەیی خوێندنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران، دەورەی1، ژ4، 1391 ص ؟

١٠. فەتاحیان، مریەم، "لێکۆڵینەوەی ڕوانگە هاوڕا و دژبەرەکانی حیجاب لە قۆناخی زەمەنی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی تا کۆتایی 1982 (بابەتی خوێندنەوەیی: ڕۆژنامەی کەیهان و ئیتڵاعات و ئایندەگان)"، براونامەی ماستەر، زانکۆی نێودەوڵەتی ئیمام خۆمەینی، کۆلێژی زانست و لێکۆڵینەوەی ئیسلامی، گرووپی مێژووی کولتوور و شارستانییەتی ئیسلامی، 2019

١١. خاڵی گرینگ ئەوەی کە مەبەستی توێژەر لە بەکارهێنانی"ڕوانگە"، تێڕوانین و میتۆدی هزریە کە گشتگیرتر لە خوێندنەوەیە. لە ڕاستیدا ڕوانگە جهانی فیکرییە و ئەنجامی هزراندن و بیرکردنەوەی جیاوازن کە

زۆربەی بیرمەندان و خاوەن هزرەکان پشتگریدەکان

١٢. وەگیراو لە:https://www.asriran.com/fa/news/344474

١٣. لە دەستەواژەی فێمێنیستی ئیسلامی و گۆنجانیئەم دوو چەمکە لە گەڵ یەک کێشە و ناکۆکی هەیە. لێرەدا مەبەست ئەو ڕوانگەیە کە لە لایەن بیرمەندانی ئەم قوتابخانە بە ئینتیما ئیسلامییەوە هێناویانەتە بەر باس.

١٤. مەرنیسی، فاتمە، ژنانی پەردە نشین و شارەزایانی زرێپۆش. وەرگێڕانی مەلیحە مەغازەیی، تاران، چاپ و بڵاوکردنەوەی نەی، 2011. ل 164

١٥. گوڵپایەگانی، تەوزێحولمەسائل (کتێب یان نامیلکەی ئایینی مەرجەعیەتەکانی شێعە). قوم، دارالقران الکریم، 1413 ک.م / ب1، ل413

١٦. ئەحمەدی جوڵفایی، حەمید، یاسا و ڕێساکانی حیجاب و داوێنپاکی لە گوڵستانی مەرجەعییەت، قوم،: چاپی زائیر، 2005، ل54.

١٧. سیستانی، توضیح المسائل، قوم: چاپی بینا، 2014، ل465

١٨. مەکارمی شیرازی، توضیح‌المسائل، قوم: چاپی مەدرەسەی ئیمام عەلی ،2005، ل402.

١٩. سرووش، عەبدولکەریم، "گوتاری تۆرێنتۆ"، 2014، لە سایتی "خودنویس"

٢٠. سرووش، عەبدولکەریم، "بەربەستەکان و کێشەکانی دیموکراسی لە ئێران"، 2002، فایلی دەنگی لە سایتی: www.dsoroush.fa

٢١. سرووش، عەبدولکەریم، "بەربەستەکان و کێشەکانی دیموکراسی لە ئێران"، 2002، فایلی دەنگی لە سایتی: www.dsoroush.fa

٢٢. سرووش، عەبدولکەریم، گوتاری "حیجاب و ناسنامەی ئیسلامی"، تۆرێنتۆ، 2010، فایلی دەنگی لە سایتی: www.dsoroush.fa

٢٣. سرووش، عەبدولکەریم، ئایدولۆژیای شەیتانی، تاران، چاپی صراط، 2000، ل126.

٢٤. سرووش، عەبدولکەریم، سیاسەتنامە، تاران، چاپی صراط، 2008، ل358.

٢٥. دەباغ، سرووش، "بێحیجابی یان داوێنپیسی؛ کامیان بێ ئەخلاقییە؟"،2013، لە سایتی صدانت

٢٦. دەباغ، سرووش، "پەیوەندی ڕۆشنبیری دینی وفێمێنیسم"، وەرزنامەی ژنانی ئەمڕۆ، س1، ژ9، 2014، ل85.

٢٧. دەباغ، سرووش، "بێحیجابییان داوێنپیسی؛ کامیان بێ ئەخلاقییە؟"،2013، لە سایتی صدانت

٢٨. دەباغ، سرووش، "بێحیجابییان داوێنپیسی؛ کامیان بێ ئەخلاقییە؟"،2013، لە سایتی صدانت

٢٩. دەباغ، سرووش، "حیجاب لە تەرازووی ئەخلاقدا"، لە سایتی صدانت

٣٠. عەلی پوور، حەسەن، مەدرەسە لە پرۆسەی نوێبیریدا، قوم، چاپی معارف، 2015، ل206.

٣١. Kadivar.com

٣٢. کەدیوەر. موحسین، "قووڵبوونەوەیەک لە پرسی حیجاب"، 2012، لە Kadivar.com

٣٣. مەهدەوی زادگان، داوود، "توێژینەوەیەک لە سەر پابەندی حکوومی حوکمی حیجاب"، خوێندنەوە ستراتیژییەکانی ژنان، 2007، ژ36.

٣٤. ئەیازی محەممەدعەلی، "لەکۆڵینەوەی هەبوونی حیجاب لە حکومەتی دینیدا"، وەرزنامەی شورای کولتووری وکۆمەڵایەتی ژنان، 2007، ساڵی9، ژ36.

٣٥. تورکاشوەند، ئەمیر، حیجابی شەرعی لە سەردەمی پێغەمبەردا، 2010.

٣٦. عەلەوەی تەبار، عەلیڕەزا، ڕۆشنبیری، دینداری، دیمۆکراسی، تاران: فەرهەنگ و ئەندێشە، 2000، ل45.

٣٧. موجتەهیدی شەبستەری، محەممەد، قووڵبوونەوەیەک لە خوێندنەوەی مرۆڤی لە دین، تاران، چاپی تەرحی نوێ، 2004، ل22.

٣٨. موجتەهیدی شەبستەری، محەممەد، ئیمان و ئازادی، تاران، چاپی تەرحی نوێ، 1996، ل22.

٣٩. موجتەهیدی شەبستەری، محەممەد، ڕەخنەیەک لە سەر خوێندنەوەوی فەرمی لە دین، تاران، چاپی تەرحی نوێ، 2022، ل18.

٤٠. هەمان، ل31.

٤١. عەلیجانی، ڕەزا، شەریعەتی؛ ڕێگا یان نارێگا؟، تاران، قەڵەم، 2002، ل187.

٤٢. موجتەهیدی شەبستەری، محەممەد، ڕەخنەیەک

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

لە سەر خوێندنەوەوی فەرمی لە دین، تاران، چاپی تەرحی نوێ، 2022، ل502 تا 504.

٤٣. هەمان.

٤٤. هەمان، ل507 و 508

٤٥. تورکاشوەند، ئەمیر حسێن، حیجابی شەرعی لە سەردەمی پێغەمبەردا، ل645 تا 684.

٤٦. هەمان، ل696.

٤٧. موتەهەری، مورتەزا، پرسی حیجاب، تاران: سەدرا، 2020

٤٨. تەبەری، محەممەد بن جەریر، جامعە البیان عن تاویل القران، ب19، عەمان: دارولعلم، بەیرووت: دار بن حزم، 1423ک.م، ل59،60؛ ڕازی ئەبولفتووح، روض الجنان و روح الجنان فی تفسیر القران، مەشهەد، توێژینەوکانی ئیسلامی. ب16، 1997 و 1996، ل21.

٤٩. تاڵەقانی، سەیدمەحموود، "وتووێژی تەلەفزیۆنی"، ڕەشەمەی1980

٥٠. موتەهەری، مورتەزا، کۆی بەرهەمەکان، تاران، سەدرا، 2006، ب19، ل 432 و 433

٥١. هەمان، ل421.

٥٢. خۆمەینی، ڕۆحوڵا، سەحیفەی نوور، نووسینگەی ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆمەینی، 2010، ب5، ل294.

٥٣. هەمان، ب18، ل264.

٥٤. هەمان، ب19، ل185.

٥٥. هەمان، ب5، ل541.

٥٦. مورتەزەوی، سەید زیا، ئیمام خۆمەینی و نموونەناسییەکان لە پسی ژناندا، قوم، نووسینگەی پرۆپاگاندا، 1999، ل117.

٥٧. سادقی، فاتمە، لابردنی حیجاب؛ خوێندنەوەی موداخلەیەکی مودێرن، تاران: نیگای سەردەم، 2014، ل43.

٥٨. نەجم ئابادی، ئەفسانە، 2017، ژنانی سمێڵی و پیاوانی بێ ڕیش، وەرگێڕانی ئاتێنا کامڵ و ئیمان واقفی، تاران: سینا، 2017، ب1، ل95.

59. Mir-hossini, Ziba, Hijab and choice: Bitween politics and Cal.ifornia Theology, p198

60. Ahmad, Lila, women and gender in Iran historical of a modern .de beut, New haven: Yale university press, 1992, p145

61. women in a non- Muslim community", In Linda Arthur (Ed), Reli-.gion, dress and the body, oxford: Berg, 1999 p149

62. Daly, C.M, "The paalda' expression of hejaab among Afghan women in a non- Muslim community", In Linda Arthur (Ed), Religion, dress and the body, oxford: Berg, 1999 p149.

63. Ahmad, Lila, women and gender in Iran historical of a modern .de beut, New haven: Yale university press, 1992, p152

٦٤. شەریعەتی، عەلی، کۆی بەرهەم، تاران: سەوز، 1981، چ1، ب21، ل274.

٦٥. هارجی و ئەوانیتر، ئون، کریستیەن ساندرز و دەیوید دیکسۆن، کارامەیی کۆمەڵایەتی لە پێوەندییەکانی نێوان تاکەکەس، وەرگێڕانی خەشایار بەیگی و مێهرداد فیرووزبەخت، تاران: ڕۆشد، 1999، ل22.

٦٦. موحسینیان ڕاد، مەهدی، پێوەندی شناسی، چ4، تاران: سرووش، 2001،ل48.

٦٧. لۆبرۆتۆن، داوید، کۆمەڵناسی جەستە، وەرگێڕانی ناسر فەکوهی، تاران: سالس، 2013، ل13.

٦٨. چاوپێکەوتن لە گەڵ کۆمەڵێک لە پەرستاراندا 1994

٦٩. چاوپێکەوتن لە گەڵ کۆمەڵێک لە ژنانی دوکتۆری ئێران 1989

٧٠. چاوپێکەوتن لە گەڵ کۆمەڵێک لە ژنان 1989

٧١. چاوپێکەوتن لە گەڵ بەڕێوەبەرانی کونگرەی شەهیدانی وەرزشی وڵات 2015

٧٢. چاوپێکەوتنی ژنە قارەمانی کرماشانی وەرزشی ووشۆ لە گەڵ ڕێبەری ئێران 2015

٧٣. مەرنیسی، فاتمە، ژنانی پەردەنشین و شارەزایانی زرێپۆش، وەرگێڕانی مەلیحە مەغازەیی، تاران: نەی، 2011، ل164.

٧٤. هەمان، ل166.

٧٥. هەمان، ل 138 تا 169

76. Moghadam, M.valentin, Women in the Islamic

Republic of Iran, Legal Status, Social, Position and collective, Action, 2004,.p8

77. Afshar, haleh, Islam and feminisms an Iranian case- study Palgrave Macmillan, 1999, p198

٧٨. کار، میهرئەنگیز، توێژینەوەیەک سەبارەت بە توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە ئێراندا، تاران: بڵاوکراوەی ڕۆشنگەران و خوێندنەوەکانی ژنان، 2000، ل 124.

٧٩. هەمان، ل126.

80. Afshar, haleh, Islam and feminisms an Iranian case- study Palgrave Macmillan, 1999, p199

٨١. هەمان

٨٢. وەحدەتی، سۆهەیلا، ڕۆڵی حیجاب لە زیادکردنی نایەکسانی حیجاب، تاران: بازتابی ئەندێشە، 2006، ل176.

٨٣. فۆکۆ، میشێل، ئیرادە بە زانست، وەرگێڕانی نیکۆ سەرخۆش و ئەفشین جهاندیدە، تاران: نەی، 2004، ل167.

84. Mir-Hosseini, Ziba. “Hijab and choice: Between politics and theology.” Innovation in Islam: traditions and contributions, Universityof California Press. 190-212 :(2011)

٨٥. ناوەندی لێکۆڵینەوەی بەڵگە مێژوویەکانی وەزارەتی ئیتلاعات، گۆڕانکاری و لابردنی حیجاب بە گێڕانەوەی بەڵگەکان، ل10.

٨٦. هەمان.

٨٧. ڕۆژنامەی کەیهان، 16ی ڕەشەمەی 1357/ 1979، ژ،10655، ل 1.

٨٨. سەحیفەی ئیمام، ب6، ل329.

٨٩. ڕۆژنامەی کەیهان، 4ی گەلاوێژی 1358/ 1980، ژ10767، ل3.

٩٠. ڕۆژنامەی کەیهان، 10ی پووشپەڕی 1359/1981، ژ11032، ل2.

٩١. هەمان

٩٢. ڕۆژنامەی کەیهان، 16ی پووشپەڕی 1981، ل13.

٩٣. ڕۆژنامەی کەیهان، 2ی گەلاوێژی 1981، ژ11053، ل2.

٩٤. ڕۆژنامەی ئیتلاعات، 19 خەرمانانی 1984، ژ11962، ل2.

٩٥. کار، میهرئەنگیز، شۆڕش؛ گێڕانەوەیەکی ژنانە لە شۆڕشی ئیران،سوید: بڵاوکراوەی باران، ب1، 2006.

٩٦. ڕۆژنامەی کەیهان، 12ی پووشپەڕی 1981، ژ11035، ل1.

٩٧. هەمان

٩٨. ڕۆژنامەی کەیهان، 16ی پووشپەڕی 1981، ژ11038، ل3.

٩٩. ڕۆژنامەی کەیهان، 16ی پووشپەڕی 1981، ژ11038، ل13.

١٠٠. ڕۆژنامەی کەیهان، 22ی پووشپەڕی 1981، ژ11043، ل3.

١٠١. ڕۆژنامەی کەیهان، 15 پووشپەڕی 1981، ژ11037، ل2.

١٠٢. ڕۆژنامەی کەیهان، 19ی پووشپەڕی 1981، ژ11037، ل2.

١٠٣. ڕۆژنامەی کەیهان، 1 گەلازەردانی 1981، ژ11124، ل4.

١٠٤. ڕۆژنامەی کەیهان، 13ی جۆزەردانی 1981، ژ11299، ل10.

١٠٥. ڕۆژنامەی کەیهان، 6ی پووشپەڕی 1981، ژ11318، ل4.

١٠٦. ڕۆژنامەی کەیهان، 22ی جۆزەردانی 1981، ژ11043، ل3.

١٠٧. ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامی، 4ی گەلاوێژی 1984، ژ41492

١٠٨. پەسەندکراوی 5/4/1368 _ 1989

١٠٩. سەدر، شادی، شاری قەدەخە، ڕۆژنامەی یاس نوێ، ژ23، 7ی جۆزەردانی 2005، ل،10.

١١٠. ئەسەدی، لەیلا، لێکۆڵینەوەی دەستوورە سزاییەکانی ئێران سەبارەت بە پۆشینی خەڵک، شەرع و خێزان، 2005، ل60

١١١. سەدر، شادی، کۆمەڵێک لە دەستوور و یاساکان لە کۆماری ئیسلامی ئێران، ل 11.

١١٢. شەرەفی، مەهدیە، مستەفایی، ڕوباب، ” لێکۆڵینەوەی کاریگەری پلانی کۆمەڵگەی داوێنپاکی (گەشتی ئیرشاد) لە سەر پەرەپێدانی حیجاب لە سەر بەدحیجابەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئەوان“، سمیناری نەتەوەیی ڕوانگەی زانستی و کردەویی بە داوێنپاکی و حیجاب، تاران: زانکۆی ئەلزەهرا، 2017.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# کەلێنی نێوان حکومەت و گەل لە کۆمەڵگەی ئێران، ڕیشەکانی و داهاتووەکەی[1]

## گفتوگۆیەك لەگەڵ کۆمەڵناسی ئێرانی مەقسود فیراسەتخا[2]

وەرگێڕان: جەواد حەیدەری



1- ئەم بابەتە وەرگێڕانی گفتوگۆیەکە لەگەڵ کۆمەڵناسی ئێرانی مەقسود فیراسەتخا سەبارەت بە کێشەکانی ناوخۆی ئێران و بەتایبەت ئەو کەلێنانەی کە لە نێوان حکومەت و گەلدا هەیە. گفتوگۆکە لە کتێبێکدا بەناونیشانی "مسئلەی ایران" لە ئامادەکردنی ناوبراو و لە لایەن "چاپخانەی آگاه"وە بڵاو دەبێتەوە.

2- ئەم چاوپێکەوتنە بە ناونیشانی "شکاف دولت-ملت در جامعەی ایران؛ ریشەها و آیندەای آن" بڵاو کراوەتەوە.

**بەرایی**

کەلێن لە نێوان حکومەت و گەل لە ئێران لە ڕوانگەی مێژووییەوە ڕیشەی لە زۆر هۆکاری جیاوازدا هەبووە. بۆ نموونە بەرفراوانی ڕووبەری ئێران و ئەوەی کە شوێنی نیشتەجێبوونی کۆمەڵایەتی زۆر پەرتەوازەیە. بە هۆی زۆری فرە قەومی لە کۆمەڵگەی ئێران زەمینەی دوورکەوتنەوەی دروست دەکردووە. پێگەی جوگرافیای سیاسی لە ئێران زۆر پڕ مەترسی بووە. هەموو ئەمانە زەمینە بوون و من خۆم لەمانە بە دوور دەگرم. دەبێت بزانم کە هۆکاری سۆنگەی سەرەکی ئەو کەلێنە چییە؟ هەندێك وڵات هەن پان و بەرینن، بەڵام لەو وڵاتانەدا کەلێن لە نێوان حکومەت و گەل بەو شێوەیەی کە لەنێو ئێمەدا هەبووە، نەبووە. وڵات گەلێك هەن وەك ئێمە هەمە چەشنن لە بواری نەتەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی کەلێن لە نێوان حکومەت و گەلدا دروست ببێت. وڵاتانێکیش هەن کە لە پێگەیەکی جوگرافیای سیاسی هەستیاردان، بەڵام ئەو هەستیارییە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە درز و کەلێن لە نێوان حکومەت و گەلدا دروست ببیت. کەواتە بۆچی ئێمە کەلێنێکی بەو ڕادە زۆرەمان لەناودا هەبووە؟ من پێموایە کە هۆکار و سۆنگەی دیکەش لە ئارادا بووە. بۆیە من هۆکارەکەی لە دوو ئاستدا دەخەمەڕوو. یەکیان لە ئاستی حکومەت و ئەویتریان لە ئاستی کۆمەڵگە، هەڵبەتە لە هەر شوێنێك کە گوتم حکومەت مەبەستم ئەنجومەنی وەزیران نییە، بەڵکو بە گشتی بە واتای تەواوی دەسەڵات دێت.

لە ئاستی حکومەت، هۆکاری سەرەکی درز و کەلێن لە نێوان حکومەت و گەل، سەرەڕوویی و ملهوڕی بوو. بە خوێندنەوەی مێژووی ئێران بەو ئەنجامە گەیشتم کە ملهوڕی و سەرەڕوویی دەسەڵاتداران سەرچاوەی نامۆیی و کەلێنی کۆمەڵگە بووە. واتە کاتێك کە دەسەڵاتداران ملهوڕ و سەرەڕۆییان کردووە ئیتر گەل لەوان نامۆ بوون و نێوانی ئەوان لەگەڵ گەل و گەل لەگەڵ ئەوان درز و کەلێن دروستبووە. دوو هۆکاری تریش هەبوون کە ملهوڕییان بەهێز دەکرد، یەکێك سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ملهوڕی لە ئێران و ئەوی تریش بەدەستهێنانی سەرچاوەی سەربەخۆ بەبێ پشتبەستن بە خەڵك، واتە حکومەت دەیتوانی دەستی بەسەرچاوە گەلێك بگات کە سەربەخۆ بوو، بۆ نموونە حکومەت پێویستی بە باج نەبوو، دەیتوانی بەبێ باج، دەستی بەو سەرچاوانە بگات. دەستڕاگەیشتنی حکومەت بەو سەرچاوە سەربەخۆیانە، وایکرد کە دەسەڵاتداران یاخی بن و نافەرمانی بکەن. مرۆڤ کاتێك کە هەستی کرد پێویستی بەوانی تر نییە، یاخی دەبێت و نافەرمانی و دەستدرێژی دەکات و تووشی لوتبەرزی و لەخۆباییبوون دەبێت. لە ڕابردوودا ئەو سەرچاوەیەی کە لە بەردەستی حکومەتدا بوو ئاو بوو، واتە حکومەتی ئاو سالار، لە مێژووی هاوچەرخیشدا ئەو سەرچاوەیە بە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

داخەوە نەوتە. نەوت 70% هەناردەکردنی ئێران پێکدەهێنێت. 4. 5% هەناردەکردنی جیهان هی ئێرانە، کە لە ئێستادا ئەو ڕێژەیەش لە حاڵەتی داکشان دایە. هەروەها ئەگەر گاز و بەرهەمە گازییەکان لەبەر چاو بگرین کە ئەویش پەیوەندی بە نەوتەوە هەیە کۆی نەوتی ئێران چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کە خاڵی لاوازی ئابووری ئێرانە، 85% پێکدەهێنێت. واتە 85% هەناردەی ئێران لە دەستی حکومەت دایە و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ملهوڕی و سەرسەری و زۆرداری و ستەمکاری دروست ببێت و پێویستی بە ڕای گشتی نەبێت و خۆی بە بێ نیاز بزانێت بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ خەڵك بکات، سەبارەت بە ڕەزامەندی پایەدار لە کۆمەڵگە بێ گوێ بێت و گوێنەدانێکی سیستەماتیك سەبارەت بە مافە کۆمەڵایەتییەکان و مافی گەل بێتە ئاراوە.

**ئەم ملهوڕی و سەرەڕۆییە بۆچی لە مێژووی ئێران پەیدا بوو، کە بووە هۆی دروستبوونی کەلێن لەنێوان حکومەت و گەلدا؟**

ملهوڕی و ستەمکاری هۆکارێکی بەهێزکەری هەبوو ئەویش پێگەی سوپاخوازی بوو لە مێژووی ئێراندا. هەلومەرجی ئێران بە شێوەیەك بووە کە سوپاخوازی واتە: توانای هێزی سەربازی بەرز بێتەوە و کۆمەڵێك لە هەلومەرج لەوانە نائەمنی و پێگەی هەستیار دەبوونە هۆکار بۆ ئەوەی هێزی سەربازی لە هێزێکی ئاسایی زیاتر پەرە بستێنێت. ئەگەر هێزی سەربازی بەشێوەیەکی یاسامەند لە ژێر دەستی کۆمەڵگە دابێت و بیەوێت یەکپارچەیی خاکی وڵات بپارێزێت کێشەیەك نایەتە ئاراوە، هەموو وڵاتانی جیهان سوپا و هێزی سەربازییان هەیە، بەڵام هێزێکی سەربازی یاسامەند کە بەپێی یاسا کۆنترۆڵ بکرێت و کاری سەرەکیشی بەرگری بێت لە یەکپارچەیی خاکی وڵات. بەڵام لە مێژووی ئێراندا شتێکی وا نەبووە. بۆ نموونە غەزنەویان و سەلجوقیان و تەنانەت قاجارییەکان چۆن گەیشتوون بە دەسەڵات؟ دەبینم ئەوانە هەموویان یەکێك بوون لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ملهوڕی بەشێوەیەك کە ئاغا محەمەد خانی قاجار لەڕێگەی ئەو هێزە سەربازییە دروست دەبێت، بە واتایەکی دیکە عەشیرەتێك هێزی سەربازی هەیە و بەمشێوەیە هێزێکی سەربازیی دروست دەبێت و ئەم هێزە هەموو دەسەڵاتێك لەناو کۆمەڵگە بەدەستەوە دەگرێت و ئەسپی خۆی تاو دەدات و پەیوەندییەك لەنێوان سوپاگەری و پاوانخوازی دروست دەبێت و بەمشێوەیە ئابووری کۆمەڵگەش دەکەوێتە دەست ئەوان. لە ڕابردوودا چ زەوییەکان و چ سەرچاوەکانی هەموو بە دەست هێزە سەربازییەکانەوە بووە. بازاڕ لەبەر دەستی پۆلیس و داروغە و سەربازەکاندا بووە، کتوپڕ دەهات گوندێکیان بە تەواوەتی قەتڵ و عام دەکرد و خاشەبڕیان دەکرد. لەوەی کە هێزە سەربازییەکان پشتیوانی دیکتاتۆری و ملهوڕی بوون و خۆشیان دەستیان

بەسەر سامان و ئابووری وڵاتدا دەگرت و دەبووە هۆی دروستبوونی درز و کەلێن لە نێوان حکومەت و گەل و ئاکامەکەشی ئەوە بوو کە ژمارەیەك دەبوون بە سەرکردە و ئەوانی دیکەش دەبوونە گوێ لە مست. سەرکردەکان خۆیان هێزی سەربازییان لەبەردەستدا بوو، ئەو هێزانەیان دەپاراست و لەڕێگەی ئەوانەوە دەستیان بەسەرچاوەکان دەگەیشت و لەسایەی ئەوانەوە سەرچاوەکانیان بەدەست دەهێنا و مامەڵەیان پێوە دەکرد و لە کۆتاییدا پێکهاتەیەك و زەمینەی سەربازگەیان دروست دەکرد و لە سایەی ئەو سەربازگانەوە ئابووری و کولتوور و کۆمەڵگەیان دەخستە ژێر چنگ و ڕکێفی خۆیان. زنجیرەیەك زەمینەی مێژوویی و هۆکار لە ئاستی حکومەت دروستبوون کە بوونە هۆی ئەوەی کە بەشێوەیەکی دامەزراوەیی حکومەتمان نەبێت. چونکە حکومەت سەرچاوەی سەربەخۆی هەیە و پشتیوانەکەشی هێزە سەربازییەکانە. لەسەر بنەمای شێوە و یاسا و ڕێسا هەنگاو نانێت، حکومەت دامەزراوەیەکی عەقڵانی و یاسامەند نییە کە نەریت گەلێکی بۆ یاریکردن هەبێت و نەریت و دەستوورێك بەسەریدا زاڵ نییە و لەسەر بنەمای نەریت و شێوازەکان کار ناکات و لە دەرەوەی یاسایە، نەك لە چوارچێوەی یاسادا. ئەم جۆرە لە حکومەت بەپێی نەریت کار دەکات و دەبێت کەم تا زۆر لە ژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵگە و عورف و عادەت بێت و لە ئەنجامدا ڕاپۆرت پێشکەش بکات و وەڵامدەرەوە بێت، هەم خۆی هەڵوەشێنێتەوە و هەم پرسیار لە خۆی بکات. لە ئێران بە داخەوە وەها حکومەتێك بە دەگمەن هەڵدەکەوێت و حکومەت لە سەرووی یاساوەیە و هەرچی حکومەت بیکات ڕەوایە، و ئەمەش بە ڕای من لەڕاستیدا دەبێتە هۆی کەلێن و درز لە نێوان حکومەت و گەل و تەنانەت دەبێتە هۆی کەلێن لەنێوان هێز لە ناو کۆمەڵگەدا. واتە لەناو کۆمەڵگەدا چەند جۆرێك هێز دروست دەبوو کە هەندێکیان بە شێوەی ملوك تایەفی و هەندێکجاریش بەشێوەی هێزێکی مەرکەزی زۆر توندوتیژ دەردەکەوت. هەڵبەت لەناو وەها حکومەتێکدا کەسانێك پەیدا دەبوون کە مەیلی عەقلانییان هەبوو. لەڕاستیدا لە ناو مێژووی ئێمەدا کەسانێك هەبوون کە تەنانەت وەك وەزیر لە دەوروبەری دەسەڵاتداران بوون، کە زۆر وردبین و واقیع بین و عەقلگەرا بوون. بۆ نموونە کەسانی وەك بەلعەمی، بەیهەقی و بنەماڵەی نەوبەختی کە هەوڵیان دەدا بچنە ناو ئەو سیستەمەوە و کلاوڕۆژنەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی دەرفەتێك بۆ کۆمەڵگە و پێشکەوتن و شارستانییەت و عەقلانییەت و تێکەڵبوون لەگەڵ جیهان پەیدا بکەن، بەڵام دواتر داماو و دەستەوەستان دەمانەوە. ئەو جۆرە لە پیاوانی ژیر و عاقڵ تەنانەت هەندێکجار دەیانتوانی لە دەسەڵات نزیك ببنەوە و بە تەکبیر و کارگێڕییەکی ژیرانە وڵات و ڕەوانێکی کولتووری

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

و زانستی و شارستانییەتی و واقیع گەرایانەیان سەبارەت بە مافەکانی خەڵك هەبێت، بەشێوەیەکی دانسقە و تایبەت دەیانتوانی کاریگەر بن و نەیاندەتوانی کاروباری حکومرانی بەشێوەیەکی سیستەماتیك ڕێك بخەن، چونکە هەر هەمان سیستەم لەڕێگەی پیلانگێڕی و تۆمەت هەڵبەستن زمینەی بۆ دوورخستنەوە یان سڕینەوەیان فەراهەم دەکرد. بە کورتی گوێیان لێنەدەگیرا و نەیاندەتوانی کاریگەرییان هەبێت. بۆ نموونە ئەمیر کەبیر یان محەمەد موسەدیق.

لەڕاستیدا لەو دیمەنەوە سەیر دەکەین کە درز لەناو حکومەت و گەل خود ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی درز و کەلێن لەناو حکومەتدا بوو. بە واتایەکی دیکە لەناو حکومەتدا دەسەڵاتێکی چەند دەستەیی هەبوو، خەڵك نەیاندەتوانی حساب لەسەر ئەو وەزیرە عاقڵ و ژیرە بکات یان پشت لەو هەموو جۆرە سەرسەری و کەللەڕەقییە بکات.

**ئەدی لەناو خودی کۆمەڵگە چۆن؟**

هۆکاری سەرەکی درز و کەلێن لەناو حکومەت و گەڵ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە ئەوە بوو کە کۆمەڵگەی ئێمە دامەزراوەییەکی یەکانگیر و یەکدەستی کۆمەڵایەتی نەبووە و زیاتر هەڵڕژاو و پرش و بڵاو بووە. دامەزراوەی مەدەنی و پیشەییمان نەبووە. پیشە و کار لە ئێران لاوازە بووە. ئێستا دەتوانی ڕای من وەك لێکۆڵەڕێك تاوتوێ بکەیت. من تا ڕادەیەك خوێندوومەتەوە و باسێکی زۆرم لە ناو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا پێشکەش کردووە و لە ناو پسپۆڕان و هاوکارانی زانکۆ تا ئێستا کەسێك بە منی نەگوتووە کە هەڵە دەکەیت لەوەی کە دەڵێت لە ئێران کار و پیشە نییە و لە شارەکانی ئێران کار و پیشە هەبووە. بەڵێ من دەڵێم کار و پیشە هەبووە، بەڵام جێ نەکەوتوون و سەقامگیر نەبوون و گەشە و پەرە و توانایان نەبووە. لە ئەنجامدا من وا بیر دەکەمەوە کە هۆکاری سەرەکی درز و کەلێن لەناو گەل و حکومەت لە ئاستی کۆمەڵگە هەر ئەوە بووە کە کۆمەڵگە لە ڕوانگەی مەدەنی و پیشەیی و کارەوە ڕێکخراو و دامەزراوەیی نەبووە، یان ئەگەر بووبێتیش وردیلەیی بووە و هەموومان لە بیری خۆمان و بنەماڵەکەماندا بووین و بە جۆرێك لە جۆرەکان بەشداری کۆمەڵایەتی زۆر کەم بووە. شاهیدەکەشی ئەوەیە کە ئێمە لە ئێران ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پیشەیی و حزبە قانوونییەکانمان پایەدار و بەردەوام نەبوون و هەر بەشێوەیە گەردیلەیی و ناچالاك بووین و هەر کەس هەوڵی تاکەکەسی داوە و زۆر کەم بەشداری کۆمەڵایەتیمان کردووە و ڕەنگە هەر نەمانکردبێت و بەشداریمان کاریگەر نەبووە. یان ئەوەی کە بە یەکجار بووین بە شەپۆل و کەسانێك سواری ئەو شەپۆلە بوون و نەمانزانیووە چ کەسێك بەسەرماندا زاڵ دەبێت.

بەهەرحاڵ لەهەردوو حاڵەتدا ئێمە بێ

جموجۆڵ و ناچالاك بووین و كۆمەڵگەیەكی بێ كردەوە بووین و كۆمەڵگەیەكی دامەزراوەیی و چالاك نەبووین. بە هەمان شێوە حكومەتیش، حكومەتێكی چالاك نەبووە. حكومەت گەلێكی ملهوڕ و سەرەڕۆ و ستەمكار و بەهێزمان هەبووە كە كتوپڕ قەڵس و تورە دەبوو و بڕیاری كوشتن و بڕینی دەردەكرد، بەڵام چالاك نەبوو كە كاری داهێنان بكات كە بۆ یادگاری بۆ كۆمەڵگە بمێنێتەوە. كۆمەڵگەش بێ جموجۆڵ بوو، جنێومان دەدا و ڕامان دەكرد. جارجارێكیش ئەگەر هێزمان هەبووایە دەسەڵاتێكمان لەسەر كورسی دەهێنایە خوارەوە، بەڵام چالاك و دروستكەر و پایەدار و دامەزراوەیی نەبووین. ئەو حكومەتە ناچالاكەش تەنانەت چالاكییەكانی هەم پاوانخوازی و سەرسەریانە بووە و لەو چالاكیانەی كە هەیبووە شتێك بە ناوی نەزم و سەروەری یاسا نەبووە، هەر بۆیە لە كۆتاییدا كەلێن و درز لە نێوان حكومەت و گەل دروستبووە.

**بۆچی ئەم هەموو بێ سەرەوبەرەییە؟**

لەبەرئەوەی كۆمەڵگە نەیدەتوانی پەیوەندی و هەڵسوكەوتەتێكی كاریگەری لەگەڵ حكومەت هەبێت، كۆمەڵگەیەك كە ڕێكخراو نەبێت، دامەزراوە مەدەنی و خۆجێییەكانیشی نییە و ناتوانێت كارێكی ئەوتۆ بكات. گەڕەكێك كە ڕێكوپێك و ڕێكخراو بوو و ئەنجومەن و دەستەی بەڕێوەبەری هەبوو، هەموو شتەكانی لە پاك و خاوێنی بگرە هەتا ئاسایشی هەبوو، هەموو كێشەكان چارەسەر دەكات. ئێستا لە وڵاتانی باكوور ئەوروپا قوتابخانەكان لەلایەن خەڵكی گەڕەكەكانەوە دروست دەكرێن و بەڕێوەیە دەچن. لە ئێران وەها شتێك نییە و لە ئەنجامدا چونكە دامەزراوەییەكی دەروونیمان نییە ناتوانین لەگەڵ حكومەت پەیوەندی و هەڵسووكەوتی داهێنەرانەمان هەبێت و ناتوانین لەو شوێنەی كە پێویستە گوشارێكی ڕێكخراو بە دژی حكومەت وەرێ بخەین تا كێشەكان چارەسەر بن. بۆ نموونە بە شێوەیەكی ڕێكخراو بابەتی ئاو و ژینگە بخەینە ناو سیستەمی یاسادانانی ئێران بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەین كە دەریاچەی ورمێ وشك ببێت و گۆلاو و سەرچاوە ئاوییەكانی وڵات لە ناو بچن. ئێمە دامەرزاوەیەكی دەروونی بەهێزمان نییە كە لە پشت ئەوانەوە، ڕێكخراو و سیستەمێكی مەدەنی بەهێزمان هەبێت و گوشار بخاتە سەر حكومەت و تەنانەت هاوكاری حكومەتیش بكات بۆ نموونە لە پارێزگای خوزەستان كە سیمبولی پیت و بەرەكەت و سەروەت و سامانی ئێرانە وەها دۆخێكی ناڵەباری بۆ ژیان نەبێت. حكومەت ناتوانێت یەك لایەنە وڵات بەڕێوە ببات، بەڵكو تەنها لە ڕێگەی گەلەوە دەبێت وڵات بەڕێوە بچێت، لەوەها حاڵەتێكدا پایەداری دێتە ئاراوە، بەڵام تا ئەمڕۆكە حكومەتەكان گرنگیان بە بەرژەوەندی نیشتمانی نەداوە. ئەم بابەتە لەڕێگەی حكومەتەوە بۆ گەلیش تەشەنەی كردووە، گۆڕەپانی یارییەكە وەها نالەبار بووە و هەر كەس تەنها بەرژەوەندی و قازانجی خۆی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی كتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دەبینێت. لەبنەڕەتدا لە ئێران شتێك بە ناوی بەرژەوەندی گشتی نییە. تەنانەت ئەوانەشی کە ئازادی و دیموکراسییان دەوێت زیاتر بۆ خۆیان دەوێت نەك بۆ بەرژەوەندی گشتی. بەهەمان شێوەش حکومەت گرنگی بە بەرژەوەندی گشتی نادات و لەناو کۆمەڵگەدا وردەوردە گرنگیدان بە بەرژەوەندی گشتی لەناو دەچێت. چونکە لەگەڵ کۆمەڵگەیەك ڕووبەڕوو دەبینەوە کە تێیدا دامەزراوەیی مەدەنی نییە. کاتێك تۆ لەناو ژینگەیەکی نارێکوپێکدا دەژی کە هیچ دامەزراوەیەکی تێدا نییە ڕێگەچارە چییە؟ ڕێگەچارە ئەوەیە کە خۆت بپارێزیت. کاتێك تۆ دەچیتە ناو ژوورێك کە هەر کەسێك کاری خۆی دەکات و هیچ شتێك قابیلی پێشبینی نییە و هیچ نەریت و شێوازێکی کارامە نییە، تەنها ڕێگەیەك کە بۆ تۆ دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بیر لە خۆت بکەیتەوە و گەلی ئێمە بەهەمان شێوەیە. هەلومەرجێك هەبوو کە هەر کەسێك تەنها بیری لە خۆی دەکردەوە و لە ئەنجامدا چونکە کۆمەڵگەی ئێمە دامەزراوەیی نەبووە، ناتوانێت کۆمەك بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات بکات و گوشارێکی کاریگەر و کارامە بخاتە سەر حکومەت.

ئەگەر کۆمەڵگە دامەزراوەیی و ڕێکخراوەیی بوو ئەو کات گۆڕانکاری لە ملهوڕی و سەرەڕۆییشدا دەکرێت، هەڵبەتە ئەمە خۆی عەیبە، ئەمانە یەکتر وێران و خاپوور دەکەن و دەورەیەکی بێسوود بەدی دەهێنن. ملهوڕی و دیکتاتۆری کۆمەڵگە وێران و خاپوور دەکات و ڕێگە نادات کە کۆمەڵگە دامەزراوەیی و ڕێکخراوەیی بێت. کۆمەڵگەیەك کە ڕێکخراو نەبێت ملهوڕی تێدا خۆی دووبارە بەرهەم دەهێنێتەوە و لە دەرفەتەکاند لەگەڵیدا بەشەڕ دێت و لە ئەنجامدا سەقامگیری سیاسی تێدا نامێنێت. واتە گەڕانێکی عەیبدار و خۆوێرانکەر و ناسەقامگیر دێتە ئاراوە و بەرژەوەندی گشتی تێدا جێگیر نابێت. ئەمەیە کە پایەداری و سەقامگیری لە ئێراندا شتێکی دەگمەن بووە. یان گەل تەسلیم دەبێت یان ئەوەی کە سەرپێچی و سەربزێوی دەکات. یان ملکەچ دەبێت یان خۆی ڕادەستی شاپەرستی دەکات، یان بە ڕق و نەفرەتەوە مەرگ بەر شا دەڵێن. هەڵبەتە لەم نێوەندەدا هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی لە ئارادا بووە و کێشەکانی قووڵتر کردۆتەوە. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە لە پێگەی جوگرافیایی خراپیشدا بووباین بەڵنیاییەوە دۆخێك دەهاتە ئاراوە کە تێدا هەموو هێزە دەرەکی و ناوخۆیی و هەرێمەکان کە بە دوای بەرژەوەندی خۆیانەوە دەیانویست لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن. هەر ئەوەش وایکرد کە یەك لایەنەگەرایی بێتە ئاراوە. هەر کەس لە بیری خۆیدا بێت و پێگەو گفتوگۆ و یەکگرتوویی نیشتمانیمان نەبێت تا لە سەر چەند بابەتێکی هاوبەش ڕێکەوتن بکەن. لەبری ئەوە بەرژەوەندی تاکەکەسی و تائیفی بۆ ئێمە زیاتر گرنگی پەیدا کرد و دواتریش بێ متمانەیی و توندوتیژی و نەفرەتی لێکەوتەوە.

لەم دۆخەدا بەشێوەی باو و سرووشتی کەسانێك بە چەند مۆدێلێکەوە دێنە پێشەوە و دەسەڵاتێك دێنە ئاراوە. مۆدێلی یەکەم گرنگیدان بە نەزم لە بری ئازادی. لە ساڵی 1921 ڕەزاشا بە هەمان شێوە بە دەسەڵات گەیشت، لە دۆخێکی نالەبار و نائەمن و هاوکات جەنگی جیهانی یەکەم بوو. هێزە دەرەکییەکان هاتبوونە ناو خاکی ئێرانەوە و لە هەر شوێنێکی وڵات جووڵەیەك سەری هەڵدابوو و وڵات بەرەو دوورکەوتنەوەیەکی سەیر دەڕۆیشت. لێرەدا کە خەڵك لە دەوری دەستڕۆیشتوویەك کۆ دەبنەوە و کەسێك کە بە هۆی زیرەکی و جیاوازی فەردی و بەهێز کە پشتیوانی دەرەکیشی هەیە دەبێتە سەنتەر و لەدەوری کۆدەبنەوە. ئەمە مۆدێلێك بوو کە بە دەسەڵات گەیشت.

مۆدێلی دووەم بەدوایەکدا هاتنی هاوپەیمانی و ناکۆکی، یەکێك باڵادەستە و ملهوڕی و سەرەڕۆیی دەکات، تا ئەو جێیەی کە هەموو هێزە نەیارەکان لەدژی کۆدەبنەوە و هاوپەیمانی دەکەن و پشتی لە عەرز دەدەن. کاتێك کە ملهوڕەکە لەناو دەبنەن دووبارە ئەو هێزانەی کە لەدژی ملهوڕەکە هاوپەیمانییان کردبوو کێشەیان تێدەکەوێت و ناکۆکی و دووبەرەکی دروست دەبێت. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە جۆن فۆران ئاماژەی پێدەکات و بە بەرگری شکێنەر ناوی دەبات. یەك حکومەتی ملهوڕی لە ئێران پێکدێت چونکە کەلێن لەنێوان حکومەت و گەلدا هەیە و هەموو ئەو هێزانەی کە لە پەراوێزدان و لەناو گۆڕەپانی سیاسیدا ئامادە نین سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکانیان بە ڕەواڵەت لە دژی هێزی سەرەکی ڕێکدەکەون تا دەسەڵات بڕوخێنن. لە یەکەمین دەرفەتدا ئەو هێزانە دووبارە لە یەکتر دەتەکێنەوە و هەمدیسان بێسەرەوبەرەیی و دوورکەوتنەوە و ناسەقامگیری لە ئێران درێژە دەکێشێت. ئەو جۆرە مۆدێلەمان لە شۆڕشی 1979 بینی کە چ هێزگەلێك لە دژی پەهلەوی ڕاپەڕینیان کرد. کاتێك کە نرخی نەوت چل قات بەرز بوویەوە شا تووشی تەوەهوم و لەخۆباییبوون بوو، ئیتر گوێی لە ڕاوێژکارە مەزنەکان کە ڕاوێژیان بۆ باوکی ئەویش کردبوو نەدەگرت و هێزە نیشتمانییەکانی سەرکوت دەکرد و گرنگی بە نارەزایەتییەکان نەدەدا. من لەناو هەندێك لە بیرەوەرییەکاندا خوێندوومەتەوە کە شا بە هێلیکۆپتەر بە سەر ئاسمانی تاراندا گەڕاوە و خۆپیشاندانەکانی بینیوە. کاتێك گەڕاوەتەوە بە تووڕەییەوە لە ئەمیر عەباسی هوەیدا سەرۆك وەزیرانی ئێرانی پرسیوە، ئایا ئەمەبوو ئەو یەکگرتوویەی کە لەنێوان حکومەت و گەل بوو؟ تێگەیشت کە ئیتر گەل گەیشتووە بە تینی. ئەو تێنەدەگەیشت، چونکە لەناو چوارچێوەی دەسەڵاتدا دیل بوو، کەسانێکی ماستاوچی ماستاویان بۆ دەکرد و دەیانگوت کە هەموو شت باشە و شار لە ئەمن و ئەماندایە.

خاڵێکی دیکەی کە دەبووە هۆی کەلێن لە نێوان حکومەت و گەل ئەوەیە کە پێکهاتە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

و فەزایەکی مامناوەند و ناوەڕاست دروست نەبوو. کاتێك کە باس لە کەلێنی نێوان حکومەت و گەل دەکەین ئەوەیە کە لە نێوان حکومەت و گەل هیچ شوێنێکی واستەیی نەبوو، هیچ پێکهاتەیەکی دەروونی جێگیرکراو نەبوو، هیچ دامەزراوەیەکی وا و لە ئارادا نەبوو کە لە نێوان حکومەت و گەل ئیمکانی ئاڵوگۆڕ و گفتوگۆ و وەرگرتنی زانیاری لە یەکتر دروست بکات. فەزایەك کە بتوانێت بمێنێتەوە و پایەدار بێت و تێدا چالاکی بکرێت بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان حکومەت و گەل سەربگرێت.

**نوخبە، حزب و گرووپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەو ڕێڕەوە چ ڕۆڵێکیان هەبوو؟**

نوخبەکانی ئێمە بە گشتی لەناو کۆمەڵگەیەکی ناچالاك و نادامەزراوەییدا هەمیشە پەرتەوازە بوون. ئەمە لەکاتێکدایە کە نوخبەکان دەبێت لە فەزایەکی وەك زانکۆ و ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکان ئامادە بن. زانکۆ دەبێت بە شێوەیەك لە شێوەکان لەناو وەها فەزایەکدا بتوانێت لە نێوان حکومەت و گەل دا ئامادە بێت و لێکۆڵینەوە بکات و بیرو بۆچوون و ڕا و تیۆری بۆ چاکسازی دروست بکات و لە بواری گشتی لەنێوان حکومەت و گەلدا بێت. بوارێکی گشتی هەیە کە دەبێت لەوێدا قسە بکرێت. دەوترێت کە میدیا و ڕۆژنامەکان لایەنی چوارەمی دیموکراسین، فەزایەك لە نێوان حکومەت و گەل. لەوێدا ژمارەیەك ڕاپۆرت دەدەن و شرۆڤە و ڕاڤە دەکەن و ڕەخنە دەنووسن یان لە سەر تەلەفزیۆن ڕەخنە دەگرن و پێویستە وەها فەزایەکی سەربەخۆ دروست ببێت و لە دەستی حکومەتدا نەبێت. ئەو کاتەیە کە میدیا و ڕۆژنامەکان نابنە مینبەرێکی شەخسی بۆ من و بۆ حکومەت. لەناو وەها فەزایەکدایە کە ئیمکانی بەدواچوونی تەواوی بەرژەوەندی و داواکاری و ویست و داخوازی و سکاڵا دێتە ئاراوە. ئاوێنەیەکە کە باڵانوێنی هەموو شتێکە و لەوەها فەزایەکدا ئیمکانی ئاڵوگۆڕ دروست دەبێت. هەم شا و هەم هاووڵاتی لە گۆشەیەك لە شارەکانی ئێران دەتوانن ڕۆژنامە بخوێنەوە.

ئەگەر کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی سەربەست و ئازاد هەبێت هەم سەرۆك و هەم جوتیارێك لە گوندێك دەتوانن گوێ هەڵخەن و گوێ بگرن. ئەگەر ئەو فەزایە بتوانێت سەربەخۆیی پیشەیی و پارێزبەندی یاسایی هەبێت بە دڵنیاییەوە لەوێدا کەم تا زۆر ئازارەکان، بابەتەکان دەخرێنەڕوو. ئێستا لە ئەمریکا و ئەوروپا و ژاپۆن و وڵاتانی پێشکەوتوو کەم تا زۆر لەوەها مۆدێلێکی جیاواز کەڵك وەردەگرن یەکێك لە شوێنانە کۆلێژەکانە، شوێنێك کە شوێنی بیر و ئەندێشەیە و کەسانێك لەو شوێنانە سەرقاڵی وەبەرهێنانی فیکر و ئەندێشەن. بە داخەوە لە ئێران بوونی وەها شوێن گەلێك زۆر لاوازە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە حکومەت، حکومەتێکی مەشروع

و ڕەوا نەبێت بەشێوەیەك كە خەڵك قبووڵی بكەن و بڵێن كە ئەو هێزە بۆ سەرزەمین و سنوور و ئایندە و پێشكەوتن پێویستە. حكومەتی مەشروع و ڕەوا هێزێكە كە بۆ ئێمە سنوور دادەنێت و پێمان دەڵێت، بوەستە ترافیك سوورە، هەروەها دەڵێت: دەبێت باج بدەن و ئێمەش ئەو هێزە قبووڵ دەكەین چونكە بۆ ئێمە مانا و واتای هەیە.

## بەم قسەیە بێت كارامەیی حكومەتەكان لە ئێران گرنگە؟

هەم مەشروعییەت و هەم كارامەیی. كاتێك كە حكومەت بۆ حكومڕانی لەسەر حەق نەبێت یان كارامەیی نەبێت بۆ ئیدارەدانی وڵاتێكی پان و بەرین بە هەموو فرەچەشنی و شارستانییەتێكی دەوڵەمەند، ئەو كات كەلێنەكە زیاتر دەبێت. من بە پێی خوێندنەوەكانی خۆم گەیشتووم بەو ئەنجامە كە لێكۆڵەوەران هەوڵدەدەن كە بەسەر ئەو كەلێنەدا سەربكەون، من ناوم نا چالاكوانانی سنووریی. لە مێژووی هاوچەرخی ئێران ژمارەیەكی زۆر كەس دەبینی كە چالاككەری سنووریی بوون، یان لە سنووری نێوان حكومەت و گەل هاتووچۆیان كردووە و بە واتایەكی دیكە هەندێكجار لە پەراوێز و هەندێكجار لەگەڵ دەسەڵات بوون. بەڵام بەهۆی ئاستی خوێندن و شێوازی ژیان و تایبەتمەندییەكان و جیاوازی تاكەكەسی و شێوەی پەروەردە و بەرژەوەندی و پیشەی خۆیان لە ناو حكومەت بوون، بەڵام هاوكات لەناو ناوەندی كۆمەڵگە و دامەزراوە واسیتەییەكان بوون و سەبارەت بە كۆمەڵگە كەمتەرخەم نەبوون. دەنگی كۆمەڵگەیان دەبیست و لە داواكارییە كۆمەڵایەتییەكان تێدەگەیشتن و دركی نیشتمانییان هەبوو. ئەو كاتەش كە لەناو حكومەتدابوون سەبارەت بە كێشە كۆمەڵایەتییەكان خوێنسارد و كەمتەرخەم نەبوون، هەروەها ئەو كاتەی كە لەناو كۆمەڵگەش دابوون گرنگیان بە پێداویستییەكان حكومەت داوە و دەزانن كە حكومەت خۆشی هەندێك سنوور و كێشەی هەیە. ناوی ئەو كەسانەم ناوە چالاكوانانی سنووریی. مرۆڤە سنوورییەكانی وەك مەجید تەهرانیان. ئەو بەر لە شۆڕش لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و لەناو سیستەمی پەهلەوی دووەم (محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی) بوو. ئەو بیرمەندێكی جددی بوو كە سەبارەت بە داهاتوو بیری دەكردەوە و مەترسییەكانی دەخستەڕوو. ئەگەر سیستەمی پەهلەوی گوێی بە بەشێك لە پێشنیار و هۆشدار و لێكۆڵینەوەكانی مەجید تەهرانیان بدایە بەڕای من شۆڕشی ئێران ڕووی نەدەدا. هەروەها كەسێكی وەك مەجید ڕەهنەما، ئەگەر بەرپرسانی سیستەمی پەهلەوی دووەم گوێیان لەو دوو مەجیدە بگرتایە، دەیانتوانی زۆربەی چاكسازییەكان بكەن و ڕێگری لە كێشەكان بكەن و زۆربەی ڕووداوەكان بەر لەوەی ڕوو بدەن چارەسەر بكەن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی كتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**ئەمرۆکە لە کۆمەڵگەی ئێران وەها کەسانێك هەن؟**

زۆربەی بەڵگەکانی سەردەمی قاجارییەکانم خوێندووتەوە و تاوتوێم کردوون، ناسرەدینی شای قاجار زۆربەی ئەو بابەتانەی کە ئەمیر کەبیر باسی دەکرد قبووڵ دەکرد، وەك ”وقایع اتفاقیه“ و دروستکردنی ”دارالفنون“، ناسرەدین شای قاجار لە ژێر کاریگەری کەسایەتی ئەمیر کەبیردا بوو، بەڵام چونکە بەرژەوەندی هەبوو، هەروەها کەسانێك لە دەوروبەری بوون دەیویست دەسەڵاتەکەی بپارێزێت و لە کۆتایی ڕەزامەندی خۆی بۆ کوشتنی ئەمیر کەبیر دەربڕی. هەرچەند دواتر هەندێك قسەی کرد کە نیگەرانی و پەرۆشی ئەوی دەردەخست. ئەمە زۆر سەیرە کە لێکدژ و پارادۆکسێکی زۆر لە مێژووی ئێراندا دەبینین. بە هەرحاڵ پیاوە عاقڵەکانی حکومەت چەندین کاریان دەکرد و لە کۆتاییدا دوور دەخرانەوە و دەکەوتنە پەراوێزە و هەندێکجاریش باجی قوورسیان داوە و لانیکەم ئەوە بوو کە کاریگەیان نەدەبوو، بەو شێوەیە کە دەبووایە سوودیان لێ وەربگرێت، سوودیان لێ وەرنەدەگیرا. لە ڕاستیدا لە سیستەمە حکومەتییەکان ئەو عەقڵ و هۆشە بە شێوەی سیستەماتیك جێ نەدەکەوت کە لە عەقڵی ئەو کەسانە وەك قەڵغانێك بۆ پاراستن کەڵکیان لێ وەربگیردرێت.

با نموونەیەك بهێنمەوە، کاتی خۆی پاکرەوان سەرۆکی ساواك بوو. دەگێڕنەوە ئەو لانیکەم ئەوەندە زیرەك و بە هۆشبوو کە دەوترێت سەرەڕای ئەوەی کە چالاکوانانی سەرکوت دەکرد و کاری نابەجێی ئەنجام دەدا، بەڵام لانیکەم توانی کە عەلی نەقی عالی خانی کە پسپۆڕ و کەسێکی تەکنۆکرات و زیرەك و داهێنەر بوو بباتە دەزگای ساواك. پاکرەوان نفوزی و کاریگەری لە سەر شا و بڕیارەکانی شا هەبوو و توانی عەلی نەقی بکاتە وەزیری پیشەسازی کە ئەو وەزیرە خزمەتێکی زۆری بە ئێران کرد، ڕەزا نیازمەند کە جێگری وەزیری پیشەسازی بوو. ئەم دوو کەسە بەشێك بوون لە چالاکوانە سنوورییەکان. بەڵام ئەو کات لە ساواکدا لانیکەم ئەم جۆرە ڕەفتارانە دەبیندران کە هەرچەند کەم و بچووك بوون. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی هۆکاری ئەوەی کە شا مەجید ڕەهنەمای کرد بە وەزیری خوێندنی باڵا تەنها لەبەر بزووتنەوەی خوێندکاران بوو. شا دەیویست بەمشێوەیە بزووتنەوەی خوێندکاران کۆنترۆڵ بکات. شا دەیویست بڵێت وەزیر کەسێکە کە هەمووان پارێزبەندی و کەسایەتی ئەویان قبووڵە. هەڵبەتە شا نەیتوانی تا سەر تەحەمولی مەجید ڕەهنەما بکات و هەموو قسەکانی ڕەهنەمای پشتگوێ خست هەتا وای لێهات کە مەجید ڕەهنەما واز لە پۆستەکەی بهێنێت. ڕەزا نیازمەند، مەجید ڕەهنەما، عەلی نەقی عالی خانی، مەجید تەهرانیان و عەلی ئەسەدی

نموونەی ئەو چالاکەوانە سنوورییانە بوون. ئەسەدی و تەهرانیان لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە هەموو ناڕەزایەتیەیانەی لە کۆمەڵگەدا هەبوون بخەنەڕوو. ئەگەر گرنگی بە هەڵسەنگاندنەکان و لێکۆڵینەوەکانی ئەو کەسانە درابا و دەسەڵاتدرانی ئەوسا سیاسەتەکانی خۆیان گۆڕیبا، دەیانتوانی پێش بە زۆربەی کێشەکان بگرن. بە کورتی کەلێنی نێوان حکومەت و گەل ڕیشەی لە دوو شتدا هەبوو، لاوازی گەل و کەموکورتییەکانی پێکهاتەیی و کردەوەکانی حکومەت. ئەو چالاکوانە سنوورییانە نەیاندەتوانی بەسەر ئەو کێشەیەدا بە باشی زاڵ بن.

مەبەستم لە لاوازی کۆمەڵگە ئەوەیە کە نەیدەتوانی کارامە و چالاک بێت و خۆی لە دەروونەوە ڕێك بخات. بەشێوەی باو و سرووشتیی، کۆمەڵگەیەکمان هەبوو کە لەسەرەوە چاوەڕوانی زۆر بوو، لە خوارەوەش پەرچەکرداری کەم. بە واتایەکی تر خەڵك تەنها بۆڵە بۆڵی دەکرد. ئێستاش وایە هەموو بۆڵەبۆڵ دەکەن هەڵبەتە حەقی خۆشیانە بۆڵەبۆڵ بکەن. چونکە کێشە و گرفتەکان زۆرن. بەڕاستی ژیان بۆ خەڵك قوورس بووە، بەڵام بە بۆڵەبۆڵ و پرتە و بۆڵە هیچ شتێك دروست نابێت. هیچ کۆمەڵگەیەك بە پرتە و بۆڵە و جنێودان و پاشملە لۆمەکردنی حکومەت و ڕاکردن بە هیچ کوێیەك ناگات. کۆمەڵگە پێویستی بە کرداری داهێنەرانە و بەشداری چالاکانە و ڕێکخراو هەیە و ئەمەش تەنها شتێکە کە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا نییە و هەر کەس لە فیکری خۆیدایە و ئەمەش دەستکەوتێکی نابێت جگە لە حکومەتێکی ناچالاك و کۆمەڵگەیەکی ناچالاك. ئەمەش یانی فەراهەمبوونی زەمینەی هەلپەرستی و کرداری وێرانکەر. ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کتوپڕ کەسێك بەناوبانگ دەبێت و سواری شەپۆلەکە دەبێت و بەڵێن دەدات و کەسانی سەرسەری و گەمژە لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە. لەڕاستیدا کۆمەڵگە قابیلی پێشبینی نییە و هیچ متمانەیەکیش لە ئارادا نییە و هێزەکانی دەرەوەی سنوور لەم دۆخە کەڵك وەردەگرن.

**ڕۆڵی ئەوگرووپانەی کە مەیلی دەسەڵاتیان هەیە و لەبەرامبەر هەڵبژێردراوەکانی گەل گرفت دروست دەکەن چییە؟**

بەڵێ، ئەمەش ئەنجامی کۆمەڵگەی ناکارامەیە. ئەگەر ئێمە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و ڕێکخراویی و سەقامگیرمان هەبووایە، ئەگەر ئێمە حزب و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵایەتی و خۆجێی بەهێزمان هەبووایە کە تێدا خەڵك ڕەفتاری مەدەنی و کۆمەڵایەتییان بە مەشق و ڕاهێنانی پێویست و باشیان ئەنجام دابووایە و گەشەیان پەیدا بکردایە و میدیایەکی بەهێز و پرۆفیشناڵ و پسپۆڕمان هەبووایە، لەو کاتەدا بابەتەکانی ئێران تەنها بۆ بابەتی هەڵبژاردن سنووردار نەدەکرا.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**بە سەرنجدان بە هەموو ناڕەزایەتی دەربڕین و ئەو ڕەخنانەی کە لەسەر شەقامەکان و لە فەزای سۆشیال میدیا و ڕاگەیاندنەکان دەگیرێت، ئایا متمانە ڕوو لە دابەزینە یان ڕوو لە هەڵکشانە؟**

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەلێنی نێوان حکومەت و گەل زیاتر دەبێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەودای نێوان حکومەت و گەل زیاتر ڕوو لە هەڵکشانە. بێ متمانەیی بە دامەزراوە گشتییەکان و حکومەت و تەنانەت بێ متمانەیی بە بەشێك لە هەڵبژێردراوەکانیش ڕوو لە زیادبوونە. لانیکەم خەڵك لەگەڵ حکومەتێکی دیاریکرا و سنووردار ڕووبەڕوو بینەوە کە خۆیان هەڵیانبژاردووە و دەتوانن کە هەست بکەن کە دەتوانن ببینن و متمانەی لێ وەربگرنەوە و پرسیاری لێ بکەن. هەر ئەو ڕادەیەش دەتوانێت کۆمەڵگە هیوادار بکات، بەڵام بە داخەوە وەها نییە و خەڵکەکە بەرەوڕووی دۆخێك بوونەتەوە کە ناتوانن دەمەتەقێ و گفتوگۆ بکەن. سروشتییە کە وەها دۆخێك، کەلێنی نێوان حکومەت و گەلی لێدەکەوێتەوە. حکومەتێکی هەڵبژێردراو هەیە، بەڵام هەمدیسان خەڵك هەر وەك سەردەمی ڕیفۆرمخوازەکان حکومەت بە جۆرێك بێ دەسەڵات دەبینن، ئەمەش بۆتە هۆی دروستکردنی جۆرێك هەستی بێ دەسەڵاتبوون. سەرمایەی کۆمەڵایەتی چەند ڕووخسارێکی جددی هەیە، وەك متمانە بە دامەزراوەکان، بە یاسا، بە حکومەت، بە سیستەم و چوارچێوە یاساییەکان و پرۆتۆکوڵ و بەڵێنەکان و لە ئەنجامدا هەستی هاودڵی و پەیوەند و بەشداریکردن. ئەگەر ئەمانە بە سەرمایەی کۆمەڵایەتی بزانین بەڕای من بە پێی بەڵگەکان لە یەك دوو ساڵی دوای ڕێککەوتنی بەرنامە ئەتۆمییەکە و ئەو کێشانەی کە بۆ دەزگای دیپلۆماسی ئێمە دروست دەبێت، خەڵکەکە نائومێد و بێ متمانە و تووڕە دەبن، یان لە ئەتۆم بێزار دەبن یان ئەوەی کە هەر کەس بە دوای کڵاوی خۆیدا ڕادەکات. هەندێك بە دوای لیرە و کڕین و فرۆشتنی دۆلار و زەوی و شتی ترن. لە دنیای سۆشیال میدیادا دەریدەبڕن و پرتە و بۆڵە دەکەن. بەشداریکردنی ڕێکوپێك و کاریگەر و سەقامگیر و یاسامەند لە کۆمەڵگە و هەروەها ڕەخنەی جدی و کاریگەر و داهێنەرانە کەم بۆتەوە. ئەو بێزارییەی کە لە دوای ناڕەزایەتییەکانی 2017 بینیمان. کەواتە وا دەردەکەوێت کە ئێمە لەناو دۆخێکی زۆر مەترسیدار داین کە نیگەرانی نیشتمانیی و مێژوویی لێدەکەوێتەوە.

ئەگەر ئاگادار نەبین و چاودێری نەکەین زۆربەی دەستکەوتە نیشتمانییەکانمان لە ناو دەچێت و زۆربەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانمان تا ماوەیەکی زۆر زیانی بەردەکەوێت. لەوە دەچێت ئەگەر دۆخەکە هەر بەمشێوەیە بەردەوام بێت گەلەکەمان

باجێکی زۆر دەدەن کە قابیلی قەرەبووکردنەوە نابێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئەگەری چاککردنەوە و زیندووکردنەوەی متمانەش لە دەست دەچێت. خەڵکانێك کە بیست و چەند ملیۆن دەنگیان هێناوە و لە سەر دەنگی خۆشیان سوورن و وەستاون و هیوا و ئاواتیان هەبووە، بەڵام کاتێك کە هیوا و متمانە نامێنێت و لەناو دەچێت و لێکدەترازێت، ئیتر دووبارە دروستکردنەوەی ئەو متمانەیە زۆر سەخت دەبێت. چونکە ئێمە دەڵێن ئومێد بە شێوەی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و بە شێوەی کۆمەڵایەتیش لەناو دەچێت. کاتێك کە متمانە لەناو دەچێت دووبارە دروستکردنەوەی پرۆسەکە، ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی دەوێت کە تێچووەکەی زۆر دەبێت.

**چ ڕێکارگەلێك بۆ گەل و حکومەت و هەموو حزب و گرووپەکان پێشنیار دەکەیت؟**

دەبێت کۆمەڵێک کار بکرێت، هەندێکی لە کورتخایەن و هەندێکی لە درێژخایەندا، بەڵام من گەرەکمە تەنها لەسەر ڕێکاری کورتخایەن گفتوگۆ بکەم و پێداگری لەسەر بکەم کە هەڵبەتە کات و زەمەنیشی هەیە و ڕەنگە ئەگەر نەجووڵێن ئەو دەرفەتەشمان لە کیس بچێت. کۆمەڵگەی ئێران پێویستی بە کات و زەمەن هەیە. کۆمەڵگەی ئێران لەژێر پێستی خۆیدا هەندێك گۆڕاوە و دەیەوێت پێستەکەی فڕێ بدات و ئەمەش پێویستی بە کات و زەمەن هەیە. گۆڕانکاری لە ڕێژەی خوێندەواری، ئاگاهی و زانیاری، پەیوەندی، زانکۆ، خوێندکاران، گەشەی ئاماری خوێندنی باڵا، کۆمەڵگەی زانکۆ، گەشەی کارە زانستییەکان، تۆڕی کۆمەڵایەتی و گەنجان، بەشداریکردنی زیاتر ژنان، گۆڕانکاری لە دامەزراوە مەدەنی و پیشەیی و کەرتی تایبەتەکان، هەموو ئەوانە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە ئێران کردووە و دەبێت بە هەند و گرنگ وەربگیردرێن. کەواتە تەنها شتێك کە کۆمەڵگەی ئێران پێویستی پێیبوو کە قەڵەمبازێکی باش بدات کات و زەمەن بوو. بەداخەوە هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی دەستیان بە دەستی یەکتردا دا، بۆ ئەوەی ئەو کات و زەمەنە لە دەستی گەلی ئێران دەربهێنن و ئەمەش زۆر جێی حەسرەت و خەفەتبارییە. ئەو ڕێکار و چارەسەرەی کە پێشنیاری دەکەم ڕەنگە دوایین ئومێدی کۆمەڵایەتی ئێران بێت.

**ئەو ڕێکار و ڕێگەچارەیە چییە؟**

ڕێگەچارەکان دوو لایەنن، هەنگاوی نیشتمانی لە لایەن کۆمەڵگەی مەدەنی و هەنگاوی نیشتمانی لەلایەن حکومەتەوە دەنرێن. لەلای کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ئەوەیە کە کەسانی ژیر و چالاک پێشڕەو بن و کەسانی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی مەدەنی و زانکۆ و ڕەخنەگران و چالاکانی کۆمەڵایەتی و چالاکانی پیشەیی و کولتووری و بیرمەندان بێنە پێشەوە و یەك هاوپەیمانی بۆ ئێران

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەدەر لە هەموو جۆرە کێشە و بۆچوونە ئایدیۆلۆژییەکان دروست بکەن کە بنەماکەی یەکپارچەیی خاکی ئێران بێت. ئێمە گەرەکمانە لەم هەلومەرجەدا یەکپارچەیی خاکی ئێران بپارێزین و هاوکات مافی دەسەڵاتی نیشتمانیی و مافەکانی گەل و کولتوور و فەرهەنگ و میراتی ئێران چ ئایینی و چ نیشتمانیی بپارێزین. هیچ جیاوازییەك لە من و تۆ دا نییە. لەوانەیە یەکێك نیشتمانیی بێت و یەکێکی دیکە مەزهەبی، هەر دوو پابەندین بە یەك میراتی ئێرانی. خاڵی هاوبەشی ئێمە ئەوەیە کە ئێران و یەکپارچەیی خاکی ئێران پارێزاو بێت و ئێران وێران و خاپوور نەبێت و ئێران نەبێتە شوێنی تەراتێنی هێزە دەرەکییەکان. مافی لەبیرکراوەی گەل دووبارە زیندوو بکرێتەوە و لێرەدا پێموایە ڕۆڵی زانکۆکان زۆر کاریگەر و گرنگە، زانکۆ و خوێندکاران دەتوانن هەم لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆك و هەم لە بەرهەمهێنان و دروستکردنی پەیوەندی و متمانە کاریگەریان هەبێت. بەڵام هاوکات یەك هەنگاویش لەلای حکومەتەوە زۆر گرنگ و پێویستە (حکومەت مەبەستم تەواوی دەسەڵاتی) ئەویش ئەوەیە کە کەسێك لەوان هەنگاو بنێت و کەسانی ژیری سیستەم بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم باڵ و ئەو باڵ کە ژیر و واقیع بینن و حسابی هەموو شت دەکەن کۆ ببنەوە. کەسانێك کە بە فیکری بەرژەوەندی و دەسەڵات و گرووپ و باڵی خۆیان نین و تەنها لە بیری ئێران و گەل و میراتی کولتووری ئێرانن، داوا لە کەسانی خانەنشین و دوورخراوەکان بکەن کە هەموویان بێن بە یەك دەنگ و یەك دەنگ لە ئێرانەوە بەرگوێ بکەوێت. یەکگرتوویی و هاوئاهەنگێك دروست ببێت لەسەر بنەمای مافی گەل و دەسەڵاتداریێتی گەل و یەکپارچەیی و سەروەریی خاك و بنەمای دەستوور و بنەمای مافەکانی گەل و دەسەڵاتداریێتی یاسا بێت. ئێستا ئێمە لە جیهاندا لەگەڵ لایەنێك بەرەوڕوو بووینەتەوە کە لە سێ گۆشەی واشنتۆن و ئیسرائیل و ڕیاز دروست بووە کە بە نیازن ئێران لەناو ببەن، ئەوان بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان هەڵسووکەوت ناکەن و بە پێچەوانەی عورفی جیهانی هەنگاو دەنێن. کەواتە چۆنە ئێمە نامانەوێت کە لە ئێرانەوە دەنگێکی مەدەنی بەهێز ببیسترێت؟ ئێمە پێویستیمان بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ژیرانە هەیە نەك هەستیار و ئێحساسی. ئێمە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی گوڕوتین دەڕۆین لە کاتێکدا لە پاڵ ئێحساسات و سۆز و گوڕوتینی نیشتمانی، پێویستیمان بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و یاسامەند و حکومەتێکی عەقڵانی و ژیرانە هەیە. واتە ئەوەی کە حکومەت عەقڵی بێتەوە بە بەریدا، هەروەها عەقڵانییەت لەناو کۆمەڵگەدا جێگیر بکرێت. لەوەها حاڵەتێکدا دەتوانین لە نیوەی زەرەر بگەڕێنەوە. بەپێچەوانەوە لەوەها حاڵەتێکدا چالاکوانانی سنووری چالاکترین

توخم دەبن و لەوەها گۆڕەپانێکدایە کە ئیمکانی چالاکی و کاریگەر بوونیان زیاتر دەبێت.

**ئایا ئەمە لە ئاییندەدا تا چ ڕادەیەك لەوانەیە ڕوو بدات؟**

ئەوە پێویستی بە شارەزایەکی ترە کە شی بکرێتەوە، بە کورتی چوار سیناریۆ لەبەردەم ئێراندا دەکرێت وێنا بکرێت کە من بە کورتی باسی دەکەم. سیناریۆی هەرە باش ئەوەیە کە دەسەڵات عەقڵانی تر و ژیرانەتر هەڵسووکەوت بکات و هەم کۆمەڵگەی مەدەنیش ژیرانە هەنگاو بنێت. ئەم دووانە پێکەوە هەڵکردنێکی داهێنەرانەیان هەبێت کە من ناوی دەنێم سیناریۆی لابردنی زیانی گەورە. ئێران لەناو ڕای گشتی جیهاندا ڕاستی و ڕەوایی پەیدا دەکات و ڕای گشتی جیهان ترەمپ لەوە زیاتر بە تەنها جێدەهێڵێت. لەناوخۆشدا یەککگرتوویی نێوان حکومەت و گەل لە پێناو چاکسازی بنەڕەتی و پێکهاتەیی و ئاکاری دروست دەکات. مافی دەسەڵاتدارێتی نیشتمانی و مافی گەل چاکتر دەبێتەوە و دەتوانین بەهرە لە پێشکەوتن و برەوسەندنی ئێران وەربگرین و تەنانەت قەڵەمبازێکی مێژوویی بدەن و ئەمە زێڕپێترین سیناریۆ بۆ ئێرانە.

سیناریۆی دووەم، ئەمەیە کە کۆمەڵگە چالاك بێت و ژیرانە هەنگاو بنێت، بەڵام حکومەت سەرپێچی و سەربزێوی بکات و ڕێگای ژیرانە نەگرێتەبەر. ئەم سیناریۆیە سەرکوتکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لێدەکەوێتەوە و تێچووەکەشی زۆر دەبێت. هەرچەند بۆ گەل و کۆمەڵگەی مەدەنی ئێران دەتوانێت لەگەڵ هەندێك دژواری خاڵی ڕۆیشتنێکی دڵنیایانە بێت بۆ گۆڕانکاری لەناوەوە، هاوکات لەگەڵ پاراستنی سەرزەمین و شارستانییەتی ئێران.

سیناریۆی سێهەم، ئەمەیە کە حکومەت ژیرانە هەنگاو بنێت و هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت، بەڵام کۆمەڵگە نارێکوپێك و بێ ئۆقرە بێت و توندڕەوی بگرنەبەر و پێشوازی لە چاکسازی لەناوەوە نەکات. دەسەڵات هەرچەند بە درەنگیشەوە بۆ لای عەقڵانێت هەنگاو دەنێت، بەڵام بەهۆی توندڕەوییەکان و بێ ئاگایی گشتی لەناو کۆمەڵگەی سیاسی وڵات ناتوانێت سەرکەوتوو بێت. ئەم سیناریۆیە وێکچوویەکی ناپایەدارە و تێچووەکەشی زۆر دەبێت و زەرەر و زیانی نیشتمانیی لێدەکەوێتەوە.

سیناریۆی چوارەم، ئەمەیە کە نە حکومەت و نە کۆمەڵگەی مەدەنی هیچ کامیان ژیرانە هەنگاو نەنێن و ئەنجامی ئەم سیناریۆیشە کەلێنی نێوان گەل و حکومەت و گرژی و دوورکەوتنەوەی نیشتمانیی و لەناوچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە و ئەمەش زیانێکی زۆر گەورە و مێژوویی دەبێت.

سەرچاوە/ کتاب مسئله ایران

گفتوگۆی سەمانە مەعارف لەگەڵ مەقسوود فەراستخا

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ڕاپۆرتی ڕاپرسی سەبارەت بە «تێڕوانینی ئێرانییەکان بۆ ئایین»

وەرگێڕان: کەیوان قادری



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




## بەرایی

ئەم ڕاپۆرتە لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای ڕاپرسییەك لەمەڕ ڕوانینی ئێرانییەکان سەبارەت بە ئایین ئەنجام دراوە. گرووپی توێژینەوەی بیرپێوەری ئێرانییەکان (گەمان کە ڕێکخراوێکی لێکۆڵینەوەی ناحکومی، سەربەخۆ و تۆمارکراو لە وڵاتی هۆڵەندایە (Gamaan.org لە ڕێگەی عەمار مەلیکی، پرۆفیسۆری یاریدەدەری زانستی سیاسی، زانکۆی تیلبێرگی هۆڵەندا و پوویان تەمیمی عەرەب، پرۆفیسۆری یاریدەدەری مرۆڤناسی ئایین، زانکۆی ئۆترێختی هۆڵەندا لە گەلاوێژی 2020 ڕاپرسییەکەی ئەنجامداوە و لە شێوەی توێژینەوەدا بڵاوی کردووەتەوە. ڕاپۆرتەکە هەموو ڕەهەندەکانی ئایین و خواپەرستی لە نوێژکردن، تێگەیشتنیان بۆ چەمکە ئایینییەکان، پێگەی خودا و ئایین لە ژینگەی خێزانی، دیدگای کۆمەڵگە سەبارەت بە پەیوەندی حکومەت و ئایین، هەروەها ڕوانینی خەڵك بۆ بانگەشەی ئایینی، ڕوانینیان سەبارەت بە باڵاپۆشی و خواردنەوە سەرخۆشکەرەکان بەوردی دەخاتەڕوو.

## پوختەی ئەنجامی ڕاپرسی «تێڕوانینی ئێرانییەکان بۆ ئایین»

• ڕاپرسی «تێڕوانینی ئێرانییەکان بۆ ئایین» لە بەرواری ١٧ی جۆزەردان هەتا یەکی پوشپەڕی ٢٠٢٠ بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ، ئەنجامدراوە. لەم ڕاپرسییەدا زیاتر لە ٥٠ هەزار وەڵامدەر بەشداربوون و نزیکەی ٩٠٪ی بەشداربووان دانیشتووی ئێران بوون. ئەنجامەکانی ئەم ڕاپۆرتە، تێڕوانینی کەسانی سەروو ١٩ ساڵی دانیشتووی ئێران (٨٥٪ی گەورەساڵان لە ئێران) دیاری دەکات و بە ئاستی دڵنیایی ٩٥٪ و پەراوێزی هەڵەی ٥٪، دەتوانرێ بۆ تەواوی کۆمەڵگە گشتگیر بکرێت. ئەم ڕاپرسییە هەوڵدەدات هەتا تێڕوانینی ئێرانییەکان بۆ ئایین و بابەتە پەیوەندیدارەکان، کەوا لە دۆخی ئێستادا بە هۆی بەربەستەکانەوە ناتوانرێ بە شێوەیەکی ئاشکرا پرسیار بکرێت، بە ڕێگایەکی میتۆدی، هەڵسەنگێنێت و تۆماری بکات.

• بە پێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە. ٧٨٪ ئێرانییەکان باوەڕیان بە خوا هەیە. هەروەها ٣٧٪ بە چەمکی ژیان لە داوی مردن، ٣٠٪ بە بەهەشت و دۆزەخ، ٢٦٪ بە جنۆکە و ٢٦٪ بە دەرکەوتنی ڕزگارکەر، باوەڕیان هەیە. نزیکەی ٢٠٪ لە کۆمەڵگە باوەڕیان بە هیچ یەک لەم خاڵانە نییە.

• ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە دەریدەخات لە کاتێکدا ٣٢٪ی کۆمەڵگە خۆی وەک مسوڵمانی شیعە بەناو دەکات، ٩٪ خۆیان بێ باوەڕ (ئاتیئیست)، ٨٪ مەعنەویەتخواز، ٧.٥٪ زەردەشتی، ٧٪ نەزانخواز، ٤.٥٪ خۆیان بە مسوڵمانی سوننە دادەنێن. هەروەها ویستی عیرفانخوازی، مرۆڤخوازی (هیومانیست)، کریستیانی و بەهایی لای ئاڕاستەکانی تر لە کۆمەڵگەی ئێران، بوونیان هەیە. نزیکەی ٢٢٪ لە کۆمەڵگەش خۆی نزیک هیچ یەکە لەم ئاڕاستانە نازانێت.

• نزیکەی نیوەی کۆمەڵگە ڕایان وایە کە لە دینداریەوە گەیشتوون بە بێدینی. لە لایەکی ترەوە بیروڕوای ٤١٪ی خەڵکی کۆمەڵگە سەبارەت بە دین یان بێدینی لە درێژایی ژیانیاندا گۆڕانکاریەکی وەهای بەسەردا نەهاتووە. هەروەها ویست و حەزی نزیکەی ٦٪ی کۆمەڵگە لە ئاڕاستەیەکی دینییەوە بەرەو ئاڕاستەیەکی دینی دیکە گۆڕدراوە.

• بە پێی ئەنجامەکانی ڕاپرسی، نزیکەی ٦٠٪ی کۆمەڵگە ڕایانگەیاندووە کە نوێژ ناخوێنن. لەبەرامبەردا نزیکەی ٤٠٪ی کۆمەڵگە وتوویانە کە بەردەوام نوێژ دەخوێنن و لەم ڕێژەیە، زیاتر لە ٢٧٪ کۆمەڵگە وتوویانە پێنج جار لە ڕۆژدا نوێژ دەخوێنن.

• ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە نیشان دەدات کە نزیکەی ٦١٪ی خەڵکی کۆمەڵگە لە بنەماڵەی «دیندار و ئایینی» و ٣٢٪ کۆمەڵگە لە بنەماڵەی «باوەڕدار، بەڵام بێ دین» گەورە بوون. کەمتر لە ٣٪ی کۆمەڵگە لە بنەماڵەی «بێ باوەڕ بە خوا» یان «دژە ئایین» گەورە بوون.

• بە پێی ئەنجامی ئەم ڕاپرسییە، ٦٨٪ی کۆمەڵگە لەو بڕوایەدان کە حکومە ئایینییەکان نابێ ببنە پێوەری یاسادانان تەنانەت ئەگەر دینداران زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانیان بەدەستەوە بێت. لە بەرامبەردا نزیکەی ١٥٪ی کۆمەڵگە لەو بڕوایەدان کە یاساکان دەبێت لەهەر مەرجێکدا بەپێی حکومە دینییەکان بێت.

• بە پێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە ٧١٪ی کۆمەڵگە لەو بڕوایەدان کە دامەزراوە ئایینییەکان دەبێ خۆیان تێچووەکانیان دابین بکەن. لە لایەکیترەوە ١٠٪ لەو بڕوایەدان کە دامەزراوە دینییەکانی هەموو ئایینەکان دەبێت یارمەتی حکومی وەربگرن و ٣،٥٪ی کۆمەڵگە بڕوایان وایە کە تەنیا دامەزراوە ئیسلامییەکان دەبێت لە یارمەتی حکومی سوود وەربگرن.

• سەبارەت بە پڕۆپاگەندەی دینی، ٤١٪ی کۆمەڵگە لەو بڕوایەدان کە هەموو دینەکان دەبێ بتوانن دینەکەیان بۆ ڕای گشتی پێناسە بکەن لە کاتێکدا نزیکەی ٥٪ی کۆمەڵگە، ئەم مافە تەنیا بۆ مسوڵمانان دەبینن. لە بەرامبەردا، ٤٢٪ی کۆمەڵگە پێیان باشە کە ناساندن و پڕوپاگەندەی هەموو ئایینەکان لە گۆڕەپانی گشتیدا ڕێگەپێنەدراو بێت.

• بە پێی ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە، ٥٧٪ی کۆمەڵگە لەگەڵ پەروەردەی منداڵان بۆ فێرکاری و ئەرکی ئایینی لەناو مەکتەبەکاندا دژایەتی دەکەن. هەر چۆنێک بێ، نزیکەی ٥٤٪ هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە منداڵەکانیان لە مەکتەبەکاندا، باوەڕە ئایینییە جیاوازەکان بناسن.

• ئەنجامەکانی ڕاپرسی نیشانی دەدات زیاتر لە ٧٣٪ی کۆمەڵگە دژی حیجابی ئیجبارین. لە بەرامبەردا، نزیکەی ١٢٪ی کۆمەڵگە جەخت لەسەر پابەندبوون بە حیجاب (پۆشاندنی قژ) لە شوێنە گشتیەکان دەکەن. لە لایەکی دیکەوە ٥٨٪ی کۆمەڵگە لە ئەساسدا باوەڕیان بە حیجاب نییە.

• نزیکەی ٣٧٪ی ئێرانییەکان، وێڕای بەربەستەکان، بە بەردەوامی یان جاربەجار خواردنەوە کحولییەکان دەخۆنەوە. لە لایەکی دیکەوە ٥٥٪ی کۆمەڵگە وتوویانە کە خواردنەوە کحولییەکان ناخۆنەوە. نزیکەی ٨٪ی کۆمەڵگەش بە بۆنەی نەبوونی دەرفەتی کڕین (بەردەست نەبوون یان تێچوو) خواردنەوە کحولییەکان بەکار ناهێنن.

**بەشی یەکەم: شێوازی نموونەگرتن و تایبەتمەندییە ئامارییەکانی نموونە**

**١-١ تایبەتمەندییەکانی ڕاپرسی و نموونەی ئاماری نەپوختە**

• ڕاپرسی «تێڕوانینی ئێرانییەکان بۆ ئایین» لە لایەن «گرووپی توێژینەوەی بیرپێوەری ئێرانییەکان (گەمان)» لە بەرواری ١٧ی جۆزەردان هەتا یەکی پوشپەڕی ٢٠٢٠ بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ، ئەنجامدراوە. ئەم ڕاپرسییە بە شێوەی ئۆنلاین و بە کەڵک وەرگرتن لە پلاتفۆرمێکی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پارێزراو و تایبەت ئەنجامدراوە.

• ڕاپرسییەکە بە ڕێگای نموونەگرتنی تۆپەڵەبەفر (virtual snowball sam-pling) بە شێوازی دروستکردنی چەندین زنجیرەی جیاوازی نموونەگرتن (multiple chain referral sampling)، بە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی (تێلگرام، واتس ئەپ، توویتەر و فەیسبووک) ئەنجامدراوە و زیاتر لە ٥٠ هەزار بەشداربوو لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات لەم ڕاپرسییەدا بەشداربوون (زانیاری زیاتر لە هاوپێچدایە).

• بەپێی ئاماری فەرمی حکومەت لە جۆزەردانی ٢٠٢٠، لە ئێران زیاتر لە ٧٨ میلیۆن بەکارهێنەری ئینتەرنێت بوونیان هەیە (واتا ٩٤٪ی دانیشتووان) کە نزیکەی ٦٩ میلیۆن لە ڕێگای مۆبایلەوە ئینتەرنێت بەکار دەهێنن. لە لایەکی دیکەوە ڕاپرسی ناوەندی بیرپێوەری خوێندکارانی ئێران (ئیسپا) لە ڕەشەمێی ٢٠١٩ نیشان دەدات کە نزیکەی ٧٠٪ی خەڵکی ئێران لانیکەم یەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنن. ئەم دەرفەتانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بتوانرێت لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە لەگەڵ بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێران پەیوەندی دروست بکرێت و بیروڕای ئەوان بزانرێت.

• لەم ڕاپرسییەدا، ١١ پرسیاری سەرەکی و ٨ پرسیار سەبارەت بە زانیاری گشتی و کۆمەڵناسی وەڵامدەرەکان (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، پارێزگای شوێنی ژیان، ناوچەی شار یان گوند، ڕەوشی ئیش، داهات و هەڵسوکەوتی هەڵبژاردن) پرس کراوە.

• چونکە وەڵامدەرەوەکان بە شێوازی نەناسراو و بەبێ تۆمارکردنی زانیاری کەسێتییەکانیان لە ڕاپرسییەکەدا بەشداربوون، تەخمین دەکرێ کە بۆ ڕادەربڕینی ڕاستەقینەی خۆیان زیاتر هەستیان بە پارێزراوی کردووە و بە ئاسوودەیی بەشداربوون.

• نزیکەی ٩٠٪ی بەشداربووان وتوویانە کە لە ناوخۆی ئێراندا دەژین. ڕێبازەکانی پشتڕاستکردنەوە نیشان دەدەن کە نزیکەی ١٪ی بەشداربووان ڕەنگە شوێنی ژیانی خۆیان (ناوخۆ یان دەرەوەی وڵات) بە مەبەست یان بە بێ مەبەست، هەڵە نووسیبێت.

• ئێرانییەکانی ناوخۆی وڵات لە هەموو ٣١ پارێزگا و شار و گوندەکان لەم ڕاپرسییەدا بەشداربوون. زانیاری نموونەکان لە بەشی هاوپێچدا ڕاپۆرت کراوە.

## ١-٢ قۆناغەکانی پاڵاوتن و ئامادەکردنی نموونەی کۆتایی

• لەم ڕاپرسییەدا پرسیارێک بۆ ناسینی وەڵامە بەڕێکەوت یان ئەو وەڵامانەی وا بە ڕێگەی ڕۆبۆتەوەن، دابین کراوە. وەڵامە هەڵەکان بەم پرسیارە، هەروەها خاڵە ناکۆکەکان (وەکو ئەو کەسانەی وتوویانە لە ساڵی ٢٠١٧ هێشتا تەمەنیان نەگەیشتووە بە تەمەنی بەشداربوون

لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام تەمەنی خۆیان زیاتر لە ٣٠ ساڵ دیار کردووە، یان ئەو کەسانەی لە پرسیارێکدا خۆیان بە دانیشتووی ئێران و لە پرسێکی دیکەدا خۆیان دانیشتووی دەرەوەی وڵات پێناسە کردووە) لە ئامارەکاندا سڕاونەتەوە.

• بە لەبەرچاوگرتنی گرووپە تمەنییە ستانداردەکانی ناو زانیارییەکانی سەرژمێری ساڵی ٢٠١٦، نموونەی کۆتایی کە لەم شیکارییەدا بەکارهێنراوە تەنیا وەڵامدەرانی سەروو ١٩ ساڵی دانیشتووی ئێران لەخۆ دەگرێت.

• دوای ئەنجامدانی پاڵاوتنەکان، قەبارەی نموونەی ئاماری کۆتایی لە ناوخۆی ئێراندا ٣٠،٩٨١ وەڵامدەر بووە. هەموو دەرئەنجامەکانی ئەم ڕاپۆرتە لەسەر بنەمای نموونەئاماری کۆتایی دەرهێنراون.

• ئامانجی کۆمەڵەی ئاماری ئەم ڕاپرسییە، کەسانی سەروو ١٩ ساڵ و خوێندەواری دانیشتووی ئێرانن (کەسانێک وا توانیویانە ئینتەرنێت بەکار بهێنن و پرسیارەکانی ڕاپرسییەکە بخوێننەوە). بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠١٦، هەژماری خەڵکانی خوێندەواری سەروو ١٩ ساڵ لە ئێران نزیکەی ٤٧ میلیۆن کەس بەرورد کراوە. ئەم ڕەقەمە نزیکەی ٨٥٪ی دانیشتووانی گەورەساڵی ئێرانە.

• لەم ڕاپۆرتەدا لە هەر شوێنێکدا دەستەواژەی «نموونەی ئاماری» بەکار دەهێنرێت، مەبەست نموونەی پاڵاوتراو و نە «نموونەی خاوی سەرەتایی» ڕاپرسییەکە. هەروەها، لە هەر شوێنێکدا لە دەستەواژەی «کۆمەڵگە» کەڵک






hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

وەرگیراوە مەبەست «کۆمەڵگەی ئامارییە» (یاخود هەمان کۆمەڵەی ئاماریی) ئامانجە نەک گشت دانیشتووانی کۆمەڵگەی ئێران.

نموونەی ئاماری ڕاپرسییە ئۆنلاینەکان زۆربەی جار لەگەڵ زانیاری کۆمەڵەی ئاماری ئامانج تەواو یەک ناگرنەوە، لە ئەنجامدا بۆ ئەوەی نموونەیەکی ئاماری پێناسەکەر (representative sample) هەبێت، لە شێوازی کێشکردنەوە (weighting) کەڵک وەرگیراوە هەتاکو بتوانرێت نموونە ئامارییەکە هاوسەنگ بکرێت و لەگەڵ زانیاری سەرەکی کۆمەڵەی ئامانج یەکسان بکرێت. هەروەها ئەنجامەکان بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی هەڵبژاردنی نموونەی هەڕەمەکی لە کۆی نموونە ئامارییەکان (matching)، پشتڕاستکرایەوە. لە بەشی هاوپێچدا، شێوازەکانی هاوسەنگکردنی نموونەی ئاماری، شێوازی کێشکردن، زانیاری کۆمەڵناسی نموونە ئاماری و زانیاری کۆمەڵەی ئامانج باسی لەسەر کراوە.

**بەشی دووەم:**

**دەرئەنجامە سەرەکییەکانی ڕاپرسی**

لەم ڕاپۆرتەدا هەموو ئەنجامەکان و خشتەکان لەسەر بنەمای «نموونەی ئاماری کێشکراو» لە ناوخۆی وڵات حیساب کراوە. دەرئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە دەتوانرێت بە ئاستی دڵنیایی ٩٥٪ و پەراوێزی هەڵەی ٥٪، بۆ دانیشتووانی خوێندەواری تەمەن سەروو ١٩ ساڵ (واتە نزیکەی ٨٥٪ی دانیشتووانی گەورە ساڵ) گشتگیر بکرێت.

**١-٢ ئاستی باوەڕی ئێرانییەکان بە چەمکە ئایینییەکان**

لەم ڕاپرسییەدا وەڵامدەران سەبارەت بە باوەڕی ئەوان بە «خوا»، «بەهەشت و دۆزەخ»، «دین و مەزهەب»، «هاتنی ڕزگارکەری مرۆڤایەتی»، «ژیان دوای مەرگ»، «جنۆکە» پرسیار کراوە.

ئەنجامەکانی ڕاپرسی نیشان دەدەن کە ٧٨٪ی ئێرانییەکان بە خوا، ٣٧٪ بە ژیانی دوای مەرگ، ٣٠٪ بە بەهەشت و دۆزەخ، ٢٨٪ بە دین و مەزهەب، ٢٦٪ بە جن و ٢٦٪ بە هاتنی ڕزگارکەری مرۆڤایەتی باوەڕیان هەیە و نزیکەی ٢٠٪ی کۆمەڵگەش بڕوایان بە هیچ یەک لەم خاڵانە نییە.

**٢-٢ هەمەچەشنی مەیلی ئایینی ئێرانییەکان**

لە پرسیارێکی دیکەدا لە وەڵامدەران سەبارەت بە نموونەکانی بیروبڕوا کەسێتییەکانی ئەوان پرسیار کرا.

دایاگرامی ٢ نیشان دەدات لە کاتێکدا کە نزیکەی یەک لەسەر سێی کۆمەڵگە خۆیان وەک «مسوڵمانی شیعە» پێناسە دەکەن، بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگە خۆیان بێ باوەڕ، زەردەشتی، مەعنەویەتخواز، نەزانخواز، مسوڵمانی سوننە، عیرفانخواز، مرۆڤخواز، کریستیانی، بەهایی و ... پێناسە دەکەن. هەروەها نزیکەی ٢٢٪ی کۆمەڵگە خۆیان سەر بە هیچ یەک لەم ڕەوتانە نازانن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## ٢-٣ ڕەوتی گۆڕانکاری دینداری لە کۆمەڵگەی ئێراندا

لەم ڕاپرسییەدا لە وەڵامدەران پرسیار کرا کە باوەڕی ئایینی ئەوان بە درێژایی ژیانیان چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە. هەروەکو دایاگرامی ٣ نیشان دەدات، ٤٧٪ ڕایانگەیاند لە باوەڕمەندییەوە بە بێ باوەڕی گەیشتوون.

٤١٪ی کۆمەڵگەش وتوویانە کە بڕوایان سەبارەت بە دین یان بێ دینی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی نەبووە. هەروەها نزیکەی ٦٪ ڕایانگەیاندووە کە لە بێ باوەڕییەوە گەیشتوون بە باوەڕمەندی و بە هەمان ڕێژەش لە مەیلێکی ئایینی بۆ مەیلێکی ئایینی دیکە گۆڕاون.

ئەنجامەکان نیشان دەدەن کە مەیلی گۆڕین «لە دینداری بۆ بێ دینی» لەناو گەنجان، کەسانێکی کە خوێندنی زانکۆیان بووە و دانیشتووانی شارەکان زیاتر بووە. هەروەها دەبینرێت کە مەیل بە گۆڕینی باوەڕە ئایینییەکان لە نێوان پیاوان زیاتر لە ژنان تۆمار کراوە.

ئەنجامەکانی ڕاپرسی نیشان دەدات کە زۆرینەی ئاتێئیستەکان (بێدین) و نەزانخوازەکان لە دینداری گەیشتوون بە بێ دینی. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەشێکی بەرچاوی باوەڕمەندانی کریستیانی، عیرفانی حەڵقە، عیرفانخوازەکان و بودایيەکان لە مەیلێکی دیکەی دینی ڕوویان لەم بڕوا ئایینییانە کردووە.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

### ٢-٤ مەیلی عیبادەتی تاکەکەسی

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە «چەند جار نوێژ ئەخوێنن؟»، نزیکەی ٦٠٪ی کۆمەڵگە وتوویانە کە نوێژ ناخوێنن. لەبەرامبەردا نزیکەی ٤٠٪ی کۆمەڵگە ڕایانگەیاندووە کە بەردەوام نوێژ دەخوێنن و لەم برِە خەڵکە، زیاتر لە ٢٧٪ی کۆمەڵگە وتوویانە پێج جار لە ڕۆژدا نوێژ دەخوێنن.

### ٢-٥ پێگەی خوا و ئایین لە کەشی بنەماڵەیی ئێرانییەکاندا

بە پێی ئەنجامی ڕاپرسی نزیکەی ٦١٪ی کەسەکان وتوویانە لە بنەماڵەی «باوەڕمەند بە خوا و ئایینی» گەورە بوون. ئەمە لە کاتێکدایە کە ٣٢٪ی ڕایانگەیاندووە لە بنەماڵەی «باوەڕمەند بە خوا و نائایینی» گەورە بوون و کەمتر لە ٣٪یش ڕایانگەیاندووە لە بنەماڵەی «بێ باوەڕ بە خوا» یان «دژە ئایین» گەورە بوون.



## ٦-٢ ڕوانگەی کۆمەڵگە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دین و حکومەت

هەر وەکو لە دایاگرامی ٦دا هاتووە، ٦٨٪ی کۆمەڵگە لەسەر ئەو بڕوایەدابوون کە حکومە ئایینییەکان نابێ ببنە پێوانەی یاسادانان تەنانەت ئەگەر دیندارەکان زۆرینەی پەرلەمانیشیان بەدەست بێت.

لە بەرامبەردا ١٤٪ی کۆمەڵگە بڕوایان هەیە کە یاساکان دەبێت لە هەر حاڵێکدا لەسەر بنەمای حکومە ئایینییەکان بن. هەروەها نزیکەی ٤٪ی کۆمەڵگە زیاتر مەیلیان بەرەو ئەم بیروڕایەوەیە کە ئەگەر دیندارەکان لە هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانەدا زۆرینەی پەرلەمان بەدەست بهێنن، مافی ئەوەیان هەیە کە یاساکان بە پێی حکومە ئایینییەکان دابنێن.

١٣٪یش وتوویانە کە بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە زانیاری تەواویان نییە.



لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا سەبارەت بە پەیوەندی دین و حکومەت (دایاگرامی ٧)، ٧١٪ لەو باوەڕەدابوون کە دامەزراوە ئاینییەکان پێویستە خۆیان تێچووەکانیان دابین بکەن.

لە لایەکی دیکەوە ١٠٪ بڕوایان هەبووە کە دامەزراوە دینییەکانی هەموو ئاینەکان پێویستە بتوانن یارمەتی لە حکومەت وەربگرن و ٣٪یش ڕایان وابوو کە تەنیا دامەزراوە ئیسلامییەکان دەبێت بتوانن لە یارمەتی حکومەتی سوود وەربگرن.

## ٢-٧ ڕوانگەی ئێرانییەکان سەبارەت بە پڕوپاگەندەی ئاینی لە ڕای گشتیدا

سەبارەت بە پڕوپاگەندەی ئاینی ٤١٪ی کۆمەڵگە باوەڕیان وایە کە هەموو دینەکان پێویستە بتوانن پڕۆپاگەندەی ئاینی خۆیان بۆ ڕای گشتی بکەن، لە کاتێکدا نزیکەی ٤٪ی کۆمەڵگە ئەم مافە تەنیا بۆ مسوڵمانان ڕەوا دەبینن.

لە بەرامبەردا، نزیکەی ٤٣٪ بە باشی دەزانن کە پڕۆپاگەندەی هەموو ئاینەکان بۆ ڕای گشتی ڕێگەپێنەدراو بێت.






ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەروەها ٥٦٪ی کۆمەڵگە ڕایانگەیاندووە لەگەڵ پەروەردەی منداڵان بۆ فێرکاری و ئەرکی ئایینی لەناو مەکتەبەکاندا دژایەتی دەکەن. هەروەها، نزیکەی ٥٤٪ هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە منداڵەکانیان لە مەکتەبدا بیروبڕوا ئایینییە جیاوازەکان بناسن.

**٨-٢ ڕوانگەی ئێرانییەکان سەبارەت بە حیجاب**

ئەم ڕاپرسییە نیشان دەدات کە زیاتر لە ٧٢٪ی کۆمەڵگە دژی ئیجباری بوونی باڵاپۆشی (داپۆشانی قژی سەر) لە شوێنە گشتیەکانن، لە کاتێکدا نزیکەی ١٢٪ی کۆمەڵگە لەسەر بوونی حیجابی ئیجباری جەخت دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە ٥٧٪ی کۆمەڵگە لە ئەساسدا بڕوایان بە حیجاب نییە. هەروەها ئەنجامەکانی ڕاپرسی نیشان دەدات کە تەنیا نیوەی ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە حیجاب هەیە جەخت لەسەر ئیجباری بوونەکەی دەکەن (دایاگرامی ١١).



## ٢-٩ بەکارهێنانی خواردنەوە کحولییەکان لە کۆمەڵگەی ئێراندا

لە وەڵامی پرسیار سەبارەت بە بەکارهێنانی خواردنەوە کحولییەکان لە ئێراندا، ٥٦٪ی وەڵامدەران وتوویانە کە خواردنەوە کحولییەکان ناخۆنەوە. لە بەرامبەردا زیاتر لە یەک لەسەر سێی کۆمەڵگە وتوویانە کە بەردەوام یان جاروبار خواردنەوە کحولییەکان دەخۆنەوە. نزیکەی ٩٪ی کۆمەڵگەش بە هۆی نەبوونی دەرفەتی کڕین (بەردەست نەبوون یان تێچوو) بەکارهێنەری خواردنەوە کحولییەکان نین. هەروەها ئەنجامەکان نیشان دەدەن کە بەکارهێنانی خواردنەوە کحولییەکان لە نێوان گەنجان و پیاوان زیاترە.

## هاوپێچ: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە

### میتۆدی نموونەگرتن

ئەم ڕاپرسییە بە کەڵک وەرگرتن لە میتۆدە داهێنەرانەکان هەوڵی داوە ئەو ڕوانگە و بیروڕایانەی وا بە ڕێبازە بیرپێوەریە ئاسایییەکان




hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە




لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا ناتوانرێت بە شێوەیەکی ئاشکرا پرسیار و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، بە ڕێگایەکی خاوەن میتۆد، بپێوێ و تۆماری بکات. هەر چۆنێک بێت، ئەم ڕاپرسی و شیکاریە ئاماریە پەیوەستەکانیش هەروەکو نموونە لەیەکچووەکانی لەگەڵ ئاستەنگیەکانی پەیوەست بە نموونەگرتنی ئۆنلاین ڕووبەڕوو بووەتەوە. یەکێک لەم کێشانە ئاستەنگی کاریگەری تۆڕە (network effect)، واتا ئەگەری نزیکبوونی بیرۆکەی بەشداربووان لەگەڵ ڕێکخەرانی ڕاپرسیەکە بووە.

بۆ کەمکردنەوەی ئەم کێشەیە هەوڵدراوە هەتاکو ڕاپرسییەکە لە ڕێگەی کەسان، کۆمەڵ، کەناڵ و پەیجەکانی وا خاوەن بیرۆکەی باوەڕی، سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر بوون، هاوبەش بکرێت.

بە کەڵک وەرگرتن لە چەندین زنجیرەی جیاوازی نموونەگرتن (multiple chain re-ferral sampling)، پرسیارنامەی ئۆنلاین بە شێوازێکی خاوەن ئامانج و بە کەڵک وەرگرتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان لە نێوان کۆمەڵ و گرووپە جیاوازەکان و لە نێوان جەماوەری پەیجە بەناوبانگە گشتی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی و دڵخۆشکەرەکان بڵاوبووەتەوە. هەروەها هاوکات لەگەڵ زۆربوونی بەرچاوی نموونەکان هەوڵدرا هەتا بتوانرێت لایەنگرییەکی (bias) وا بە هۆی کاریگەری تۆڕەوە دروستبووە، تا ئاستێکی وا دەکرێت کەم بکرێتەوە.

ئەنجامی یەکێک لە پرسیارەکانی ڕاپرسییەکە نیشان دەدات کەمتر لە ١٪ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، پێشتریش لە ڕاپرسییەکانی دامەزراوەی گەمان بەشداربوون. ئەم ئەنجامە دەتوانێت نیشان بدات کە ڕێبازی نموونەگرتنی خاوەن ئامانج بۆ بڵاوکردنەوەی پرسیارنامە لە نێوان چینە جۆراوجۆرەکان، توانیویەتی ڕاپرسییەکە بگەیێنێتە گرووپە جیاوازەکانی دەرەوەی ئەو برە کەسەی وا دامەزراوەی گەمان دەناسن.







## هاوسەنگکردنی نموونەی ئاماری و ڕێبازی کێشکردن

لەم ڕاپۆڕتەدا بۆ ئەوەی نموونەی ئاماری ڕاپرسییەکە ببێتە نموونەیەکی ئاماری پێناسەکەر (representative sample) لە تێکەڵەی دوو ڕێباری کێشکردن - raking & cell-weighting – کەڵک وەرگیراوە.

بە پێی لێکۆڵینی گشتگیری دامەزراوەی توێژینەوە-بیرپێوەری پیوو (Pew Research Center) ئەم دوو ڕێبازەی کێشکردن، بە لەبەرچاوگرتنی گوڕاوە دیمۆگرافییە گونجاوەکان، لە کاریگەرترین و متمانەپێکراوترین ڕێبازەکانی هاوسەنگکردنی نموونەکانی ڕاپرسی ئۆنلاین دێنە ئەژمار.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




هەروەها بەپێی ئامۆژگاری ئەم لێکۆڵینەوەیە، بۆ کێشکردنی نموونەی ئاماری، لە گۆڕاوێک وا هەڵسوکەوتی سیاسی وەڵامدەران نیشان دەدات، کەڵک وەرگیراوە هەتاکو ئاستی بەلارێداچوونی نموونەی ئاماری کەم بێتەوە و ئەگەری گشتگیرکردنی نموونەی کۆتایی زیاتر بکرێت. هاوسەنگکردن و کێشکردنی نموونەی ئاماری بە هاوکاری کۆمپانیای هۆڵەندی Spin-naker Research و بە ئامرازی پێشکەوتووی ئەم کۆمپانیایە ئەنجام دراوە.

بۆ دروستکردنی نموونەیەکی ئاماری پێناسەکەر، نموونەی پاڵاوتراوی ڕاپرسی بۆ وەڵامدەرانی «ناوخۆی وڵات» لەسەر بنەمای دابەشکردنی ڕەگەز، تەمەنەکان، ئاستی خوێندەواری، دیمۆگرافیای پارێزگا، ناوچە شاری و گوندەکان، و هەروەها هەڵسوکەوتی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٧، کێشکردنی بۆ کراوە. بۆ دەرهێنانی کۆمەڵەی ئامانج، لە ئەنجامە فەرمییەکانی سەرژمێری ساڵی ٢٠١٦ و ئاماری هێزی کار لە بەهاری ٢٠٢٠ کەڵک وەرگیراوە.

لە دوای ئەنجامدانی حیساباتی کێشکردن بەپێی گۆڕاوە یەکگرتووەکان (interlocking variables)، ژمارەی بڕی نموونەی کاریگەر (ef-fective sample size) ١٩١١ نموونە بووە کە

بڕە نموونەیەکی زۆر گونجاو و متمانەپێکراوە بۆ پەراوێزی هەڵەی ٥٪ و ئاستی دڵنیای ٩٥٪.

**ئەنجامەکانی کێشکردنی نموونەی ئاماری**

دانیشتووانی ئامانجی ئەم ڕاپرسییە کەسانی خوێندەوار و سەروو ١٩ ساڵ (گرووپی تەمەن ٢٠ ساڵ و زیاتر) لە ئێراندان. بە پێی ئەنجامەکانی سەرژمێری گشتی ساڵی ٢٠١٦، ئەم دانیشتووانە نزیکەی ٤٧ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێرانن واتە ٨٥٪ی دانیشتووانی گەورەساڵی ئێران پێکدەهێنن.

خشتەکانی ژێرەوە دابەشکردنی گۆڕاوە کۆمەڵناسییەکان لەناو نموونەی ئاماری ڕاپرسی و دانیشتووانی ئامانج نیشان دەدەن. دەبینرێت کە تایبەتمەندی کۆمەڵناسی نموونەی کێشکراوە لەگەڵ دانیشووانی ئامانج یەکدەگرنەوە.

**خشتەی ٢: دابەشکردنی گرووپە تەمەنییەکان لە نموونەی ئاماری و دانیشتووانی ئامانج**

| ڕەگەز | نموونەی ئاماری ڕاپرسی | نموونەی کێشکراوە | ساڵ ١٩ دانیشتووانی خوێندەواری سەروو (٢٠١٦ سەرژمێری) |
|---|---|---|---|
| ژن | ٪ ٣١.٩ | ٪ ٤٧ | ٪ ٤٧ |
| پیاو | ٪ ٦٨.١ | ٪ ٥٣ | ٪ ٥٣ |

**خشتەی ١: دابەشکردنی ڕەگەزلە نموونەی ئاماری و دانیشتووانی ئامانج**

| گرووپە تەمەنییەکان | نموونەی ئاماری ڕاپرسی | نموونەی کێشکراوە | دانیشتووانی خوێندەواری ساڵ (سەرژمێری ١٩ سەروو ٢٠١٦) |
|---|---|---|---|
| ساڵ ٢٩ بۆ ٢٠ لە نێوان | ٪ ٢٨.٤ | ٪ ٣٠.٤ | ٪ ٣٠.١ |
| ساڵ ٤٠ بۆ ٣٠ لە نێوان | ٪ ٦١.٠ | ٪ ٥١.٤ | ٪ ٥١.١ |
| ساڵ یان زیاتر ٥٠ | ٪ ١٠.٦ | ٪ ١٨.٢ | ٪ ١٨.٨ |

**خشتەی ٣: دابەشکردنی ئاستی خوێندەواری لە نموونەی ئاماری و دانیشتووانی ئامانج**

| ئاستی خوێندەواری | نموونەی ئاماری ڕاپرسی | نموونەی کێشکراوە | دانیشتووانی خوێندەواری ساڵ (سەرژمێری ١٩ سەروو ٢٠١٦) |
|---|---|---|---|
| بەکالۆریۆس و ژێر بەکالۆریۆس | ٪ ١٤.٦ | ٪ ٧٢ | ٪ ٧٢.٣ |
| خوێندنی باڵا | ٪ ٨٥.٤ | ٪ ٢٨ | ٪ ٢٧.٧ |

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

**خشتەی ٤: دابەشکردنی ناوچەی جوگرافی لە نموونەی ئاماری و دانیشتووانی ئامانج**

| ناوچەی جوگرافی | نموونەی ئاماری راپرسی | نموونەی کێشکراوە | دانیشتووانی خوێندەواری سال (سەرژمێری ١٩ سەروو ٢٠١٦) |
|---|---|---|---|
| گوندی | ٪ ٣٫٥ | ٪ ٢٠٫٤ | ٪ ٢١٫٢ |
| شاری | ٪ ٩٦٫٥ | ٪ ٧٩٫٦ | ٪ ٧٨٫٨ |

**خشتەی ٥: دابەشکردنی پارێزگای شوێنی دانیشتن لە نموونەی ئاماری و دانیشتووانی ئامانج**

| شوێنی دانیشتن | نموونەی ئاماری راپرسی | نموونەی کێشکراوە | دانیشتووانی خوێندەواری سەروو ١٩ سال (سەرژمێری ٢٠١٦) |
|---|---|---|---|
| ئازەربایجانی ڕۆژهەلات | ٪ ٢٫٥ | ٪ ٤٫٨ | ٪ ٤٫٨ |
| ئازەربایجانی ڕۆژئاوا | ٪ ١٫٨ | ٪ ٣٫٦ | ٪ ٣٫٦ |
| ئەردەبیل | ٪ ٠٫٥ | ٪ ١٫٥ | ٪ ١٫٥ |
| ئیسفەهان | ٪ ٦٫١ | ٪ ٦٫٩ | ٪ ٦٫٩ |
| ئەلبورز | ٪ ٤٫٨ | ٪ ٣٫٨ | ٪ ٣٫٨ |
| ئیلام | ٪ ٠٫٤ | ٪ ٠٫٧ | ٪ ٠٫٧ |
| بوشێهر | ٪ ٠٫٩ | ٪ ١٫٥ | ٪ ١٫٥ |
| تاران | ٪ ٤٠٫٧ | ٪ ١٩٫١ | ٪ ١٩٫١ |
| چوارمەحاڵ و بەختیاری | ٪ ٠٫٥ | ٪ ١٫١ | ٪ ١٫١ |
| خوراسانی باشور | ٪ ٠٫٤ | ٪ ٠٫٩ | ٪ ٠٫٩ |
| خوراسانی ڕەزەوی | ٪ ٧٫٦ | ٪ ٧٫٨ | ٪ ٧٫٨ |
| خوراسانی باکور | ٪ ٠٫٦ | ٪ ٠٫٩ | ٪ ٠٫٩ |
| خوزستان | ٪ ٣٫٢ | ٪ ٥٫٤ | ٪ ٥٫٤ |
| زەنجان | ٪ ٠٫٨ | ٪ ١٫٣ | ٪ ١٫٣ |
| سمنان | ٪ ٠٫٧ | ٪ ١٫٠ | ٪ ١٫٠ |
| سیستان و بەلووچستان | ٪ ١٫١ | ٪ ٢٫١ | ٪ ٢٫١ |
| فارس | ٪ ٥٫٤ | ٪ ٦٫٣ | ٪ ٦٫٣ |
| قەزوین | ٪ ١٫٢ | ٪ ١٫٦ | ٪ ١٫٦ |
| قوم | ٪ ١٫٥ | ٪ ١٫٦ | ٪ ١٫٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کوردستان | ٪ ۲.۰ | ٪ ۱.۸ | ٪ ۱.۸ |
| کرمان | ٪ ۱.۵ | ٪ ۳.٦ | ٪ ۳.٦ |
| کرماشان | ٪ ۱.۷ | ٪ ۲.٤ | ٪ ۲.٤ |
| کۆهگیلویه و بویەر ئەحمەد | ٪ ۰.٤ | ٪ ۰.۸ | ٪ ۰.۸ |
| گولستان | ٪ ۱.۰ | ٪ ۲.۲ | ٪ ۲.۲ |
| گیلان | ٪ ۳.٤ | ٪ ۳.۵ | ٪ ۳.۵ |
| لۆرستان | ٪ ۱.۰ | ٪ ۲.۰ | ٪ ۲.۰ |
| مازەندەران | ٪ ۳.٦ | ٪ ٤.۵ | ٪ ٤.۵ |
| مەرکەزی | ٪ ۱.۲ | ٪ ۱.۸ | ٪ ۱.۸ |
| هۆرموزگان | ٪ ۱.۲ | ٪ ۲.۰ | ٪ ۲.۰ |
| هەمەدان | ٪ ۱.۱ | ٪ ۲.۱ | ٪ ۲.۱ |
| یەزد | ٪ ۱.۱ | ٪ ۱.٤ | ٪ ۱.٤ |

جگە لە گۆڕاوە کۆمەڵناسییەکان، هەڵسوکەوتی هەڵبژاردنی وەڵامدەران لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ساڵی ۲۰۱۷ بۆ کێشکردنی نموونەی ئاماری کەڵکی لێوەرگیراوە و حیساباتی کێشکردنی ئەم ڕاپرسییە، بە پێی گۆڕاوە یەکگرتووەکان (interlocking varia-bles) ئەنجام دراوە.

ئەگەر چی کەسانێک وا لە هەڵبژاردنی ۲۰۱۷ دەنگیان بە ئیبراهیم ڕەئیسی دابوو کەمتر لەم ڕاپرسییەدا بەشدار بوون، بەوحاڵە، بڕی نموونە ئاماری دەنگدەرانی ئیبراهیم ڕەئیسی لەم ڕاپرسییەدا بەرچاو بووە و لەم ڕووەوە بە کێشکردن و هاوسەنگکردنی نموونەی ئاماری، ئەگەری گشتگیرکردنی ئەنجامەکان بۆ دانیشتووانی ئامانج وەدیهات.

**خشتەی ٦: دابەشکردنی هەڵسوکەوتی سیاسی-هەڵبژاردن لە نموونەی ئاماری و ئەنجامە فەرمیەکانی هەڵبژاردنی ۲۰۱۷**

| دەنگی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ۲۰۱۷ | نموونەی ئاماری ۲۰۱۹ ڕاپرسی ڕێبەندانی | نموونەی کێشکراوە | ئەنجامی فەرمی هەڵبژاردنی ۲۰۱۷ سەرۆک کۆماری |
|---|---|---|---|
| حەسەن ڕۆحانی (+ هاشمی تەبا) | ٪ ٦۲.٦ | ٪ ٤٤.۵ | ٪ ٤۲.۲ |
| ئیبراهیم ڕەئیسی (+ میرسەلیم) | ٪ ٤.۰ | ٪ ۲٦.۲ | ٪ ۲۸.۸ |
| دەنگم نەداوە (+ دەنگی بەتاڵ داوە) | ٪ ۳۳.٤ | ٪ ۲۹.۳ | ٪ ۲۹.۰ |



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

### باوەڕپێوەری نموونەی کێشکراوە

یەکێک لە ڕێبازەکانی وا دەتوانرێ بە کەڵک وەرگرتن لەو، ئاستی متمانە بە نموونەی کێشکراوە و گشتگیربوونی هەڵسەنگێنرێت، ئاستی لەیەکچوونی ئەنجامەکانی نموونەی کێشکراوە لەگەڵ بەڵگە دەرەکییەکانە.

خشتەی ٧ بارودۆخی چالاکی ئابووری (ڕێژەی سەدی کەسانی دامەزراو) لە نموونەی کێشکراوەدا بە بەراوردی لەگەڵ دانیشتووانی ئامانج لەسەر دوو ئاستی شاری و گوندیدا نیشان دەدات. لە کاتێکدا وا نموونەی کێشکراوە کەسانی خوێندەواری سەروو ١٩ ساڵ لە خۆی دەگرێت، ئاماری هێزی کار، هەم کەسانی خوێندەوار و هەمیش نەخوێندەوار لەخۆی دەگرێت.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاماری هیزی کار لە بەهاری ٢٠٢٠دا، ڕێژەی دامەزرانی کەسانی خوێندەوار لە ناوچە شارییەکان زیاتر لە کەسانی کەم خوێندەوار و نەخوێندەوار بووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە، دەبینرێت کە بارودۆخی کار بۆ نموونەی کێشکراو لەگەڵ دانیشتووانی ئامانج بە ئاستێکی پەسەندکراو یەکتر دەگرنەوە.

**خشتەی ٧: دابەشکردنی ڕێژەی کار لە نموونەی کێشکراو و ئاماری هێزی کار بە پێی شاری و گوندی**

| بارودۆخی کار | گشتی | | شاری | | گوندی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نموونەی کێشکراو ( خوێندەواری ١٩ سەروو ساڵ) | ئاماری هێزی ١٩ کار سەروو ساڵ (بەهاری ٢٠٢٠) | نموونەی کێشکراو ( خوێندەواری ١٩ سەروو ساڵ) | ئاماری هێزی ١٩ کار سەروو ساڵ (بەهاری ٢٠٢٠) | نموونەی کێشکراو ( خوێندەواری ١٩ سەروو ساڵ) | ئاماری هێزی ١٩ کار سەروو ساڵ (بەهاری ٢٠٢٠) |
| دامەزراون | ٪ ٤٥٫١ | ٪ ٤٠٫٠ | ٪ ٤٧٫٣ | ٪ ٣٩٫٠ | ٪ ٣٦٫٦ | ٪ ٤١٫٠ |

لە لایەکی دیکەوە بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی متمانەی ئەنجامەکان لە نموونەی ئاماری کێشکراودا، بە کەڵک وەرگرتن لە ڕێبازی نموونەگرتنی هاوتاییدا (matching method) حیساباتی دووبارە و ئەنجامەکان لەگەڵ دەستکەوتە پێشووەکان بەراورد کرا. لەم ڕێبازەدا سەرەتا نموونەیەکی ئاماری هەڕەمەکی بە بڕی ٢٠٠٠ وەڵامدەر لە گشتی نموونەی ئاماری کۆتایی (واتا لە ٣٩٩٨١ نموونە) دەرهێندراوە.

ئەم نموونە هەڕەمەکییە بە جۆرێک دەرهێنراوە کە لەگەڵ گۆڕاوە شەش

دانەییەکانی دانیشتووانی ئامانج (رەگەز، گرووپی تەمەن، ئاستی خوێندەواری، رێژەی دانیشتووانی پارێزگا، ناوچە شاری و گوندییەکان، و هەڵسوکەوتی هەڵبژاردن) هاوسەنگ بن.

بە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بینرا کە هەموو دەسکەوتەکانی ڕاپرسییەکە بە نموونەی هەڕەمەکی نوێ، لەگەڵ دەسکەوتەکانی نموونەی کێشکراو یەکگرتوو بوو و جیاوازی ئەنجامەکان کەمتر لە ١٪ بوو.

بە گشتی و بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بەڵگانە، دەرکەوت کە نموونەی کێشکراو تا ڕادەیەکی قبووڵکراو، پێناسەکەری دانیشتووانی ئامانج (دانیشتووانی خوێندەواری سەروو ١٩ساڵ)ە و دەتوانرێ ئەنجامەکانی ئەو بە ئاستی هەڵەی وتراو بە زۆرینەیەکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێران (واتا نزیکەی ٨٥٪ لە دانیشتووانی گەورەساڵی وڵات) گشتگیر بکردرێت.



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# وەرزنامەی
# ئێرانناسی

# کەسایەتی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کەسایەتییەکانی ئێران (٣)

# ئایەتوڵڵا مەحمود هاشمی شاهرودی

## عێراقییەکی ئێرانی لە خەونی ڕێبەریدا



ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



ئایەتوڵڵا سەید مەحمود هاشمی شاهرودی، ساڵی ١٩٤٨ لە شاری نەجەف و لە بنەماڵەیەکی ئایینی لەدایکبووە؛ باوکی بە ناوی ئایەتوڵڵا سەید عەلی حوسێنی شاهرودی لەدایکبووی شارۆچکەی شاهرود سەر بە پارێزگای سمنان، یەکێک لە مامۆستا ناسراوەکانی حەوزەی عیلمییەی نەجەف بووە و دایکی خەڵکی لادێی سیدان لە پارێزگای خۆراسانی باشوور و کچی سەید عەلی مەددد موسەوی هاشمی شاهرودی، پیاوێکی ئایینی ناوچەکە بووە.

**حەوزەی قوم؛ زەمینەی دەرکەوتن**

هاشمی شاهرودی پاش تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی، بۆ خوێندنی ئایینی ڕوو دەکاتە حەوزەی نەجەف و بەشداریی وانەکانی ئایەتوڵڵا محەمەد باقر سەدر، ئایەتوڵڵا ڕوحەڵا خومەینی و هەورووەها ئایەتوڵڵا خویی دەکات. بەو پێیەی کە باوکی، نووسەری تایبەتی بابەتە فیقهی و ئوسوڵییەکانی ئایەتوڵڵا خویی بووە، ئەمە دەبێتە زەمینەیەك کە هاشمی شاهرودی پێگەیەکی باش لە لای مەرجەعەکانی نەجەف وەکو خویی و سەدر دەستەبەر بکات.

لە ئەنجامی ئەو خۆپێشاندانانەی کە پاش شۆڕشی ئێران ١٩٧٩ لە چەند شارێکی عێراق و بەتایبەتی لە نەجەف بەڕێوەچوو، هاشمی شاهرودی بە تۆمەتی هاندانی خەڵک، لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە فەرمانی گرتنی بۆ دەردەچێت. بۆیە لەسەر پێشنیاری ئایەتوڵڵا سەدر، عێراق بەجێدەهێڵێت و سەرەتا بەرەو کوەیت و دواتر بۆ ئێران دەچێت. لە ئێران بریکاری گشتیی ئایەتوڵڵا سەدر و نوێنەرایەتی ئەو لە لای ئایەتوڵڵا خومەینی وەردەگرێت و دەبێتە ڕێکخەری پەیوەندییەکانیان بۆ گەیاندنی پەیام و ڕاسپاردەکانیان بۆ یەکتر.

هاشمی شاهرودی لە ساڵی ١٩٧٩ و لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا بە نووسراوی تایبەتی ئایەتوڵڵا سەدر، مۆڵەتی ئیجتیهاد وەردەگرێت. ئەو یەکێک بوو لە باشترین خوێندکارەکانی سەدر کە خۆشەویستییەکی تایبەتی لە لای ئەم مەرجەعە گەورەیەی شیعەکانی عێراق پەیدا کردبوو، تا ئەو ڕادەیەی کە پەیوەندییەکی "باوک و کوڕ"ی لە نێوانیاندا هەبووە.

**ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی؛ پەلکێشان بۆ ناو سیاسەت**

پاش چوونی هاشمی شاهرودی بۆ ئێران، چالاکییە سیاسییەکانی زیاتر لە جاران پەرە دەسێنێت؛ ئەو یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی (مجلس الأعلى للثورة الإسلامية) کە ڕێکخراوێکی ئیسلامی-سیاسیی بەرهەڵستکاری ڕژێمی بەعس و چەتری کۆکەرەوەی حیزبە ئیسلامییەکانی عێراق (حزب الدعوة، منظمة العمل الإسلامي، حركة الجماهير المسلمة، جماعة العلماء المجاهدين، حركة المثقفين الرساليين و حركة المجاهدين) بوو. لە یەکەمین کۆنگرەی ئەنجومەن لە شاری تاران و ڕێککەوتی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

١٩٨٢/١١/١٧، ئایەتوڵڵا هاشمی شاهرودی وەک سەرۆکی حیزب و ئایەتوڵڵا محەمەد باقر حەکیم وەک وتەبێژی ئەنجومەن دیاریکران.

ئەم ئەنجومەنە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ڕاستەوخۆ لە ئایەتوڵڵا خومەینییەوە ئاڕاستەی سیاسەتەکانی وەردەگرت و لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە ڕاهێنانی سەربازییان بە ئەندامەکانی دەکرد. هاشمی شاهرودی تا ئەو کاتەی کە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی بوو، بەو پێیەی کە لە نەجەف لەدایکببوو جەختی لەسەر عەرەببوونی خۆی دەکردەوە، بە "محمود الهاشمی" ناسراو بوو، بەڵام لە دوای کۆچی دوایی ئایەتوڵڵا خومەینی، ئێرانی بوونەکەی بەرجەستە بوو و پاشگری شاهرودی کە لە باوکی بۆی مابووەوە بە ناوەکەی لکێنراو بوو بە "هاشمی شاهرودی" و چەند ساڵێکی خایاند تاوەکو توانی بە فارسییەکی ڕەوان قسە بکات.

لەگەڵ ئەمەشدا پاش چوار خوول لە سەرۆکایەتی، پێگەی هاشمی شاهرودی لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لاواز دەبێت، بۆیە بڕیاریدا لە ئێران بمێنێتەوە و ئاواتەکانی لەوێ بهێنێتەدی، بەپێچەوانەی محەمەد باقر حەکیم کە بۆ عێراق گەڕایەوە.

**مانەوە لە ئێران: متمانەپێکراوی ڕێبەر**

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییەوە، هاشمی شاهرودی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئایەتوڵڵا سەید عەلی خامەنەیی دروستکرد و هەر ئەمەش وایکرد بە هۆی فەرمانەکانی ڕێبەری ئێران، شاهرودی لە سەرجەم ئەنجومەنە باڵاکانی ئێران بەشداری هەبێت و تەنانەت سەرۆکایەتی بکات. هاشمی شاهرودی یەکێک بوو لەوانەی کە پشتگیریی تەواوی لە "مەرجەعییەت" و "ڕێبەرایەتی" ئایەتوڵڵا خامەنەیی کرد، ئەمەش زیاتر شاهرودی وەک کەسێکی متمانەپێکراو لە ڕیبەری ئێران نزیک کردەوە کە دەرئەنجامەکەی بەرزبوونەوەی ڕکێفی سیاسی لە دواڕۆژدا بوو.

هاشمی شاهرودی لە ساڵی ١٩٩٤ بە فەرمانی ئایەتوڵڵا خامەنەیی وەک ئەندامی ئەنجومەنی پاسەوانی دەستوور (شورای نگهبان) دەستبەکار بوو. دوای پێنج ساڵ و لە ١٩٩٩ بە بڕیارێکی تری ڕێبەری ئێران، شاهرودی یەکێک لە هەستیارترین پۆستەکانی کۆماری ئیسلامی وەرگرت و بە سەرۆکی "دەزگای دادوەری" دەستنیشانکرا و دوو خوول و بۆ ماوەی دە ساڵ لەم پۆستە مایەوە. دوای کۆتایی هاتنی ئەرکەکانی لە دەزگای دادوەری، شاهرودی بووە ئەندامی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم (شورای تشخیص مصلحت نظام)، هەروەها ئەنجومەنی پاسەوانی دەستور (شورای نگهبان).

هاشمی شاهرودی لە ساڵی ٢٠١١ پۆستێکی جیاوازی وەرگرت و سەرۆکایەتی لیژنەی باڵای چارەسەری کێشەکان و ڕێکخستنی پەیوەندی

نێوان سێ دەسەڵاتەکەی ئێرانی (هیئت عالی حل اختلاف و تنظیم روابط قوای سەگانە) پێ سپێردرا. دوایین پۆستی هاشمی شاهرودی، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم بوو (٢٠١٧). ئەمە جیا لەوەی کە بۆ ماوەی سێ خوول، لە ساڵی ١٩٩٨-دوە تاوەکو کۆچی دوایی، وەک نوێنەری پارێزگای خۆراسان، ئەندام و ماوەیەک جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەری (شورای خبرگان رهبری) بووە.

جیا لەمانە هاشمی شاهرودی لە چەندین ئەنجومەن و کۆمەڵەی تردا بەشداربووە وەک: کۆمەڵەی مامۆستایانی حەوزەی عیلمییەی قوم، ئەنجونی باڵای سیاسەترێژی حەوزە، کۆمەڵەی جیهانی ئالوبەیت، کۆمەڵەی تەقریب مەزاهیبی ئیسلامی و ئینسکلۆپیدیای فیقهی ئیسلامی.

### فەقیهێکی بەتوانا لە سێبەری سیاسەت

لە سەرجەم ئەم بابەتانەی کە لەسەر ژیانی نووسراوە، ئاماژە بەوە کراوە کە هاشمی شاهرودی لە ڕووی زانستی فیقهی و ئوسوڵەوە کەسایەتی شارەزا و نموونەیی بوارەکەی خۆی بووە، بەردەوام هاندان و ستایشی مامۆستا و خوێندکار و زانایانی ئایینی تری بەدوای خۆیدا هێناوە و وانەکانی ئەو بەردەوام جێگەی سەرنج و گرنگیدانی خوێندکارەکانی حەوزە بوو. جیا لە ستایشەکانی مەرجەعەکانی نەجەف و لە پێش هەموویانەوە ئایەتوڵڵا سەدر، ئایەتوڵڵا خومەینیش یەکێک بووە لە ستایشکەرانی و داوای لێکردووە سەرباری ئەرکەکانی تری، لەسەر وانەوتنەوە لە حەوزەی قوم بەردەوام بێت.

سەرەڕای ئەم پێگە بەرزەی هاشمی شاهرودی وەک فەقیهێکی نموونەیی، بەڵام پێدەچوو تەماح و خەونەکانی شاهرودی لە دەرەوەی فیقە و حەوزە بووبێت، هەر بۆیە دواجار سیما سیاسییەکەی شاهرودی زاڵتر بوو لە سیما ئایینی و حەوزەوییەکەی. موحسین کەدیوەر، زانای ئایینی نیشتەجێی دەرەوەی ئێران کە بۆ ماوەی ساڵێک ١٩٨٨-١٩٨٩ لە وانە دەرەکییەکای شاهرودی بەشداری کردبوو، پێیوایە ئەگەر شاهرودی نەهاتایەتە ناو گۆڕەپانی سیاسەتەوە، دەیتوانی لە بواری فیقهـ و ئوسوڵدا گەشەی زیاتر و خزمەتی باشتری بکردایە، بەڵام دیاربوو کە زۆربەی کاتەکانی لە حەوزەدا بەسەر نەدەبرد. مێهردادی خەدیر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس پێیوایە کە ئایەتوڵڵا شاهرودی زیاتر "کەسێکی فەقیهـ بوو نەک سیاسی" کە سیاسەت لایەنە فیقهییەکەی خستبووە ژێر سێبەری خۆی و نەیهێشت وەکو پێویست مەجالی دەرکەوتنی لەم بوارەدا هەبێت. ئایەتوڵڵا سەید مستەفا موحەقیق داماد لە نامەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ هاشمی شاهرودی سەبارەت بە شێوازی مامەڵەی دەزگای دادوەری لەگەڵ نارەزایەتییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٢٠٠٩، بە حەسرەتەوە پێی دەڵێت: "خۆزگە لە حەوزەی عیلمییە دەمایەتەوە و لە وانەوتنەوە و توێژینەوە بەردەوام دەبوویت و هیچ کاتێک نەدەهاتیتە ناو ئەم گێژاوە هەستیارەوە".

## ڕێبازی سیاسی؛ ئوسوڵگەرایەکی میانەڕەو

هاشمی شاهرودی لە دابەشکارییە سیاسیەکەی ئێراندا دەچووە خانەی ئوسوڵگەراکانەوە؛ هەرچەندە وەک ئەندامێکی دیاری کۆمەڵەی مامۆستایانی حەوزەی قوم، پشتیوانی مەحمود ئەحمەدی نەژاد بوو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆمار و دواتر لە ماوەی سەرۆکایەتی لە دەزگای دادوەریدا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ کەسانی نزیک بە ئەحمەدی نەژاد دروستکردبوو، بەڵام بەڕای کەسانێک وەک عەلی ئەکبەر ناتیق نوری: "ئایەتوڵڵا سەید مەحمود هاشمی شاهرودی نە بەشێک بووە لە باڵی ڕاست و نە چەپ و نە سەر بە هیچ فراکسیۆنێک بووە". بە بڕوای عەلی ئەفشاری، ڕاڤەکاری سیاسی، شاهرودی لە چوارچێوەی ئوسوڵگەراکاندا، سەربەخۆییەکی ڕێژەیی هەبووە و بە هۆی پێگە و پلەی باڵای فیقهییەوە، توانیبووی تا ڕادەیەک لە نفوزی ناوەندەکانی دەسەڵات بەدوور بێت. هەر ئەمەش وایکردبوو کە بەشێک لە ڕیفۆرمخوازەکان هاشمی شاهرودی بە "ئوسوڵگەراییەکی میانەڕەو" ناو ببەن و وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام لە دوای نەمانی ئایەتوڵڵا هاشمی ڕەفسەنجانی بە هەنگاوێکی ئەرێنی بزانن.

لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندی هاشمی شاهرودی لەگەڵ ڕیفۆرمخوازەکان لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی بۆ دەزگای دادوەری لە ئاستێکی باشدا نەبوو و ناکۆکییەکانی لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازەکان ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرەی دەسەند. بەڵام بە کۆتایی هاتنی سەرۆککۆماریی ئەحمەدی نەژاد، هاتووچۆی لەگەڵ لایەنە ڕیفۆرمخواز و میانەڕەوەکان تا ڕادەیەک ئاسایی بوویەوە. بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی بەتینی هاشمی شاهرودی لەگەڵ ڕێبەری ئێران و کەسایەتییە دیارەکانی ئوسوڵگەراکان لە لایەک و لە هەمانکاتدا پەیوەندیی باشی لەگەڵ کەسانی وەک هاشمی ڕەفسەنجانی و سەید حەسەن خومەینی لە لایەکی ترەوە، پێگەیەکی تایبەتی بە شاهرودی بەخشیبوو، کە ئەگەرچی هاوشێوەی ئایەتوڵڵا ڕەفسەنجانی ناوی بە میانەڕەو دەرکردبوو، بەڵام وەک ئەو نەکەوتە بەر تانە و تەشەری لایەنێکی دیاریکراو تا ئەو ڕادەیەی کە پێگەی سیاسی لاواز ببێت.

## خەونی ڕێبەری؛ سەودای نەهاتەدی

هەڵکشانە بەردەوامەکانی پلەوپایەی سیاسی شاهرودی لە ناوەندە گرنگە ئایینی و سیاسییەکان، هاوتەریبی بیروبۆچوونەکان لەگەڵ ئایەتوڵڵا خامەنەیی، هاوسەنگی

پەیوندییەکان لەگەڵ دوو بەرە سەرەکییەکەی ئێران و هەروەها ئەندامێتی لە ئەنجومەنی شارەزایانی ڕێبەری کە ئەرکێکی سەرەکی دیاریکردنی ڕێبەری داهاتووی ئێران بوو، وای کردبوو کە لە دوای دەرکەوتنی نەخۆشی ئایەتوڵلا خامەنەیی لە ساڵی ٢٠١٤ و هاتنەگۆڕی بابەتی جێنشینی و ڕێبەری داهاتووی ڕژێم، ناوی هاشمی شاهرودی وەک کاندیدێکی بەهێز بۆ ڕێبەرایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بێتە بەر باسەکان.

بەشێک لەو کەسانەی کە بەختی هاشمی شاهرودیان بۆ ڕێبەرێتی زیاتر لەوانی تر دەزانی، ئاماژەیان بەو خاڵانە دەدا کە هیچکام لە کاندیدەکانی تر متمانەی ڕێبەر، ناوبانگ، توانا و لێهاتوویی ئەویان لە بواری فیقهـ و ئاییندا نەبووە، هەروەها پێشینەی سەرۆکایەتی دەزگایەکی گرنگی وەك دادوەری، ئەندامێتی لە ئەنجومەنی پاسەوانی دەستوور و تەنانەت تەمەنی گونجاوی ئەو بە بەراورد بە کاندیدەکانی تر، لەو تایبەتمەندیانە بوون کە هەلی ڕێبەریی هاشمی شاهرودیان بەرز کردبووەوە.

هاشمی شاهرودی لە ڕێککەوتی ٢٠١٨/١٢/٢٥ و لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و دوایین خەونی لە چوارچێوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە گەیشتن بە ڕێبەرێتی بوو، نەهاتە دی. ئایەتوڵلا خامەنەیی لە پەیامی سەرەخۆشیدا، ئایەتوڵا هاشمی شاهرودی بە "مامۆستایەکی گەورە" لە حەوزی عیلمییەی قوم و "کارگوزارێکی بەوەفا"ی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران وەسف کرد.

## سەرچاوەکان


- پایگاه انترنتی آیت الله سید محمود هاشمی شاهرودی (٢٠٢٢)، "زندگینامه": http://www.hashemishahroudi.org/fa/page/١.
- گفتوگوی محمدرضا کائینی با آیت‌الله هاشمی‌شاهرودی، ماهنامه «شاهد یاران» شماره ١٨، اردیبهشت ١٣٨٦.
- بی بی سی فارسی (١٣٩٧/٩/٣)، "هاشمی شاهرودی؛ از شاگردی آیت الله خمینی تا ریاست مجمع تشخیص مصلحت نظام": http://www.bbc.com/persian/iran-٤٥٠٧٥٣٢٠
- الف (١٣٩٧/١٠/٣)، "حکم‌های رهبر انقلاب برای آیت‌الله شاهرودی"، https://www.alef.ir/news/٣٩٧١٠٠٣٢٢٣.html
- روزنامه ایران (١٣٩٧/١٠/٤)، "فقدان فقیه نوگرا"؛ شماره ٦٩٥٧.
- مهرداد خدیر (١٣٩٧/١٠/٤)، "سیاست بر فقاهت هاشمی شاهرودی سایه انداخت"، https://www.isna.ir/news/٩٧١٠٠٤٠٢١٦٣/.
- علی افشاری (١٣٩٧/١٠/٤)، "هاشمی شاهرودی، منتظر الولایت ناکام": https://www.radiofarda.com/a/hashemi-shahroudi-dead-velayat/٢٩٦٧٥٦٦٢.html.
- خبرگزاری جمهوری اسلامی ایران (١٣٩٧/١٠/٣)، "مروری بر زندگی مرحوم آیت الله هاشمی شاهرودی"، http://www.irna.ir/fa/News/٨٣١٤٦٢٢٣
- اثیر الشرع (٢٠١٨/٣/٧)، "المجلس الأعلى للثورة الإسلامية في العراق" من التأسيس إلى التصحيح"، shorturl.at/iQV٥٧.
- أكرم الحكيم (٢٠١٩/٧/٧)، "المجلس الأعلى ,ظروف التأسيس , الواقع والطموح (١)"، http://burathanews.com/arabic/studies/٣٥٣١٧٤.
- محسن کدیور (١٣٩٧/١٠/٤)، "هاشمی شاهرودی، فقاهت در مذبح سیاست ناکام"، https://kadivar.com/١٦٨١٥/.


hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# وەرزنامەی
# ئێرانناسی

# ڕانانی کتێب

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

رانانی کتێب

# یاخیبووانی ئامانجخواز؛ بێئاکامیی چەپ لە ئێران

ئامادەکردن: وەرزنامەی ئێرانناسی

ئەم کتێبە لە نووسینی مێژووناس و لێکۆڵیاری ئەنسرۆپۆلیژست و توێژەری ئەکادیمیست "مازیار بێهروز"ە، کە لە بنچینەدا لەسەر بنەمای تێزی دکتۆراکەی بە زمانی ئینگلیزی و لە ساڵی ١٩٩٩ نووسیویەتی، دواتر لە ساڵی ٢٠٠١ لە لایەن مەهدی پەرتەوی بە ناونیشانی "شورشیان آرمانخواه؛ ناکامی چپ در ایران" بۆ زمانی فارسی وەرگێڕدراوە، لە دوو توێی (٣٦٨) لاپەڕەدا بڵاوبۆتەوە، دواجار بە چاپی حەڤدەیەم (کۆتا چاپ) لەلایەن "دەزگای ققنوس". لە ساڵی ٢٠٢١ لە تاران لە چاپ دراوەتەوە.




مازیار بێهروز: ساڵی ١٩٥٨ لە تاران لەدایکبووە، بەهۆی مانۆڕی سیاسیی و حیزبی باوکی (جیهانگیر بێهروز) لەنێو ڕێکخستەکانی حیزبی تودەدا، شەیدای لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانیی و مێژوویی لە بوارەکانی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و

کولتووریی بزاڤی چەپی ئێران دەبێت، بەڵام بە زوویی و لە تەمەنی ١٦ساڵیدا بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕێگەی تاراوگە دەگرێتەبەر و لە ئینگلتەرە دەگیرسێتەوە، پاشان لە زانکۆی "سانت ماری" بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە مێژوو و زانستە سیاسییەکان بەدەستدەهێنێت، دواتر دەچێتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بڕوانامەی ماستەر لە مێژووی مۆدێرنی ئەورووپا لە زانکۆی کالیفۆرنیا بەدەست دەهێنێت، ساڵی ١٩٩٣ بڕوانامەی دکتۆرا لە مێژووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی لۆس ئەنجلۆس بەدەستهێناوە، لە ئێستادا مامۆستای یاریدەدەری زانکۆیە لە سانفرانسیسکۆ.

کتێبەکە لە بنەڕەتدا لە شێوەی ڕاپۆرتێکی دۆکیۆمێنتاریی و کۆمپاکت دەربارەی سەرهەڵدانی گوتاری چەپ و بزاڤی مارکسیزمی ئێرانە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٣٢٠ تاوەکو ١٣٦٢ ك (١٩٤١-١٩٨٣ز)، کە تیایدا هەوڵدەدات پانۆرامای ڕیشە مێژووییەکەی بزوتنەوەی چەپ و ئامانجەکانی پەیدابوونی لە ڕێگەی کۆمەڵێ بەڵگە زانستییەوە بخاتەڕوو، دەستنیشانی هۆیەکانی ڕسکاندن و پاشان فراوانبوونی تەوژمی کۆمۆنیزم و ئەڵقەو شانە مارکسییە باوەکان بکات، هاوکات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، کە بۆ ژینگەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئێران، لە ڕێگەی توێژی دەستەبژێر و بە هاندانی لاوان زیاتر و خێراتر کاریگەر دەبێت بە بنەماکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لێکەوتەکانی؟

لە پێشەکی کتێبەکەدا، نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو کە مەبەستی لە دانانی ئەم کتێبە، بە تەنها بابەتگەلێکی وەسفیی نییە بۆ مێژووی پارت و ڕێکخراوە چەپ و مارکسییەکانی ئێران، بەڵکو توێژینەوەیەکی بنکۆڵکارییە لە بارەی پێکهاتن و ستراکچەری کارکردنی مارکسیزم لە ئێران، هەروەها تیشك خستنەسەر فاکتەرەکانی دارمان و شکستی یاخیبووانی چەپ و بزووتنەوە مارکسییەکانی ئێران، پاڵپشت بە ڕۆڵی پارت و ڕێکخراوە چەپەکان لە ڕووداوسازیی و دروستکردنی مێژوویی بزاڤی چەپ بەگشتی لە ئێراندا، ئەویش پاڵپشت بە تیشك خستنەسەر بەشێك لە مێژووی هاوچەرخی ئێران، کە لەو ماوەیەدا چەق ململانێی ڕەوت و ئاڕاستە جیاجیاکان، لەم ڕوانگەیەوە، نووسەر پێیوایە بزاڤی چەپ لەنێو جیهانی سێ و لە وڵاتێکی وەك ئێران لە ڕووی مێژوویی و کردارییەوە، پەیوەستە بە ئایدیای لینین و ستالین، واتە سۆسیالیستی دەسەڵاتخوازی و یەکێتی سۆڤییەت، بەو پێیەی چەپ لە ئێراندا هەر لەسەرەتاوە لە ڕووی فیکریی و کردارییەوە کەوتووەتە ژێر کاریگەرییەکانی سۆسیالیستی ڕووسی.

لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا، نووسەر هەوڵی داوە ڕێبازێکی میتۆدۆلۆژی زانستی و شیکاریی پەیڕەو بکات، بۆ بە دۆکیۆمێنتکردنی پرۆسە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

مێژووییەکەی بزاڤی چەپ و ئەو هەوراز و نشێویانەی لە چوارچێوەی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ڕوویانداوە، هەر بۆیە تایبەتمەندی کتێبەکە، بەراورد بە بەرهەمە هاوشێوەکانی بریتییە لە: "توێژینەوەیەکی شیکاریی و ڕەخنەیی لە بزاڤی چەپ و کۆمۆنیزمی ئێران، دەرخستنی گرووپ و دەستە چەپە بچووك و ناوەندییەکان لە پاڵ ڕەوتە کلاسیییەکیەکانی چەپ، شیکارکردنی فاکتەرەکانی هەرەسهێنان و شکست".

کتێبەکە بەشێوەیەکی بنچینەیی سێ قۆناغی مارکسیستەکانی ئێران لە ماوەی ساڵانی ١٩٤١ -١٩٦٣ بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا دابەش دەکات، بەشی یەکەم: بەناونیشانی "شکست و بوژانەوە" شکستی گەورەی چەپ لە نێوان ساڵانی (١٩٥٣-١٩٧٠)، ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە دروستبوونی "حیزبی تودە" و گرنگترین چالاکییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی، وەک بەهێزترین ڕێکخراوەی جەماوەریی، کە بە بەرزکردنەوەی بەیداخی خەبات و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی وەک پشتوپەنای ڕەنجبەران بەدیارکەوت، لەمەوە مارکسیزم بووە دیاردەیەکی نوێ و سۆسیالیزم بووە گوتاری زاڵ، ئەڵقەو ڕێکخراوە چەپەکان وەک ئۆرگانێکی دیموکراتخواز، ڕادیکاڵ، شۆڕشگێڕو نمایندەی زەحمەتکێشان دەردەکەوتن، ئەمانەش لەناو گەنجانی کورددا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، پاشان سەرنج لە گرنگترین کێشەو ململانێ ناوخۆییەکانی ئەو حیزبە دەدات بە تایبەت لە پاش کودەتاکەی ئەمریکا و ڕووداوەکانی ٢٨ی ئابی ١٩٥٣ بۆ گەڕاندنەوەی محەمەد ڕەزاشا بۆ ناوخۆی وڵات.

لە بەشی دووەمدا بەناونیشانی "لەشکرکێشی و چەقبەستوو، توندوتیژی و سەرکوت" لە ماوەی نێوات (١٩٧٠-١٩٧٩)، هێما بۆ ڕێکخستنێکی نوێی چەپ و گوتاری ڕێبازی پارتیزانی کاریگەر بە فیکریی ماوییزم دەکات، بە تایبەت "ڕێکخراوی چریکی فیدائییانی خەڵکی ئێران" ، کە تیایدا ڕێگە و شێوازەکانیان بۆ پێشخستنی ئامانجەکانیان دەخاتە بەر لێکۆڵینەوەو پشکنین، تێیدا تیشك خراوەتەسەر ئەوەی "چریکی فیدایی خەڵکی ئێران"، وەک هێزێکی چەپئاژۆی توندڕەو، هاوکات ڕێکخراو و بە ئەزموونی سەردەمی شاهانشاهیی، کە زادەی بیری چەپ و ئایدۆلۆژیایەکی هاوچەرخ و پێشکەوتووخواز و وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ئەو قۆناغەی مارکسییەکانی ئێران بوو، بەرئەنجامی نەبوونی پەیڕەوێکی چەسپاو و ناوەندگەراییەکی بەهێز، هاوکات خۆ هەڵقورتاندن لە بەشی زۆری ڕووداوەکانی ئێران، ئەم ڕێکخراوەیە بە ڕێژەی زیاتر لە هەر هێزێکی تر ڕووبەڕووی لێکترازان و پارچەبوون کردۆتەوە، بەم هۆیەوە بەزوویی کەرتبوونی فیکریی و ڕێکخراوەیی لە نێویاندا ڕوویداوە و دابەشبوون بۆ "کەمینە" و "زۆرینە"، هەر ئەمەش سەنگ و قەبارەی

ئەم هێزەی لە ترۆپکەوە داکشاندۆتە ئاستی ڕێکخراوێکی بچووک.

لە بەشی سێیەمدا، بە ناونیشانی "شۆڕش: سەمای مەرگ" لە نێوان ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٣)، چالاکییەکانی ڕێکخراوە مارکسیستەکانی وەک حیزبی تودە و چریکی فیداییانی خەڵك و هەندێك هێز و لایەنی چەپ لە سەروەختی شۆڕش و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییدا باسکراوە، دەستنیشانی کەموکووڕییەکانی ژیانی ڕێکخراوەیی و هەڵە تیۆریی و فیکریی و کردارییەکانیان دەکات، دەست دەخاتەسەر پاشەکشەی بەردەوام و یەك لە دوایەکی ئەو هێزانە بەرامبەر سیستەمی ڕۆحانی لە ئێراندا.

لە بەشی چوارەم و لەژێر ناونیشانی "بۆچی شکست؟"، نووسەر شیکاری بۆ ئەوە کردووە کە بۆچی "بزووتنەوەی چەپ" بە درێژایی ئەو ماوە مێژووییە نەیتوانی بنکە و جێگەیەکی هەمیشەیی لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەبێت، پاشان لە شیکردنەوەی هۆیەکانی دارمانی ئایدۆلۆیای چەپ و مارکسیزم لە ئێراندا چ لە ڕووی چەندێتی یان چۆنێتی، هۆکاری شکست و پاشەکشەی بەردەوامی بزووتنەوەی چەپگەرایی لە ئێراندا دابەش دەکات بۆ سێ هۆکاری بنەڕەتی، ئەوانیش:

فاکتەری گشتی: کە پەیوەندییدارە بە هەلومەرجی نێونەتەوەیی و ئینتەرناسیۆنالیزم و پاشەکشەی بنەڕەتیی دونیای چەپ کە کاریگەریی لەسەر تەواوی ڕێکخراو و گروپە چەپەکان هەبووە، ئەوانیش دابەش دەکات بۆ چەند هۆیەك لەوانە: جوگرافیای سیاسی، بونیادی چین و دابەشبوونی توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران، سەرکوتکاری دڕندانەی حکومەت، تێنەگەیشتن و خۆنەگونجاندن لەگەڵ داینامیکییەتی ناوخۆیی کۆمەڵگەی ئێران، هەڵوێستی ڕادیکاڵی دژە ڕۆژئاوا و دژە ئەمەریکا لە دوای شۆڕش، بەکارهێنانی "تیۆری پیلانگێڕی" لە لایەن چەپەکان دژ بە یەکتر، لاوازیی گوتار، نەرمی نواندن و فریوخواردن، دابەشبوون و بەرژەوەندیخوازیی.

فاکتەرە تایبەتەکان: کە پەیوەستبوون بە هەندێک پارت و ڕێکخراوی مارکسیست، لەوانە: یەکەم؛ پەیوەندیی، وابەستیی و ملدان بە کۆمۆنیزمی جیهانی (لە سۆڤیەتەوە بۆ چین و ئەلبانیا). دووەم؛ لاوازی تیۆری و بایەخنەدانی وەك پێویست بە تیۆری خەبات.

فاکتەرە پێکهاتەییەکان: کە خۆی لە چەند لایەنێکدا دەبینێتەوە، یەکەم؛ شکستهێنان لە بواری دامەزراندنی پەیوەندی و ڕاکێشانی چینی کرێکار و جەماوەر. دووەم؛ ستالینیزم، پەتایەکی باو زۆرینەی ڕەهای گرووپە مارکسیستییەکانی ئێران، لەگەڵ نەبوونی باوەڕ و پابەندبوون بە دیموکراسی و بەکارهێنانی میتۆدی نادیموکراسی لە پەیوەندییەکانی ژیانی ڕێکخراوەییدا.

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

# چەمکناسی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# شۆڕشی کولتووریی (انقلاب فرهنگی)



هەورامان فەریق

پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ کۆمسیۆنی شۆڕشی کولتووریی (ستاد انقلاب فرهنگی) لە ئێراندا نەکراوە. بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە قۆناغێکی هەستیار و تەمومژاوی سەروبەندی شۆڕش ١٩٧٩دا پێکهێنراوە و بەرهەمی ململانێیەکی قووڵ و ئاڵۆزە. هەروەها ئەو کەسانەی کە دامەزرێنەران یان دەستنیشانکراوانی یەکەمی کۆمسیۆنەکە بوون، بۆچوون و جیهانبینییەکی یەکدەستیان سەبارەت بە ئامانج و ئەرکەکانی کۆمسیۆنەکە نەبوو. بەڵام بۆ ئەوەی لە ڕەگوڕیشەی کۆمسیۆنی شۆڕشی کولتووریی تێبگەین ڕەنگە باشترین ڕێگە تێگەیشتن لە ئامانجەکانی کۆمسیۆنەکە بێت.

لە دوای شۆڕش یەکلابوونەوەی دەسەڵات بۆ حکومەتێکی ئیسلامیی، کە هەڵگری گوتاری شۆڕشگێڕانەی ئایینی و کولتووری دژ بە گوتارە باوەکانی ڕۆژئاوا بوو، چەندین ڕێکخرا و دەزگای ئیسلامی بۆ بڵاوکردنەوەی گوتاری "شۆڕشی ئیسلامیی" و جێگیرکردنی بنەماکانی لەنێو کۆمەڵگەی ئێران و بەتایبەتی توێژی گەنجان دەستبەکار بوون. دامەزراوە ئایینییەکان لەسەرجەم ناوچەکانی ئێران تۆڕی چالاکی و بانگەشەکانیان بڵاوکردەوە بەو هیوایەی کە کۆمەڵگەی ئێران بەتەواوی بە ئاڕاستەی گوتارە نوێیەکانی شۆڕش ئاشنا بکەن و ئاواتە دێرینەکەی شۆڕشگێڕان لە بونیادنانی حکومەتێکی ئیسلامی-شیعی بهێننە دی. بۆ ئەمەش پێویستیی هەبوونی کۆمسیۆنێك لە لایەن سەرکردەکانی شۆڕشەوە بەتایبەتی ڕێبەری شۆڕش بۆ کۆتاییهێنان بەو هەموو ترس و لەرزە لە هزری ڕۆژئاوایی و ئەو مشتومڕ و ئاڵۆزانەی کە تێکڕای کۆمەڵگە و ڕەوتە جیاجیاکانی لە ڕاستەوە بۆ چەپ گرتبوویەوە، یەکلا بووبوویەوە. گەیشتن بەم ئامانجەش زۆر ئەستەم دەینواند و تا هەنووکەش دژیەکی نێوان مۆدێرنیتە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



و نەریت، ئایین و سیکۆلاریزم، فیقهـ و شەریعەت و لە سەروو هەموویانەوە ململانێی ئایین و زانست ئەو دژیەکییانەی جیهانی مۆدێرنن کە کۆمەڵگەی ئێرانی بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

بە سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران قۆناغی شۆڕشی کولتـووریش دەستی پێکرد. وەك زۆرێك لە شۆڕشە ڕادیکاڵییەکان و ڕەنگە بە چاولێکردن لە شۆڕشی کولتووریی چین لە ساڵی ١٩٦٦ بە ڕێبەرایەتی حزبی کۆمۆنیست، سەرکردەکانی شۆڕشی ئیسلامیش دەستبەجێ بیریان لە ئیسلامیزەکردنی شۆڕش و گۆڕینی تێکڕای سیستەم و بەدیاریکراوی سیستەمی خوێندنی باڵا کردەوە. بۆ ئەم مەبەستە و بە گەڕانەوە بۆ لێدوانەکانی سەرکردە ئیسلامییەکانی شۆڕش ڕوانینێکی نەرێنی سەبارەت بە زانکۆ و بەتایبەت زانستە مرۆییەکان لە ئارادا بوو؛ زیاتر لەبەرئەوەی کە پێیان وابوو ئەم زانستانە بەرهەمی ڕۆژئاوان یان بە ڕۆژئاوایی کراون.

ململانێکان هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە بە ئامانجی پاکتاو یان پاککردنەوەی زانکۆ، پرۆگرامی خوێندنی باڵا و مامۆستا و فەرمانبەرانی شوێنە ئەکادیمییەکان دەستی پێکرد. لەم نێوەندەدا هەبوون کەسانێك کە پێیان وابوو دەبێ بۆ ماوەی بیست ساڵ دەرگای زانکۆکان دابخرێن، هەتاوەکو لەو ماوەیەدا سیستەمێکی خوێندنی تۆکمە کە دژ نەوەستێتەوە لەتەك ئایینی ئیسلامدا ڕەنگڕێژی و جێبەجێ بکرێت. لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٩-١٩٨٠ ململانێکان گەیشتە ئاستی بەریەککەوتنی یار و نەیاری پاککردنەوەی زانکۆکان. بۆ نموونە لە یەکێك لە ڕووداوەکاندا قوتابیانی پەیڕەوی هێڵی ئیمام لە تەوریز بەرەو بینای ناوەندی زانکۆ ڕۆشتن و کارمەندەکان و ستافی کارگێڕی ناوەندەکەیان کردە دەرەوە و ڕایانگەیاند تا ئەو کاتەی شۆڕشی کولتووریی جێبەجێ نەکرێت و پاکسازی لە ئاستی قوتابیان، ئەندامانی لیژنەی زانستی و کارمەندەکاندا نەکرێت ئەو شوێنە چۆڵ ناکەن . ئەم ڕووداوە لە لایەن دەوڵەتەوە پێشوازی گەرمی لێکرا. بەریەککەوتن تا دەهات زیاتر دەبوو و زانکۆکانی مەشهەد، شیراز و تاران و چەند زانکۆیەکی دیکەی گرتەوە. کار گەیشتە ئەوەی کە بەنی سەدریش کە ئەوکات سەرۆك کۆمار بوو بێتە سەر خەت. ئەو هەڵبەت هەستیارانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتەدا دەکرد و پێیوابوو کە ڕەنگە کاتەکەی گونجاو نەبێت.

لە بەرامبەردا گروپێك لە کارەکتەر و ئەندامانی شۆڕش، کە دواتر یەکەم کۆمسیۆنی شۆڕشی کولتووریان پێکهێنا،

نەك حەزیان لە داخستن بەڵکو لەتەك کرانەوەی زانکۆکاندا بوون. ئەم گرووپە سەردانی ئایەتوڵڵا خومەینییان کرد و ئەویش لە ڕێککەوتی ١٩٨٠/٤/٢١ دا بە فەرمانێك و هەڵبژاردنی ئەندامەکان لە لایەن خۆیەوە ڕەزامەندی لە سەر پێکهێنانی کۆمسیۆنی شۆڕشی کولتووریی دەربڕی . مەبەستی ئەو گۆڕینی زانکۆ بوو لە بناغەوە. لەسەرەتاوە کۆمسیۆنەکە حەوت ئەندامی هەبوو، کە دواتر بۆ ٣٠ کەس زیادی کرد. ئەندامەکان لە جەلال فارسی، عەلی شەریعەتمەداری، حەسەن حەبیبی، محەمەدجەواد باهونەر، ڕەبانی ئەملەشی و شەمس ئالی ئەحمەد پێکهاتبوون. هەر سەبارەت بە هۆکار و ئامانجی دامەزراندنی ئەم کۆمسیۆنە، بۆچوونێکی دیکە هەیە کە گوایە ڕێبەری ئەوکاتی شۆڕش پێش ٢٠ ساڵ لە شۆڕش، خولیای ئیسلامیزەکردنی زانکۆکانی لەسەردابووە و هەر ئەوکاتە ڕەخنەی لە ڕۆڵی زانکۆکان و مامۆستاکان لە پەرەپێدانی بێدینی گرتووە و باسی لە قەدەغەکردنی مادەی سەرخۆشکەر و کێشەی باڵاپۆشی ژنان کردووە .

کۆمسیۆنەکە دەستی بە کۆبوونەوە و بەرنامەڕێژییەکانی کرد. هەر یەك لە ئەندامەکان ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتییەکیان لەناو کۆمسیۆنەکە گرتە ئەستۆ. بۆ نمونە پاککردنەوەی زانکۆ بە ئەملەشی سپێردرا و سروش، شەریعەتمەداری و حەبیبی، هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە زانکۆکان و هەموو کاروباری خوێندنی باڵا، تێکەڵکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەندێك لە زانکۆکان یان دامەزراوەکانیان پێسپێردران . هەر لەوکاتەوە ئیدی دەنگی ناڕەزایەتی دژ بەم کۆمسیۆنە بەرز بوویەوە. بە هۆی ناڕەزایەتی و پێکدادانەکانەوە کە ژمارەیەك ڕێکخراو و گرووپی زانکۆیی سەر بە ڕەوت و حزبە جیاوازەکان لە چەپەوە بۆ ڕاست تیایدا بەشداربوون بە کوژرانی سەدان قوتابی و لە کۆتاییدا بە سەرکەوتنی "قوتابیانی مسوڵمان " کۆتایی هات. نزیکەی ٣٠ مانگ زانکۆکان داخران. کۆمسیۆنەکە کارەکانی درێژە پێدا. هەندێك دامەزراوەی دیکە وەك جیهادی زانکۆیی و کۆمیتەی بەئیسلامیکردنی زانکۆکان (اسلامی کردن دانشگاها) لە چوارچێوەی ئەو پلانانەدا دامەزران. هەندێك زانکۆ تێکەڵ کران و کۆمەڵێك بەرنامە وەك ڕەشنووسی پەروەردەی مامۆستا خرانە بەرنامەی کارەوە. ئەوەی پەیوەست بوو بە زانکۆکانەوە لە چوار پلان و ئامانجدا کورت کرانەوە:

١- پەروەردەی مامۆستا و هەڵبژاردنی کەسە شایستەکان لەڕوانگەی کۆمسیۆنەوە.

٢- هەڵبژاردنی قوتابی زانکۆ

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٣- بەئیسلامیکردنی ژینگەی زانکۆکان و گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن.

پاش کرانەوەی زانکۆکان، چالاکی کۆمسیۆنەکە درێژەی کێشا و سەرەتاکانی مانگی ١٢ی ١٩٨٥، سەرۆکەکانی هەر سێ دەسەڵاتی حکومەت و کۆمەڵێك کەسایەتی دیکە بوون کە جێی متمانەی ڕژێم بوون بۆ کۆمسیۆنەکە زیاد کران و ناوی کۆمسیۆنەکە گۆڕدرا بۆ ئەنجومەنی شۆڕشی کولتووری (شورای انقلاب فرهنگی). ئەنجومەن بەتایبەت لە سەردەمی ئەحمەدی نەژادی سەرۆك کۆماردا، خاوەنی ئەنجومەنێکی باڵای ٢٢ کەسی و ١٦ کەسی یاسایی بوو. هەروەها لە سکرتاریەتێك، دوو دەستەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی زانستی و کولتووری، کۆمیتەی کولتوور و شارستانییەتی ئێران و ئیسلام و چەندین ئەنجومەنی دیکەی وەك ئیسلامیزەکردنی زانکۆکان و، ئەنجومەنی کولتووری و کۆمەڵایەتی ژنان پێك دەهات .

لە لایەکی دیکەوە بە گەڕانەوە بۆ رابردووی ئەم کۆمسیۆنە دەردەکەوێت کە ئەوانەی بە نیازبوون زانکۆکان و زانستەکان ئیسلامیزە بکەن هیچ جۆرە پێناسەیەکی دیاریکراویان بۆ ئەو ئامانج و پرۆژەیە نەبوو. عەبدولکەریم سروش وەك دامەزرێنەر و وتەبێژی یەکەم ستافی کۆمسیۆنەکە و ڕەخنەگری ئێستای ڕژێمی ئێران ئاماژە بەوە دەکات "ئامانجی ئێمە ئەوەبوو کە بەڵێ ئەگەر بابەتێك، شتێك هەبێت لە زانکۆکاندا دژی ئیسلام بێت، بیسڕینەوە. هەرچەندە بەڕاستی شتێکی ئەوتۆ نەبوو کە دژ بە ئیسلام بێت و هەندێك کۆمیتەی پاکتاوکردن هەبوو کە ئەو مامۆستایانەی زانکۆیان لە زانکۆ دوور خستنەوە کە پێیان وابوو جێی متمانەی ئەوان نین. هەڵبەت کۆمیتەکان پێش دروستبوونی کۆمسیۆن بوونیان هەبوو، دواتریش هەر بوونیان هەبوو. ئەو کۆمیتانە سەربەخۆ بوون و ڕاپۆرتیان بە ئێمە نەدەدا. " ئەو لە پاساوی پێویستیی بەئیسلامیکردنی زانکۆکاندا هەر ئەوکاتە ئاماژەی بەوەداوە: "زانکۆکانی ئێمە ئەمرۆ بۆن و بەرامەی گوڵستانی ئیسلامیان لێوەنایەت، دەبێت بۆن و بەرامەی گوڵستانی ئیسلامیان لێوەبێت و ئەم گوڵستانە، گوڵستانێکی بۆنخۆش بێت کە هەرکەسێك سەری پێدا دەکات، هەر لە چرکەساتی یەکەمدا ئەم بۆن و بەرامە خۆشە بچێت بەسەریدا ". بۆیە هەر خۆی ناوی ئەم پرۆژەیە دەنێت شۆڕشی خوێندن.

کەواتە جیا لەو ململانێیەی کە لە نێوان هێزە ئیسلامییەکان لە لایەك و هێزە چەپ و سیکۆلارەکاندا هەبوو، دەکرێت بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە لەناو کۆمسیۆن و ڕەوت و باڵە جۆراوجۆرە ئیسلامییەکانی شۆڕشیشدا کە لایەنگری

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

شۆڕشی کولتووریی بوون، ڕەنگە دوو ئاراستە لەیەك جیابکرێنەوە. ئاراستەیەك کە ڕادیکاڵانە دژ بە هەرجۆرە زانست و هزرێکی نوێ بوون کە زادەی ڕۆژئاوا بێت، داوای داخستنی زانکۆیان دەکرد تا ئەوکاتەی کە تێکڕای سیستەمەکە بە ئیسلامی بکرێت. ئاراستەیەکیش داوای کردنەوەی زانکۆکانیان دەکرد، بەڵام بە بۆن و بەرامەی ئیسلامییەوە. لە نێو ئاراستەی یەکەمدا کەسانێك هەبوون کە هێندە پەرگیربوون دەیانویست دیوار لە نێوان کچ و کوڕ لە زانکۆکاندا دروست بکەن . لە ناو ئاراستەی دووەمدا و بە گەڕانەوە بۆ لێدوانەکانی خۆی، ڕەنگە بتوانین عەبدولکەریم سروش وەك نوێنەری ئاراستەی دووەم ببینین کەسێك کە دواى دوو ساڵ لەو کۆمسیۆنە هاتووەتە دەرەوە .

ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی کولتووریی تا هەنووکە درێژەی بە مانەوەی خۆی داوە و ئەرکەکانی لە سێ کایەدا ڕێکخستووە کە ئەوانیش بریتین لە کایەی سیاسەتگوزاری، دانانی ڕێسا و ڕێکارەکان و چاودێری . هەر یەکە لەم کایانەش چەندین ڕووماڵی چەندین بوار و کایەی ژیان دەکات لە کۆمەڵگەدا. بەڕادەیەك کە خەریکە هیچ کون و کەلەبەرێك نامێنێت کە ئەنجومەنەکە نەتوانێت ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات.

## سەرچاوەکان:

- ئەژی ئازاد ئەبوبەکر، سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی؛ بانگەشەکاری ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیی ئێران، وەرزنامەی ئێراناسی، ژمارە ٥، ساڵی دووەم تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢، ل ١١.

- https://www.radiofarda.com/a/f35_Soroush_DolatAbadi_Cult_Revol/1734294.html

امام خمینی (س) - روند انقلاب فرهنگی در دانشگاه - ها (imam-khomeini.ir)

- همان

- https://www.bbc.com/persian/blog-viewpoints-48952483

- https://www.youtube.com/watch?v=Sk2oJil-2vyU

- گروپێك لە قوتابیانی پەیڕەوی هێڵی ئایەتوڵڵا خومەینی بوون کە ژمارەیان نزیکەی ٤٠٠ قوتابی دەبوو. ئەمانە هەر ئەو قوتابیانە بوون کە پەلاماری سەفارەتی ئەمریکایان دا.

- شورای عالی، ماهنامەی مهندسی فرهنگی، شماره ١٣، آبان و آذر ١٣٨٦.

- https://www.youtube.com/watch?v=55_xF-FRvMjI

- https://www.bbc.com/persian/iran/2009/12/091213_m_caltural_revolution_25th_anniversary

- https://www.youtube.com/watch?v=Sk2oJil-2vyU

- https://www.youtube.com/watch?v=55_xF-FRvMjI

- https://www.youtube.com/watch?v=WD-1CWxhN6ME

- https://sccr.ir/pages/1/1

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
















ture Studies

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە


















THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018


2020


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا




The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories


الدراسات السياسية و الأمنية




انتعاش الجماعات الارهابية














































ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# وەرزنامەی ئێرانناسی

CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٦) ساڵی دووەم، کانوونی دووەمی ٢٠٢٣